# قوتابخانەکان

## ڕوویان لە قیبلە نییە



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# قوتابخانەکان

## ڕوویان لە قیبلە نییە

فایەق سەعید



ناوی کتێب: قوتابخانەکان ڕوویان لە قیبلە نییە
نووسینی: فایەق سەعید
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٧٦٦
هەڵەگری: فەرهاد ئەکبەری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٦٦٥ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

ماوەیەکی یەکجار زۆرە قوتابخانەکانی ئێمە ڕوویان لە قیبلە نییە؛ چونکە سەرجەمی ئەو پێوەرانەی کاری لەسەر دەکەن لە پێوەرە پەروەردەییە هاوچەرخەکانەوە زۆر دوورن. ڕاپەڕین لەبری ئەوەی بکرێتە خاڵێکی وەرچەرخان بۆ بنیادنانی سیستمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی، تەنیا وەکو ڕووداوێکی جەماوەریی گەورەی ڕووت مایەوە و ئەوەی لێ سەوز نەبوو کە بەتەما بووین. پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنیش بەمیتۆدگەلێک بەڕێوە دەبرا، زۆر لە میتۆدەکانی کاتی بەعس خراپتر بوون. بەدرێژاییی ئەو هەموو ساڵانە تەنیا یەک وەزیری پسپۆڕیش دانەمەزرا بۆ ئەوەی گۆڕانکارییەک بخاتە نێو سیستمی پەروەردەییەوە. لە دوو توێی ئەم کتێبەدا تیشکێکی زۆرم خستووەتە ئەو بارودۆخەی کە ئاماژەم پێ کرد.

لە مانگی مایی ٢٠٠٧دا وەزارەتی پەروەردە کۆنگرەی چوارەمی خۆی لە هەولێر بەست. لەو کۆنگرەیەدا، کە جیاوازی زۆری لەگەڵ کۆنگرەکانی ڕابردوودا هەبوو، باس لە زۆر بابەت کرا و کۆمەڵێ ڕاسپاردەش بۆ کۆنگرە بەرز کرانەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من پێم وایە تاوەکو ئێستاش قوتابخانەکانی ئێمە ڕوویان لە قیبلە نییە. لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە کە ڕاسپاردەکانی کۆنگرە کارێکی خراپ بوون، بەڵکو بەپێچەوانەوە، کۆنگرەی پەروەردەیی بۆ یەکەم جار هەندێک هەنگاوی زۆر باشی بەئاراستەیەکی تەندروستدا نا کە پاش چەند ساڵێک کاریگەرییەکانی لەسەر قوتابخانەکان دەبینینەوە. بەڵام





لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هەنگاوەکان لە شوێنێکی دروستەوە دەستیان پێ نەکردووە. هەنگاوی دروست ئەوەیە تۆ سەرەتا پلانێکی فێرکاریت هەبێ. پلان بەمانا ئاساییەکەی نا کە ئێمە چۆن کار بکەین و کەی چ کارێک بکەین، بەڵکو پلانی فێرکاری بەمانای Curriculum کە بۆ قوتابخانەکان و سیستمی پەروەردەیی وەکو قیبلەنما وایە کە تیایدا دەبێ خەسڵەت و میکانیزمی هەموو مادەکان دیاری بکرێن و بزانین هەموو مادەیەک هەر لە فیزیاوە تا ئاین و بیرکاری چین و چ خەسڵەتێکیان هەیە و لە ژیانی ڕۆژانەی خوێندکاراندا دەبێ چی بگەیەنن. هەروەها تیایدا ئەرکی قوتابخانە لە بەرامبەر کۆمەڵگەدا دیاری دەکرێ و بنەما گشتییەکان و پرەنسیپە دیموکراسییەکان ڕوون دەکرێنەوە. بەهەمان شێوە سیستمی پەروەردەیی شی دەکرێتەوە و قوتابخانە وەکو دەزگایەک بنەماکانی بۆ دادەڕێژرێ. بەدەر لە گەشەسەندن و وەزیفەی زانستەکان، تیشک دەخرێتە سەر هەندێک بەهای گشتی وەکو ژینگە و یەکسانی و دیموکراسی و فرە ڕەهەندی بیرکردنەوە و ڕەخنەی کۆنسرەکتیڤانە و... هتد. لە لایەکی ترەوە دەبێ مرۆڤ بنەما فیکرییەکانی سیستمی پەروەردەیی دیاری بکا و باس لە میکانیزمی کارکردنەکان بکا. بەکورتی پلانی فێرکاری جێگای دەستوور دەگرێتەوە کە من لێرەدا نامەوێ باسێکی تایبەتی بۆ تەرخان بکەم.

دواتر لەسەر بنەمای ئەم پلانە، دەبێ ئێمە پلانێکی تر بۆ هەر مادەیەک بنووسینەوە، بۆ ئەوەی بزانین لە هەر مادەیەک و لە هەر پۆلێکدا چی بخوێنین. ئەم دوو پلانە دەرگای ئەوەمان بۆ دەکاتەوە کە چۆن بتوانین لەبری یەک کتێبی بیرکاری بۆ پۆلێکی دیاریکراو ١٠ کتێبمان هەبێ. ئەم خاڵەش کاریگەری یەکجار گەورە دەخاتەوە، هەر

لە گەشەکردنی زانستییەوە، تا کرانەوەی دەرگای ئازادییەکان بە ڕووی مامۆستاکاندا و تا گەشەسەندنی خوێندکاران و گۆشکردنیان بە فرە ڕەهەندی بیرکردنەوە و برەودان بەگەشەسەندنی کۆگنەتیڤانەیان. من لە بەشی پێنجەمدا تیشکێکی زیاترم خستووەتە سەر ئەم دوو پلانە. ئەو ڕیفۆرمەی وەزارەتی پەروەردە کردوویەتی ئەوەیە ئەوان لە لایەکی دیکەوە دەستیان پێ کردووە کە من پێم وایە دروست نییە. ئەم هەنگاوەش لە داهاتوودا لەوانەیە عەزێتمان بدا. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە با نموونەیەک بێنمەوە:

ئەگەر ئێمە بمانەوێ نەخشەیەکی شاری هەولێر بکێشین دەتوانین یەکەم جار گەڕەکەکانی دەوروبەری شار بکێشین یا ئەو گەڕەکانەی خۆمان باش دەیانناسین کە چەند گەورەن و چییان تێدایە تا دوا جار نەخشەی قەڵا لە ناوەڕاستی نەخشە گەورەکەدا دەکێشین. بەڵام هەنگاوی ڕاست ئەوەیە ئێمە دەبێ یەکەم جار نەخشەی قەڵا لە ناوەڕاستدا بکێشین، چونکە قەڵا دەبێتە خاڵێکی دەسپێکی زۆر باش. ئێمە دواتر دەزانین پێگەی هەموو گەڕەک و بازاڕە گەورەکان بکێشین. دواتریش کە ئەم شوێنە ناودارانەمان دیاری کرد، زۆر بەئاسانی دەتوانین گەڕەکەکانی تریش دیاری بکەین.

من پێم وایە وەزارەتی پەروەروەردە لەبری ئەوەی یەکەم جار نەخشەی قەڵا بکێشێ چووە نەخشەی گەڕەکەکانی تری کێشاوە. گرفتەکە لێرەدا ئەوەیە کە مرۆڤ وردە وردە لە قەڵا نزیک دەبێتەوە ئەوجا بۆی دەردەکەوێ هەندێک لە نەخشەکانی تری بەهەڵە کێشاوە یا ئەندازەیەکی هەڵەی بۆ بەکار هێناوە، بۆیە دەبێ هەندێکیان بسڕێتەوە و دووبارە بەئەندازەیەکی گونجاو بیانکێشێتەوە. بەهەمان شێوە ئەگەر





ئێمە لە داهاتوودا پلانێکی وا دابنێین، ئەوە دەبێ بەشێک لەم هەنگاوانەی ئێستامان هەڵبوەشێنینەوە و جارێکی تر بەشێوەیەکی باشتر دایان بڕێژینەوە. لە لایەکی تریشەوە ئەمڕۆ باس لە هەر سیستمێکی فێرکاری و پەروەردەیی وڵاتێک بکەین ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبینەوە ئایا پلانی فێرکاریی ئەو وڵاتە چۆنە؟ ئەگەر بڵێیت ئەو وڵاتە پلانی فێرکاریی نییە، پێت دەڵێن ئەی وڵات بێ دەستوور چۆن کار دەکات و بەڕێوە دەچێت؟

لەگەڵ ئەو هەموو ڕەخنانەشدا وام بەباش زانی تیشکێکی خێرا بخەمە سەر گرینگترین خاڵەکانی ناو پرۆژە تازەکەی وەزارەتی پەروەردە کە خوێنەر لە بەشی کۆتاییی کتێبەکەدا دەیانخوێنێتەوە. من تاوەکو ئێستاش ئەو ڕیفۆرمانەم پێ باشە، بەڵام سەرکەوتنیان بەندە بەوەی تا چەند وەزارەتی پەروەردە پێداویستییەکانی دابین دەکا و میکانیزمێکی کارکردنی باشیان بۆ دابین دەکا. سەرجەمی ڕەخنەکانی من کە لەم کتێبەدا هاتوون، بەمەبەستی بنیادنانەوەی سیستمی پەروەردەیی و فێرکاری ئێمە نووسراون. بۆیە بەشێکی زۆریان بەشێوەی جیا جیا بەوەزارەتی پەروەردە گەیشتوون.

ئەم بابەتانەی لەم کتێبەدا دەیانخوێنیتەوە، بریتین لە بەشێک لەو دیدارە ڕۆژنامەوانییانەی لەگەڵمدا ساز کراون. دەبێ ئەوەش بڵێم بەشێک لەو دیدارانە لە کاتی بڵاوکردنەوەیاندا زۆر یا کەم کورت کراونەتەوە و هەندێکیان زۆر و کەم جیاوازییان لەگەڵ ئەم کتێبەدا هەیە.

فایەق سەعید – ستۆکهۆڵم

بەهاری ٢٠٠٨

## ١

### پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟ پێت وایە ئەم پرۆسەیە هاوشانی گۆڕانکاری و پێشکەوتنە زانستییەکانە؟

هەرگیز نا، کاتێک دەتوانم ئەوە بڵێم کە پرۆسەکە هاوشانی ئینتەرنێت و مۆبایل و سەتەلایت بەڕێوە بچێ. لە دوای ٢٠٠٣وەوە حکوومەتی کوردستان و عیراقیش لەبەر زۆر هۆکار، بەهیچ شێوەیەک دەسەڵاتیان بەسەر ئەو گۆڕانکارییە خێرایەدا نییە کە هاتووەتە ئاراوە، بۆیە سەرجەمی بوارەکان لە ناو فەوزایەکی بێ سەروبندا دەژین. بواری پەروەردە یەکێکە لەو بوارانەی چارەنووسی هەموومانی پێوە گرێ دراوە و تاوەکو ئێستاش شتێکی ئەوتۆی بۆ نەکراوە کە جێگەی شانازی بێ. سیستمێک کە نەتوانێ چارەسەری ئەوە بکات کە چۆن منداڵ ئەرکەکانی قوتابخانە جێبەجێ بکات بەبێ ئەوەی لێی بدەیت و کەسایەتی بشکێنێ، سیستمێک کە خۆشەویستیی گەنجەکان بەگرفت بزانێ، سیستمێک کە نەتوانێ گرفتی مۆبایل و ئینتەرنێت، قۆپیە و پرسیار دزین، هەراسانکردنی منداڵ... هتد چارەسەر بکا کەی سیستمێکە شایەن بەهەزارەی سێیەم بێ. بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە ئەمە سیستمی ئێمەیە و ئەرکی سەرشانمانە کە بیگۆڕین. گوناهێکی گەورە کە لەم بوارەدا دەکرێ، ئەوەیە بەرپرسە باڵاکان یا





نکوڵی لەمە دەکەن یا تەنیا دان بەم دواکەوتنەدا دەنێن، بەبێ ئەوەی کارێک بکەن. هەردوو ئەم حاڵەتەش ئاماژەی بێ توانایی ئەم بەرپرسانەیە کە بەهیچ شێوەیەک شارەزاییان لە سیستمی پەروەردەیی جیهان نییە کە لە چ ئاستێکدایە. بەکورتی ئاسۆی دواکەوتنی سیستمی پەروەردەیی کوردی لە بن نایەت.

### پەیوەندیی نێوان خوێندکار و مامۆستا پەیوەندییەکی لاواز و بێزارکەرە. هۆکاری ئەم پەیوەندییە خراپە چییە؟

لەم بوارەدا زۆر هۆکار ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت؛ بۆ نموونە سەرجەمی گەورەکانی ناو قوتابخانە دەیانەوێ وەکو ئاغا و سیاسەتمەدار ڕەفتار بکەن و هەمان ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە بەرهەم بێننەوە کە سیستمی ئاسیاییی بەرهەمی هێناوە. مامۆستا دەیەوێ سەرلەبەری ژیانی خوێندکار کۆنترۆڵ بکا؛ هەر لە خوێندنەوە تا نینۆک بڕین و جل لەبەرکردن و یاریکردن... هتد ئەمانەش بەمنداڵی هەزارەی سێیەم قبووڵ ناکرێن. هەندێک لەو گەنجانەی ئیمەیلیان بۆ نووسیوم ئاماژە بەخاڵێکی پڕ لە گرفت دەکەن، ئەویش ئەوەیە کە مامۆستاکانیان دەیانەوێ ئازادییە تایبەتییەکانی ئەوان کۆنترۆڵ بکەن. خوێندکار تاوەکو ئێستاش هەست بەوە ناکا مامۆستا بەتەنگی ئەوەوە دێ. خاڵێکی تر ئەوەیە قوتابخانە لە پێناوی بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانی خۆیدا پەنا بۆ هەراسانکردن (ئازاری جەستەیی و دەروونی و شکانەوە و... هتد) دەبا. خاڵێکی تر زیندانیکردنی خوێندکارە لە ناو چوار دیوار و حەوشەیەکی ڕووتدا بەبێ ئەوەی پانتاییەک بۆ ئاسوودەییی مێشک و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تەرخان بکرێ.

خاڵێکی تر ئەوەیە مامۆستا وەکو مامۆستا ڕەفتار ناکا بەڵکو وەکو باوک و دەسەڵاتدار و سیاسەتمەدار. من پێم وایە خوێندکار نایەوێ مامۆستا وەکو هاوڕێی بێ، بەڵام دەیەوێ وەکو مامۆستایەکی ڕاستەقینە و هاوچەرخ بێ. نەبوونی ئەم پەیوەندییە وا لە خوێندکار دەکات حەزی لە مامۆستا نەبێ و وەکو ئەفسەری بازگەیەک تەماشای بکا. ئەم خاڵانە بوونەتە مایەی نیگەرانییەکی گەورە بۆ من بەتایبەت هەراسانکردن و ئازاردانی خوێندکار. من ئەمڕۆ لە نووسینی کتێبێک بوومەوە کە تایبەتە بەدیاردەی هەراسانکردنی منداڵ و پەیوەندییەکانی مامۆستا و خوێندکار. ئەم کتێبە باسی تەنیا گلەیی و هۆکارەکان ناکا بەڵکو کۆمەڵێ چارەسەری مەنتیقیشی لە خۆ گرتووە.

پیادەکردنی هەندێ خاڵی تریش گەرەنتی ئەوە دەکەن کە خوێندکار بیر و بۆچوونەکانی خۆی لە بارەی قوتابخانەوە بگۆڕێ. بۆ نموونە سازدانی گەشت و سەیران، بەهەند وەرگرتنی بیر و بۆچوونی هەندێک لە خوێندکاران و ڕێکخراوە خوێندکارییەکان، گۆڕینی شێوازی کارکردنی مامۆستا و قوتابخانە، دانانی وانەیەکی نوێ بۆ ڕاوێژی هەفتە، دانانی سیستەمێک بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ دایبابی خوێندکاراندا.. هتد. گوناهی گەورە لە ئەستۆی مامۆستاکاندا نییە بەڵکو لە ئەستۆی سیستەمی پەروەردەیی و خانە و پەیمانگا و زانکۆکاندایە کە مامۆستا بۆ هیچ شتێکی لەم بابەتە ئامادە ناکەن چونکە زانستەکانی ئەو دەزگایانە زۆر کۆنن.

**چۆن دەڕوانیتە ئەو گۆڕانکارییە کرچوکاڵانەی لە پرۆگرامەکانی پەروەردە کراون؟**





بەشێک لەوانەی لە بواری پەروەردەدا بەرپرسن هەمان ئەو ڕایەی من و تۆیان هەیە کە گۆڕانکارییەکان کرچوکاڵن. بەشێک لەم گۆڕانکارییانە دواتر دەبێ جارێکی دی بگۆڕدرێن بۆ ئەوەی لەگەڵ مەرجەکانی دیداکتیکی نوێ بگونجێن. من کاریگەرییەکی جەوهەریی ئەو گۆڕانکارییانە لەسەر مامۆستا و خوێندکاران نابینم. بەشێکی زۆری خوێندکارانیش پێیان وایە شتێکی ئەوتۆ نەکراوە. ئەم ڕایانەی ئەوان بۆ من زۆر گرینگن چونکە ئێمە گۆڕانکارییەکان بۆ ئەوان دەکەین. من ئەو ڕایەم قبووڵە ئەمە هەنگاوی یەکەمە بەڵام لە لایەکی ترەوە دەکرا و دەکرێ ئێمە لە هەمان ماوەدا گۆڕانکاریی گەورەتر بکەین. یەکێک لە هۆکارەکانی لاوازیی کارەکان ئەوەیە هەموو ئەو کەسانەی لە گۆڕانکارییەکان بەشدارن شارەزاییان لە تازەگەری نییە، ئەمە قسەی شەونم عەبدولقادرە کە خۆی یەکێکە لەو کەسانە. بەڵام من پێم وایە ئەم قسەیەی ئەو زۆر دروستە. بۆ گۆڕینی سیستەمێک دەبێ گوێ لە هەموو خەڵکێک بگیرێ بەڵام دەبێ کارەکان تەنیا بەو کەسانە بسپێردرێ کە شارەزایی و تازەگەرییان پێ هەیە. ناکرێ ئێمە هەموو تەوەرەکان بخەینە ژێر دەستی یەک تاکە گرووپەوە. مەرجێکی سەرەکیی سەرکەوتن لەم بوارەدا ئەوەیە ئەو کەسانە دەبێ شارەزاییان لە فیکری پەروەردەییی ڕۆژئاوا هەبێ، چونکە بەبێ شارەزابوون لەو فیکرە مەحاڵە ڕیفۆرم پیادە بکرێت. کارەسات لەوەدایە هەندێ جار دوکانداریک دەکرێتە وەزیری پەروەردە کە تەنیا شارەزاییی لە دوکانداری هەیە. بەکورتی لەم بوارەدا حیزب گەورەترین ڕێگرە؛ چونکە بەلایەنی کەمەوە ڕێگە نادا ئەو بەرپرسە بێ توانایانەی لە ناو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵادا هەن لاببرێن.

**بۆ خوێندكاری كورد، دوای دەرچوون و تەواوكردنی خوێندن، كەسی داهێنەر و پسپۆڕی بەمانای وشە لێ دروست نابی؟**

ئەم پرسیارە جەوهەری یەكێك لە حەزەكانی منە كە دەمەوێ ڕۆژێك لە ڕۆژان كتێبێكی لەسەر بنووسم. یەكێك لە هۆكارە هەرە سەرەكییەكان دیداكتیك یا زانستی وانەوتنەوەیە. تازەترین شێوازەكانی دیداكتیكی كوردی بۆ سەرەتا و ناوەڕاستی حەفتاكان دەگەڕێنەوە. سیستمی پەروەردەیی لەم بوارەدا هیچ یارمەتییەكی مامۆستاكانی نەداوە. بەشێوەیەكی تر من پێم وایە پیادەكردنی دیداكتیكێكی هاوچەرخ گەرەنتیی زۆر شت دەكا، لەوانە دەتوانێ بۆ ماوەیەكی كاتی قەرەبووی ئەو مەنهەجە كۆنانە بكاتەوە كە تاوەكو ئێستا كاریان پێ دەكرێ. واتە لە ڕێگەی بەكارهێنانی دیداكتیكێكی تازەوە دەتوانین ڕۆح بەبەر بەشێك لەو مەنهەجە كۆنانەدا بكەینەوە كە ئێستا هەمانە. خاڵێكی تر ئەوەیە لەو هەموو شێوازی وانەوتنەوانەدا كە هەن ئێمە تەنیا دوو شێواز بەكار دێنین ئەویش شێوازی موحازەراتی و تاقیگەیە. پیادەكردنی شێوازەكانی تری وانەوتنەوە بۆ نموونە كاری گرووپ سیستمی پەروەردەیی سەروژێر دەكات. لێرەدا گرینگە ئاماژە بەوە بكەم كاری گرووپ كاتێك كاریگەریی لەسەر خوێندكار و مامۆستاكان بەجێ دێڵی كە مامۆستاكان فێری كاری گرووپ بكرێن. بەشێوەیەكی دی لە كاری گرووپدا، مامۆستا دەبێ واز لەو ڕۆڵە سونەتییە بێنێت كە ڕاستیی ڕەها لە لای خۆیەتی. لە لایەكی ترەوە هەردوو لا لەم شێوە كارەدا، فێری هەندێ بنەمای هەرە سەرەكیی كۆمەڵگا ڕۆژئاوایی و هاوچەرخەكان دەبن كە هەندێكیان





ئەمانەن: ڕێزگرتن لە ڕای بەرامبەر، قبووڵكردنی بیر و بۆچوونە جیاوازەكانی یەكتر، شكاندنی هەیبەتی ڕاستیی ڕەها، دابەشكردنی ئەركەكان، ڕەخنەگرتن لە بابەتەكان نەك لە كەسەكان، كاركردن لەسەر بنەمای زانستی، بەرهەمهێنانەوەی زانست، نەك گوێزانەوەی زانست. مەبەستم لەم حاڵەی دواییە ئەوەیە خوێندكار دەبێ خۆی بگاتە سەرئەنجام، نەك مامۆستا وەكو هێلكەی پاككراو بخرێتە بەردەستی.

بێگومان شێوازەكانی تری وانەوتنەوەش كۆمەڵێ شتی تر دابین دەكەن كە كاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر خوێندكاران هەیە. بەهۆی ئەم شێوازانەوە خوێندكار فێری ئەوە دەبێ خۆی زانستەكان بەرهەم بێنێتەوە، خۆی چەندین لێكۆڵینەوە بنووسێ، ببێتە مرۆڤێكی ڕەخنەگر، خۆی بۆ كاركردن لە ڕێكخراوە مەدەنییەكان و خوێندكارییەكاندا ئامادە بكا... هتد. بەكورتی ڕای من وایە كە دیداكتیكی نوێ گەرەنتیی ئەوە دەكا پێچەوانەی پرسیارەكەی تۆ بێتە دی. من پیادەكردنی ئەم دیداكتیكە بەسەخت نابینم و كاریگەریی خۆی لەسەر هەموو كۆمەڵگاش دادەنێت.

**ئایا ڕێكخراوەكانی خوێندكاران لە كوردستان توانیویانە نوێنەرایەتیی خوێندكاران بكەن. یاخود هەوڵیان داوە بۆ گۆڕینی سیستەم و پرۆگرامی خوێندن ببنە هێزێكی فشار؟**

ئەم ڕێكخراوانە هێشتا زۆر تازەن و فێری بنەمایەكی زانستی كاركردنی ڕێكخراوەیی نەبوون. بۆیە بەم پێكهاتەیەی ئێستایانەوە نەیانتوانیوە ببنە هێزێكی فشار. ئەوان تاوەكو ئێستاش نە

کاریگەرییان بەسەر سیستم و پرۆگرامی خوێندنەوە هەبووە نە توانیویشیانە فشار بخەنە سەر وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی بالا. نەک ڕێکخراوە خوێندکارییەکان بەڵکو سەرجەمی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای ئێمە هێشتا نەبوونەتە هێزێکی فشار. بێگومان ڕێگر لە بەردەمیاندا زۆر و بەشی هەرە گەورەشی دەسەڵات دروستی دەکا. بەڵام لە لایەکی ترەوە سەرەتایەکی زۆر باشە و ساڵانە ڕێکخراوی تازە دروست دێنە ئاراوە و دەبنە خاوەنی ڕۆژنامە و گۆڤاری خۆیان و دەنگی نارەزاییی خوێندکاران بەرز دەکەنەوە. ئەم نارەزایی دەربڕینە هەنگاوی یەکەمە و تا دەگەنە دوا هەنگاو کە بوون بەهێزێکی فشارە، کاری زۆریان لە بەردەمدایە. بۆ نموونە دەبێ میدیاکان بەشێوەیەکی کاریگەرتر بەکار بهێنن، ئەندامەکانی خۆیان فێری بەدواداچوون و دێبات بکەن، دەبێ زمانی دیالۆگ لەگەڵ دەزگا پەروەردەییەکاندا بەکار بهێنن، بۆ ئەوەی قەناعەتی گۆڕانیان لە لا دروست بکەن، دەبێ پرۆژەی تازە بخەنە ڕوو... هتد. نابێ ئەوانیش وەکو وەزیرەکانی پەروەردە تەنیا بڵێن لێدان خراپە و مەنهەجەکان کۆنن، بەڵکو دەبێ پرۆژەی خۆیان هەبێ و بڵێن ئێمە تەنیا ڕەخنە ناگرین، فەرموو پرۆژەمان هەیە و دەمانەوێ تاوتوێی بکەن.

سەرچاوە: ئەم دیدارە لە لایەن درەختەوە ساز کراوە و لە ژمارە ١٣١ی هەفتەنامەی ژیانی نوێی ٢٠٠٦دا بڵاو کراوەتەوە.



## ٢

**پێکهێنانی پرۆسەی هاوسەرگیری لە نێوان کچ و کوڕێکی نائاشنا بەیەک کە لە کۆمەڵگای کوردیدا بەچەند شێوازێک پێک دێ (وەک ژن بەژن، گەورە بەبچووک، سێ بەگا، بەزۆر بەشوودانی کچان بەشیربایییەکی زۆر.... هتد) ئایا ئەمە وا ناکات کە منداڵ بکەوێتە نێوان بیر و بۆچوونی جیاوازی دایک و بابەوە؟ دواتر ئایدیۆلۆژیای جودا چ کاریگەرییەکی نێگەتیڤی دەبێ لەسەر کەسایەتیی منداڵ؟**

زۆر کەسی نائاشنا لە کاتی هاوسەرگیریدا، بەهیچ یەکێک لەو شێوازانەدا تێپەڕ نابن. مەسەلەکە زۆر بەسانایی ئەوەیە ئەو دوو کەسە نائاشنایە لەبەر زۆر هۆکاری تر و لە بارودۆخێکی تایبەتدا یەکتریان دیوە و دەیانەوێ هاوسەرگیری بکەن. دەکرێ بیر و بۆچوونەکانی ئەم دوو کەسە (کە بەمانای ئایدیۆلۆژیا نایەت) بەشێوەیەکی ئاسایی کەمێک لەیەک جودا بن و دەشکرێ بەشێوەیەکی نائاسایی لە یەکەوە زۆر دوور بن. ئەگەر پرسیارەکەی تۆ بەشێوەیەکی حەرفی وەربگرم دەڵێم بوونی ئەو بیر و بۆچوونە جیاوازانەی نێوان دایک و باوک بۆ هەموو لایەک نەک زیانمەند نییە، بەڵکو زۆریش پێویستە. ئەم بیر و بۆچوونە جیاوازانە بۆ منداڵ بەڕادەیەک پێویستن کە دەبێتە بنەمای پەروەردەیەکی زۆر سوودمەند و هاوچەرخ. هەموو

قوتابخانە هاوچەرخەکانی پەروەردە، کار لەسەر ئەوە دەکەن کە منداڵ دەبێ بەبیر و بۆچوونی جیاواز پەروەردە بکرێ. خۆ ئەگەر منداڵ لەماڵەوە بەو شێوەیە پەروەردە بکرێ ئەوە زۆر چاکە. پەروەردەناسە بونیادگەراکان لە هەموو قوتابخانەکانی تر زیاتر جەخت لەسەر ئەمە دەکەنەوە. لانی کەم نزیکەی ٣٠ ساڵ دەبێ قوتابخانە هاوچەرخەکان کار لەسەر ئەم بابەتە دەکەن. بەڵام ئەگەر مەبەستت لە پرسیارەکەت ئەو جیاوازییە گەورەیەیە کە دەبێتە هۆی دروستبوونی شەڕ و ئاژاوەی نێو خێزان ئەوە بابەتێکی تەواو جودایە و بەشێوەیەکی تر دەکەوێتەوە. ئەو بارودۆخە کە دەبێتە هۆی شەڕ و ئاژاوەیەکی زۆر دواتر توندوتیژی دێنێتە ئاراوە و زەرەرمەندی گەورەش تێیدا منداڵە. بەڵام ئەمە پەیوەندی تەنیا بەدوو کەسی نائاشناوە نییە، بەڵکو زۆر لەو کەسانەی کە بەتەواویش ئاشنای یەکترن تووشی ئەو حاڵەتە دەبن. ئەم توندوتیژییە تا بڵێی کاریگەریی نێگەتیڤانەی لەسەر منداڵ زۆرە. بەکورتی بیر و بۆچوونی جودا وا لە منداڵ دەکات لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە بۆ هەمان گرفت بڕوانێ، بەڵام ئاژاوە وا لە منداڵ دەکا نەتوانێ سنووری ئەو دوو بۆچوونە لەیەک جودا بکاتەوە و تووشی دەیەها پەتای کۆمەڵایەتیی دەکا. بۆ ئەوەی لە وەڵامەکەشم، بەهەڵە تێ نەگەی، دەبێ بڵێم ئاشنابوونی دوو کەس بەشێوەیەکی باش بەر لەوەی هاوسەرگیری بکەن، زۆر گرفت ڕوون دەکاتەوە و، ڕێگە لە زۆر گرفتیش دەگرێ.

**لە کۆمەڵگەی کوردیدا زۆربەی کردارەکان قەدەر دەستی باڵای دەبێت لە ئەنجامدانیاندا، ئایا کە هاوسەرێتییەک بەڕێکەوت دروست ببی، بێگومان منداڵبوونیش لەو پرۆسەیەدا بەڕێکەوت دەبێ، ئایا چ بەرنامەیەک بۆ پەروەردەکردنی ئەو منداڵ لە ئارادایە؟**







پرۆسەی لەدایکبوونی منداڵ پەیوەندیی بەوەوە نییە پرۆسەی هاوسەرگیرییەکە ڕێککەوت بووە یا نا. بەشێوەیەکی دی دەکرێ دوو کەس بەڕێکەوت هاوسەرگیری بکەن، بەڵام پلانیان بۆ لەدایکبوونی منداڵ هەبێ، لە هەمان کاتیشدا دەکرێ دوو کەس بەپلان هاوسەرگیری بکەن، بەڵام منداڵەکەیان بەڕێکەوت ببێ. ڕاستە ڕێکەوت و قەدەر ڕۆڵی لە هاوسەرگیریدا زۆرە، بەڵام من پێم وایە ڕێکەوت و قەدەر پەیوەندیی بەبەرنامەی پەروەردەکردنی منداڵەوە نییە. چونکە پەروەردەکردنی منداڵ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەئاستی زرینگی و وشیاری و شارەزایی دایبابەکانەوە هەیە. ئەگەر ئەوان وشیاریی شارەزاییان لە بارەی منداڵەوە هەبێ ئەوە دەتوانن بەرنامەیەکی زۆر باشیان هەبێت ئەگەرچی لەسەر بنەمای ڕێکەوتیش هاوسەرگیرییان کردبێ. بەپێچەوانەشەوە ئەگەر دایبابەکان ئەو شارەزاییەیان نەبێ، ئەوە ئێمە بەبێهوودە باس لە بەرنامەیەکی وا دەکەین. لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەشی هەرە گەورەی دایبابەکان خاوەنی هیچ جۆرە بەرنامەیەکی باش نین و منداڵیش بەڕێکەوت باش یا خراپ پەروەردە دەبێ. هۆکاری ئەمەش بەدەر لە شارەزا نەبوونی دایبابەکان، بۆ ناشارەزاییی دەزگاکانی ئێمە دەگەڕێتەوە. ئەوەی تاوەکو ئێستاش لە قوتابخانە و زانکۆ و وەزارەتە هاوپەیوەندەکاندا بەڕێوە چوو تەنیا بەرنامەیەکی خراپی فێرکردنە و هیچ پەیوەندییەکی بەپەروەردەوە نییە. تۆ وەکو ڕۆژنامەوانێک بچۆ لە هەموو بڕیار و یاساکانی قوتابخانەکان و زانکۆکان بکۆڵەوە، بزانە هیچ پەیوەندییەکان بەپرۆسەی پەروەردەوە

هەیە. بەکورتی لە کۆمەڵگای ئێمەدا تاوەکو ئێستاش هیچ لایەنێک نە خێزان و نە کۆمەڵگا و نە دەزگاکانی حکوومەتیش خاوەنی هیچ جۆرە بەرنامەیەکی باش نین کە منداڵی پێ پەروەردە بکرێ.

**بەشێوەیەکی گشتی باوک، دایک دەچەوسێنیتەوە و دایکیش تۆڵەی خۆی لە منداڵەکانی دەکاتەوە. بەڕای تۆ ئەم هاوکێشەیە تا چەند لە کۆمەڵگای کوردیدا بوونی هەیە و تا چەند هۆکارە بۆ دروستبوونی تاکێکی توندوتیژ و شەڕانگێز؟**

ئێمە کۆمەڵگایەکی ئاسیاین کە توندوتیژی یەکێکە لە کۆڵەکە گرینگەکانی. هەموو ئێمە بەرامبەر بەیەکتر توندوتیژی بەکار دەهێنین بۆ ئەوەی ئەوی تر سەرشۆڕ بکەین و هەموو جۆرە مافێکی لێ وەربگرینەوە. لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەشێوەیەکی تایبەت تەنیا پیاو ژن دەچەوسێنێتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەردوو لاش لە لای باوک و برا گەورەکانیانەوە دەچەوسێنەوە.

هەندێک لە دایبابەکان لە کاتی مامەڵەکردنی منداڵەکانیاندا دەیانەوێ بەهەمان ئەو شێوەیە منداڵەکانیان مامەڵە بکەن کە کاتی خۆی ئەوانی پێ پەروەردە کراوە. بەم شێوەیە ئەوان جۆرە شەرعییەتێک بەپەروەردەکرنی توندوتیژ ئامێزانەی خۆیان دەدەن، چونکە ئەوانیش بەهەمان شێوە پەروەردە کراون. کاریگەریی ئەم توندوتیژییە ئەوەیە ڕوحی شەڕانگێزی لە دەروونی ئەو منداڵانەدا دەبزوێنێ و ئەوانەش بەهەمان شێوە لە داهاتوودا هەمان شەرعییەت بەتوندوتیژی دەبەخشن بەڵام لە فۆرمێکی تردا.

کاریگەرێتییەکی تر ئەوەیە ئەو کەسانەی بەتوندوتیژی پەروەردە





دەکرێن، سۆزیان بەرامبەر بەکەسانی تر زۆر کەمتر دەبێتەوە. دەبێ ئەوەش یاداشت بکەم کە سۆز فاکتەرێکی گرینگە لە بواری پەروەردەکردنی منداڵدا. دان ئۆلڤیۆس، توێژەری نێودەوڵەتی، پێی وایە ئەو منداڵانەی توندوتیژی بەکار دێنن بەشێکی زۆریان ئەو منداڵانەن کە لە سۆز و خۆشەویستی بێ بەش کراون و لە پەروەردەکردنیاندا سنووریان بۆ دانەنراوە.

کاریگەرێتییەکی دیکە ئەوەیە دایبابەکان خۆشەویستییان بۆ منداڵەکانیان کاڵ دەبێتەوە. ونبوونی ئەو خۆشەویستییە وا لە منداڵ دەکا هەست بەجوانیی شتەکان نەکا و ببێتە هۆکاری گەلێ ڕووداو و قەیرانی دەروونی. لە کاتێکدا کە هەندێک توێژەر کاڵبوونەوەی ئەم خۆشەویستییە بەیەکێک لە هۆکارەکانی خۆکوژی منداڵان دەزانێ، ڕۆبەرت گۆڵد بەهۆکارێکی سەرەکی و گرینگی خۆکوژ دەزانێ. لە پاڵ ئەم بۆچوونەی گۆڵدیشدا، چەندین لێکۆڵینەوەی مەیدانی و ئاخاوتنی منداڵان هەن کە پشتگیری لەو ڕایەی ئەو دەکەن.

کاریگەرێتییەکی تر ئەوەیە هەر کات منداڵ هەست بەباوەشی گەرم و نازی باوک و دایکی نەکا تووشی خەمۆکی، شپرزەیی، گۆشەگیری... هتد دەبێ کە هەموویان سیمای خۆکوژین. نەک هەر ئەوەش بەڵکو جێگای سەرنجە ئەو باوک و دایکانەی لە ڕۆژگارێکدا تووشی خەمۆکی و نیگەرانی بوون ئەگەری زۆر هەیە ئەو سیمایانەیان بگوێزرێتەوە بۆ منداڵەکانیان. ئاننا فروێد یەکێکە لەو کەسانەی بڕوای بەمە هەیە و داکۆکیی لێ دەکات. ئەوەی لەم بوارەدا جێگەی سەرنجە ئەوەیە هەندێ لە دایبابەکان منداڵەکانیان لەبەر پێداویستییەکانی خۆیان خۆش دەوێ نەک لەبەر خودی منداڵەکان، بۆ نموونە منداڵێک

بۆ بازاڕ دەبەن یا شتی بۆ دەکڕن نەک لەبەرئەوەی دەیانەوێ بازاڕ بەمنداڵەکەیان پیشان بدەن بەڵکو بۆ ئەوەی لە کاروباری ناومالْدا یارمەتییان بدات یا لە بازاڕ شتیان بۆ هەڵبگرێ. دەبێ ئەوەش یاداشت بکەم کە سەرجەمی ئەو خاڵانەی سەرەوە هۆکارێکن بۆ دروستبوونی منداڵێکی توندوتیژ و هەروەها بۆ بڵاوبوونەوەی دیاردەی خۆکوژی لە نێو منداڵاندا.

**کێشەکانی هاوسەرگیری، ڕێژەی تەڵاقدان بەرز دەکاتەوە. ئایا ئەمە هۆکارێک نییە بۆ زۆربوونی ڕێژەی منداڵانی بێ سەرپەرشتیار؟ ئایا ئەو بنکانەی بۆ ئەو منداڵانە دروست کراون توانیویانە ئامانج بپێکن. لە لایەکی دیکەوە بەهۆی فرە ژنییەوە کۆمەڵێک منداڵ دروست دەبن کە هەمیشە لە سۆز و خۆشەویستیی باوک بەشێوەیەکی گشتی بێ بەش دەبن. چ ڕوونکردنەوەیەکت بۆ ئەم بارە هەیە؟**

گرفتەکانی نێو خێزانەکان زۆر جار سروشتی گەردەلوولیان هەیە. واتە گرفتێک گرفتێکی تر ڕادەکێشێ. زۆرجار شووشتنی قاپ و دانانی کەوچک لەم خانەیە یا لەو خانەیەی تر دەبێتە هۆی ئاژاوەی گەورە لە نێو خێزاندا. ئاژاوەکانی نێو خێزان بەهەمان ئەندازەی ئەو گرفتانەی دوای جیابوونەوە ڕوو دەدەن، کاری گەورە لە منداڵ دەکەن. دوای جیابوونەوە دایبابەکان تەنیا بیر لەوە دەکەنەوە چۆن و بەچ شێوەیەک زیان بەیەکتر بگەیەنن بەبێ ئەوەی بیر لەوەش بکەنەوە ئەو زیانە بەکۆنە هاوسەرەکەیان چ زیانێکی هاوتەریب بەمنداڵەکانی خۆیان دەگەیەنێ. دەسنیشانکردنی کەناڵەکانی ئەو زیان پێگەیاندنە





بۆ دایبابەکان زۆر گرینگە. بەڵام لەبەرئەوەی ئەو مێرد و ژنە چی دیکە لەگەڵ یەکتردا ناژین، بۆیە هەموو ڕەفتارە ناشیرین و کینەکانیان لە ڕێگەی منداڵەکانیانەوە بەیەکدی دەگەیەنن بەو هیوایەی منداڵ هەست بەزۆر شت ناکات.

زۆر لێکۆڵینەوەی نوێ و بەتایبەت ئەوانەی دانیال ستێرن ئەوەیان ساغ کردووەتەوە کە منداڵ لەگەڵ لەدایکبوونیدا هەست بەزۆر شت دەکات. بۆیە منداڵ بەسەختی لەو کێشمەکێشەی نێوان دایبابەکاندا دەناڵێنێت و هەندێ جار تووشی شۆک و تێکشکانی ڕوحی دێ. هەندێ جار کە بەمەبەستی لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر گوێم لە ڕازی ئەو منداڵانە بووە کە دایبابەکانیان جیابوونەتەوە بەتەواوی هەست بەئازارەکانیان دەکەم و ئەوان لە هەر جۆرە ڕەفتارێکی ناشیرینی دایبابەکانیان کە ئاراستەی یەکدی دەکەن، زۆر هەست بەئازار دەکەن لە کاتێکدا کە دایبابەکانیان بەو جۆرە هەستی پێ ناکەن. لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە دەنگێک لە ناخی هەموو ئەو منداڵانەدا هەیە کە من بەم شێوەیە گوزارشتی لێ دەکەم «من دایک و باوکم بەبێ سنوور خۆش دەوێ. دایک و باوکم باشترین مرۆڤی ئەم سەرزەوییەن. تەنانەت ئەگەر ئەوان یەکێکیشیان کوشتبێ لە لای من هەر جوانن. بۆیە هەرکەس بەخراپی باسیان بکات من زۆر بێ تاقەت دەبم»

نەک پاش جیابوونەوە، بەڵکو پێش جیابوونەوەش ئاژاوەکانی خێزان کاریگەریی زۆر گەورە، بەسەر منداڵەکانەوە بەجێ دێڵن، چونکە منداڵ هەمیشە لە ناو قیژەقیژ و هاوار و توندوتیژیدا خۆی دەبینێتەوە کە بەحوکمی تەمەنی ناتوانێ مەهاریان بکا. بۆیە جیابوونەوە و پێکەوە ژیان، سوود و زیانی خۆیان بۆ منداڵ هەیە. لە کاتی پێکەوە ژیاندا ئاژاوەکانی نێو خێزان، منداڵ تووشی خەمۆکی و ڕاڕایی و ئازاری

دەروونی دەکا، بەڵام لە بەرامبەر ئەوەشدا منداڵ هەست بەباوەشی گەرم و سۆزی دایک و باوک دەکات. بەڵام لە کاتی جیابوونەوەدا منداڵ چیتر لە ناو ئاژاوانەدا ناژی و ژیانی ئارامتر دەبێتەوە و، هەست بەخۆشیی ژیان دەکات، بەڵام چیتر بەڕادەی جاران هەست بەسۆز و خۆشەویستیی دایک و باوکی ناکات. دەبێ ئەوەش یاداشت بکەم دابڕانی منداڵ لە دایک یا باوک بەهەمان ئەندازە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو منداڵە تا دەمێنێ هەست بەجۆرە مەحروومیەتێک بکا کە هیچ کەسێکی ناتوانێت بۆی دابین بکات. لەم بوارەدا نەک خێزانەکان، بەڵکو وەزارەتی پەروەردە و سەرجەمی دەزگا و بنکە و ڕێکخراوەکانیش بەشێوەیەکی زۆر خراپ منداڵ پەروەردە دەکەن و زۆربەی جارەکان دژی بەرژەوەندی منداڵ کار دەکەن. ئەگەر وەزارەتی پەروەردە وەکو پسپۆڕێک بەو شێوەیە کار بکات، ئیدی چۆن ئەو بنکانە دەتوانن بەباشی کار بکەن. دیاردەی فرە منداڵیش پێش هەموو کەسێک زیان بەپەروەردەکردنی خودی منداڵان دەگەیەنێت.

**بەڕای تۆ خێزان و کۆمەڵگەی کوردی تا چەند ژینگەیەکی لەبارە بۆ دروستبوونی کەسایەتییەکی تەندروست بۆ منداڵ؟**

ئەگەر لە خێزانەوە دەست پێ بکەین، دەتوانم بڵێم کە لە ناو خێزانەکانی ئێمەدا زۆر بەدەگمەن نەبێ، بنەمایەکی تەندروستت بەرچاو ناکەوێ. تاکی کورد تاوەکو ئێستاش ئەو زانیارییانەی بۆ نەڕەخساوە کە بۆ پەروەردەکردنی منداڵ پێویستن و خۆی وەکو کارەکتەرێکی پەسیڤ لە کەناری مەسەلەکاندا دەبینێتەوە. ئەم گرفتە تەنانەت لە زۆر خێزانیشدا هەن کە دایبابەکان دەرچووی زانکۆن.





بەشێک لە هۆکارەکانیش بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە کە زانست و زانیاریی پێویست لە بارەی پەروەردەکردنی منداڵەوە بەو زمانانە لە بەردەستدا نییە کە دایبابەکانی ئێمە دەیزانن، ئەگەر هەشبێت دایبابەکان زۆر سست و لاوازن و بەدوایاندا ناگەڕێن.

لێرەوە دەکرێ باس لە کەمتەرخەمیی دەزگاکانی حکوومەتیش بکەین کە بەهیچ شێوەیەک هەوڵی ئەوەیان نەداوە ئەو زانست و زانیارییانە بۆ دایبابەکان ئامادە بکەن. لە لایەکی تریشەوە تاوەکو ئێستا دەزگاکانی حکوومەت وەکو ڕێکخراوێکی چاک بۆ چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە کار ناکەن. من بەش بەحاڵی خۆم، لەبەر زۆر هۆکار تێکەڵاوییەکی زۆرم لەگەڵ قوتابخانە و خێزان و هەندێ لە دەزگاکاندا هەیە. سەرجەمی ئەم لایەنانە تاوەکو ئێستاش بەسیستمێکی زانیاریی کۆن کار لەم مەسەلەیەدا دەکەن کە بۆ حەفتاکان و هەشتاکان دەگەڕێتەوە. بۆیە من بەقەناعەتەوە دەڵێم تاوەکو نووسینی ئەم دێرانەش، کۆمەڵگای کوردی بەپێچەوانەی زانستی پەروەردەوە منداڵ پەروەردە دەکا و دەرئەنجامەکەشی ئەو مرۆڤانەن کە ئەمڕۆ هەن.

تۆ بڕوانە چ خێزان و چ قوتابخانەش، بەچ شێوەیەکی سیستماتیک کەسایەتیی منداڵ دەڕووخێنن. تۆ یەک نموونەم بدەرێ کە ئەوان بەشێوەیەکی تەندروست منداڵ پەروەردە دەکەن، بۆ ئەوەی من سەدەها نموونەت بدەمێ کە نیشانەی ئەوەن ئەوان بەجیدی کەسایەتیی منداڵ دەڕووخێنن. من دەزانم ئەوان بەبێ مەبەست ئەو کارە دەکەن و بەڕای خۆیان، چاکە لەگەڵ منداڵدا دەکەن، بەڵام ئەمە هیچ لە دەرئەنجامە نێگەتیڤەکانی ئەو جۆرە پەروەردەیە ناگۆڕێ.

سەرچاوە: ئەم دیدارە لە لایەن نیشتیمان جەمیل و ڕێناس نوورییەوە ساز کراوە و لە ژمارە ٣٠ و ٣٢ی هەفتەنامەی زەنگی ساڵی ٢٠٠٦دا بڵاو کراوەتەوە.

## ٣

**بەڕای جەنابت سیستمی پەروەدەییی لە کوردستان چۆن سیستمێکە؟ ئایا ئەو سیستمە پەروەدەییەی ئێستا لە کوردستان پەیڕەو دەکرێ چ جۆرە جیاوازییەکی لەگەڵ سیستمە پەروەردەییەکەی سەردەمی بەعسدا هەیە؟**

لە ڕاستیدا تاوەکو ئێستاش، شتێکمان نییە بەناوی سیستمی پەروەردەییی کوردستان، بەڵام بەشێوەیەکی مەجازی تا ماوەیەکی تریش ئەم دەستەواژەیە بەهەڵە بەکار دەهێنین. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێمە سیستمێکی عەسکەریمان لە عیراقەوە بەسەردا سەپێنراوە یا وەرگرتووە کە کاتی خۆی ئەوانیش لە شانشینە یەککگرتووەکانیانەوە بەسەریاندا سەپێنراوە. ئەوەشت بیر نەچێ چاکتر وایە بەم سیستمە بڵێین سیستمی فێرکردن، نەک سیستمی پەروەردەیی. ئەم سیستمە بریتییە لەوەی چۆن منداڵ بەخراپترین شێوە فێر بکەین و پەروەردە بکەین، چۆن منداڵ فێری شەڕانگێزی و هێرشکردنە سەر ئەوانی تر بکەین، چۆن منداڵ فێری ئەوە بکەین کە ڕێز لە بیر و بۆچوونە جیاوازەکان نەگرێ و بەگژی ئەو کەسانەدا بچێتەوە کە بیروڕایەکی جودایان هەیە، چۆن منداڵ تەنها خۆی بەڕاست بزانێ و بەهیچ شێوەیەکیش ڕەخنەی ئەوانی تر قبووڵ نەکات. ئەم سیستمە منداڵ فێری ئەوە دەکا ڕەخنە لە کەسەکان بگرێ





نەک لە بابەتەکان، فێری ئەوەی دەکا کە مەبەست لە ڕەخنە ئەوەیە کەسەکان بشکێنێتەوە و تەنیا خۆی بەدانا و زانا بزانێ. ئەم سیستمە خوێندکار فێری ئەوە دەکا کە دیموکراتی هەیە بەڵام فێری ئەوەی ناکا چۆن کار بەپرۆسە دیموکراتییەکان بکا . فێری ئەوەی دەکا کە بۆی هەیە بەو شێوەیەی بۆی دانراوە فێر ببێ، بەڵام هەر کات لەو سنوورە دەرچووە دەرەوە یا ویستی بەشێوەیەکی تر فێر ببێ ئەوە ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبێتەوە. فێری ڕێزگرتنی کوێرانەی دەکا و بەهیچ شێوەیەک نایەڵێ بەلای دوو پرەنسیپی هەرە گرینگدا بڕوات ئەویش خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە و بەرهەمهێنانەوەی زانستە یا بەشێوەیەکی تر ئەم سیستمە نایەڵێ خوێندکاری ئێمە هیچ بابەتێک بخاتە ژێر پرسیارەوە و فێری کۆپیکردنی زانستی دەکات و.... هتد. بۆ ئەوەی دروستی ئەم بۆچوونەت بۆ ڕوون بێتەوە، تەماشای خۆمان بکە و بپرسە ئایا ئێمە وا پەروەردە کراوین؟

سیماکانی ئەم سیستمە عەسکەرییە بەسەر زۆر لایەنی قوتابخانەکانی ئێمەوە دیارن، بۆ نموونە بڕوانە نەخشەی قوتابخانەکان و تەنانەت زانکۆکانیش، چۆن دروست کراون. زانکۆی موستەنسریەی لە بەغدا بەیەکێک لە زانکۆ جوانەکانی عیراق دەژمێردرێت، بەڵام کە لێی ورد دەبیتەوە بەشێوەیەکی وا بیناکانی دروست کراون کە دەقاودەق لە بینای سەربازگە دەچن، چونکە کاتێک خوێندکارەکان لە پۆلەکانیان دێنە دەرەوە لەبری ئەوەی سەوزاییەک ببینن، دیوارێکی دوورودرێژی کون کون دەبینن بۆ ئەوەی خوێندکارەکان لەو کونانەوە کە لە کونی زیندانەکان دەچن سەیری دەرەوە بکەن. لە پۆلەکان بڕوانە و بزانە تا ئەمڕۆ کە ساڵی ٢٠٠٧ـە

خوێندکارەکان چۆن لە پۆلەکاندا دادەنیشن. شەش ڕیحلە لە پێشەوە دانراون، واتە سێ ڕیز و هەموو خوێندکارەکانی دیکەش بەپشتی ئەوانەوە وەک سەرباز ڕیزبوون یا ڕاستتر وایە ڕیز کراون. ئەم شێوە وەستانە ڕێک لە گۆڕەپانی مەشقپێکردنی سەربازگەکان دەچن. لێرەدا ئێمە لە بەرامبەر زانستی پەروەردە و دەروونزانیدا دەرک بەوە دەکەین لە کاتی گفتوگۆی خوێندکارەکاندا ئەوان تەنیا دەموچاوی مامۆستا دەبینن. ئەگەر یەکێک بیەوێ وەڵامی قسەی هاوڕێیەکی بداتەوە کە لە پێشەوەی خۆی دانیشتووە ئەوە دەبێ تەماشای پشت ملی بکا و قسە بکات، بەم شێوەیەش لە هەموو ئەو سیما و ئیشارەتە گرینگانە بێ بەش دەبێ کە دەموچاوی مرۆڤێک لە کاتی ئاخاوتندا پێوەی دیارە. بەپێی زانستی دەروونناسی و زانستی جووڵە هەموو ئەو گرووپانەی قسە لەگەڵ یەکتردا دەکەن زۆر گرینگە بەشێوەیەکی ئەوتۆ دابنیشن کە دەموچاوی یەکتریان لێوە دیار بێ.

بۆ بەشی دووەمی پرسیارەکەت من پێم وایە نەخێر، هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان ئەم سیستەمەی ئەمڕۆ، ئێمە بەکاری دێنین و ئەوەی پێش ٢٠٠٣ یا پێش ١٩٩١دا نییە. هەر کات پێچەوانەی ئەو ڕستانەی سەرەوەت لەم سیستەمەی ئەمڕۆدا بەدی کرد ئەوە دەتوانیت بڵێی هەردوو سیستەمەکە جیاوازن. ئەمڕۆ لە ماڵ و قوتابخانەکاندا منداڵ هەراسان دەکرێ، گوێی لێ ناگیرێ، زانست بەرهەم ناهێنێتەوە، پەروەردەیەکی خراپ دەکرێ، کچان غەدریان لێ دەکرێ، کوڕان لە باخچە گشتییەکاندا دەخوێنن و کچانیش لە کونی ژوورە بێ کارەباکاندا و بەدەم خزمەتکردنی میوانەکانەوە بۆ تاقیکردنەوەکان دەخوێنن، میتۆدی وانەوتنەوەکان و تاقیکردنەوە





سەرتاسەرییەکان و..... هتد جاران و ئێستاش هەروەکو یەک وان، ئیدی چ جیاوازییەک لە نێوان ئەو دوو سیستەمەدا هەیە؟ ئەمانە بەشێکن لەو ڕەهەندە سەرەکییانەی هەر سیستەمێکی پەروەردەیی لە خۆی دەگرێ. من وەکو پەروەردەزانێک هیچ جیاوازییەکی جەوهەری نابینم ئیدی لەوانەیە یەکێکی دی جیاوازییەکی بچووک ناجەوهەری ببینێت.

**ئەو جیاوازییانە چین کە سیستەمێکی پەروەردەیی لە ڕۆژئاوا لە سیستەمێکی پەروەردەیی لە ڕۆژهەڵات جیا دەکاتەوە؟**

ئەمە قورسترین پرسیارە تاوەکو ئێستا کە لێم کراوە، چونکە پێویستمان بەدەیان کتێب هەیە بۆ ئەوەی وەڵامت بدەمەوە. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە سیستەمەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتیش هەموویان وەکو یەک نین، بۆیە بۆ ئەوەی قسەکانمان ڕوونتر بن من بەراوردی کوردستان و هەندێ سیستەمی ڕۆژئاواییی پێشکەوتوو دەکەم. هەروەها لێرەدا دەبێ تەنیا بەکورتی ئاماژە بەهەندێک لە خاڵە سەرەکییەکان بکەم بەبێ ئەوەی بوارم هەبێت لێیان ورد ببمەوە.

سیستەمی ڕۆژئاوا شانازی بەوەوە دەکا کە کەسێکی هەیە بەناوی ژان پیاژێ. سێبەری ئەم پیاوە بەسەر هەموو سیستەمە ڕۆژئاواییەکانەوە دیارە، بەڵام لە ڕۆژهەڵات ئێمە کەسێکی هاوشێوەی ئەم پیاوەمان نییە. ڕۆژئاوا ماڵ و قوتابخانە بەیەک ئاراستەدا دەڕۆن و ماڵەکان لە قوتابخانەوە فێری پەروەردەکردنی منداڵان دەبن، بەڵام لە ڕۆژهەڵات خێزانەکان کاریگەریی سیستەمی قوتابخانەکانیان زۆر کەم بەسەرەوەیە و زۆر جاریش هەردوو لا وەکو یەک بەیەک ئاراستەی

خراپدا کار دەکەن. لە سیستمی یەکەمدا زانست باڵادەستە و لە دووەمدا نەریتە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر زاڵن. لە یەکەمدا منداڵ فێری ئەوە دەکرێ هەموو مرۆڤەکان یەک بەهایان هەیە و دەکرێ گەشەسەندنی زانستی هەندێ جار بکرێتە پێوەر بۆ جیاکردنەوەی کەسەکان، بەڵام لە دووەمدا پارە، ئاستی کۆمەڵایەتی، سیاسی.... هتد کەسەکان لەیەک جیا دەکاتەوە و تەقوا و پەرستنی خوداش پێوەرە بۆ ئەوەی دوو کەس لەیەک جودا بکرێنەوە. لە یەکەمدا هەموو ئاینەکان دەخوێندرێن و ئاینیش شتێک نییە بەسەر خوێندکارانەوە فەرز بکرێ و مامۆستاکان تەنیا دەقەکان ڕوون دەکەنەوە، بەڵام لە دووەمدا تەنیا ئاینی ئیسلام دەخوێندرێ و ئەو ئاینەش بەسەر هەموو کۆمەڵدا فەرز دەکرێ و مامۆستاکان بەشێوەیەک ئاین بەخوێندکاران دەڵێنەوە کە زۆر ترسناکە. لە سیستمی یەکەمدا دیداکتیک (زانستی وانەوتنەوە) پێداویستییەکانی واقیعی خوێندکاران دابین دەکات، بۆ نموونە شێواز و میتۆد و فۆرمی کارکردنی مامۆستاکان لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەی خوێندکار و کۆمەڵگادا هاوتەریبە و گەرەنتیی هەندێ بابەتی گرینگی وەک: لەخۆبوردوویی، ڕێزگرتن، قبووڵکردنی بیروڕای جیاوازی یەکتر، گەشەسەندنی سیاسی و کۆمەلایەتی... هتد. بەڵام لە سیستمی دووەمدا دیداکتیک هێندە کۆنە تەنانەت پێداویستییەکانی خودی قوتابخانەش دابین ناکا بۆیە بووەتە مایەی بارگرانی بەسەر قوتابخانەکان و هۆکارێکیش بۆ دواکەوتنی خوێندکارەکان. من زۆرجار ئەوەم بەدی کردووە کە خوێندکار لە قوتابخانە زرینگترە، هەندێ کەس هێشتا زانکۆیان تەواو نەکردووە گاڵتەیان بەسیستمی زانکۆکان دێ و بەشێوەیەکی گشتیش هەموو ڕووناکبیرەکانی ئێمە





بەخودی حکوومەتیشەوە دان بەوەدا دەنێن کە سیستمی پەروەردە کۆن و بێ کەڵکە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە خەڵک لە پێش سیستمەکەوەن، بەڵام ئەمە لە سیستمی یەکەمدا زۆر بەدەگمەن بەدی دەکەی؛ چونکە بەر لەوەی شتێک کۆن بێ، سیستمەکە خۆی تازە دەکاتەوە. لە یەکەمدا خوێندکار فێری ئەوە دەکرێت هەموو شتەکان بخاتە ژێر پرسیارەوە، بۆیە خوێندکار یەکسانە بەڕەخنەگر، بەڵام لە دووەمدا خوێندکار بۆی نییە سنوورەکان ببەزێنێ و بێ حورمەتی بنوێنێ. لە یەکەمدا کەسی پیرۆز نییە، بەڵام لە دووەمدا جاری وا هەیە کەسی پیرۆز دەچێتە ناو دەستووریشەوە. لە یەکەمدا لەوانەیە پۆلێک بەیەکەوە هەڵ بکەن، بەڵام لە دووەمدا جاری وا هەیە دوو کەس بەیەکەوە هەڵ ناکەن. لە یەکەمدا مەرج نییە کتێبەکان ببنە مەنهەج، خودی مامۆستا، ئینتەرنێت، ڕۆژنامە و گۆڤار یا دەیان کتێب بەیەکەوە... هتد دەبنە مەنهەج، بەڵام لە دووەمدا هەموو کتێبێک مەنهەجێکە بۆ خۆی. لە یەکەمدا کتێبەکان لەوانەیە هەموو یەک یا دوو ساڵ جارێک بگۆڕدرێن، بەڵام لە یەکەمدا جاری وا هەیە کتێبێک بۆ ماوەی ٢٠ دەخوێندرێ. لە یەکەمدا مامۆستا ئازادییەکی گەورەی لە زۆر بواری کارکردندا هەیە، بەڵام لە دووەمدا مامۆستا هیچ ئازادییەکی کارکردنی نییە و هەموو کارەکانی لە سەرەوە بۆ دیاری کراوە. لە یەکەمدا خوێندکار بۆیە بێزار کراوە چونکە منداڵێکی ٣ ساڵی لە ماڵەوە پلەی ستەیشن، MP3، کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و مۆبایل بەکار دێنێت لە کاتێکدا لە قوتابخانە لەبری ئەوەی باسی ئەم شتانەی بۆ بکرێ مەنهەجەکان باسی تەلەفزیۆنی ڕەش و سپی بۆ دەکا.. بەشێوەیەکی دی لە یەکەمدا مەنهەجەکان باس لە بارودۆخ و

گرفتەکانی سەردەم یا ڕۆژ دەکەن، بەڵام لە دووەمدا لەوانەیە مەنهەجەکان باسی ٣٠ ساڵ بەر لە ئێستا بکا. لە یەکەمدا شتێک لە قوتابخانەکاندا هەیە بەناوی پلانی فێرکردن و پلانی خوێندن کە دەبێتە بنەمای دارشتنی مەنهەج و دیداکتیک و زۆر شتی تریش، بەڵام لە دووەمدا خوێندن هەڕەمەکییە و لەسەر هیچ بنەمایەکی لەم بابەتە دانارێژرێ. بۆ نموونە ئەگەر بپرسین وانەی بیرکاری یا کۆمەڵایەتی بۆچی دانراون یا خوێندکارێک بۆ ئەوەی بەسەرکەوتوو دابنرێ دەبێ چ شتێک لەم یا لەو وانەیە بزانێ، ئەوە دۆکیومێنتێکمان دەست ناکەوێت وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە و لە باشترین حاڵەتدا قسەی سەرزارەکیمان هەیە. سیستمی یەکەم سیستمێکی خاوەن ئەرشیف و بەدۆکیومێنت کراوە، بەڵام سیستمی دووەم تاوەکو ئێستاش سیستمێکی بێ ئەرشیفە. یەکەمیان کار لەسەر دروستکردنی منداڵان دەکات، بەڵام دووەمیان کار بۆ تێکشکانی بەهاکانی خوێندکاران دەکا. لە یەکەمیاندا باسی فیکری پەروەردەیی و قوتابخانە پەروەردەییەکان و لێکۆڵینەوەکانی ٢٠٠٦ دەکرێ، بەڵام لە دووەمیاندا لەبری ئەمانە قسەی بەڕێوەبەری پەروەردە یا کەسانێکی تری لەم بابەتە وەکو مەرجەعی پەروەردەیی تەماشا دەکرێن، لە کاتێکدا هەموو شارەزاییی ئەمانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەوەندە ساڵە لەو پۆستەدا کار دەکەن ئەگەر نا وەکو خوێندن و فیکر هیچ شارەزاییەکی ئەوتۆیان لە پەروەردە نییە.

**چ جۆرە گۆڕانکارییەک دەبێ بکرێ بۆ ئەوەی سیستمی پەروەردەیی ئێمە ببێتە سیستمێک کە بەسیستمی پەروەردەیی ڕۆژئاوا بگات؟**





ئەمەیان کارێکی سەختە و من چاوەڕوانی ئەوە نیم، ئەمە بێتە دی، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو پانتاییەی لە نێوان ئێمە و ئەواندا هەیە، وەکو خۆی بمێنێتەوە و زیاد نەکا دەتوانین چەند کارێک بکەین کە لێرەدا لەسەر دوازدەیان بەکورتی ڕادەوەستم.

یەکەم: دەبێ ئێمە ستروکتورێکی تازە بۆ شێوازی کارکردن دابڕێژین چونکە ئەوەی تاوەکو ئێستاش سەرجەمی ئیدارە و وەزارەتەکانمان پێویستیان پێیەتی ئەو ستروکتورە مۆدێرنەیە کە تاوەکو ئێستاش لە کوردستاندا بوونی نییە.

دووەم: من پێم وایە ژمارەی ئەو سەعاتانەی بۆ هەر وانەیەک دانراون زۆر کەمن و بەشی ئەوە ناکەن کە خوێندکار زانستی تەواو وەربگرێ. بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە، سیستمی ئێمە پەنای بردووەتە بەر «ئەرکی ماڵەوە» کە لە کۆتاییدا باری سەرشانی خوێندکارانی قورس کردووە. بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە و زۆر گرفتی تریش پێویستە هەموو قوتابخانەیەک بینایەکی تایبەتی بەخۆی هەبێت. کابینەی حکوومەت دەبێ پلانێکی هەبێ و لە ئێستاوە پێمان بڵێ لە ماوەی ٥ ساڵی داهاتوودا چەند قوتابخانە دروست دەکرێن بۆ ئەوەی وەزارەتی پەروەردە کاری خۆی بزانێ.

سێیەم: مەنهەجەکانی خانە و پەیمانگا و کۆلێژی پەروەردەکردنی مامۆستایان دەبێ گۆڕانکاری گەورەیان بەسەردا بێ و زۆریش گرینگە هەندێ مامۆستا تیایاندا وانە بڵێنەوە کە خوێندنیان لە ڕۆژئاوا تەواو کردبێت یا لەوێندەرێ کاریان کردبێت.

چوارەم: زۆر گرینگە زۆرینەی ئەو کەسانەی سەرپەرشتیی پرۆسەی پەروەردەیی دەکەن کەسانێک بن شارەزا لە فیکری پەروەردەییی ڕۆژئاوا، چونکە لەبەر زۆر هۆکار بەبێ شارەزابوون لەو فیکرە مەحاڵە بچیتە پێشەوە. من ئێستا کەسانێک دەبینم باسی گۆڕانی سیستەمی پەروەردەیی دەکەن، هەمان ئەو کەسانەن کە لە سەرەتای ڕاپەڕینەوە پرۆسەی پەروەردەیان بەدەستەوە بووە، بەبێ ئەوەی کارێکی باشیان کردبێ. دواتر هەمان ئەو کەسانە نە لە دوور و نە لە نزیکەوە، هیچ جۆرە شارەزاییەکیان لە هیچ فیکرێکی پەروەردەیی نییە. بەرپرسێک دەبینم لە تەلەفزیۆنەکانەوە باس لە کۆنگرەی پەروەردەیی و گۆڕان دەکات، هەر هەمان ئەو کەسە کە من دیدارم لەگەڵیدا هەبوو، زۆر بەگەرمی پشتیوانیی لە ئازاری جەستەیی دەکرد.

پێنجەم: لە سیستەمی ئێمەدا هەراسانکردن واتە لێدان، شکانەوە، تەریقکردنەوە.... هتد، کارێکی زۆر بەربڵاوە و جێگای قبووڵی کۆمەڵگایە، بۆیە یەکێک لە کارە هەرە بەپەلەکان لەم بوارەدا ئەوەیە هەراسانکردنی منداڵان بەربەست بکرێ. ئەمە مەسەلەیە بەجیدی ئازارم دەدا.

شەشەم: دەبێ سێبەری پیاژێ بەسەر سیستەمی پەروەردەییی ئێمەوە بسووڕێتەوە. بەشێوەیەکی تر دەبێ منداڵ فێری خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە، بەرهەمهێنانەوەی زانست، تۆلێرانس، قبووڵکردنی بیر و بۆچوونە جیاوازەکان... هتد بکرێ. بەڵام بۆ ئەوەی منداڵ فێری ئەم شتانە بکەین، دەبێ سەرەتا مامۆستاکان فێر بکەین.





من پێم وایە دەبێ کەسانێکی زۆر شارەزا کار بۆ دامەزراندنی ئیدارەیەک بکەن کە ئەرکی سەرەکیی ئەوە بێت بەبەردەوامی مامۆستا کۆنەکان لەسەر شێوازە تازەکان ڕابهێنێت.

حەوتەم: زانستی وانەوتنەوە لە لای ئێمە مردووە و تازەترین شێوازەکانی وانەوتنەوە بۆ حەفتاکان دەگەڕێنەوە. گۆڕینی ئەم شێوازانە، زۆر لە گۆڕینی مەنهەجەکان گرینگترن. بەشێوەیەکی تر مامۆستایەکی هاوچەرخ بەمەنهەجێکی کۆنەوە زۆر باشترە لە مەنهەجێکی تازە و مامۆستایەکی کۆنخوازی ناهاوچەرخ. حەوتەم گۆڕینی مەنهەجەکان شتێکی پێویستە، بەڵام نەک ئەمساڵ بیگۆڕی و ئیدی تا ١٠ ساڵی تر کاری پێ بکەی. من پێم باشە وەکو هەنگاوی یەکەم، هەموو پێنج ساڵێک مەنهەجەکان بگۆڕدرێن.

هەشتەم: یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سیستەمی ئێمە ئەوەیە، هەر وانەیەک لە سەرتاسەری کوردستاندا یەک تاقە کتێبی بۆ دانراوە. من زۆر پێم خراپە لە زاخۆوە تا گەرمیان یەک کتێبی کۆمەڵایەتی یا مێژوو بخوێندرێ. بۆیە بۆ نزیکبوونەوە لە سیستەمە پێشکەوتووەکان دەبێ هەر وانەیەک چەندین کتێبی هەبێ بۆ ئەوەی مامۆستا ئازادیی هەڵبژاردنی کتێبی هەبێت و خوێندکاریش فێری ئەوە ببێ کە چەندین ڕێگای جیاواز بۆ گەیشتن بەهەمان مەبەست هەیە. بۆ ئەوەی ئەم مەسەلەیە سەر بگرێ پێویستە:

دەیەم: ببینە خاوەنی پلانی فێرکردن و خوێندنی خۆمان، چونکە ئەو پلانە دەسنیشانی ئەوە دەکا بۆ نموونە لە هەموو ئەو کتێبە

مەنهەجییانەی چی بنووسرێت یا نا.

یازدەهەم: نامەوێت پەروەردەی جان جاک ڕۆسۆ لە سیستمی کوردستاندا پیادە بکرێ.

دوازدەم: بەستنەوەی قوتابخانە بەخێزان و دەزگاکانی پەروەردەناسی، ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن و... هتد سیمایەکی تری سیستمە هاوچەرخەکانە. بۆ نموونە ئەگەر خوێندکاران باسی ڕۆژنامەگەری بخوێنن، ئەوە زۆر گرینگە سەردانی یەکێک لە ڕۆژنامەکان بکەن و ببینن چۆن ڕۆژنامەیەک دەردەچێ.

بەڵام پیادەکردنی ئەو شتانەی سەرەوە پێویستییان بەتیمێکی زۆر شارەزا هەیە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئێمە ئەو تیمەمان هەیە؟ هەر کات ئەو کارانەی سەرەوە کرا، دەتوانی لێم بپرسیت هەنگاوی داهاتوو چییە؟

**بەڕای جەنابت ئەو کۆنفرانسە پەروەردەییەی کە وەزارەتی پەروەردە بەنیازە بیبەستی تاوەکو چەند دەتوانی گۆڕانکاری لە سیستمی پەروەردەیی کوردستاندا بکات؟**

یەکەم، مەسەلەی کۆنفرانسەکە لە نیاز چووەتە دەرەوە و وەزارەتی پەروەردە بڕیاری داوە کە ببەسترێ. دووەم، زۆر سەختە بۆ من بەر لە بەستنی کۆنگرە دەرک بەسەرئەنجامەکانی بکەم و بتوانم حوکم بەسەریدا بدەم. من هەمیشە وا کار دەکەم ئەو کارانەی ئەمڕۆ دەیکەین لەوانەی دوێنێ باشترن یا دەبێ باشتر بن، بەڵام لە پاڵ ئەم گەشبینییەشدا نیگەرانییەکانی خۆم لەو کۆنگرەیە ناشارمەوە. لەبەری





گەشبینییەکاندا ئەم شتانە هەن: ئێستا هەست بەوە دەکرێ، هەوڵێکی چەند لایەنە بۆ گۆڕینی سیستمی پەروەردەیی لە ئارادا هەن. لە لایەکی ترەوە وەزارەتی پەروەردە، خەڵکی بۆ چەند وڵاتێک ناردووە بۆ ئەوەی تەماشای سیستمی وڵاتانی تر بکەن، ئەمەش شتێکی نوێیە بەنیسبەت وەزارەتی پەروەردەوە. خاڵێکی تری گەشبینییەکانم ئەوەیە وەزیری پەروەردە پەیوەندی بەزۆر کەسەوە کردووە بۆ ئەوەی لە تازەکردنەوەی سیستمەکەدا بەشدار بن. خاڵێکی تر ئەوەیە بەبەراورد لەگەڵ پێشوودا پارەیەکی باشتریان بۆ ئەم مەسەلەیە تەرخان کردووە. خاڵێکی تر وەزیری پەروەردە دانی بەوەدا ناوە کە ڕاستە ئەو وەزیرە، بەڵام گۆڕانکارییەکان کەسانی پسپۆڕ دەیکەن. خاڵێکی تر تاوەکو ئێستا هیچ وەزارەتێکی پەروەردە و هیچ حکوومەتێکی پێشتر بەئەندازەی ئێستا سوور نەبوونە لەسەر گۆڕینی سیستمی پەروەردەیی. دوا خاڵیش ئەوەیە دوای ٢٠٠٣ ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی جیهان کە پێشتر لە ئێمەوە دوور بوون، ئێستا لە بەردەستی تەنانەت منداڵەکانی ئێمەشدایە، بۆیە چاوپۆشین لەو گۆڕانکارییانە گران لەسەر وەزارەت و کابینەی حکوومەت ڕادەوەستێت.

لەبەری نیگەرانییەکانیشمەوە من تاوەکو ئێستاش لە لام ڕوون نییە تا چ سنوورێک کۆنگرە دەیەوێ گۆڕانکاری بکا. بەشێوەیەکی تر مەودای ئەو گۆڕانکارییانە چەندن و تا چەند کۆنفرانس ئامادەیە بەدوایاندا بچێ. خاڵێکی جەوهەری و هەرە گرینگی تر بۆ من ئەوەیە کێن ئەوانەی ئەو گۆڕانکارییانە پیادە دەکەن، تا چەند ئەو کەسانە شارەزاییان لە فیکری پەروەردەیی نوێ هەیە. بێگومان کەسانێکی زۆر هەن کە ڕۆڵی گرینگیان لە کۆنفرانسەکانی تردا بینیوە و لەم

کۆنفرانسەشدا لەبەر زۆر هۆکار ناکرێ دوور بخرێنەوە. ئەو کەسانە بەهیچ شێوەیەک خوێندنەوەیەکی هاوچەرخانەیان بۆ پرۆسەی پەروەردەیی نییە و بەشدارنەبوونیان زۆر چاکترە لە بەشداربوونیان، ئیدی ئەوە هیچ ڕۆڵێک بۆ من نابینێت ئەو کەسانە چ پۆستێکیان لە ناو دەزگا پەروەردەییەکاندا هەیە و چەند ساڵە بەڕێوەبەری گشتین یا نا و، سەر بەم یا ئەو حیزبەن. من نیگەرانیم لەوە هەیە هەندێک کاری هاوچەرخکردنەوەی ئەم سیستمە بەوان بسپێردرێ.. لە لایەکی ترەوە وەزارەتی پەروەردە چەند ئامانجی داناوە کە بیانپێکێت؟ ئەگەر چاو لە کۆنفرانسەکانی تر بکەم، وەکو خۆڵ ئامانج و ڕێنمایی و پێشنیار، دەبینم بەڵام هیچ پێشنیارێکی هاوچەرخ تاوەکو ئێستاش پیادە نەکراوە. ئێمە هەموومان دەزانین هەراسانکردنی منداڵ کارێکی پەروەردەیی نییە، بەڵام ئەمە پێویستی بەتیمێکی پەروەردەزان و دەروونزانی شارەزا لە تیۆرییە تازەکان هەیە، ئەگەر ئەم تیمە نەبن با هەر بۆ خۆمان بڵێین هەراسانکردن و توندوتیژی شتێکی خراپن. بۆیە زۆر گرینگە لە خۆمان بپرسین ئەو شتانە چین کە وامان لێ دەکەن زیاتر بڕوا بەم کۆنفرانسە بکەین. لێرەدا گوناهە لەبەر ڕۆشناییی کۆنفرانسەکانی پێشوو حوکم بەسەر کۆنفرانسی داهاتوودا بدەین، بەڵام وێکچوونی ستروکتوری کارکردن و زۆرینەی کادیرەکان جێگای نیگەرانییە. من کە باس لە کەسەکان دەکەم، باس لە وەزیری پەروەردە ناکەم، چونکە وەزیر لە هەموو وڵاتاندا پۆستێکی سیاسییە و لەسەر بنەمای سیاسی نەک پەروەردەیی دەکرێ بەوەزیر. مەرج نییە وەزیرەکان پەروەردەزان یا وەرزشوان یا ئایینزان بن، ئەوەی گرینگە ستروکتوری کاری ئەو وەزیرەیە، ئەو تیمە ڕاوێژکارە و پسپۆڕانەیە کە





وەزیر پشتیان پێ دەبەستێ. خاڵێکی تری گرینگ ئەوەیە تا چەند لێکۆڵینەوەی زانستی دەبێتە بنەمای هەموو ئەو تەوەر و باسانەی لە کۆنفرانسەکەدا پێشکەش دەکرێن و کێ بەدوایاندا دەچێت.

تاوەکو ئێستا وەزارەتە پەروەردەکانی کوردستان نەیانتوانیوە مامۆستاکانی خۆیان بەزانستی نوێ پەروەردە بکەن، بۆیە مامۆستاکان هەمیشە تووشی ڕەخنە و توندوتیژی دەبنەوە و هەموو خەتاکان دەخرێتە ئەستۆی ئەوان. من بەهۆی کارکردنەوە لەگەڵ کۆمەڵێک مامۆستادا ئەوەم بۆ ڕوون بووەوە کە ئەوان زۆر لەوەش بێ زانستترن کە من بۆی دەچووم. بەڵام لە لایەکی ترەوە زۆر حەزیان لەوە دەکرد بەشێوەیەکی عەمەلی ئەو زانستە تازانە فێر بن. ئەوان یەک دنیا گلەییان لە وەزارەتی پەروەردە دەکرد. بۆیە ئەرکێکی زۆر بەپەلەی ئەو کۆنفرانسە ئەوەیە چۆن مامۆستاکان بەزانستیی نوێ بەبەردەوامی گۆش بکرێن. تا ئەم کارە نەکرێ وەکو ئەوە وایە ئێمە سەیارەیەک بدەینە دەستی یەکێکەوە کە شۆفێری نەزانێ. بەڵام ئایا ئەم کۆنفرانسە ئەوە دەکات؟ ئەگەر ئەم کۆنفرانسە ئەگەر بتوانێت پێنج ئامانجی سەرەکی بەباشی بپێکێ ئەوە پێم وایە دەتوانێت ببێتە سەرەتایەکی زۆر باش بۆ دەستپێکردنی گۆڕانی دیکە.

**لە کتێبی (تێکشکانی بەهاکانی خوێندکار)دا زۆر باست لە ژان پیاژێ کردووە؟ تاوەکو چەند پیاژێت لە بواری پەروەردەیی لە کوردستاندا بوونی هەیە؟**

بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەت بەتەواوی بدەمەوە دەبێ کەمێک باسی ئەم پیاوەت بۆ بکەم. پیاژێ بەسەنگاییی خۆی ئاڵتوون دێنێ.

ئەگەرچی خۆی پەروەردەزان نەبووە، بەڵام پیاوێکە بەدرێژاییی تەمەنی خۆی سەنگاییی لە بواری پەروەردەدا هەبووە و هەمیشە گوێی لێ گیراوە. پیاژێ لە ڕێگەی گوێگرتن لە چۆنیەتیی وەڵامدانەوەی خوێندکارانەوە بوو بەو پەروەردەزانەی سێبەری خۆی بەسەر سەرتاپای قوتابخانە ڕۆژئاوایی و پێشکەوتووەکانی جیهانەوە بەجێ هێشت. ئەمڕۆ قوتابخانە نییە لە جیهانی پێشکەوتوودا کاریگەریی ڕاستەوخۆی ئەم پیاوەی بەسەرەوە نەبێ. پیاژێ وا بۆ ٢٦ ساڵ دەبێت کە مردووە کەچی هێشتا ساڵانە دەیەها کتێبی لێکۆڵینەوەی لەسەر بڵاو دەکرێتەوە. پیاژێ پێی وابووە قوتابخانە دەبێ دوای گوێگرتن لە خوێندکاران بەرنامەکانی خۆی دابڕێژێ و بڕیاری ئەوە بدا لە چ ئاستێکدا چی بخوێندرێ. ئەم پیاوە باسی ئەوە دەکا کە چۆن دەبێ لەگەڵ منداڵاندا مامەڵە بکرێ و چۆن منداڵان ئەم یا ئەو زانستە وەردەگرن. پیاژێ بوو کە پەروەردەزانەکان و مامۆستاکانی فێری ئەوە کرد کە چۆن مامۆستا دەتوانێ منداڵ فێری ئەوە بکا کە بتوانێ بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە تەماشای هەموو ڕەهەندەکان بکا و چۆن منداڵێکی شەش ساڵان دەتوانێت زانست بەرهەم بێنێتەوە. بەهەرحاڵ کە من و تۆ دەبینین مامۆستاکانی ئێمە هێشتا ناتوانن زانست بەرهەم بێننەوە، بەڵکو دەیگوێزنەوە ئیدی چۆن دەتوانین بڵێین پیاژێ گەیشتووەتە کوردستان. من پێم وایە هێشتا زووە بۆ ئەوەی بتوانین سێبەری پیاژێ لە کوردستان ببینین. هەموو ئەمەش بەندە بەو سیستمەوە کە ئێمە پیادەی دەکەین. ئێمە کە تا ئێستاش یەک کتێبی ئەو پیاوەمان بەکوردی نەبێ و لە زانکۆکاندا نەخوێندرێ چۆن ئەو کاریگەرییە ببینین. من کە باسی بیر و بۆچوونەکانی ئەم پیاوە لەگەڵ هەندێک مامۆستادا دەکەم گاڵتەیان بەکارکردن بەو پرەنسیپانە دێ.





بەکۆنکریتیکردنی پیاژێ مانای وایە ئێمە پێمان ناوەتە قۆناغێکی زۆر گەورەوە کە دواتر نەقشی خۆی لەسەر هەموو بوارەکانی تر دەبێ. بۆ نموونە هەر کاتێک منداڵی ئێمە فێری ئەوە کرا چۆن ڕەخنە لە هەموو شتێک بگرێ، بیر و بۆچوونە جیاوازەکان قبووڵ بکا، ئەرکی زۆر لەوە گەورەتر بێ کە تەنیا دوو یا دە لاپەڕە بخوێنێ، یا بەشێوەیەکی تر فێری ئەوە بوو زانستەکان بەرهەم بێنێتەوە.... هتد ئەو کاتە هەموو ئەم هەنگاوانە گۆڕانێکی نەوعی بەسەر دیداکتیک، پەروەردە، ڕێزگرتنی یەکتر، یەکسانی کچ و کوڕ، کەمکردنەوەی پانتاییی نێوان دەستەواژە ڕاستەقینە و ناڕاستەقینەکان دێنێ و دەرئەنجام خۆمان لە بەردەم گۆڕانی سەرجەم سیستمی کۆمەڵایەتیی کوردستانی دەبینینەوە و گەشەسەندنی کۆگنەتیڤانەی منداڵیش پێ دەنێتە قۆناغێکی تر.

هەردوو پرۆسەی ئەسیمیلاسیۆن و ئەکۆمۆداسیۆن، دوو چەمکی سەرەکین لە لای پیاژێ. ئەسیمیلاسیۆن نەک بەمانا تەقلیدییەکەی کە بریتییە لە توانەوە یا ئاوێتەبوون بەڵکو بەمانای ئەوەی منداڵ کاتێک وەڵامی پرسیارێک دەداتەوە لەبەر ڕۆشناییی ئەو یادەوەری و زانیارییانەی تاوەکو ئەو کاتە هەیەتی، وەڵام دەداتەوە. ئەکۆمۆداسیۆنیش بەو مانایەی لە بەرامبەر پرسیارێکی نوێدا کە منداڵ هیچ شارەزاییەکی لێ نەبێ و بەر لەوجا نەیبستبێت، منداڵ پێویستی بەوە دەبێت ئەو یادەوەری و زانیارییانە دووبارە ئۆرگانیزە بکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت وەڵامی پرسیارەکە بداتەوە. بەڵام ئەم دوو چەمکە سەرەکییە لە بواری پراکتیک و کارکردنی قوتابخانەکاندا لە لای ئێمە هێشتا باسیش نەکراون، ئیدی چۆن باس لە پیادەکردنی

بکەینەوە. لە لایەکی دیکەوە قەبارە و نەوعیەتی ئەو زانیاری و یادەوەرییانەی لە ناو مێشکی منداڵدا هەن. ڕۆڵی گرینگ لە گەشەسەندنی منداڵ و دروستکردنی ئەو فەنتازیایەدا دەبینن کە منداڵ بەرهەمی دێنێ. خێزانەکان و قوتابخانەکانیش لە دەوڵەمەندکردنی ئەو یادەوەرییانەدا لە لای منداڵ زۆر کەمتەرخەم و بێ باکن. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەشەوە هەندێک منداڵ هەن کە بەشێکی باشیان لەو یادەوەرییانە بەهۆی خێزانەکانیانەوە کۆ کردووەتەوە، بەڵام قوتابخانەکان بەهیچ شێوەیەک یارمەتییانی نەداوە بۆ ئەوەی ئەو یادەوەرییانە لە پرۆسەی دروستکردنی فەنتازیادا بەکار بێنن.

گەشەسەندنی کۆگنەتیڤانەی منداڵ قورساییەکی گەورەی لە لای پیاژێ و ئەوانی تر هەیە کە یەکلاییکردنەوەی بۆ پرۆسەی پەروەردە لە لایەک و خودی منداڵیش لە لایەکی تر زۆر گرینگە. جارێکی تر ئەمەش بەهیچ شێوەیەک لە لای ئێمە تاوەکو ئێستا نە باس کراوە و نە کاری پێ کراوە. دەستەواژە ئەکادیمی و نائەکادیمییەکان یا ڕاستەقینە و ناڕاستەقینەکان چەمێکی تری گرینگن لە لای پیاژێ کە لە شوێنێکی تردا دەکرێ باسیان بکەین.

من بەش بەحاڵی خۆم ئاوا لە ژان پیاژێ تێ دەگەم بۆیە قەناعەتم بەوە نییە سێبەری ئەم پیاوە هێشتا لە لای ئێمە بوونی هەبێ. هەروەها پێم سەختە بڕوا بەوەش بکەم کە لە توانای ئەم کۆنفرانسەدا هەبێ کارێکی لەم بابەتە بکات، چونکە کارکردن لەسەر ئەم چەمکانەی پیاژێ بۆ خۆی کارێکی سەختە. لە لایەکی تریشەوە وا هەست دەکەم من و تۆ باس لە بابەتێک دەکەین کە هێشتا زۆرمان ماوە بیپێکین، بۆیە وا چاکترە وازی لێ بێنین.





**بەبڕیاری وەزارەتی پەروەردە لێدان قەدەغە کراوە، بەڵام تاوەکو ئێستاش لە زۆربەی خوێندنگاکاندا لە خوێندکار دەدرێ و مامۆستایانیش لێدان بەڕێگاچارە دادەنێن و گلەیی ئەوە دەکەن کە وەزارەتی پەروەردە لەبری لێدان، هیچ ئامرازێکی تری بۆ دیاری نەکردوون کە پەیڕەویی بکەن؟ خوێندنەوەی تۆ بۆ ئەم بڕیارە پارادۆکساڵە چییە و تا چەند بیانووی مامۆستایان جێگای قبووڵە؟**

ئەم پرسیارە دوو بەشە و من لە بەشی دووەمەوە دەست پێ دەکەم. بیانووی مامۆستاکان تا ڕادەیەک زۆر جێگای قبووڵە و من زۆر بەباشی لە نیگەرانییەکان و بیر و بۆچوونەکانی ئەوان تێ دەگەم، بەبێ ئەوەی ئەمە مانای وابێ من هەمان ڕای ئەوانم هەبێ. من پێم وایە بیانووەکەی ئەوان لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئازاری جەستەیی بەدرێژاییی تەمەنی ئەوان، یەکێک لە ڕێگاچارە ئەکتیڤەکان بووە بۆ چارەسەرکردنی منداڵە لاسارەکان، دزەکان، شەڕانییەکان، بێ ڕێزەکان..... هتد. بۆ ئەوەی قەناعەت بەقوتابخانەکان بکەین کەوا لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە ئازاری جەستەیی ڕێگاچارەیەکی خراپە و ئەمڕۆ ڕێگاچارەی نوێ هەن، دەبێ ئێمە لە هەنگاوی یەکەمدا زۆر بەدوورودرێژی ئەو زیانانەیان بۆ ڕوون بکەینەوە و لە قۆناغی دووەمیشدا ئەو ڕێگاچارە تازانەیان بۆ شی بکەینەوە. ئەمە نەک هەر بەقسەی تیۆری بەڵکو لە ڕێگەی وۆرکشۆپەوە بۆیان بسەلمێنین، چۆن ئەو ئەلتەرناتیڤە تازانە دەتوانن چارەسەری گرفتەکان بکەن. دوای ئەم کارە ئێمە دەتوانین بەراوردێک لە نێوان ئەو ڕێگاچارانە و ئازاری

جەستەیی بکەین. بەڵام ئەوەی لێرەدا گرینگە یاداشتی بکەم و بووەتە بنەمای بیانووی قوتابخانەکان ئەوەیە ئێمە نەمانتوانیوە هیچ یەکێک لەم قۆناغانە بۆ ئەوان دابین بکەین و سەرجەمی قوتابخانەکان لەم ئەلتەرناتیڤە نوێیانە بێ ئاگان، بۆیە دەڵێم تا ڕادەیەکی باش مافی خۆیانە وا بیر بکەنەوە کە لێدان ڕێگاچارەیەکی باشە یا تاقە ڕێگاچارەیەکە لەم بوارەدا.

با نموونەیەکی تر بهێنینەوە، ئێمە تاوەکو ئێستاش حەبی Tegretol بەیەکێک لە دەرمانە باشەکان دەزانین، بۆ چارەسەرکردنی یا کەمکردنەوەی ئازارەکانی ئەو نەخۆشانەی پەرکەم، سەرع یا شەقیقەیان هەیە، بەڵام گریمان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ئەوە ڕوون کراوەتەوە کە ئەم حەبە لە ماوەی درێژخایەندا دەبێتە هۆی سەرەتان و ئەمڕۆ حەبێکی تازە دەبێ لەبری ئەو حەبە کۆنە بەکار بێت. گومانی تێدا نییە کاتێک ئێمە ئەو سەرەتانە بەڕوونی نەبینین و چاومان بەو لێکۆڵینەوانە نەکەوێ و لە هەمووشی گرینگتر ئەو دەرمانە تازەیە بەکار نەهێنین ناتوانین بزانین ئەو قسەیە ڕاستە یا نا؟ . ئەوەی قوتابخانەکانی ئێمە پێویستیان پێی هەیە ئامادەکردنی ئەو دەرمانە تازەیە و جۆر و شێوازی بەکارهێنانیەتی. من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە مامۆستاکانی ئێمە عاشقی ئازاری جەستەیین، بەڵام خۆ دەبێت ئەوان ئەو دەرمانە تازەیە بەکار بێنن کە دروست کراوە. من لە وۆرکشۆپێکدا لە هەولێر هەوڵم دا باسی ئەو سەرەتانەیان (ئازاری جەستەیی) بۆ بکەم، هۆکارەکانی ئازاری جەستەیی، میتۆد و ئامرازەکان و دواتریش ئەو دەرمانە تازانەیان بۆ بکەم کە بۆ چارەسەرکردنی گرفتی هەراسانکردن (ئازاری جەستەیی، شکانەوە، تەریقکردنەوە، جوێن و





دەستدرێژی سێکسی... هتد) لە بەردەستی قوتابخانە ڕۆژئاواییەکاندا هەن و دەکرێ ئەوانیش سوودی لێ ببینن. ئەوەی من بۆم دەرکەوت ئەوان بەهیچ شێوەیەک ئاگاداری ئەو چارەسەرانە نەبوون و کەسیش لەو بوارەدا هاوکاریی نەکردبوون و تەنیا پێیان ڕاگەیەندرابوو کە لێدان قەدەغەیە و هیچی تر. ئەو مامۆستایانە حەزێکی زۆریان بۆ پیادەکردنی ئەو میتۆدانە هەبوو، بەڵام عەیبی ئەو وۆرکشۆپەی من ئەوە بوو لەبری ئەوەی کار لەگەڵ زیاتر لە ١٠٠ کارمەندی قوتابخانە جیاوازەکاندا بکەم دەبوو کارم لەگەڵ کارمەندانی یەک قوتابخانە بکردایە و دواتر چەند ڕۆژێک بچوومایە هەمان قوتابخانە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی عەمەلی ئەو ڕێگاچارانەم لەو قوتابخانەیە پیادە بکردایە یا تاقی بکردایەوە.

بەهەرحاڵ ئەوەی پەیوەندیی بەبەشی یەکەمی پرسیارەکەتەوە هەیە من چ خوێندنەوەیەکم بۆ ئەم بڕیارە پارادۆکساڵەی وەزارەتی پەروەردە هەیە؟ من پێم وایە ئەو بڕیارەی پێش چەند ساڵێک بۆ قەدەغەکردنی هەراسانکردن دەرچوو بەنەزۆکی لە دایک بوو، چونکە نە میکانیزمی کارکردنی لەگەڵدا بوو، نە چارەسەر و ئەلتەرناتیڤی نوێ و نە پشتی بەلێکۆڵینەوەیەکی زانستیش بەستبوو. مەبەستم لە لێکۆڵینەوەی زانستیش ئەوەیە پێناسەی دیاردەکە بکرێ، هۆکارەکان دەسنیشان بکرێن، میتۆد و ئامرازەکان دیاری بکرێن، بنەما و هۆکارەکانی دەرچوونی بڕیارێکی لەم بابەتە ڕوون بکرێنەوە و.... هتد. من کاتی خۆی لەگەڵ یەکێک لە وەزیرەکانی پەروەردەدا ئەم پرسەم خستە بەر باس و ئەو ئەوەی پێ ڕاگەیاندم کە ئەو بڕیارە بەهەڕەمەکی دەرنەچووە بەڵکو لەسەر بنەمای چەندین لێکۆڵینەوەی زانستی دەرچووە. من

داوای ئەوەم کرد کە چاوم بەو لێکۆڵینەوانە بکەوێ، بەڵام تاوەکو ئێستاش چاوم پێیان نەکەوتووە و گومانێکی گەورەم لە بوونیان هەیە.
بەڕای من ئەوە تەنیا بڕیاری وەزیرێکی پەروەردە یا چەند بەڕێوەبەرێکی گشتی بووە و کە هیچ جۆرە شارەزاییەکیان لە فیکری پەروەردەیی نەبووە و خاوەنی هیچ جۆرە ستروکتورێکی مۆدێرنی کارکردن نەبوونە. من پێم خۆش نییە بەو شێوە ئاشکرا و توندە قسە بکەم، بەڵام من لەوە تێ ناگەم بۆ لەو هەموو کەسە شارەزایانەیەی کە هەواداری خودی حیزبەکانن پەنا دەبرێتە بەر کەسێکی زۆر نەشارەزا بۆ ئەوەی ببێتە وەزیری پەروەردە. ئەو کەسە نەک بەهیچ شێوەیەک نە ئەوجا و؛ نە ئێستاش شارەزای فیکری پەروەردەیی نەبووەوە نییە، بەڵکو ڕۆشنبیریش نەبوو. قەدەری کورد وایە یەکێکی ناڕۆشنبیر تا ئەمڕۆش لە وەزارەتێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگوێزرێتەوە، لە کاتێکدا کەسانی زۆر شارەزا لە کوردستان هەن پەڕاوێز خراون.

بۆیە هۆکاری ئەو هاودژییەی لەو بڕیارەدا هەیە بریتییە لە نەشارەزایی هەموو ئەوانەی لەو کاتەدا سەرپەرشتیی بواری پەروەردەیان دەکرد. لەبەرئەوەی سیستەمی سیاسی، ئێمەش هاوشێوەی سیستەمی ئینگلیزییە، بۆیە وەزیر گەورەترین دەسەڵاتی هەیە و بڕیارەکان بەناوی ئەوەوە دەردەچن، بۆیە بەرپرسیاری سەرەکی لێرەدا دەکەوێتە سەرشانی وەزیری پەروەردەی ئەو کاتە.
لێرەدا مەبەست تاوانبارکردنی کەس نییە بەو ئەندازەیەی ئێمە لە بڕیارێکی باشی بێ بنەما دەکۆڵینەوە. خۆ ئەگەر یەکێک شارەزا نەبوو لەو دەرمانە تازەیەی شوێنی Tegretol دەگرێتەوە ئەوە ڕوونە تەنیا ئاماژە بۆ Tegretol دەکا.





## ئەی بەڕای تۆ چار چییە؟

من خۆم هەرگیز ئەو هەڵەیەی وەزارەتی پەروەردەی ئەو کاتە دووبارە ناکەمەوە. کاتێک هەستم بەوە کرد ئەوان لە دەرکردنی بڕیارێکی وا گرینگدا سەرکەوتوو نەبوون، بڕیارم دا پڕۆژە بڕیارێک لەو بارەیەوە ئامادە بکەم و تیایدا داوای بەربەستکردنی هەراسانکردن بکەم، نەک قەدەغەکردنی. لێرەدا بۆ جیاوازیکردن لە نێوان ئەو بڕیارەی ئەوجا و ئەم پڕۆژە بڕیارەی، من پێم خۆشە چەند خاڵێک یاداشت بکەم.

یەکەم: من هەراسانکردنم وەکو چەمێکی جیهانی بەکار هێناوە کە ئازاری جەستەیی یەک لقێکی پێک دێنێت.

دووەم: بەمەبەست لەبری ئەوەی ناوی بڕیاری لێ بنێم ناوی پڕۆژەم لێ ناوە.

سێیەم: لەبری ناوی قەدەغەکردنی لێدانی لێ بنێم ناوی بەربەستکردنی هەراسانکردنم لێ ناوە.

چوارەم: بۆ ئەوەی دووسبەی یەکێک پێم نەڵێ تۆ چووزانی لە قوتابخانەکاندا لێدان هەیە، هەستام بەسازدانی لێکۆڵینەوەیەکی تا ڕادەیەک گەورە لە کەرکووک و سلێمانی و هەولێردا کە هەندێ میتۆدی زانستیم تیادا بەکار هێناوە بۆ ئەوەی بەبەڵگەوە ئەوە بسەلمێنم نەک هەر ئازاری جەستەیی هەیە بەڵکو هەموو شێوەکانی تری هەراسانکردنیش هەیە. لەو کارەدا مامۆستاکان و خوێندکارەکان لە باشترین حاڵەتدا بەزمانی دەسەڵات و بەزمانی قوربانی باس لەو گرفتە دەکەن.

پێنجەم: هەوڵم داوە پێناسەی دیاردەکە و کارەکتەرەکان لەبەر ڕۆشنایی تیۆرییە جیهانییەکاندا ڕوون بکەمەوە.

شەشەم: هەوڵم داوە هۆکارەکان و چارەسەرەکانیش دیاری بکەم بەبێ ئەوەی واقیعی کوردستانم پشتگوێ خستبێ. هەروەها بەجیاوازی لەگەڵ ڕابردوودا هەوڵیشم داوە میکانیزمی کارکردن بەبڕیارێکی لەم بابەتەوە، دیاری بکەم و ئەوەش ڕوون بکەمەوە هەر کارمەندێکی ناو قوتابخانەکان یاساشکێنیی کرد، چی بکرێ باشە. لەم بوارەدا تەنیا بیرم لە سزادان نەکردووەتە، بەڵکو بیرم لە سزادانێکی باشتر کردووەتەوە کە ناوی سزادانی کۆنسترەکتیڤانەم لێ ناوە. بۆ ئەوەی ئەو پرۆژە بڕیارە، واقیعی و زانستی بێ نزیکەی ٣٥٠ لاپەڕەم ئامادە کردووە و پێشکەشی وەزارەتی پەروەردەم کردووە، بۆ ئەوەی لە کۆنفرانسی پەروەردەییدا تاوتوێی تیشکی بخرێتە سەر. ئەوانەی ئەم بابەتەیان بەلاوە گرینگە بەهیوام بتوانن پێش کۆنفرانس چاویان بەو لێکۆڵینەوەیە بکەوێ. ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ژێر ناوی هەراسانکردنی منداڵ لە نێوان ماڵ و قوتابخانەدایە و بەشێوەیەکی وام نووسیوە کە دایبابەکان و مامۆستاکانیش بەکاری بێنن و پێ خۆشحاڵ دەبم، ئەگەر وەزارەتی پەروەردە لە پەیمانگا و خانەکانی مامۆستایان و دەزگاکانی تردا بیکاتە مەنهەجی خوێندن.

**لە کتێبی (تێکشکانی بەهاکانی خوێندکار)دا باست لەوە کردووە کە مامۆستای کورد بەبەراورد لەگەڵ مامۆستای ڕۆژئاوا، لە چلەکاندا دەژی؟ ئەو جیاوازیانە چین کە**





**مامۆستای کورد لە مامۆستای ڕۆژئاوا جیا دەکاتەوە؟**

لە شوێنێکدا کە باسم لە دەسەڵات و ئازادیی کارکردنی مامۆستا کردووە ئەو قسەیەم نووسیوە، بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی باس لە سەرجەمی کارەکان بکەم، ئەوە لە باشترین حاڵەتدا لە حەفتاکاندا دەژی. ئەمەش نەک بەتەنیا مامۆستای کورد دەگرێتەوە، بەڵکو مامۆستای کوردستانی و بەشێکی زۆری ڕۆژهەڵاتیش هەر کەسە و بەڕادەیەک بەرامبەر بەو کولتووره هاوچەرخەی کە هەیە دواکەوتووە. زۆرجار وای دەبینم تەنیا خوایان یەکە. جیاوازییەکان زۆرن و من لێرەدا هەندێکیان دەسنیشان دەکەم؛ لە ڕووی زانستەوە، لە ڕووی دیداکتیک و بەتایبەتی دیداکتیکی ئاینەوە، لە ڕووی پەروەردە و مامەڵەکردنی منداڵەوە، لە ڕووی هەراسانکردنی منداڵەوە، لە ڕووی ئەو چەمکە نوێیانەوە کە مامۆستا کاریان پێ دەکات، لە ڕووی کۆمۆنیکاسیۆنەوە...... هتد. بەڵام بەر لەوەی ئەمانە شی بکەمەوە، دەبێ خاڵێکی گرینگ یاداشت بکەم، ئەویش گوناه و کەمتەرخەمی هەموو ئەم خاڵانە لەسەر شانی سیستەمی پەروەردەییە نەک تاک تاکی مامۆستاکان و قوتابخانەکان.

لە ڕووی زانستەوە، مامۆستاکانی ئێمە زۆر هەژارن و زۆر بەدەگمەن شتێکی نوێیان پێیە. ئەگەر پیاژێ لە ساڵی ١٩٨٠دا مردبێ خۆ جۆن دیڤی لە پەنجاکاندا مردووە، ئەدی بۆ ڕەنگدانەوەی ئەو لە کاری مامۆستاکاندا نابینین بەتایبەت لە بواری دیداکتیکدا (زانستی وانەوتنەوە). خۆ برانەر لە هیچەوە دیار نییە و لەوانەیە کەسیش ناوی نەبیستبێت... هتد. زانکۆ و مەڵبەندەکانی پێگەیاندنی مامۆستاکان لەم بوارەدا کەمتەرخەمن. من قسەم لەگەڵ زۆر مامۆستادا کردووە بۆ

ئەوەی بگەمە ئەو شتە نوێیانەی کە بۆیان ئامادە کراوە، بەڵام نەک هیچێکی ئەوتۆیان باس نەکردووە، بەڵکو هەندێ جار هەستم کردووە لەیەک تێ ناگەین. ئەگەر مامۆستا پڕ زانست نەکرێ و ڕانەهێنرێ، بەو زانستانە ئیدی ئەو چی بکات؟

لە ڕووی دیداکتیک و بەتایبەتی دیداکتیکی ئاینەوە، هەست بەدواکەوتنێکی گەورە دەکرێ، چونکە دەزگا بەرپرسەکان بەهیچ شێوەیەک نەیانتوانیوە یارمەتیی مامۆستاکان بدەن. لە ڕووی پەروەردەیی و زانستیشەوە شێوازی وانەوتنەوەکان گەورەترین ڕۆڵ لە پێگەیاندنی خوێندکار و بەرهەمهێنانەوەی زانستدا دەگێڕن. تازەترین شێوازی وانەوتنەوەکان مۆلکی سیستمی حەفتاکانە. بۆ ئەوەی بتوانین هاووڵاتییەک دروست بکەین کە ڕێزمان بگرێ، توندوتیژی بەرامبەر بەمامۆستاکانی خۆی بەکار نەهێنێ، بیروڕا جیاوازەکان بکاتە سەرچاوەی دەوڵەمەندی، نەک دژایەتی و بارگرژی، دەبێ ئێمە لەوەدا سەرکەوتوو بین کە خوێندکارەکانمان بەو ڕوحە پەروەردە بکەین کە دەمانەوێ. ئەم کارانە لە ڕێگەی دیداکتیکێکی تازەوە بەئاسانی دابین دەکرێن. ئەو دیداکتیکە یارمەتیمان دەدا کە مامۆستا ئەرکی ئەوە نەبێت زانستەکانی ناو کتێبەکان بۆ منداڵەکان بخوێنێتەوە، ئاخر ئەمە هیچ هونەرێکی تێدا نییە و هەموو کەسێک دەتوانێ ئەم کارە بکا. مامۆستا دەبێ ڕێگا بەخوێندکارەکان پیشان بدا کە چۆن زانستەکان بەرهەم بێننەوە، نەک وەکو تووتی لاپەڕەکان بلێنەوە. لە لایەکی دیکەوە لە حەفتاکاندا منداڵ بەڕێنماییکردن فێری ڕێزگرتن دەکرا، بەڵام لە سیستمی نوێدا، دیداکتیک بەشێکی گەورەی ئەم جۆرە پەروەردەکردنە دەگرێتە ئەستۆی خۆی و بەشێکی تریش پەروەردەی دینامیکی





دەگرێتە ئەستۆ. بەڵام بۆ ئەوەی کارەکانمان سەرکەوتوو بن، دەبێ سەرەتا فۆرم و شێوازەکانی کارکردنی مامۆستا لە چوارچێوەی ئەو سیستمە دیداکتیکییەدا بۆ مامۆستاکان و قوتابخانەکان ڕوون بێ. جیاوازییەکی تر ئەوەیە مامۆستای کوردستانی لەم ڕووەوە هیچ یارمەتییەک نادرێ. لە زاخۆوە بۆ حەمرین یەک کتێبی یەک ڕەنگ و یەک ناوەڕۆکی دەدرێتێ بۆ ئەوەی بەزەوقی خۆی بیڵێتەوە. بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئەوان و لە پێناوی کەمکردنەوەی ئەو جیاوازییە دەبێ لە پاڵ هەموو کتێبێکی مەنهەجیدا کتێبێکی یارمەتیدەر بۆ مامۆستاکان چاپ بکرێ کە تیایدا دیداکتیکزانەکان ئەوە بۆ مامۆستاکان ڕوون بکەنەوە کە چۆن وانە هەمەجۆرەکان بوترێنەوە. جیاوازییەکی تر خۆی لە دیداکتیکی ئایندا دەبینێتەوە. مامۆستاکانی ئێمە وا ئاین دەڵێنەوە کە ئاینی ئیسلام باشترین ئاینە و پێغەمبەری ئیسلام لە هەموو ئەوانی تر باشترە و دەبێ هەموومان ببینە ئیسلام و ئەوەی وا نەکا یا قەناعەتی بەوە نەبێت کافرە. ئەوەی ئەم دێرانە بخوێنێتەوە وا دەزانێ من دژی وتنەوەی ئاینم، بەڵام بەپێچەوانەوە من لەبەر بەرژەوەندی ئاین دژی ئەم دیداکتیکەی ئێستای ئاینم، چونکە ئەم شێوازە هیچ بوارێک بۆ داهێنانی منداڵ و بیر و بۆچوونە جیاوازەکان ناهێڵێتەوە و منداڵ فێری ئەو توندوتیژی و دژایەتی ئاین دەکات، کە گەورەکان پیادەی دەکەن. سەرەڕای ئەوەی ئەمەش ئەمە زیان بەخودی ئاین دەگەیەنێت چونکە شێوازێکی زانستی نییە بۆ وتنەوەی ئاینەکان و دژ بەعەلمانیەتی ئاینە. بۆ ئەوەی مامۆستاکانی کوردستان لە قۆناغی حەفتاکان دابڕێن دەبێ تەنیا ناوەڕۆک و مێژووی هەموو ئاینەکان، شیکردنەوەکان، ئایەتەکان، حەدیسەکان...

هتد شی بکەنەوە و بیخەنە ڕوو، بەبێ ئەوەی پشتیوانی لەم یا لەو ئاینە بکەن، چونکە کامەیان باشترە یا نا ئەوە دەبێ ببێتە ئەرکی ئەو خوێندکارە. من لە تێکشکانی بەهاکانی خوێندکاردا تیشکم خستووەتە سەر ئەم مەسەلەیە بۆیە بەپێویستی نازانم زیاتر لەسەری بوەستم.

لە ڕووی پەروەردە و مامەڵەکردنی منداڵەوە، تاوەکو ئێستاش مامۆستاکانی ئێمە، هیچ جۆرە تێگەیشتنێکیان بۆ پێناسەی پیشەکەیان نییە و نازانن میکانیزمەکانی کارکردنی مامۆستا چییە، چونکە ئێمە خاوەنی سیستمێک نین کە تێڕوانینی تایبەتی بۆ مامۆستاکان هەبێ. ئێمە تێڕوانینەکانمان بۆ سیاسی و مامۆستا و کرێکاران و دایبابەکان وەکو یەک وایە. کاتێ من بەراوردی ئەو جۆرە تێگەیشتنە لە لای مامۆستاکانی خۆمان و ئەوانەی ڕۆژئاوا دەکەم، لەوە تێ دەگەم کە بۆ هەموو ئەو فاسیلەیە لە نێوانیاندا هەیە. تۆ بڕوانە لە کاتێکدا کە منداڵێک کارێکی ئەوتۆ دەکا کە بەدڵی گەورەکان نییە، ئیدی تۆ جیاوازییەکی گەورە لە نێوان کاردانەوە یا چارەسەری دایبابێکی نەخوێندەوار و کرێکارێک و مامۆستایەک و سیاسییەک..... هتد ناکەی. هۆکارەکەشی ئەوەیە ئێمە لە دەستوور و یاساکانی ئەو توێژە جیاوازانەدا چارەسەرەکانمان بەنووسراوی پێ ڕانەگەیەنراوە. مامۆستایەکی ڕۆژئاوایی وا بیر دەکاتەوە کە منداڵ دەبێ وەکو منداڵ کار بکا و هەر لە سەرەتاشەوە ئەوە دەزانێ یەکێک لە دەرئەنجامەکان ئەوەیە منداڵ هەڵە دەکات و سیستمی پەروەردەییش بەشێک لە چارەسەرەکانی بۆ ئامادە کردووە و بەشەکەی تریشی لە ڕێگەی سیستمێکی هەمەلایەنەی ژیانی ڕۆژانەوە بۆ ئامادە کراوە. بۆیە ئەم





مامۆستایە هەست بەشڵەژان ناکات چونکە ئەلتەرناتیڤەکانی کارکردنی لە بەردەستدایە. بەڵام مامۆستایەکی کوردستانی چی بۆ ئامادە کراوە؟ مامۆستا تاوەکو ئێستاش سیستمێک بەکار دێنێ خۆی بۆ بەڕێوە نەچووە و نەیتوانیوە ناسنامەی هاووڵاتیبوون بەئەندامەکانی کە مامۆستایە ببەخشێ. بۆیە مامۆستاکانی ئێمە وەکو هەر تاکێکی تر یەکەم شت بیر لەوە دەکەنەوە کە لە ڕێگەی ئازاری جەستەییەوە منداڵ لە لاسارییەکانی پەشیمان بکاتەوە، چونکە ئەو تێڕوانینەی لە بەرچاو نییە کە منداڵ منداڵە، بەڵکو ئەو پێی وایە منداڵ دەبێ وەکو گەورە ڕەفتار بکا، چوارمشقی دابنیشێ، لاساری نەکا، قسە نەکا، لە کاتی گرفتدا لەگەڵ منداڵەکانی تردا شەڕ نەکا، بەڵکو دیالۆگ بکات.. هتد. بۆیە کاری سیستمی پەروەردەیی ئێمە ئەوەیە پێچەوانەی ئەمانە لە لای مامۆستاکان بچەسپێنێت.

زۆرجار ڕەخنەی ئەوەم لێ دەگرن کە من لە نووسینەکانمدا جیاوازی لە نێوان ئاستی دایبابەکان و مامۆستاکاندا ناکەم. ئەمە ڕاستە، بەڵام من کاتێک هەندێ دایباب دەبینم ئیدی لەبەر هەر هۆیەک بێ زۆر لە مامۆستاکان میهرەبانتر و پەروەردەییتر مامەڵە لەگەڵ منداڵەکانیاندا دەکەن ئیدی ناتوانم لەوە بێدەنگ بم، چونکە یەکەم پێوەری من بۆ مامۆستا ئەوەیە، چەند لە بواری پەروەردەدا زرینگە، نەک چەند زانستی ڕووتی پێیە. با نموونەیەکی جوانت بۆ بێنمەوە:

لە سلێمانی خێزانێکی ئاوارەی کەرکووکیم بینی ژوورێکی بچکۆلانەیان بۆ هەردوو منداڵەکەی خۆیان جیا کردبووەوە کە گەورەکەیان تەمەنی ١٠ ساڵان بوو. باوکی ئەو منداڵانە تا پۆلی چوارەمی سەرەتایی خوێندبوو، واتە بەپێناسەیەکی هاوچەرخانە

دەتوانین بڵێین نەخوێندەوار بوو. من قەت ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو باوکەم نەدیبوو لە منداڵەکانی خۆی بدا، نەک هەر ئەمە بەڵکو دواتر ئەوەشم زانی کە خودی ئەو باوکە جگە لەوەی لە پشت جیاکردنەوەی ژوورەکەوە بووە بۆ منداڵەکانی، هەستاوە بەکڕینی کۆمپیوتەرێکیش بۆیان. من کاتێک باوکێکی وا دەبینم کە ئاستی پەروەردەیی زۆر لە ئاستی مامۆستای منداڵەکانی بەرزترە چۆن دەتوانم قسەی لەسەر نەکەم.

لە ڕووی داهێنان و بەرهەمهێنانەوەی زانستەوە لە سیستەمی پێشکەوتوودا مامۆستا ڕۆڵی ڕابەر و ڕێپیشاندەر دەبینێ، نەک مامۆستایەکی تەقلیدی. بەشێوەیەکی تر مامۆستا زۆر جار وەکو پێشکەشکاری بەرنامەیەکی وەکو چاوی سێیەمی لێ دێ کە تەنیا ئۆرگانیزەی بابەتەکان دەکات. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە شێوازەکانی وانەوتنەوە کە قسەمان زۆر لەسەر کرد، بەڕوحێکی بونیادگەرایانەوە کار دەکات کە بنەماکانی لە تێڕوانین و تیۆرییەکانی کەسانێکی وەک پیاژێ و جۆن دیڤی و برانەر.... هتد سەرچاوە دەگرن. بۆ داڕشتن و ئامادەکردنی ئەم هەموو کارە ڕۆژانە دەیان زانکۆی باڵا و سەدەها دەزگا و ڕێکخراوی باڵا لە وڵاتە هەمەجۆرەکاندا کار دەکەن بۆ ئەوەی ئەو تیۆری و باسە زانستییانە وەرگێڕنە سەر زمانی پراکتیکی و لە ڕێگەی وۆرکشۆپەوە مامۆستاکانی پێ پەروەردە بکەن. بەکورتی ئەمە لە وڵاتی ئێمەدا نییە و مامۆستا بەتەنیا فڕێ دراوەتە سەر کەشتییەکی وەکو تایتانیک بەبێ ئەوەی چوپێکی بدرێتێ بۆ ئەوەی لە کاتی مەترسیدا خۆی پێ ڕزگار بکا. بۆیە شێوازی کارکردنی مامۆستا ئەوە نییە لە بەرامبەر





خوێندکاراندا بوەستێ و ناوەڕۆکی کتێبەکان بخوێنێتەوە، چونکە ئەوە ئەرکی خوێندکارانە، بەڵام ئەرکی ئەو ئەوەیە چۆن منداڵەکان فێری ئەوە بکات لەو چەند لاپەڕەیەوە واقیع بخوێننەوە و شتی نوێ دابهێنن. ئەمەشیان لە سیستەمی ئێمەدا نییە. زۆر جیاوازیی تر هەن کە سەرئەنجامەکانیان بەوە دەگەن قوتابخانەکانی ڕۆژئاوا خوێندکاری داهێنەر و دواتریش مرۆڤی داهێنەر دروست دەکەن. لە بەرامبەر ئەمەشدا قوتابخانەکانی ئێمە شێرزاد حەسەن گوتەنی، مرۆڤی شەرمن و کەڕوڵاڵ دروست دەکەن کە بەشێکیان لە پەرلەماندا نمایندەگیی ئێمە دەکەن.

لە ڕووی هەراسانکردنی منداڵەوە، بەئەندازەی ئاسمان و ڕێسمان، جیاوازی هەیە. ئێمە بەشێکمان لە پرسیارێکی پێشوودا تاوتوێ کرد. بەڵام ئەوەی دەمەوێ وەکو پرۆسەیەکی گشتی چاوی لێ بکەم ئەوەیە کە لە سیستەمی ئێمەدا منداڵان هیچ بەهایەکیان نییە و ئێمەش لە ڕووی پراکتیکەوە گاڵتەمان بەو بەهایانە دێ، بۆیە تا بۆمان بکرێ منداڵ هەراسان دەکەین و بەهاکانی تێک دەشکێنین. من بەدرێژایی هەردوو کتێبی تێکشکانی بەهاکانی خوێندکار و هەراسانکردنی منداڵان لە نێوان ماڵ و قوتابخانەدا، قسەم لەسەر تێکشکانی زۆرێک لەو بەهایانە کردووە و باسم لە هۆکار و شێواز و میتۆدەکانی ئەو تێکشانە کردووە بۆیە بەپێویستی نازانم لێرەدا درێژەی بدەمێ.

لە ڕووی ئەو چەمکە نوێیانەوە کە مامۆستای ڕۆژئاوایی کاریان پێ دەکات، دیسانەوە جیاوازییەکی گەورە هەیە. لە کاتێکدا بەر لە ١٠٠ ساڵ کار بەو چەمکانە کراوە، ئەمڕۆ بەشێکی زۆریان گواستراونەتەوە ئاستەکانی خوارەوە و لە نێوان مامۆستایان و خوێندکاران لە لایەک و

مامۆستایان و دایبابەکان لە لایەکی ترەوە، بەکار دەهێنرێن و کاریان پێ دەکرێ. بۆ نموونە تا ئەمڕۆ سەدەها هەزار لاپەڕە لەسەر چەمکی هەراسانکردن نووسراوە و لە زۆر وڵاتدا لەبری ئەوەی بوترێ، ئازاری جەستەیی، شکانەوە، تەریقکردنەوە، جوێن، جوێنی سێکسی ئامێز...... هتد و باس لە جۆرو میتۆد و دەیەها ڕەهەندی تر بکرێ، ئەوان تەنیا چەمکی هەراسانکردن بەکار دێنن و زۆرینەی منداڵەکانی سەرەتاییش ئەو چەمکە بەکار دێنن. بەڵام لە لای ئێمە لە سەرجەمی ئاستە باڵاکاندا، تاوەکو دەگاتە ئاستە نزمەکان تاوەکو ئێستاش باس لە لێدان دەکرێ کە من پێم وایە گوزارشکردنێکی هەڵەیە لە چەمکی هەراسانکردن. لە لایەکی ترەوە بەلایەنی کەمەوە دەبێ لە ئاستی قوتابخانە و دەزگا پەروەردەییەکاندا، دەبێ لەبری قسەی ناو کتێب و قسەی بازاڕ یا لاکۆڵان باس لە چەمکە ئەکادیمییەکان و نائەکادیمییەکان بکرێت؛ چونکە ئەم دوو چەمکە لە بواری پەروەردەییدا تێرمی گەورەن و پانتاییەکی زۆر گەورەیان لە لای ڤیگۆچیسکی، پیاژێ، سکینەر، کراشن، سکاردامالیا، بێرێتەر... هتد داگیر کردووە . چەمکی دیداکتیک زۆر لە شێوازەکانی وانەوتنەوە گەورەترە. زۆر بەدەگمەن چەمکی گەشەسەندنی کۆگنەتیڤانەمان بەرچاو دەکەوێ، لە کاتێکدا ئەمە جەوهەری کاری قوتابخانەیە. ڤیگۆچیسکی کە ساڵی ١٩٣٤دا مردووە، پێی وایە کە قوتابخانە دەبێ خوێندکاران لە پرۆسە کۆگنەتیڤەکانی خۆیان ئاگادار بکەنەوە، بەڵام قوتابخانەکانی ئێمە لە کوێ ئەمەدا ڕادەوەستن. بەکورتی من کاتێ لەگەڵ قوتابخانەکاندا قسە دەکەم هەست بەوە ناکەم ئێمە بەهیچ شێوەیەک چەمکی پەروەردەیی بەکار دێنین. هۆکارێک لێرەدا ئەوەیە ئێمە ئەو دەزگایانەمان نییە کە یارمەتیی قوتابخانەکان بدا بۆ ئەوەی





ئەو چەمکانە جێگیر بن.. کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی بەشێوەیەکی گشتی بەڕووی چەمکەکانەدا کراوەیە و دەکرێ بەشێوەیەک لە شێوەکان پێیان بوترێ کۆمەڵگای چەمک. زۆرجار گوێم لە مرۆڤە هەرە ئاساییەکان دەبێ لە کاتی باسکردنی بازاڕ، سوود و زیان، بۆرسە، نرخی سوود.... هتد بەشێوەی چەمک باسی ئەو شتانە دەکەن. مرۆڤی ئێمە فێری ئەمە نەکراوە.

لە ڕووی کۆمۆنیکاسیۆنەوە دیسانەوە ئەوەی وامان لێ دەکا بڵێین قوتابخانەکانی ئێمە لە حەفتاکاندا دەژین، ئەوەیە ئێمە لەم دەزگایەدا جۆرە کۆمۆنیکاسیۆنێکی سەربازییانە و یەکسەرەمان هەیە. سەربازییانە، بەو مانایەی کاتێک ئەفسەرێک پەیامێک دەداتە ئاستەکانی ژێر دەستی خۆی بەهیچ شێوەیەک چاوەڕوانی گفتوگۆ و لێدوان ناکات، لە لایەنی دووەم، بەڵکو تەنیا دەیەوێ گوێی لەوە بێ کە پەیامەکەی گەیشتووە و پیادە دەکرێت. قوتابخانەکان و هەندێک لە زانکۆکانی ئێمە تاوەکو ئێستاش بەم شێوە بەڕێوە دەچن. بۆیە مامۆستاکان تەنیا بڕیار دەردەکەن و خوێندکارەکانیش دەبێ بێ سێ و دوو پیادەی بکەن. مەبەستم لە کۆمۆنیکاسیۆنی یەکسەرەش، ئەوەیە هیچ قسە و گفتوگۆیەک لە نێوان لایەنی یەکەم و دووەمدا نییە. ئەمەش زۆر بەڕوونی لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا هەیە. بەڵام ئەم جۆرە کۆمۆنیکاسیۆنە لە سیستمی پەروەردەیی ڕۆژئاوادا زۆر جیاوازە و ئەمڕۆ منداڵەکانی سەرەتاییش زۆر بەگومانەوە تەماشای مامۆستایەک دەکەن کە ئەو جۆرە کۆمۆنیکاسیۆنە پیادە بکا. ئەمە تەنیا بەشێکی زۆر کەمن کە وای لە من کردووە ئەو ڕستەیە بنووسم، کە بەڕێزت لە پرسیارەکەتدا ئاماژەت پێ کردبوو.

### بوونی ئەو هەموو ڕێکخراو و ڕۆژنامە خوێندکارییانە لە کوردستان، تا وەکو چەند خزمەتی بەبواری پەروەردەیی کردووە؟

بەپێچەوانەی زۆر کەسەوە من پێم وایە تا ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی زۆر بن، باشترە. هەموو ئەم ڕێکخراونەش کاریگەریی خۆیان هەیە، بەڵام زۆر زۆر لاوازن. یەکێک لە هۆکارەکان پەیوەندیی بەلاوازیی ئاستی ئەو ڕێکخراوانەوە هەیە و هەندێکیان تاوەکو ئێستاش لە پراکتیکدا کارەکانی خۆیان ساغ نەکردووەتەوە کە ئەرکەکانیان چییە. بەشێک لەم ڕێکخراوانە ڕەخنەی زۆر توند لە دەزگا پەروەردەییەکان دەگرن بەبێ ئەوەی پرۆژەیەکیان هەبێ. ڕەنگە بەشێک لە هۆکارەکان وەکو خۆیان دەڵێن ئەوە بێ کە وەزارەتی پەروەردە گوێیان لێ ناگرێ، ئەمە ڕاستە، بەڵام ئەوانیش لە بەرامبەردا تاوەکو ئێستاش فێری ئەوە نەبوون کار بەمیتۆدی پرۆژەی بەرامبەر بکەن. من پێم وایە لە کاتی گرفتێکدا بۆ نموونە توندوتیژی، لەبری ئەوەی قسەیەکی زۆر توند بکەن دەتوانن ڕەخنەیەکی باش بگرن و لە بەرامبەریشدا پرۆژەیەک پێشکەش بکەن. ڕێنمایی من بۆ ڕێکخراوە خوێندکارییەکان ئەوەیە هەوڵ بدەن لە ڕێگەی جیاوازەوە پرۆژەی بەهێز پێشکەش بکەن، بۆ ئەوەی وەزارەتی پەروەردە ناچار بکەن کە گوێیان لێ بگرێ. هۆکارێکی تری لاوازیی ئەو ڕێکخراوانەوە ئەوەیە نەیانتوانیوە ژمارەیەکی زۆری خوێندکاران لە خۆیان کۆ بکەنەوە، چونکە خوێندکاران وا هەست ناکەن ئەوان گوزارش لە خەمەکانی ئەوان دەکەن. بۆ نموونە تاوەکو ئێستا چ ڕێکخراوێک پرۆژەیەکی بۆ گۆڕینی





مەنهەجەکان، شێوازی وانەوتنەوەکان، تاقیکردنەوەکان، کەمکرنەوەی توندوتیژی، یا هەر مەسەلەیەکی جیدی لەم بابەتە پێشکەش کردووە و هەوڵی داوە جەماوەری بۆ دروست بکا. ئەمەش گرفتی هەموو ڕێکخراوەکانە لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا. هاووڵاتیی ڕۆژئاوایی خۆی بەبەرپرسیار دەزانێ لەوەی بەشداری لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا بکا. لە هەندێ وڵاتدا زیاتر لە نیوەی دانیشتوان ئەندامن، بۆ نموونە لە سوید ٩٦٪ ی ئەوانەی تەمەنیان لە سەرووی ١٨ ساڵەوەیە بەلایەنی کەمەوە لە یەک ڕێکخراودا ئەندامن. بەهەرحاڵ ئەم ڕێکخراوانە هەوڵ دەدەن بچنە پێشەوە و ڕۆژنامە و گۆڤاریان هەیە و بوونیان بەسوودە، بەڵام کاریگەرییان زۆر کەمە و تاوەکو ئێستاش نەگەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی لە پێناویدا دروست بوون، ئەویش ئەوەیە کە ببنە گرووپی فشار. دەبێ ئەو ڕێکخراوانە کار لەسەر ئەم بوارە بکەن و لە هۆکاری ئەو لاوازییە بکۆڵنەوە، پرۆژەیان هەبێت و پاڵپشت بۆ ئەو پرۆژانە دروست بکەن، چونکە ئامانجی سەرەکیی هەر ڕێکخراوێکی ناحکوومی ئەوەیە ببێتە گرووپی فشار.

سەرباری ئەمانەش جۆرێکی تری ڕێکخراوەکان هەیە ئەویش ئەو ڕێکخراوانەن کە گرێدراوی دەسەڵاتن. ئەمانە ڕۆڵێکی تا بڵێی خراپ لە نێو بزووتنەوەی خوێندکاراندا دەگێڕن و هەموو کارەکانیان لە چوارچێوەی جوانکردنەوەی دەسەڵاتدا دەسووڕێتەوە. بچووکترین جیاوازییەک لە نێوان ئەوان و دەسەڵاتدا نابینیتەوە و هەر کاتیش ناکۆکییەک لە نێوان خودی دەسەڵات و خوێندکاران یا بزووتنەوە خوێندکارییەکاندا دروست ببێ ئەوان ناتوانن پێچەوانەی دەسەڵات قسە بکەن. ئەم جۆرە ڕێکخراوانە تاوەکو ئێستا وا کاریان کردووە و

بەڕای من هیچ کـاتێک ناتوانن ببنە گـرووپی فـشـار و بوونیـان گەشەسەندنی بزووتنەوە خوێندکارییە سەربەخۆکان دوا دەخا و لە بەرامبەر ڕێگا قەدبڕەکاندا وێڵیان دەکا.

بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان ڕۆڵی باش دەگێڕن لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و گرفتی خوێندکاران و بەدوای ئەو گرفتانەدا دەچن کە تایبەتن بەخۆیانەوە. ئەم جۆرە هەواڵانە لە زۆر لە ڕۆژنامەکانی تر ئەو بایەخەیان پێ نادرێ، ئەمەش کارێکی چاکە. بۆ نموونە هەفتەنامەی (خوێندنی لیبراڵ) کاری باشی لەم بوارەدا کردووە. لە کۆتاییدا ئەوە دەڵێم کە مێژووی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان لە کوردستاندا زۆر تازەیە و لە بواری دیراسەکردنی ئەوان پێویستمان بەتێپەڕبوونی کات هەیە.

**دوا وتەت؟**

من تا بۆم بکرێ خۆم لە دوو پرسیاری زۆر تەقلیدی ڕۆژنامەوانەکان دەدزمەوە کە یەکەمیان ئەوەیە کەی لەدایکبووی و کەی دەمریت و... هتد. دووەمیشیان ئەوەیە دوا وتەت چییە.

..........

سەرچاوە: ئەم دیدارە لە لایەن بیلال سەعیدەوە ساز کراوە و لە ژمارە ٢٩٠ و ٢٩١ی هەفتەنامەی میدیای ساڵی ٢٠٠٧دا بڵاو کراوەتەوە.



## ٤

## ئایا دەکرێ بەو کۆمەڵە یاسا و ڕێسایانەی کوردستان بڵێین سیستمی پەروەردەیی کوردستان؟

زۆربەی ئێمە دەستەواژەی سیستمی پەروەردەیی کوردستان، بەکار دەهێنین، بەڵام من خۆم بەشێوەیەکی مەجازی بەکاری دەهێنم، چونکە ئەوەی لە کوردستاندا هەیە ئەگەرچی سیماکانی سیستمیشی پێوەیە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک ناکرێ ناوی سیستمی پەروەردەیی کوردستانی لێ بنێن. بەڵام دەکرێ بڵێین سیستمی پەروەردەیی عیراقی، چونکە ئێمە و عیراق هەردوو لامان بەهەمان سیستم کار دەکەین کە لە بنەڕەتدا کوردستانی نییە. بۆ ئەوەی بتوانین ئەو دەستەواژەیە بەدروستی بەکار بهێنین دەبێ کۆمەڵێک گۆڕانکاری و ڕیفۆرمی گەورە پیادە بکەین بۆ ئەوەی سیستمەکە تایبەتمەندێتی کوردستان هەڵبگرێ.

**بەڕای تۆ کێ خەتابارە لەم دۆخە پەروەردەییەی لە کوردستاندا هەیە؟**

شتێکی بەڵگەنەویستە کە ئێمە کۆمەڵێک بەرپرسی پەروەردەیی پۆست بەرز و ئاست نزممان هەیە کە شارەزاییەکی باشیان لەو سیستمە عیراقییە کۆنەدا هەیە و هیچ شێوە شارەزاییەکیانیش لە

پەروەدەی هاوچەرخدا نییە. ئەمانە دەستیان گرتووە بەسەر دەزگا گەورەکاندا و بۆ نزیکەی ١٦ ساڵیشە خەبات دەکەن بۆ ئەوەی سیستمی پەروەردەیی نەگۆڕێ. بەڵام لە لایەکی ترەوە ئەمانە گوناهیان نەکردووە، چونکە ئەوان لەو چوارچێوەیەدا کار دەکەن کە سیستمی ئێمە فەراهەمی کردووە. بەڵکو هۆکار و ڕێگری سەرەکی لێرەدا حکوومەتی کوردییە کە تاوەکو ئێستا هیچ سەرۆک کابینەیەک و هیچ سیاسییەکی ئێمە لەبەر نەشارەزایی یا هەر هۆکارێکی تر بێ هیچ بەرنامەیەکی بۆ پەروەردە پێ نەبووە.

ئێمە ناکرێ کەمتەرخەمییەکان بخەینە ئەستۆی تاکەکەسەکان، بەڵکو لە ئەستۆی سیستەمە سیاسییەکەدایە کە سەرۆکی کابینە بەرپرسە لێی. سەرئەنجامەکانیش ئەوەبوون کە تا دێ بێ ڕێزی و توندوتیژی دژ بەمامۆستاکان زیاد دەکا و من پێم وایە زیاتریش دەبێ، خوێندکاران دان بەدەسەڵاتی مامۆستاکاندا نانێن، ئەوان زۆر بەخراپی پەروەردە کراون و لە ئەنجامی ئەمەشەوە ڕێژەی تاوان زیادی کردووە، ئاستی زانستییان زۆر خراپتر بووە، قوتابخانە خوێندکار بۆ گونجان لەگەڵ پێوەرەکانی کۆمەڵگادا ئامادە ناکات، بەدەیان خوێندکار خۆیان دەکوژن، ئێمەش هێندە بێ ئاگا و بێ خەمین، وەکو ئەوەی ئەم کارانە لە حەوشەی ئێمەدا ڕوو نەدەن،.... هتد.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا من پێم باش نییە، بەم لۆژیکە کارەکان شی بکەینەوە.

### ئەی چۆن دەبێ شی بکەینەوە؟

ئێمە باس لە پەروەردە دەکەین و دەمانەوێ کار بۆ داهاتووی ٢،١





ملیۆن خوێندکار و ٧٣٠٠٠ مامۆستا بکەین و بارودۆخی ٥٠٠٠ قوتابخانە چاک بکەینەوە. بۆیە لەبری ئەوەی باس لە خەتابارەکان بکەین، دەبێ لە دەروازەیەکی تازەوە باس لە گرفتەکان بکەین. من تا ئەو ڕادەیەش، پێم باشە گرفتەکان شی بکەینەوە و ڕەخنە بگرین، کە لە ڕێگەیانەوە بتوانین لەبەر ڕۆشنایی تاقیکردنەوە مۆدێرنەکاندا میکانیزمێکی هاوچەرخ بۆ چارەسەرکردنیان دابڕێژین، ئەگەر نا ڕەخنەکانمان بەدەردی هیچ شتێک ناخوا.

### چۆن؟

بڕوانە ئێمە لە هەموو ماسمیدیاکانی خۆماندا بەبەردەوامی ڕەخنەی توند دەگرین و وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەینەوە ئایا بارودۆخی ئێستای سیستمی پەروەردە چۆنە. بەڵام وەڵامی ئەو پرسیارە نادەینەوە، چۆن ببێ باشە؟ زۆرێک لە هاووڵاتییان تەنیا ڕەخنە دەگرن و هیچ جۆرە ئەلتەرناتیڤێکی تریان پێ نییە. من مەبەستم ئەوە نییە کە خەڵک ڕەخنە نەگرێ، بەپێچەوانەوە بەڵام دەبێ چارەسەریش پێشنیار بکەن. شتێکی بەڵگەنەویستە کە هەموو هاووڵاتییەک ناتوانێ ئەلتەرناتیڤی نوێی هەبێ، بەڵام من بەم شێوەیە کار دەکەم و ئاواشم پێ خۆشە؛ چونکە بەسوودمەندتری دەزانم.

**پەیوەندییەکانی نێوان خوێندکار و مامۆستا زیاتر لە پەیوەندییەکی عەسکەرییانەوە نزیکە تا پەیوەندییەکی پەروەردەییانە. تۆ ئەم پەیوەندییانە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

لە هەر گفتوگۆیەکی هاوچەرخدا دەبێ کۆمۆنیکاسیۆنێکی دوو سەرە لە ئارادا بێ. واتە کاتێ یەکێک پەیامێک دەداتە یەکێکی تر چاوەڕوانی ئەوەش بکا، ئەوی دیش پەیامێک ڕەوانە بکاتەوە و تیایدا بیر و بۆچوون و ڕەخنە و سەرنجەکانی خۆی بخاتە ڕوو. بەڵام لە ناو سەربازگە و هێزەکانی سوپادا تەنیا کۆمۆنیکاسیۆنێکی یەکسەر هەیە؛ واتە هەرکات ئەفسەرێک پەیامێک ڕەوانەی سەربازێک دەکا، ئیدی چاوەڕوانی وەڵام ناکا، چونکە ئەوە فرمانە و دەبێ یەکسەر جێبەجێ بکرێ.

ئەوەی لە قوتابخانە و زانکۆکانی ئێمەدا هەیە کۆمۆنیکاسیۆنێکی یەک سەرەیە؛ واتە قسەی سەرەتا و کۆتایی، فرمانەکان، دەسەڵاتەکان، ڕێز و بێ ڕێزی بەدەست مامۆستاکانە. لە بەرامبەر ئەمەشدا ئەرکی پیادەکردن، بێدەنگی، بێدەسەڵاتی، نووسینەوە، لەبەرکردن.... هتد دەکەوێتە ئەستۆی خوێندکار. من تاوەکو ئێستا چەندین جار باسم لەو پەیوەندییە میلیتارییە کردووە، بۆیە نامەوێ ئێستا هەمان قسە دووبارە بکەمەوە بەڵکو لێرەدا هەوڵ دەدەم لە گۆشەیەکی ترەوە تەماشای ئەو پەیوەندییە بکەم.

کات زۆر بەخێرایی گوزەر دەکا و گەشەسەندنی تەکنەلۆژیا و جیهانگیری کارێکی زۆری لە ئێمە و لە گەشەسەندنی خوێندکارانیش کردووە. من وای دەبینم خوێندکاران توانایەکی باشتریان لە ئێمە هەبووە بۆ نزیکبوونەوە لەو گۆڕانکارییە خێرایەی کە هەبووە. یا هیچ نەبێ هێزێک نەبووە لە ناوەوە لەو گۆڕانکارییانە دووریان بخاتەوە و زۆربەی جارەکان ئەوان ئەو گۆڕانکاریانەیان بەپۆزەتیڤ لە قەڵەم داوە. لە پاڵ ئەمەشدا گەورەکان لە زۆربەی جارەکاندا بەشێوازی جودا





جودا مۆرکێکی نێگەتیڤیان بەو گۆڕانکارییانە بەخشیوە و گرفتەکەش بوونەتە کێشەی نێوان کۆن و نوێ. ئەمەش وای لە خوێندکاران کردووە کە خۆیان لە مامۆستاکانیان بەباشتر بزانن. ئەم حاڵەتە مەرجیش نییە بەم شێوەیە بێ، بەڵام من قسە لەو هەستە دەکەم کە لە لای خوێندکارەکان هەیە. نموونەیەکی زۆر زەق لێرەدا بەکارهێنانی مۆبایل و کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و پرۆگرامەکانی ترە کە منداڵەکان بەڕێژەیەکی زۆر گەورەتر لە گەورەکان تیایاندا زرینگترن. بیریشت نەچێ، ئەمە تەنیا یەک نموونەیە.

بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم گرفتەکانی تریش مامۆستا پێویستی بەئامرازی مۆدێرن هەیە کە کۆمۆنیکاسیۆنی یەکسەرە بەهیچ شێوەیەک ناتوانێت دابینی بکا. چونکە ئەو جۆرە پەیوەندییە یەکسەرە دەرگا بەڕووی خوێندکاراندا دادەخا بواری گفتوگۆ نادا. بۆیە گرژییەکانی پەیوەندیی نێوان مامۆستا و خوێندکار وەکو پەیوەندی نێوان ئەفسەر و سەرباز لێ دێ، ئەمەش حاڵەتێکی تەندروست نییە. ئەمەش وای کردووە کە پەیوەندییەکی کۆنسترەکتیڤ لە نێوان هەردوو کارەکتەرە سەرەکییەکەی پرۆسەی پەروەردەدا نەبێ و دواجاریش پەیوەندییەکی میلیتاری باڵ بەسەر هەموو ئەو شوێنانەدا بکێشێ کە خوێندکاری تێدایە.

### باشە بۆ خوێندکاران ئەو هەستەیان تێدا دروست بووە؟

بڕوانە من قسەکان لە خۆمەوە ناکەم. تۆ بڕۆ دیدارێک لەگەڵ خوێندکارانی هەموو قۆتاغەکاندا بەزانکۆشەوە بکە و بیاندوێنە، بزانە چی دەڵێن. من منداڵی سەرەتاییم دیوە دەڵێ مامۆستاکەم سەر لە

یارییە کۆمپیوتەرییەکانی من دەرناکا. هەیە دەڵێ بەڕێوەبەرەکەمان بۆیە مۆبایلی نییە، چونکە خۆی دەڵێ سەری لێ دەرناکەم. خوێندکارێکی پۆلی دووەمی زانکۆ پێ وتم ئەمە کەی مامەڵەو شێوازی وانەوتنەوەیە کە مامۆستایەکی زانکۆ هەیەتی،... هتد بەهەر حاڵ منداڵەکان و لاوەکانیش قسەی لەم بابەتەیان زۆر بۆ کردووم. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەشەوە کاتێ خوێندکار تەماشای کتێبەکانی خۆی دەکات باسی تەلەفزیۆنی ڕەش و سپی و ڕادیۆو فیلمی ٢٤ و ٣٦ ی دەکا، بەڵام ئەو منداڵە ڕۆژانە زۆر بەزرینگیەوە مامەڵە لەگەڵ کامیرەی دیجیتال و کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و ئای پۆدو MP3... هتد دەکا. کە واتە قوتابخانە نە پەروەردەیەکی باش و نە مەنهەجێکی نوێی بۆ منداڵەکان دابین کردووە. لە بەرامبەر کێشەکانیشدا توندوتیژی و هەراسانکردن پیادە دەکا، چونکە توانای ئەوەی نییە کێشەی خوێندکاران بەشێوازێک چارەسەر بکا، کە ڕێزگرتنی هەمە لایەنەی لێ بکەوێتەوە.

**ئایا هۆکاری تریش هەن یا هەر ئەمەیە؟**

هۆکار زۆرن، بۆ نموونە من وای دەبینم، بەشێکی باش لەخوێندکاران بەتایبەت گەورەکان لەوە تێ گەیشتوون ئەرکی سەرەکیی قوتابخانە چییە، بەڵام هێشتا خودی قوتابخانە لەو ئەرکەی خۆی تێ نەگەیشتووە یا لەبەر هەر هۆیەک بێ کاری جیدی بۆ ناکات.

**ئەو ئەرکە چییە؟**





ئامادەکردنی خوێندکارە بۆ ئەوەی لەگەڵ پێوەرەکانی کۆمەڵگادا بگونجێ و هاووڵاتییەکی باشی لێ دەربچێ.

**لە ڕوانگەی پەروەردەییەوە مەبەستت لەهاووڵاتیی باش باش چییە؟**

لەڕوانگەی پەروەردەیی و کۆمەڵناسیشەوە باش بەو مانایەی بتوانیت لەڕێگەی بەرهەمێنانەوەی زانستەوە، چەند میتۆدێک بۆ کارو مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانی تردا بدوزیتەوە. ئێمە پێویستمان بەهاووڵاتی باش هەیە کە بتوانن دوور لەگەندەڵی کارێکی شیاو بکەن، ڕێز لەیەکتر بگرن، ڕەخنەکان قبوڵ بکەن، ڕەخنە لەبابەتەکان بگرن نەک لەکەسەکان، یەکتر ڕەت نەکەنەوە، لەڕێگەی دیالۆگەوە چارەسەری گرفتەکان بکەن، بروایان بەدیموکراسی هەبێ، نەک دەسەڵاتی تاکڕەوانە، فێری سازش ببن، فێری ئەوە ببن ڕاستی ڕەها لە لای هیچ کەسێک نییە بەتەنیا، نیشتیمان پێکەوە بنێین..... هتد. بەڵام هەموومان دەزانین قوتابخانە بەپێچەوانەی ئەم نۆرمانەی سەرەوە کاری کردووە.

**کاریگەریی ئەم حاڵەتە ناتەندروستە چییە؟**

ئەمە دەبێتە هۆی بێزاربوون و ڕەخنەگرتن و بەرپابوونی حاڵەتێکی نائاسایی لە لای خوێندکاران. بۆیە دەبینیت هەموو لایەک سەری کردووەتە سەر پەروەردەو ڕەخنە دەگرێ، بەڵام هێشتا پەروەردە خۆی

ئاوڕێکی جیدی لەم بوارە نەداوەتەوە. ئەڵبەتە من مەبەست لەکاری یەک دوو ڕۆژ نییە، بەڵکو باس لەبەردەوامیی پرۆسەیەک دەکەم. ئەمە حاڵەتێکی ناتەندروستە، حاڵەتی تەندروست ئەوەیە بەر لەوەی خوێندکاران و لایەنەکانی تر دەرک بەکۆنیی سیستمی پەروەردەیی بکەن وەزراەتی پەروەردە دەبێ خۆی تازە بکاتەوە.

**هەندێک لەمامۆستاکان،بەتایبەت بەتەمەنەکان، هەمیشە ئەوە دووپات دەکەنەوە کە (مامۆستا مامۆستایە و خوێندکاریش خوێندکار!)، بوونی ئەو هێڵە سوورە لە نێوان مامۆستاو خوێندکاردا چۆن دەبینی؟ ؟**

لەهەر بوارێکدا پەیوەندیی دوو سەرەو دیالۆگ هەبێ نابێ باس لەبوونی هێڵی سوور بکرێ. ئێستا باوی هێڵی سوور تەنانەت لەسیاسەتیشدا نەماوە، بەڵکو سازشکردن هەیە، بۆیە من پێم باش نییە لە بواری پەروەردەدا باس لەهێڵێکی لەم جۆرە بکەین. بەڵام لە لایەکی ترەوە منیش وەکو ئەو مامۆستا بەتەمەنانە دەمەوێ مامۆستا مامۆستا بێ و خوێندکاریش خوێندکار بێ. ئەوەی لێرەدا من یا نەوەی نوێ لەوان جیا دەکاتەوە یا خاڵی ناکۆکی هەردوولامانە بریتییە لەتێگەیشتنی هەردوولا بۆ پێناسەی مامۆستا و خوێندکار. خەسڵەتەکانی مامۆستا لە لای من بریتین لە ڕێزگرتنی خوێندکار کە خۆی لەچەند تەوەرێکدا دەبینێتەوە؛ بەشێک لەمانە بریتین لە بەهەند وەرگرتنی بیروبۆچوونەکانی ئەوان، دروستکردنی کەسایەتیی ئەوان بەبێ پەنابردنە بەر شکانەوە، ڕاهێنانی ئەوان لەسەر ئەوەی هەراسانکردنی هاوڕێیەکانیان ڕێگایەکی پەروەردەیی چەوتە،





گۆشکردنیان بەزانستێکی دیداکتیکیانەی مۆدێرن، پەروەردەکردنی ئەوان بەو ڕوحەی کە هیچ دەقێک پیرۆز نییەو دەکرێ هەموو شتێک بخرێتە ژێر پرسیارەوە، فێرکردنی خوێندکارانە کە ڕاستییێ ڕەها لە لای هیچ کەسێک نییەو چەندین ڕێگای جیاوازیش بۆ گەیشتن بەهەمان مەبەست هەیە... هتد. ئەڵبەتە هەموو ئەمانە بەو نەسیحەت و ڕێنماییانە نایەنە دی کە بوونەتە بەشێک لەژیانی مامۆستاکانمان. من دەزانم خودی مامۆستاکانیش لەو نەسیحەتانە بێزار بوون، بەڵام سیستمی پەروەردەیی هیچ شێوازێکی تری نەخستووەتە بەردەمیان.

لەدیدێکی ترەوە خوێندکاران ئەو توێژەن کە بۆ فێربوون هاتوونەتە قوتابخانە، بۆیە دەبێ ئەوان ڕێز لەگەورەکان بگرن، بەشێوازێکی هاوچەرخانە گفتوگۆ بکەن، ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن، هاوکاری بنوێن، خۆیان بەبەدیلی مامۆستاکان نەزانن، وا نەزانن هەموو ڕاستییەکان لە لای ئەوانە،... هتد. گرفتێک کە دێتە کایەوە ئەوەیە نەوەی کۆن لەیەکەم ڕۆژی قوتابخانەوە داوای هەموو ئەم شتانە لەخوێندکاران دەکەن، لەکاتێکدا نەوەی نوێ لەسەر ئەوە سوورن کە ئەمە ئەرکی سەرەکیی قوتابخانەیە. بەهەر حاڵ زۆر شتی تریش هەن کە دەکرێ لەکاتێکی تردا باسیان بکەین.

**ئەی مامۆستا دەتوانێ شێوازێک پەیڕەو بکا لە وانەوتنەوە و پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ خوێندکاردا کە وەزارەتی پەروەردە بڕیاری لەسەر نەدابێ؟ مەبەستم لێرە مامۆستا ئەو ئازادییەی هەیە؟**

بەڵێ بۆ ناتوانێ؟ ئەگەر خۆمان تەنیا لەبازنەی وانەوتنەوەدا

بهێڵینەوە کە تۆ مەبەستتە ئەوە هیچ کاتێک وەزارەتی پەروەردە نابێتە ڕێگر لەبەردەم زۆرێک لەو شێوازانەدا. خۆ وەزارەتی پەروەردە هێندە لەوشێوازانەدا شارەزاییی نەنواندووەو هێندەش توندوتیژ نەبووە. من بروا ناکەم ئەگەر مامۆستایەک وانەکەی بەشێوازێکی هاوچەرخانەی وا بڵێتەوە کە ببێتە مایەی تێگەیشتنێکی نوێ، وەزارەت هیچ شتێک بڵێ. من تاوەکو ئێستاش دەقێکی وام نەبینیوە. بەڵام لەتەواوی ئەم ولاتەی ئێمەدا تەنیا شێوازی موحازەراتی وانەوتنەوە هەیە کە لەبەر ئاسانی هەمووی پیادەی دەکا.. ئەگەر باس لەپەیوەندییەکی سنورداریش دەکەی ئەوە بەڵێ مامۆستا ئازادیی ئەوەی هەیە بەجۆرێکی تر هەندێ ڕەفتار بکا، بروا ناکەم وەزارەت ڕێگر بێ بۆ نموونە لەبەرامبەر میهرەبانبوونی مامۆستادا. من لەئەنجامی هەندێ تێکەڵاوی و تاقیکردنەوەی فیعلیەوە ئەوەم بینیوە کە زۆرێک لەمامۆستاکانی ئێمە لەبەرامبەر هەر ڕەفتارو هەوڵدانێکی نوێدا تەنیا بیانوو دەهێننەوەو پێیان وایە وەزارەتی پەروەردە ڕێگرە لەبەردەم کارەکانیاندا. من تەواو لەگەڵ ئەوانەدا هاوڕام کە وەزارەت هەندێ ڕێگری دەکا، بەڵام زۆرێک دنیا بەرەش و سپی دەبینن و تەنیا بیانوو دێننەوەو نایانەوێ بەهیچ شێوەیەک خۆیان ماندوو بکەن و شتە تازەکان بخەنە بواری تاقیکردنەوەوە.

لێرەدا دەشبێ ئەوە بڵێم کە من هەرگیز تاکەکانی ناو قوتابخانە گوناهبار ناکەم، بەڵکوو هەموو گوناهەکان لەئەستۆی ئەو سیستەمە دایە کە بەرپرسە لەتازەنەکردنەوەی سەرجەمی سیستەمەکەو لەدانانی بەڕێوەبەرەکان لەسەر بنەمای حیزبایەتی و... هتد.

بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی پرسیاری ئازادییەکانی مامۆستا





بکەی ئەوە دەڵێم نا، مامۆستا بۆی نییە زۆر شت بکا، چونکە مامۆستا بەشێوەیەکی زۆر بەرفراوان ئازادییەکانی بەربەست کراون و ناتوانێ هەنگاوێکی بەرفراوان بنێ. ئەم ڕێگرتنە لەمامۆستاکان بەشێوەیەکی دۆکیومێنتکراو لە لایەن دەزگا پەروەردەییەکانەوە پلانی بۆ دانراوە. مامۆستا کتێب و پەیوەندییەکان و شێوازی کارو تەنانەت ژمارەی لاپەڕەکانیشی بۆ دیاری کراوە. خوێندکارەکانی زیرەک بن یا نا دەبێ ژمارەیەکیان دەرچن ئەگەر نا بەمامۆستایەکی خراپ دادەنرێ. مامۆستا بۆی نییە بەبێ پرس و ڕای هەندێ لە دەزگاکان، خوێندکارەکانی بەرێتە دەرەوەی قوتابخانە..... هتد. مامۆستایەکی زانکۆی سەلاحەدین لەکافتیریا مامۆستایاندا کۆلایەکی بۆ کریم و پێی ڕاگەیاندم «مامۆستام دەوێ بتوانێ لەکافتیریای خوێندکاراندا دابنیشێت یا خوێندکارم دەوێ بتوانێت لەکافتیریای مامۆستایان دابنیشێ». ئەمانە بەربەستکردنی ئازادییە شەخسیەکان نەبێ چییە؟

من کە تێکەڵی هەندێ مامۆستا بووم باسی شتی زۆر سەیرو سەمەرەیان بۆ دەکردم کە من هیچ حیکمەتێکم تێدا نەدەبینی، تەنیا ئەوە نەبێت نەشارەزایی و ترسی ئەو بەرپرسە بڕیاردەرانەی لەداهاتوو بۆ دەردەخستم. تۆ بڕوانە زۆرینەی ئەوانەی بەرپرس و بەڕێوەبەری پەروەردەییی زۆر گەورەن لەو ڕیفۆرمە گەورەیەی جیهان بێ خەبەرن. باسی هەرشتێکیشیان بۆ دەکەی دەڵێن ئەمە بۆ کوردستان ناشێ؛ چونکە کوردستان تایبەتمەندێتی خۆی هەیە. ئەم دێرە لە لای زۆربەی بێتواناکاندا دووبارە دەبێتەوە. بەربەستکردنی بەشێکی گەورەی ئازادییەکانی مامۆستا تا ساڵانی حەفتاکانیش لەزۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا هەر مابوون، بەڵام دواتر ڕیفۆرمێکی

سەرتاسەری دەستی پێ کرد کە دەرگای بەرووی ئازادیی کارکردنی مامۆستادا کردەوە. من پێم خۆشە لەدوای کۆنگرەی پەروەردەیی بەجیدی بیر لەئازادکردنی پەیوەندییەکانی مامۆستاو بەڕێوەبەرەکان بکرێتەوە. دەبێ واز لەو ڕێنمایی و یاسایانەی عیراق بهێنرێ و لەبری ئەوەی بەدۆکیومێنت ئەرکی هەموو کادیرەکانی ناو قوتابخانە دەسنیشان بکرێن. من لەوە تێ ناگەم بۆ مامۆستا ئازادیی لەوانەکانی خۆی و لە پۆلەکەی خۆیدا نەبێ. کاتێک ئەم پرسەم ئاراستەی بەڕێوەبەرێک کرد پێی وتم« مامۆستا تۆ نازانیت ئەگەر مامۆستاکانی ئێمە هەموو شتێک بدەیتە دەستی خۆیان قوتابخانە دەبێ بەگاڵتە جاڕی». ئەمەش دووبارە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ باسکردنی ئەو پەروەردە کۆکتێلە ڕۆژهەڵاتییەو ئەو پەروەردەیەی کە بەعس بۆی فەراهەم کردین، واتە من خۆم لەهەموو کەس باشتر دەزانم و ئەوانی تر بەئەندازەی من، سەر لەشتەکان دەر ناکەن و بەهیچ شێوەیەکیش ئازادت ناکەم بەئارەزووی خۆت کار بکەی و... هتد.

**بێگومان لەکۆنگرە پەروەردەییەکەی ئەمساڵدا شتی باش و ڕاسپاردەی باش پێشکەش کران، بەڵام وەک دەوتری لەناو کۆنگرەدا کۆمەڵێک لەنەیارەکانی ریفۆرم هەبوون. پێت وانییە دواجار ڕاسپاردەکانی کۆنگرە بچێتەوە لای ئەو نەیارانەو نەکرێنە بڕیار؟**

تەنیا وەزیری پەروەردە دەتوانێ بەدڵنیاییەوە وەڵامی ئەو پرسیارەت بداتەوە. بەڵام ئەگەر پرسیارلەمن دەکەی هەموو ئەو نەیارانەی ڕیفۆرم نەدەبوو بەهیچ شێوەیەک لەکۆنگرە بوونایە، بەڵام لەبەر هاوسەنگیی





حیزبایەتی نەکرا لەکۆنگرە دوور بخرێنەوە. ئەگەر بێ و دانانی بڕیارەکان و داڕشتنی میکانیزمی کارکردن بۆ ئەو ڕاسپاردانە بچێتەوە بۆ لای ئەوان ئەوە بەدڵنیاییەوە هیچ جۆرە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ ڕوو نادا، چونکە لە لایەکەوە ئەوان کۆنخوازن و لە لایەکی تریشەوە شارەزا نین و لەهەمووشی خراپتر لەهەموو شتێکی نوێ دەترسن. بەڵام لەبەر هەندێ هۆکار من پێم وانییە ئەو کارانە بچێتەوە لای ئەوان، ئەگەر بشچێت ئەوە تەنیا بەشێوەیەکی یەکجار کەم دەبێ. لەم حاڵەتەشدا تۆ دەبێ دەست لەو بەشە بچووکە بشۆیت و ئێمە دەبێ لەگۆنگرەیەکی تردا دووبارە کار لەو بابەتانەدا بکەین. چۆن لە بواری تازەکردنەوەی حیزبەکاندا کۆمەڵێک کادیری زۆر بێتوانا هەن کە بوونەتە بارگرانی بەسەر حیزبەکانەوەو ڕێگە لەهەموو تازەکردنەوەیەک دەگرن و کەسیش ناتوانێ دەریان بکا، ئاواش ئەو بەرپرسە پەروەردەییانە ڕێگە لە ریفۆرمەکان دەگرن و کەسیش ناتوانێ دەریان بکا.

**چ ڕێگاچارەییەکە بۆ ئەم گرووپە بەباش دەزانی؟**

من پێم باشە بەشێکیان خانەنشین بکرێن و بەشێکی تریان بگوێزرێنەوە بۆ شوێنی تر کە کاریگەرییان کەمتر بێ لەسەر تازەکردنەوەی سیستمەکە. بۆ نموونە زۆر گرینگە بەڕێوەبەرێکی پەروەردە بکەی بە بەڕێوەبەری بەشێکی تر لەناو وەزارەتدا؛ چونکە بەڕێوەبەری پەروەردە کاریگەری زۆرە. لەبری ئەم دوو گرووپەی سەرەوەش دەکرێ گەنجی خاوەن توانا دابمەزرێن. بەشەکەی تریشییان کە کەمێک زرینگترن، بخرێنە خولی بەردەوامەوە. ئێمە

دەتوانین دەستبەرداری ئەو بەرپرسە باڵایانە بین کە بەهەموو شێوەیەک ڕێگرن بەڵام ناتوانین دەستبەرداری ئەو ٧٣٠٠٠ مامۆستایە بین کە هەمانە. بۆیە من لەگەڵ دەرکردنی ئەوانەدا نیم بەڵکو لەگەڵ پێگەیاندنی ئەوانەدام.

**تۆ گەشبینیت بەگۆنگرە؟**

بەشێوەیەکی لەڕادەبەدەر بەرامبەر بەهەموو ژیان گەشبینم و هەمیشە پێم وایە کارەکانی بەیانیم لەوانەی دوێنێم باشتر دەبن. پێشم وایە کارەکانی کرنگرە بەشێوەیەکی مامناوەندی باش بەڕێوە چوون ڕاسپاردەی باشیش پێشکەش کران. من حەزم لە زۆر شتی تریش دەکرد، بەڵام دەبێ قەناعەت بەوە بکەین ئێمە لە کوردستاندا دەژین نەک لە ڕۆژئاوا. من زۆر گەشبینم و بەشێوەیەکی پۆزەتیڤانەش دەڕوانمە دواڕۆژی کۆنگرە. بەڵام مەرجێکی سەرەکی بۆ سەرکەوتنی گۆنگرە ئەوەیە لیژنەیەکی هاوبەش لە کەسانێکی زۆر شارەزا لە کوردستان و هەندەران پێک بێ بۆ ئەوەی میکانیزمی نوێ بۆ ڕاسپاردەکان دابنرێت. ئەمە ڕای تایبەتی خۆمە، چونکە لە نەشارەزاییی تواناکان زۆر دەترسم.

**ئەو بەرێزانەی نەیان دەویست ریفۆرمی تەواو لە پەروەردەدا بکرێ، چی هۆکارێک پاڵی بەو بیرەیانەوە دەنا؟**

سیستمی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و سیاسیی ڕۆژهەڵات و کوردستان کاریگەرییەکی زۆر نێگەتیڤانەی لەسەر کەسایەتیی





تاکەکان داناوە. بەپێ ئەم سیستمە ڕۆژهەڵاتییە زۆربەی ئەم مرۆڤانە زۆر پێیان عەیبە کە بڵێن من ئەم شتە نازانم، یا تۆ لە من باشتری، یا لەبەرئەوەی تۆ شارەزاتری وەرە با هاوکاری یەکتر بکەین... هتد. تۆ تەماشای ئەم کۆکتێلە پەرەدۆکساڵە بکە. جا من پێم وایە ئەو نەیارانەی کە گۆنگرە جۆرە گرفتێکی لەگەڵیاندا هەبوو ئەو نەیارە بەرپرسانەبوون کە شتیان بەدەست بوو. ئەوانە تەنیا لەشتە کۆنەکاندا شارەزاییان هەیە و بەبێ ئەوەی گوناهی خۆیان بێت، نازانن لە جیهانی پەروەردەدا چی دەگوزەرێ. نەشارەزایی لە قوتابخانە فیکرییەکان و تاقیکردنەوەی وڵاتانی تر دەیانخاتە گۆشەیەکی تەسکەوە کە دەربازبوون لێی تەنیا بەپەیداکردنی زانستی نوێ دەبێ، ئەمانەش ئەو دەرەفەت و تاقەتەیان نییە، بۆیە تەنیا پێ لەسەر ئەو شتە کۆنانە دادەگرن کە خۆیان دەیزانن. لەناو کۆنگرەشدا گوێت لە زۆر بیروبۆچوونی وا دەبوو. بۆ نموونە لە بواری ئەزموونەکان، سەرپەرشتیکاران، پەیوەندییەکانی نێوان ماڵ و قوتابخانەکان... هتد. بەشێکی تر لەمان ڕیفۆرمێکی سنورداریان پێ خۆش بوو، بەڵام بەمەرجێک لە سنووری زانیارییەکانی خۆیان تێپەڕ نەکا یا بەشێوەیەک بێ کە ئەوان دەسەڵاتیان بەسەردا بشکێ. بۆ نموونە پێیان خۆش نەبوو تاقیکردنەوەی وڵاتەکانی ئەوروپا بێتە بەرباس بەبەهانەی ئەوەی لەگەڵ کەلتووری کوردیدا ناگونجێن. لە بەرامبەر ئەمەشدا باسی تاقیکردنەوەی هەندێ وڵاتی دواکەوتوویان دەکرد چونکە خۆیان ئەو وڵاتانە دەناسن و کە دەشچن بۆ ئەو وڵاتانە لە زمانی عەرەبی تێ دەگەن و گرفتیان نییە. من تێ ناگەم هەموو وڵاتەکانی دەوروبەرمان دەچن بۆ ڕۆژئاوا بۆ ئەوەی فێربن بۆ ئێمە

بچین بۆ ئەو وڵاتە دواکەوتووانە؟ من پێم سەیرە کاتێ بەڕێوەبەری پەروەردەی هەولێر دەڵێ تورکیا باشترین سیستمی پەروەردەیی لە جیهاندا هەیە!!!! پێشت سەیر نەبێ بۆ زۆربەی خولەکانی دەرەوەی کوردستان لەوڵاتە عەرەبییەکاندا قەرار دەگرن؟

ئەم نەیارانە لە داهاتوو زۆر دەترسن، چونکە دەزانن داهاتوویەک پاپەند بێ بەتاقیکردنەوەکانی ڕۆژئاواوە پێویستی بەشارەزایی نوێ هەیە، بۆ ئەوەی بتوانن لەو سیستمە تازەیەدا کار بکەن. دواتر ئەوان نایانەوێ لە سیستمێکی نوێدا کار بکەن کە دەسەڵاتیان تیدا باڵا نەبێ. هۆکارێکی تر ئەوەیە کە مرۆڤ شارەزایی لە شتێکدا نەبوو زۆر سەختە پێشنیارێک لەو بوارەدا قبووڵ بکا. دواتر هەندێک کەس ئاسۆی بیرکردنەوەکانیان زۆر تەسکە، بۆیە کە پێشنیارێکی دەدەیتێ یەکسەر دەڵێ ئەمە ناکرێ، کە زۆریشی بۆ دێنی و بۆی ڕوون دەکەیتەوە دەڵێ بۆ کوردستان نابێ.

ئەم بەرپرسە کۆنخوازانە بەهەمان ئەو کۆکتێلە ڕۆژهەڵاتییە پەرەدۆکساڵەوە مەحکومن کە لەسەرەوە باسم کرد، بۆیە هەرگیز ئەوەیان لەدەست نایەت بڵێن من واز دێنم و جێگەکەم بۆ یەکێکی دی چۆڵ دەکەم. نەک ئەمان هەموو بەرپرسەکانی ئەم وڵاتانە تا دەرنەکرێن واز نایەنن. قبووڵکردنی ڕیفۆرم بەبۆچوونی ئەم نەیارانە مانای لەدەستدانی کورسییەکانیان دەگەیەنێ. لە لایەکی ترەوە ئەوانە هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدەن، بەرەکەی خۆیان بەهێز بکەن و تاوەکو ئێستاش سەرکەوتوو بوون، بۆیە بڕوایان وایە تا ماوەیەکی تریش دەتوانن بەردەوام بن.





**بیانوویەک هەبوو بۆ ئەوەی سەرجەمی پێشنیاری پسپۆڕەکانی دەرەوەی کوردستان جێبەجێ نەکرێن، ئەویش ئەوە بووە کە لە کوردستاندا ژینگەکە ڕەخساو نییە بۆ ئەو گۆڕانکارییانە، چۆن سەیری ئەم خاڵە دەکەین؟**

بڕوانە، من خۆم گوێم لە شتێکی لەم بابەتە نەبووە و بەپێچەوانەی ئەوەی تۆش گوێت لێ بووە، بەشێک لەوانەی دەرەوەش ڕۆڵیان لە ڕاسپاردە و بڕیارە باشەکاندا هەبوو. لەناو کۆنگرەشدا گفتوگۆیەکی زۆر بەپێز و خۆش لەگەڵ ئەوانی تردا ئەنجامدراو من لە هیچ شوێنێکدا هەستم بەوە نەکرد. بەڵام دەبێ بەڕاشکاوی بڵێم کە هەمیشە و لە هەموو شوێنێکدا جۆرە حەساسیەتێک لە بەرامبەر ئەو کەسانەدا یا وتاری ئەو کەسانەدا هەیە کە لە دەرەوە بانگهێشت دەکرێن. کۆنگرەی پەروەردەییش لەم حاڵەتە بەدەر نەبوو، بەڵام سەرجەم ئەم دیاردەیە شتێکی زۆر لاوەکیی ناو کۆنگرە بوو. من پێم باشە لێرەدا واز لە حەساسییەتی کەسەکان بێنین و قورسایی خۆمان بخەینە سەر بابەتەکان.

لەم ڕوانگەیەوە دەبێ ئەوە بڵێم کە بەشێک لەو حەساسییەتە پەیوەندیی بەو زمانەوە هەیە کە قسەی پێ دەکرێت. لێرەدا من لە زمانی قسەکردنی هەندێک کەس ناڕازیم. بەشێکی تر پەیوەندیی بەشێوەی خستنەڕووی بابەتەکانەوە هەیە و بەشێکی تریشی پەیوەندیی بەناوەڕۆکی باسەکانەوە هەیە. من خۆشم بەر لەوەی هەر بابەتێک لە کوردستاندا بخەمەڕوو، زۆر بیر لە زمانی گفتوگۆ و لە شێوازی خستنەڕووی بابەتەکە دەکەمەوە، بەڵام کاتێ بابەتێک لە

وڵاتێکی تردا دەخەمەڕوو، هەرگیز بیر لەوە ناکەمەوە. بەشێوەیەکی گشتی من خۆم تا ئێستا تووشی هیچ گرفتێکی لەم بابەتە نەبووم. دواتر بمانەوێ یا نا، هەندێ کەس هەن کۆنخوازن و دژ بەهەموو شتێکی تازەن، ئیدی لە هەر کەسێکەوە بێت ئەوە گرینگ نییە. باشترین بەڵگەش ئەوەیە شتی وڵاتە دواکەوتووەکانیان قبووڵە، بەڵام وڵاتە پێشکەوتووەکانیان قبووڵ نییە. لە زانکۆکانیشدا بەهەمان شێوە، نەوەیەکی کۆنخواز هەیە بەهەموو شێوەیەک دژی بڕوانامەکانی ڕۆژئاوایە، بەڵام یەک نیشانەی پرسیار ناخاتە سەر بڕوانامەی وڵاتە کۆمونیستەکانی جاران بەمەرجێک جیاوازییەکی یەکجار گەورە لە نێوان ئەو دوو بڕوانامەیەدا هەیە. دوا شت بیرت نەچێت، ئێمە باس لە گرووپێکی زۆر بچکۆلە دەکەین.

---

سەرچاوە: ئەم دیدارە لە لایەن سامان کە ڕیمەوە سازکراوەو لەژمارە ٥٩، ٦٠، ٦١ ی هەفتەنامەی زەنگی ساڵی ٢٠٠٧ دا بڵاوکراوەتەوە



## ٥

**پێش ئەوەی بچینە سەر باسی کۆنگرەی پەروەردەیی، پێمان خۆش بوو، هەندێک لە گرفتە سەرەکییەکانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە کوردستاندا دەستنیشان بکەین کە بەهۆیانەوە بیر لە گرتنی کۆنگرەی پەروەردەیی کرایەوە. بەبڕوای بەڕێزتان کێشە و گرفتەکانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە مڕۆدا کامانەن؟ دەکرێ لە چەندین بارەوە باسی کێشەکان بکەیت وەک باری مێژووی، پەروەردەیی، سایکۆلۆژی، زانستی، کاریگەریی میللی و نەتەوایەتی، جیاوازی نەژادی، کاریگەریی ئاین لەسەر پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن و.... هتد.**

خودی ئەم پرسیارە زۆر بەربڵاوە و پێویستی بەیەک کتێب هەیە. من لە چەندین شوێنی تردا ئاماژەم بەو گرفتانە کردووە و چەند ئەلتەرناتیڤێکی کارکردنی نوێشم خستووەتەڕوو. هەوڵ دەدەم لێرەشدا باس لە هەندێکیان بکەم.

گرفتی هەراسانکردنی منداڵان کە بەشێوەیەکی زۆر بێ ڕەحمانە لە شێوەی توندوتیژی، شکانەوە، تەریقکردنەوە، دەستدرێژی سێکسی... هتد لەئارادایە، بەیەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی سیستمی پەروەردەیی دەژمێردرێ. ئەو ئامارانەی لە لای من هەن نیشانەیەکی ترسناکە بۆ تێکشکانی کەسایەتیی خوێندکار. ئەم تێکشکانە

بەبەردەوامی و بەشێوەیەکی نیوە سیستماتیک لە لایەن قوتابخانەکانەوە دژ بەخوێندکاران پیادە دەکرێن. ئەم هەراسانکردنە بەشێوەی جیاواز و ئامرازی هەمەجۆر پیادە دەکرێن، بەبێ ئەوەی تاوەکو ئێستا لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە بەرنامەیەکی کۆنکرێت بۆ ئەم مەسەلەیە لە ئارادا هەبێ. ئەوەی تاوەکو ئێستا هەیە نابێ لە خوێندکار بدرێ، بەڵام چۆن، کەی، چەند جار، ئەلتەرناتیڤ چییە، میکانیزمی کار چییە.... هتد ئەمانە هیچی ڕوون نین. جگە لەمەش لە مەسەلەی خۆکوژیی منداڵان کە مرۆڤ لە ناخەوە دەهەژێنێ تا دێ گەورەتر دەبێتەوە، بەڵام لایەنە پەیوەستدارەکان نەکارێکی بۆ دەکەن نەدانیشی پێدادەنێن. لە لایەکی دیکەشەوە لایەنە پەیوەستدارەکان نە خۆیان هیچ لێکۆڵینەوەیەکیان ساز کردووە و نەهیچ جۆرە لێکۆڵینەوەیەکیشیان لەو بارەیەوە پێ خۆشە نەبادا خۆیانی تێدا خەتابار بن.

لە لایەکی ترەوە تازەترین شێوازەکانی وانەوتنەوە لە لای ئێمە بۆ حەفتاکان دەگەڕێنەوە. گۆڕینی ئەم شێوازانە زۆر لە گۆڕینی مەنهەجەکان گرینگترن. من پێم وایە گۆڕینی مەنهەجەکان شتێکی پێویستە، بەڵام گۆڕینی شێوازەکانی وانەوتنەوە زۆر لە گۆڕینی ئەو مەنهەجانە گرینگترە. چونکە شێوازەکانی وانەوتنەوە مروڤی نوێت بۆ دروست دەکا، بەڵام مەرج نییە پرۆگرامەکان ئەو کارەت بۆ بکەن. پرۆگرامەکان گرینگن، بەڵام ئەگەر ئەو پرۆگرامە تازانە بەدەست مامۆستایەکەوە بێ کە زانستێکی دیداکتیکی تازەیەی پێ نەبێت ئەوە سوودێکی کەمیان دەبێ.

لایەنێکی تر گرفتی گەورەیی پۆلەکانە کە بەهۆی کەمیی بینای





قوتابخانەکانەوە کار گەشتووەتە ئەوەی هەندێجار ٥٠ خوێندکار لە پۆلێکدا کۆبێتەوە. ئەم فاکتەر بەر لە هەموو کەسێک مامۆستاکانی بێزار کردووە و بووەتە هۆی دابەزینی ئاستی زانستی و بەرزبوونەوەی ئاستی هەراسانکردن. لە لایەکی ترەوە ئەم گرفتە بووەتە هۆی ئەوەی خوێندکار بەهیچ شێوەیەک ئەو بڕە زانستە وەرنەگرێ کە پێویستە وەریبگریت. ئەم گرفتە وای کردووە خوێندکار تەنیا سێ کاتژمێر لە قوتابخانە بێ، ئاخر سێ کاتژمێر چۆن بەشی ئەو هەموو زانستە دەکا کە دەبێ خوێندکار وەریبگرێت. ئەمە جگە لەوەی چەندین گرفتی تر هەن کە هۆکاری ڕاستەقینەیان بۆ ئەم گرفتە دەگەڕێتەوە. ئەم گرفتە مامۆستاکانی بەشێوەیەکی زۆر بێزار کردووە؛ چونکە بەهۆی شەڕی ناو خوێندکاران و ناڕەحەتییانەوە مامۆستاکان بێزار بوونە و بووەتە هۆی ئەوەی هەراسانکردن بەرامبەر خوێندکاران پیادە بکەن. ئەم کارەش بووەتە هۆی ناڕەحەتی و ناڕەزایی دایبابەکان لە لایەک و دەزگا پەروەردەییەکانیش لە لایەکی ترەوە.

من کەمبوونی بینای قوتابخانەکان بەگرفتی گرفتەکانی دەزانم و کاریگەرییەکانیشی بەسەر مامۆستا و خوێندکارەکانەوە زۆر بەڕوونی دیارن. ساڵانێکی زۆرە ئێمە دەزانین ئەو گرفتە گەورەیەمان هەیە و تا ئەو ڕادەیەی من ئاگادار بم، لێکۆڵینەوەی جیدیمان لەسەر کاریگەریی ئەم دیاردەیە نەکردووە. ڕۆژانە چەندین بینای گەورە بەئاسماندا دەچن بەبێ ئەوەی بەشێکی بەرچاویان قوتابخانە بن.

خاڵێکی تر بریتییە لە کۆنیی پرۆگرامەکانی خوێندن. ئەم کارە گەشتووەتە ئاستێکی زۆر ترسناک و هەموو کەسێک هەستی پێ دەکا. من خوێندکاری هەمەجۆرم بینیوە کە بێزاریی خۆیان لەو پرۆگرامانە

دەربڕیوە. مانای نییە تاوەکو ئەم ساتەش کە ئێمە بەیەکەوە قسە دەکەین تێکستی وا لە قوتابخانەکانی کوردستاندا بخوێندرێ کەستایشی عەرەبە شۆڤینیەکان و بەعس و ئاڵاو سیماکانی بەعس بکا. لە لایەکی ترەوە بابەتە زانستییەکان بەرکۆنییان خوێندکارەکان ئارەزووی. تەماشاکردنیان نییە. لایەنە بەرپرسەکان تا گرتنی کۆنگرەش بانگەشەی گۆڕایان گەورەیان دەکرد، بەڵام تاوەکو ئێستاش میکانیزمێکی مۆدێرنیان بۆ گۆڕینی ئەو پرۆگرامانە بەدەستەوە نییە. ئێستا هەندێکە لەو پرۆگرامانەیان هەندێک بەچەند کۆمپانیایەکی بیانی سپاردووە، چونکە تواناکانی ناوخۆ توانای ئەو کارەیان نییە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا کارێکی باشە، بەڵام دەبێ ستروکتورێکی هەمیشەیی بۆ ئەو کارە پەیدا بکەین.

خاڵێکی تر ئەو ئاستە نزمە بوو کە مامۆستا و بەڕێوەبەر و کادیرە ئیدارییەکان هەیانبوو. ئەوەی هەیە بەڕێوەبەرەکان تاوەکو ئێستاش لەسەر بنەمای حیزبی بوون دادەمەزرێن نەک لەسەر بنەمای توانا و لیاقەتی خۆیان. پۆستی بەڕێوەبەر پۆستێکی یەکجار گرینگە و بەهۆی حیزبی بوونی بەڕێوەبەرەکان پرۆسەی پەروەردەیی لە قوتابخانەکاندا بەزۆری پەکی کەوتووە. مامۆستاکانیش لە ئاستێکی پەروەردەیی و زانستی و دیداکتیکی زۆر نزمدان. وەزارەتی پەروەردە لە هەموو لایەکەوە فرمانیان بۆ دەردەکا بەبێ ئەوەی بەو زانستانە پێیان بگەیەنێ کە پێویستیان پێی هەیە. من دیدارم لەگەڵ زۆر مامۆستادا کردووە کە پوختەی پەیام و گلەییەکانیان لەوەدا خۆی دەبینیتەوە کە وەزارەتی پەروەردە هیچ جۆرە ئەلتەرناتیڤێکیان ناداتێ، تەنیا ئەوە نەبێ، دەیەوێ ئەم یا ئەو کارە بکەن و کاتێکیکش دەیکەن دەڵێن ئەمە







هەڵەیە. بۆیە پێگەیاندنی مامۆستا و بەڕێوبەرەکان سەنگی مەحەکە لەهەر گۆڕانکارییەکدا.

خاڵێکی تریش پیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەبەبژێوی مامۆستا و بەڕێوەبەرەکانەوە هەیە. هیچ مانایەکی تێدا نییە ئەو کادیرانە دوای قوتابخانە تاکسی لێ بخورن یا هەر کارێکی دەکە بکەن. ئەم کادیرانە بەبەردەوامی گلەیی لە بژێوی خۆیان دەکەن و داوای بەرزکردنەوەی مووچەکانیان دەکەن. ڕاستە ئەوان قسە زۆر دەکەن بەڵام زۆر بوون لەدەرخستنی کێشەکانی خۆشیاندا خەمساردن. مامۆستاکان بەناچاری لەدوو ڕێکخراوی حیزبیدا ڕێک خراوون کە هەردووکیان زۆر بەسستی داکۆکی لە بژێوی مامۆستاکان دەکەن. ئەم دوو ڕێکخراوە هەنگاوێک نانێن کە دڵی حیزبەکانی خۆیان بتۆرێنێ. تاوەکو ئێستاش مامۆستاکان لەوەدا سەرکەوتوو نەبوون، خۆیان لە ڕێکخراوێکی بێلایەندا ڕێک بخەن.

ئەزموومەنەکان گرفتێکی تر بوو کە پێم وایە تاوەکو ئێستاش ئێمە تێگەیشتنێکی زۆر هەڵەمان لەبارەیانەوە هەیە. بەشێوەیەکی دی ئێمە تەنیا لەیەک لە لایەنی ئەزموونەکان تێ دەگەین. سیستمی پەروەردەیی ئێمە زۆر لەوەدا کۆڵەوارە کە چۆن ئەوە بزانێ خوێندکارێکی دیاریکراو لەبابەتێکی دیاریکراو تێگەیشتووە یا نا. چارەسەری ئێمە بۆ ئەم حاڵەتە تەنیا ئەوەیە لەڕێگەی ئەزموون و تاقیکردنەوەوەکانەوە دەکرێ دەرک بەو تێگەیشتنە بکەین. سیستمی پەروەردەیی ئێمە تا ئێستا دەستی نەگەشتووەتە ئەو ئامرازنەی تر و بەرچاوی ڕۆشن نییە کە جگە لە تاقیکردنەوە چەندین شێوازی تریش بۆ دەرککردن بەئاستی خوێندکاران لەئارادا هەن. لە لایەکی ترەوە بەشی هەرە زۆری

مامۆستاکان لە هێنانەوەی پرسیاری قورسدا داهێنانی گەورە دەکەن. بۆ نموونە بەشێک لە پرسیارەکان هێندە گشتگیرن پەیوەندییان بەناوەڕۆکی تەواوی کتێبەکەوە هەیە. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە دەیانەوێ لە ڕێگەی پرسیارەکانەوە بگەنە ئەوەی خوێندکار تەواوی کتێبەکەی خوێندووە یا نا. ئەم گرفتە ئاڵۆزییەکی گەورەی بۆ ناوەندی خوێندکاری دروست کردووە. مامۆستاکان پێویستیان بەوە هەیە کە شارەزای شێوازەکانی دیکەی هەڵسەنگاندنی خوێندکاران بن بۆ ئەوەی قورساییی خۆیان تەنیا نەخەنە سەر ئەزموونەکان.

بەشێوەیەکی گشتی زۆر گرفتی پەروەردەییمان هەیە کە پێویستیان بەگۆڕانکاری هەیە، چونکە ئەم سیستەمەی ئەمڕۆ کاری پێ دەکەین وەکو تەلەفزیۆنی ڕەش و سپی وایە. ئایا ئێمە دەتوانین منداڵەکانمان ناچار بکەین تەماشای تەلەفزیۆنی ڕەش و سپی بکەن لەکاتێکدا تەلەفزیۆنی ڕەنگاورەنگ هەیە؟

لە لایەکی ترەوە ماوەیەکی یەکجار زۆرە، هەموو کەسێک ڕەخنەی توند لە سیستەمی پەروەردەیی دەگرێ بەبێ ئەوەی لایەنی پەیوەست ئاوڕێک لەو ڕەخنانە بداتەوە یا توانای چاکسازیی هەبێ. بەشێک لەوانە پەیوەندییان بەدابەزینی ئاستی زانستی خوێندکارانەوە هەیە. لەم بوارەدا هەرچی بەڕێوەبەرە گشتییەکانن ویستوویانە خەڵک گومڕا بکەن بەوەی کاتێک مرۆڤ بەراوردی ڕێژەی دەرچوونی ئەم چەند ساڵەی دواییە لەگەڵ ڕابردودا دەکا، ئەوە جیاوازییەکی گەورە نابینێ. ئەم جۆرە تێڕوانینە ئەوروپییەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا وەکو پێوەرێک بۆ ئاستی قوتابخانەکان بەکاریان دەهێنا. ئەم ڕەخنانە باسیان لەزۆر لایەنی پرۆسەی پەروەردە دەکرد، چونکە ئەمڕۆ نەک





هەر پسپۆڕەکان بەڵکو هەموو کەسێک و تانەت خودی خوێندکارانیش هەست بەوە دەکەن سەرجەم بوارەکانی پەروەردە، پێویستیان بەگۆڕان هەیە.

لە بواری ڕەخنەگرتندا ڕێکخراوە خوێندکارییەکان، هێرشێکی بەردەوام دەکەنە سەر سیستەمی پەروەردەیی، بەتایبەت لە بواری هەراسانکردن و پێشێلکردنی مافی خوێندکاراندا. لەم بوارەشدا ناکرێ ئاماژە بەهەوڵی ئەو ڕێکخراوانە نەدرێ بەتایبەت ئێستا هەندێکیان میدیای خۆیان هەیە. هەر لەم بوارەدا دەکرێ ئاماژە بەدوو ڕێکخراوی سەرەکی بکەین (یەکێتیی قوتابییانی کوردستان و کۆمەڵەی خوێندکاران) کە دەستیان بەسەر ئەو بوارەدا گرتووە و خوێندکارانیش هەردووکیان بەپاشکۆی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانی دەزانن. لە ڕاپۆرتی لیژنەکانی کۆنگرە، ئەوە ڕوون کراوەتەوە تەنیا ٢٨٪ ی خوێندکاران بەشێوەیەکی زۆر پۆزەتیڤ دەڕواننە ئەو دوو ڕێکخراوە حیزبییە.

گرفتێکی تر بریتی بوو لەو دەنگانەی تەنگیان بەوەزارەتی پەروەردە هەڵچنیبوو لەپێناوی گۆڕینی ئەم سیستەمەدا. ئەم گرووپە لە هەموو شوێنێکدا هێرشیان دەکردە سەر کارەکانی وەزارەتی پەروەردە. ئەم ڕەخنانە زۆر جار جەرگبڕ بوون. ئەم هێرشە حکوومەتی بێزار کردبوو تا کار گەیشتە ئەوەی نۆرەی بواری پەروەردە هات بۆ ئەوەی دەستێکی پێدا بهێنرێ. چونکە لە وڵاتی ئێمەدا حکوومەت پێش ڕووداوەکان ناکەوێ و دەست بەگۆڕانکارییەکان بکا، بەڵکو چاوەڕێ دەکا تا گرفتەکان زۆر زەق ببنەوە و هاووڵاتییان کاری بەجێ و نابەجێ بکەن ئەوجا حکوومەت ئاوڕیان لێ دەداتەوە.

**ئەوەندەی ئێمە ئاگادار بین بەڕێزتان سەبارەت بەکێشە پەروەردەیییەکان چەندین باس و لێکۆڵینەوەتان پێشنیار کردووە. پرسیاری ئێمە ئەوەیە بەڕێزتان چ وەک مامۆستایەک و چ وەک نووسەرێک پێشنیار و ئەلتەرناتیڤتان بۆ چارەسەری ئەو کێشانەی لای سەرەوە چییە؟**

وەک دەسپێک مەرج نییە من چارەسەر و ئەلتەرناتیڤم بۆ هەموو گرفتەکان هەبێ. بەڵام ئەوەی سەرنجی بابەتەکانی منی دابێ زۆربەی چارەکان هەوڵی ئەوەم داوە چەند ئەلتەرناتیڤێکی کارکردن بخەمە ڕوو، ئەمە جگە لەوەی هەندێ جار بەنووسین لایەنە بەرپرسەکانم لەو گرفتانە ئاگادار کردووەتەوە و ئەلتەرناتیڤەکانی خۆم بۆیان خستووەتەڕوو. لێرەدا بەکورتی ئاماژە بەچەند چارەسەرێک دەکەم.

بەنیسبەت هەراسانکردنی منداڵانەوە کە یەکێکە لەبابەتە هەرە گرینگەکانی ڕۆژ من دواتر بەدوورودرێژی لەسەری ڕادەوەستم.

لایەنی دیداکتیکیی قوتابخانەکانی کوردستان زۆر کارەسات ئامێزە. سەرجەمی شێوازەکانی وانەوتنەوە لە باشترین حاڵەتدا پێ نانێنە ناو سەرەتای هەشتاکانەوە. من پێم وایە ئەمە پێویستی بەدەزگایەکی تایبەت هەیە کە لە ڕێگەیەوە خولی بەردەوام بۆ مامۆستاکان بکرێتەوە بۆ فێربوونی ئەو شێوازە تازانەی ئەمڕۆ بەکار دێن. گرفتی سەرجەم خولەکانی کوردستان ئەوەیە ئەو کادیرە ناوخۆیانە وانەی تێدا دەڵێنەوە کە بەهیچ شێوەیەک ئاگاداری شتە نوێیەکانی جیهان نین. پێویستە کەسانێکی شارەزا بۆ ئەو خولانە پەیدا بکرێ و لە شێوەی وۆرکشۆپی بەردەوامدا کار لەگەڵ





مامۆستاکاندا بکرێ. لە لایەکی ترەوە کاتێک مەنهەجەکان دەنووسرێنەوە، بەهیچ شێوەیەک ڕەچاوی زانستی دیداکتیک ناکرێ و بیر لەوەش ناکرێتەوە چۆن مامۆستاکان ئەو مادەیە بڵێنەوە. من بەپێویستی دەزانم لە کاتی داڕشتنی بابەتی کتێبەکاندا پەروەردەناسێکی شارەزا لە زانستی وانەوتنەوەدا هاوبەشی ئەو کارە بکات بۆ ئەوەی ئەو کتێبە پوخت بێت. بەتەماشاکردنێکی کتێبە مەنهەجیەکانی ئەمڕۆ زۆر بەئاسانی دەتوانی پەنجە لەسەر ئەوە دابنێی کە بەهیچ شێوەیەک لە نووسینەوەیاندا ڕەچاوی مەرجە دیداکتیکییەکان نەکراوە.

هەموومان دەزانین نەبوونی بینای تەواو بۆ قوتابخانەکان گرفتی زۆری بۆ دروست کردووین. بەڵام ئەم گرفتە لە بنەڕەتدا گرفتی وەزارەتی پلاندانانە نەک وەزارەتی پەروەردە. بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی واقیعیانە تەماشای ئەم گرفتە بکەین، دەگەینە ئەو سەرئەنجامەی کە لە توانای حکوومەتدا نییە، هەموو ئەو بینایانە بەیەکجار دروست بکا، بەڵام دەبێ حکوومەت لە ڕێگەی وەزارەتی پلاندانانەوە پلانێکیمان بخاتە بەردەست بۆ ئەوەی بزانین ساڵانە چەند بینا دروست دەکا و کەی ئەم گرفتە کۆتایی پێ دێ.

یەکێک لەو پێشنیارانەی من ئەوەیە کە سەرۆکی حکوومەت خۆی بانگی دەوڵەمەندەکانی کوردستان بکا و داوای ئەوەیان لێ بکا هەر دەوڵەمەندێک قوتابخانەیەک دروست بکا و ناوی قوتابخانەکانیش بەناوی ئەوانەوە بێ. دیداری سەرۆکی حکوومەت لەگەڵ ئەو دەوڵەمەندانەدا جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ ئەوەی سەرۆکی حکوومەت تەنیا لە تەلەفیزیۆنەوە پێیان بڵێ فەرموون قوتابخانەمان بۆ

دروست بکەن. من سازدانی ئەو دیدارە بەگرینگ دەزانم؛ چونکە لەوانەیە لەو دیدارەدا ئەوان داوای ئەوە لە سەرۆکی حکوومەت بکەن کە هەندێ بەڵێنیان پێ بدا و لە هەندێ بواردا یارمەتییان بدا، بۆ نموونە لە وەرگرتنی باج، پێدانی مقاوەلات، ڕەخساندنی کەرەسەکانی کار بەنرخێکی هەرزانتر، هێنان و بردنی هەندێ کەرەسە لە دەرەوەی کوردستان... هتد. من پێم وایە حکوومەت لەم بوارەدا دەتوانێ بەچەندین شێوازی جۆراوجۆر دەوڵەمەندەکان ڕابکێشێتە ناو ئەم پڕۆژەیەوە. ئەگەر ئەمەش ناکرێ هەر چوار دەوڵەمەندێک بەیەکەوە با قوتابخانەیەک دروست بکەن. ئەگەر نا حکوومەت دەتوانێت بەهاوبەشی لەگەڵ ئەواندا قوتابخانە دروست بکا، بەم شێوەیە حکوومەت لەبری ئەوەی بەتەنیا خۆی سەد قوتابخانە دروست بکا ئەو کاتە دەتوانێ دووسەد دروست بکات. ماوەیەک لە هەولێر ئەوە هەبوو هەر کەسێک مزگەوتێک دروست بکا حکوومەت لە باجەکانی خۆش دەبێ. حکوومەت ئێستا دەتوانێ ئەو مزگەوتە بگۆڕێ بۆ قوتابخانە. بڕگەیەکی یاسای وەبەرهێنانی کوردستان باس لە وەبەرهێنان دەکا لە بواری پەروەردەدا. ئەم بڕگەیە دەتوانێت بەشێک لە گرفتەکانمان کەمبکاتەوە. من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە حکوومەت بەشێوەیەکی جیدوی داوا لە کەرتی تایبەت بکا کە بینای قوتابخانە دروست بکەن و دواتر وەزارەتی پەروەردە بەکرێیان بگرێ.

پێشنیارێکی ترم بۆ حکوومەت ئەوەیە کە هەوڵی دروستکردنی قوتابخانەی دار بدەن (کەرەڤان). قوتابخانەی دار بەبەراورد لەگەڵ ئەو قوتابخانانەدا کە بەبەرد و چیمەنتۆ دروست دەکرێن دوو خاڵی پۆزەتیڤی تێدایە، یەکەمیان ئەوەیە پارەیەکی زۆر کەمی تێ دەچێ.





بەشێوەیەکی دی بەپارەی یەک قوتابخانەی ئاسایی دەتوانین بیست قوتابخانەی دار دروست بکەین. دووەمیان ئەوەیە کەرەڤان بەماوەیەکی یەکجار کورت تەواو دەبێ. پێشنیارێکی تر ئەوەیە لەناو هەر قوتابخانەیەکی ئێستادا دەتوانین چەن پۆلێکی نوێ لەدار دروست بکەین، بەمەش دەتوانین ژمارەی خوێندکارەکانی ناو پۆلەکانی ئێستامان کەم بکەینەوە. لە لایەکی ترەوە حکوومەت دەبێ لەگەڵ ئەو وڵات و ڕێکخراوە بیانیانەدا (بۆ نموونە یۆنسکۆ، یۆنسێف، یەکێتیی ئەوروپا و وڵاتانی هێزە فرە ڕەگەزەکان) کە بڕیاریان داوە یارمەتیی کوردستان بدەن هەوڵی ئەوە بدا کە دروستکردنی قوتابخانە بەشێک بێ لە یارمەتیی ئەو وڵات و ڕێکخراوانە. دەشکرێ سەرجەمی ئەم پێشنیارانە لەیەک کاتدا کاریان پێ بکرێت.

من ئەو کارە بەشێوەیەکی ڕێژەیی باس دەکەم بەڵام لەوەش بەئاگام کە چەند ژمارەی قوتابخانەکان زیادی کردووە، چەندین بەرابەریش ژمارەی خوێندکاران زیادیان کردوون. بۆ ئەوەی مرۆڤ واقیعبینانە قسە بکا دەبێ چاوێکیش بەو ئامارانەدا بگێڕین کە وەزارەتی پەروەردە ئامادەی کردووە. لە نێوان ١٩٩٥– ٢٠٠٧ دا ژمارەی قوتابخانەکان لە سەرجەمی قۆناغەکاندا لە ٢٠٩٣ بەرزبووەتەوە بۆ ٥٠٦٩ قوتابخانە. بەڵام لە هەمان ماوەدا ژمارەی خوێندکاران لە ٥٠٩٨٨٤ وە بەرزبووەتەوە بۆ ١١٩٣٩٦٨ واتە لەو ماوەیەدا نزیکەی ٣٠٠٠ قوتابخانە زیادیکردووە بەرامبەر بەزیادبوونی نزیکەی نیو ملیۆن خوێندکار. هەر لەم بوارەدا دەکرێ بڵێین بەشی هەر مامۆستایەک لە خوێندکاران بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ لە ١٨ خوێندکارەوە دابەزیوە بۆ ١٦ خوێندکار. لەهەمان ماوەشدا تێکڕای

ژمارەی خوێندکاران بۆ هەر قوتابخانەیەک لە ٢٤٣ وە دابەزیوە بۆ ٢٣٥ خوێندکار.

ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێ کە ئێمە زیاتر قوتابخانەی بچووک و مامناوەندیمان دروست کردووە. بەڵام ئێمە دەتوانین هەندێ قوتابخانەی گەورەش دروست بکەین بۆ ئەوەی یەک دەوامی بێ. باشیی ئەمە لەوەدایە ئێمە دەتوانین سەعاتەکانی کار درێژ بکەینەوە بۆ ئەوەی خوێندکاران فریای ئەوە بکەون کە زانستی پێویست وەربگرن. یەکێک لەو بەهانانەی بۆ درێژ نەکردنەوەی دەوامی قوتابخانەکان دەهێنرێتەوە ئەوەیە کە قوتابخانەکان دوو یا سێ دەوامی تێدا دەکرێ. بەڵام کە من تەماشای ئامارەکانی وەزارەتی پەروەردە دەکەم دەبینم ٪٧٠ ی قوتابخانەکان خاوەنی بینای خۆیانن، بەڵام ئەوەم لە لا ڕوون نییە ئایا ئەو لەو قوتابخانانەدا یەک دەوام دەکرێ یا زیاتر.

لە لایەنی ئامادەکردنی مامۆستا و بەڕێوەبەرەکانەوە، من پێم باشە دەزگایەک دابمەزرێت کاری پێگەیاندنی ئەو کادیرانە بێ؛ چونکە من پێم وایە تەواوی ئەو کادیرانە کە بڕبڕەی پشتی پەروەردەییە لە زانستی نوێ بێ بەشن. دووبارەی دەکەمەوە دەبێ ئەو کەسانەی سەرپەرشتیی ئەم دەزگایە دەکەن، بەشێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندییەکی باشیان بەدەرەوەی کوردستانەوە هەبێ ئەگەر نا لە نێو بازنەی شتە کۆنەکاندا دەخولێنەوە. لە لایەکی ترەوە ئەرکیی سەرەکی سەرشانی پەیمانگا و خانەکانی پێگەیاندنی مامۆستایان ئەوەیە کە زۆر بەجیدوی دەستێک بەشێوازی کارکردن و پرۆگرامەکانی خۆیاندا بهێننەوە. دەبێ پرۆگرامەکان لەسەر بنەمای شارەزابوون لە فیکری





پەروەردەیی دابنرێت چونکە بەبێ ئەو شارەزابوونە مەحاڵە هەنگاوی تۆکمە بێتە ئاراوە. بەشێوەیەکی دی، ئەگەر بەم شێوەیەی ئێستا و بەهەمان کادیر و بەهەمان زانستی ئێستاوە کارەکانمان بەڕێوە بەرین ئەوە نابێ چاوەڕێی گۆڕینی ئاستی مامۆستاکان بین. ئەگەر لەمەشدا سەرکەوتوو نەبین ئەوە کەسمان نییە ئاستی خوێندکارەکانمان بەرز بکاتەوە.

بەنیسبەتیی ئەزموونەکانەوە، ئێمە پێویستمان بەگۆڕینیان هەیە، بەڵام لەهەمان کاتدا پێویستمان بەگۆڕینی شێوازەکانی کارکردنی خۆمان هەیە. چونکە شارەزابوون لە شێوازە نوێیەکانی هەڵسەنگاندنی خوێندکاران پێویستیان بەگۆڕینی شێوازەکانی وانەوتنەوەی مامۆستاکانەوە هەیە. بۆ نموونە هەرکات هەندێک لەو شێوازانەمان پیادە کرد کە لە خوارەوە باسی دەکەم، ئەو کات مامۆستا بەبێ ئەوەی تاقیکردنەوەیەکی کلاسیکی خوێندکارەکانی بکات بەئاسانی دەتوانێت ئاستیان هەڵبسەنگێنێ. تەماشاکردنێکیی ئەو کارانەی خوێندکاران دەیکەن، چ لەشێوەی گرووپدا و چ لە شێوەی ڕاپۆرت نووسیندا نیشانەیەکی باشە بۆ دەرخستنی ئاستی ئەو خوێندکارانە. ڕەنگە هەندێک جار لەناو پۆلەکاندا گفتوگۆ لەسەر بابەتێک بکرێت. لەو گفتوگۆیانەدا مامۆستا بەئاسانی دەتوانێ ئاستی خوێندکارەکانی خۆی بۆ دەردەکەوێت ئیدی پێویستی بەوە نییە تاقیکردنەوەیەکی کلاسیکی بکات.

لە لایەکی ترەوە شێوازی ئەزموونە گەورەکانی سەری ساڵ و نیو ساڵ و ئەزموونە سەرتاسەرییەکان تا ئەو ڕادەیە خۆمان پێیانەوە خەریک کردووە و کە بوونەتە مایەی ترسێکی گەورە بۆ

خوێندکارەکانمان. بەڕاستی ئێمە عاشقی تاقیکردنەوەین. من تاقیکردنەوەکانی نیو ساڵ بەهیچ شێوەیەک بە پێویست نازانم، یا ئەگەر بشکرێت ئەوە پێویستی ئەوە نییە ئێمە تەواوی قوتابخانەیەک لەیەک کاتدا کۆبکەینەوە بۆ ئەوەی ئەو تاقیکردنەوەیە ئەنجام بدەن. لەبری ئەم کارە هەموو مامۆستایەک دەتوانێ ئەم تاقیکردنەوەیەش لەناو پۆلەکەی خۆیدا وەکو هەر تاقیکردنەوەیەکی ئاسایی ئەنجامی بدا.

من پێم باشە هەموو جۆرە تاقیکردنەوەیەک لە پۆلەکانی ١-٣ لاببرێ. بەشێوەیەکی دی دەرچوواندنی هەموو خوێندکارانی ئەو پۆلانە ببێتە باو. بەڵام لە کۆتایی پۆلی سێیەمدا قوتابخانەکان دەتوانن ئاستی ئەو خوێندکارانە هەڵبسەنگێنن کە نەیانتوانیوە زانستی پێویست فێربن و مەترسییەکی گەورە هەیە لەوەی کە نەتوانن بەئاسانی پۆلی چوارەم ببڕن.

تا ئەو کاتەی تاقیکردنەوەکانی بەکەلۆری هەڵدەگیرێ وا باشترە ئاسانکارییەکی زۆر لەپێش مەرجەکانی چوونە ناو ئەو تاقیکردنەوانەدا بکرێ یا هەر بەتەواوی هەڵگیرێت. لەبری ئەوەی هەموو ژیان و داهاتووی خوێندکارێک بەیەک تاقە تاقیکردنەوەوە ببسترێتەوە من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە سەرجەمی ئەو نمرانەی خوێندکار لەهەر سێ پۆلەکەی قۆناغی ئامادەیی وەریدەگرێت بۆ وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا حیسابی بۆ بکرێت. بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەگەر تاقیکردنەوەکانی بەکەلۆری لاببەین ئەی خوێندکار لەسەر چ دەرەجەیەک لە زانکۆ وەربگیرێت؟

ئێستا لە کۆتایی پۆلی چوارەمی ئامادەییدا هەموو خوێندکارێک بۆ





هەر وانەیە نمرەیەکی هەیە. ئەم کارە لە پۆلی پێنجەمی ئامادەییشدا هەر وایە. من پێشنیاری ئەوەم کردووە کە ئەزموونەکانی پۆلی شەشەمی ئامادەییش وەکو پۆلی چوارەم و پێنجەم بێ، واتە خوێندکار لە کۆتایی ساڵدا بۆ هەر وانەیەک نمرەیەکی کۆتایی هەبێ. ئێمە دواتر دەتوانین نمرەکانی هەر سێ پۆلەکە وەربگرین و دابەشی سێی بکەین بۆ ئەوەی تێکڕای نمرەکانمان هەبێت کە ببێتە بنەما بۆ وەرگرتن لە زانکۆکاندا. بۆ نموونە ئەگەر نمرەی کۆتایی بیرکاری لە پۆلی چوارەمدا ٨٠ بوو، لە پۆلی پێنجەمدا ٧٠ بوو، لە پۆلی شەشەمدا ٦٠ بوو، ئەوە کۆکردنەوەی ئەم سێ نمرەیە و دابەشکردنیان بەسەر سێدا دەمانگەیەنێتە ئەوەی ئەم خوێندکارە لە بیرکاریدا نمرەکەی دەبێتە ٧٠. ئەمە نمرەیە شوێنی ئەو نمرەیە دەگرێتەوە کە جاران خوێندکار لە ئەزموونەکانی بەکەلۆریدا دەیهێنایەوە.

کەواتە خوێندکار بە ناچاری هەوڵی ئەوە دەدا لە هەموو قۆناغی ئامادەییدا زیرەک بێ چونکە هەموو پۆلەکانی ئامادەیی ڕۆڵ لە نمرەی کۆتاییدا دەبینن. ئەمە تەنیا نموونەیەکە، بەڵام ئێمە دەشتوانین ئەو ١٠٠ نمرەیەی خوێندکار هەیەتی بەشێوەیەکی ڕێژەیی بەسەر هەر سێ پۆلەکەدا دابەشی بکەین.

من پێم وایە پیادەکردنی سیستمێکی لەم بابەتە بۆ هەردوو قۆناغی ناوەندی و ئامادەییش جگە لەوەی لەسیستمی جیهانی نزیکمان دەکاتەوە، زیاتر لە سوودێکی هەیە. بۆ نموونە سازدانی ئەو تاقیکردنەوانە کاتێکی زۆر دەبات و پارەیەکی زۆریشی تێدەچێ. دەکرێ ئەو پارانە بۆ خودی قوتابخانەکان خەرج بکرێن. لە لایەکی دیکەوە نمرە دانان لەسەر ئەزموونەکانی بەکەلۆری زۆر ناداد

پەروەرانەیە و ئێمە لە بەرنامەی چاوی سێیەمەوە ئەوەمان بینی چۆن بەشێک لەو مامۆستایانە دەیانوت لە باشترین حاڵەتدا هەموو دەفتەرێک یەک دەقیقە کەمتری بەر دەکەوێ.

خوێندکار یەکجار زۆر ماندوو دەبێ و ئەنجامەکەشی ئەوەیە خوێندکارەکانی ئێمە بەرەو دواوە دەچن و سیستمی پەروەردەیی ئێمەش، بەهەمان شێوە. سەرتاپای ژیان و چارەنووسی مرۆڤێک لە سێ سەعاتی بەکەلۆری چلەی هاویندا کورت دەکەینەوە. ئەم سێ سەعاتە بڕیاری داهاتووی ئەو مرۆڤە دەدا، ئەمەش غەدرێکی گەورەیە.

باشیی ئەم سیستمەی پێشنیارم کردووە، لەوەدایە لەبری یەک ئەزموونی بەکەلۆری خوێندکار لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا چەندین تاقیکردنەوە ئەنجام دەدا کە هەموویان ڕۆڵیان لە نمرەی کۆتاییدا هەیە. ئەمەش ئەو کارتە لە دەستی خوێندکاران دەردەهێنێ کە ئەوان زیرەکن و لە کاتی تاقیکردنەوەی بەکەلۆریدا گرفتیان هەبووە. لە لایەکی ترەوە سیستمی پەروەردەیی ژیانی خوێندکارێک ناخاتە مەترسییەوە بەوەی سەرجەمی ژیان و داهاتووی بەیەک تاقیکردنەوە ببەستێتەوە کە لە چلەی هاویندا ئەنجام دەدرێ. بەشێوەیەکی تر بەدەست نەهێنانی نمرەیەکی بەرز پەیوەندییە بەو هەوڵ و کۆششەوە هەیە کە خوێندکار لە ماوەی سێ ساڵدا دەیدا (نەک لەماوەی یەک مانگدا). ڕەنگە ئەم سیستمە هەندێک نیگەرانی بخاتەوە، بەوەی دەکرێ هەندێک خوێندکار بەهۆی واستە یا هەر شتێکی ترەوە نمرەی بەرز بەدەست بێنن. من پێم وایە لە لایەک سیستمی پەروەردەیی دەتوانێت بەهۆی هەندێ بڕیارەوە بەربەست لەبەردەم دیاردەیەکی لەم جۆرەدا دابنێ، لە لایەکی دیکەشەوە هێندە ئاسان نییە خوێندکارێک





لەو هەموو تاقیکردنەوانەی قۆناغی ئامادەییدا بتوانێ فرتوفێل بکا.

بەنیسبەت پرۆگرامەکانی خوێندنەوە، من بڕوام بەوە نییە وەزارەتی پەروەردە لەم قۆناغەدا بتوانێ خۆی گرفتی مەنهەجەکان بەتەنیا چارەسەر بکا. وەزارەتی پەروەردە ئێستا خۆشی گەشتووەتە ئەو بڕوایەی ناکرێ بەپشت بەستن بەتواناکانی ناوخۆ، هەموو مەنهەجەکان بگۆڕدرێن. بۆیە ئێستا گۆڕینی هیچ نەبێ بەشێکی مەنهەجەکانی بەهەندێ کۆمپانیای بێگانە سپاردووە. من ئەم هەنگاوە بەکارێکی پۆزەتیڤ لە قەڵەم دەدەم، بەڵام بۆ گۆڕینی و ئەکتیڤکردنی تەواوی مەنهەجەکانی خوێندن چارەسەری من ئەوەیە کە دەبێ زۆر لایەنی تایبەتی تر تێکەڵ بەنووسینەوەی مەنهەجەکان بکرێن. ئەم کارەش دەبێ بەسەرپەرشتیی وەزارەتی پەروەردە بکرێ، بەڵام وەزارەت ناتوانێت ئەم کارە بکات تا دوو پلانی لەدوای یەک دانەنێت. یەکەمیان پلانێکی بەرفراوانی خوێندن یا فێرکردن یا فێرکاری Curriculum و دووەمیش لەبەر ڕۆشنایی ئەو پلانە دا دەتوانرێت پلانێکی تایبەت بۆ هەموو وانەکان دابڕێژرێ. هەر کات ئەم دوو پلانەمان دانان ئەوە دەتوانین لەبەر ڕۆشناییاندا بۆ هەر وانەیەک چەندین کتێب بنووسینەوە. بەدەر لەمەش ئەو دوو پلانە ئەوەمان بۆ دیاری دەکا کە چی لەو کتێبانەدا بنووسین. من دەزانم باسکردنی ئەم دوو پلانە بۆ ڕۆژی ئەمڕۆ لەوانەیە کەمێک تەمومژاوی بێ بۆ ئێمە؛ چونکە تاوەکو ئێستا یەک تاقە کەسیش باسی لە پلانێکی لەم بابەتە نەکردووە چونکە لە دەرەوەی بازنەی ئەو زانستەن کە تاوەکو ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەیە.

**نووسینەوەی ئەم دوو پلانە لەچ ڕوویەکەوە پەیوەندییان**

**بەگۆڕینی مەنهەجەکانەوە هەیە؟**

نەک هەر گۆڕینی مەنهەجەکان، بەڵکو من یەکەم بیر لە دووبارە نووسینەوەی مەنهەجەکانیش دەکەمەوە و دووەم بیر لەوەش دەکەمەوە کە چۆن بتوانین لە لایەک لە دیکتاتۆریەتی یەک کتێبی ڕزگارمان ببێ و لە لایەکی تریشەوە هەنگاوێک لە سیستەمی پەروەردەیی جیهانی پێشکەوتوو نزیک بینەوە. بەشێوەیەکی ڕوونتر من بیر لەوە دەکەمەوە کە بازاڕێکی بەرفراوان بۆ نووسینی مەنهەجەکان بکەمەوە کە زۆرێک لە پەروەردەناس و نووسەرەکان بەشداری تێدا بکەن. ئێمە ئەگەر پلانی فێرکاریمان هەبوو ئەوە دەتوانین هێڵە گشتییەکانی پرۆسەی خوێندن و فێرکردن و تێروانینیەکانی سیستەمی پەروەردەیی کوردستان لەو پلانەدا بنووسینەوە. ئەرکی ئێمە لە پلانی دووەمدا ئەوەیە چی شتێک لەوانەیەکی دیاریکراودا دەبێ بخوێندرێ. بۆ نموونە ئێستا کەس نازانێ کێ بڕیاری ئەوەی داوە لەوانەیەی بیرکاری یان کۆمەڵایەتیی پۆلێکی دیاریکراودا چی بخوێندرێ و هۆکارەکانی بڕیارێکی لەم بابەتەش چییە. ئەڵبەتە من ترسی ئەوەشم نییە ئەم بابەتە لەدەست دەربچێ، چونکە کاتێکی زۆرمان بەدەستەوەویە و هەموو کارەکانیش لەژێر دەستی وەزارەتی پەروەردەدایە.

**لەم حاڵەتدا هەر کەسە و بەئارەزووی خۆی کتێبێک دەنووسێتەوە، ئەمەش ئیشکالیەتێکی گەورەمان بۆ دروست دەکات؟**

من هەرگیز لەو تەوژمە ئەنارشیستە ناترسم؛ چونکە کارەکان بەم





شێوەیە بەڕێوە دەچێ. بۆ نموونە گریمان لەو پلانەدا ئەوە دیاری کراوە کە لە وانەی مێژوودا شۆڕشی شێخ مەحموود بخوێندرێ. لەم بوارەشدا دەکرێ پێ لەسەر هەندێ لایەنی ئەو شۆڕشە دابگیرێت. دواتر وەزارەتی پەروەردە دەتوانێ ئەمە بداتە نووسەرەکان لەگەڵ مەرجەکانی ئەو کتێبەی دەیەوێ. من دەزانم هەرکەسەو بەشێوەیەک دەینووسێتەوە بەڵام ئەمە خراپ نییە، بەپێچەوانەوە کارێکی هەر زۆر باشە. ئەگەر تۆ زیاتر لە ڕوانگەی نەتەوەیییەوە لەسەر شێخ مەحموود بنووسیت، من زیاتر لە ڕوانگەی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە دەنووسم و یەکێکی تریش زیاتر لە گۆشەنیگایەکی ترەوە دەڕوانێتە مەسەلەکە... هتد. دوایی ئێمە پێویستمان بەوە نییە هەموو بابەتەکان وەکو ئێستا یەکڕەنگ و یەک شێوەبن، پێویستمان بەوەیە دێرەکان جودابن، پرسیارەکان جودابن، پرسیارەکانیش جودابن ئەم هەموو هەوڵانە بەدەوڵەمەنکردنی سیستەمی پەروەردەیی ئێمە تەواو دەبێ. بیریشت نەچێ دەبێ هەموو بابەتەکان لە چاوچێوەی ئەو پلانەدا جێگایان بێتەوە. ئەگەر کارێکی لەم بابەتە بکەین ئەوە سەرکەوتنێکی گەورەمان بەدەست هێناوە. بەڵام خۆم بەهیوای ئەوە نیم بەم نزیکانە کارێکی وا ئەنجام بدرێ.

**بەڵام بۆ شۆڕشی شێخ مەحموود بخوێندرێ، بۆ شێخ سەعیدی پیران نەبێ بۆ نموونە؟**

ئەمە پرسیارێکی جوانە. نەمن و نەتۆ و نەوەزیری پەروەردەش ئەو بڕیارە نادەن بەڵکو دەبێ هێڵە گشتییەکانی وانەی مێژوو لە پلانی فێرکاریدا دیاری بکرێن. بۆ نموونە دەکرێ بنووسرێ خوێندکار دەبێ

شارەزاییی لە قۆناغی ڕزگاریخوازی کورد بێ، یا شارەزاییی لە شۆڕشە کۆنەکانی کورد بێ، یا شتێکی لەم بابەتە. دواتریش لەپلانی دووەمدا ئەو خاڵە بەمیتۆدێک ورد دەکرێتەوە تا دەگاتە ئەوەی بڵێ دەبێ ئەم شۆڕشە بخوێنین.

**بەڕێزتان یەکێک بوون لەو کەسانەی کە بۆ کۆنگرەی پەروەردەیی کە لە ڕۆژانی ٢٢ تا ٢٥ ئایاری ٢٠٠٧ لە هەولێر بەسترا بانگهێشت کرابوون، دەتوانی لە چۆنێتی بەشدار بوونت لەم بارەوە بۆمان بدوێی؟**

من بەر لە کۆنگرەش چەند پێشنیار و پرۆژەیەکم بۆ وەزارەتی پەروەردە ناردبوو، بەتایبەت لە بواری ئەزموونەکان و ڕاگرتنی هەراسانکردنی خوێندکاران. لە لایەکی ترەوە ماوەیەکی زۆر بوو خەریکی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بووم لەسەر مەسەلەی هەراسانکردنی منداڵان، کە بەبەشداری ١٠٠٠ منداڵ و ٢٥٠ مامۆستا لە شارەکانی کەرکووک و هەولێر و سلێمانی ئەنجامم دابوو. من پێم باش بوو ئەم لێکۆڵینەوەیە پێشکەش بەکۆنگرە بکەم بۆ ئەوەی ببێتە بنەمای هەر بڕیارێک بۆ ڕاگرتنی هەراسانکردنی منداڵان. من هەراسانکردنم وەکو چەمکێکی جیهانی بەکار هێنابوو کە بریتیە لە ئازاری جەستەیی، دەروونی، شکانەوە، تەریقکرنەوە، دەستدرێژیی سێکسی.... هتد. بۆیە لەو لێکۆڵینەوەیەدا تەنیا تیشکم نەخستووەتە سەر دیاردەی توندوتیژی کە بەبەردەوامی لە میدیاکاندا باس دەکرێ و لەو لێکۆڵینەوەیەدا باسم لە پێناسەکان، کارەکتەرەکان، سیماکانی هەراسانکردن کرد و دواتریش هەندێک لە هۆکارەکانم شی





کردووەتەوە. هەندێ چارەسەریشم خستەڕوو کە بواری پیادەکردنیان لە کوردستاندا سەخت نین. بۆ هەموو ئامادەبووانم ڕوون کردەوە کە چۆن منداڵان ئازار دەدرێن و هەراسان دەکرێن و کاریگەریی ئەو هەراسانکردنە چییە. لەهەمان کاتیشدا، باسم لە هۆکارەکانی ئەو هەراسانکردنەش کرد. لە بەرامبەر ئەمەشدا باسم لە هەراسانکردن و بەتەنگ هاتنەوەی ماڵەوەش کردبوو. لە لایەکی ترەوە باسم لەوە کردبوو بۆ مامۆستاکان لە لایەن خوێندکارانەوە هەراسان دەکرێن و ڕای مامۆستاکانیشم لەبارەی هەراسانکردنی منداڵانەوە خستبووە ڕوو. جێگەی ئاماژە پێ کردنیشە سەرجەمی ئەم قسە و باسانە لە ڕێگەی ئاماری تەواوەوە خرانە ڕوو. بەدەر لە ئامارەکانیش لەگەڵ چەندین منداڵ و مامۆستادا دانیشتنم ساز کردبوو. هەروەها لە قوتابخانەکاندا لەگەڵ منداڵەکاندا قسە و باسم هەبوو. ئەم لێکۆڵینەوەیە پڕ بوو لە نامە و وێنەی جۆراوجۆری خوێندکاران و مامۆستایان کە باس لەو گرفتە دەکەن. هەموو ئەمە لەبەرئەوەی وەزارەتی پەروەردە بتوانێ بڕیارێک بۆ بەربەستکردنی هەراسانکردن پیادە بکا. بەدەر لەمەش بەیەکگەیشتنی من لەگەڵ کادیرە پەروەردەییەکان و قوتابخانەکان شتێکی بەسوود بوو بۆ من.

**بەڵام وەزارەتی پەروەردە بەر لە چەندین ساڵ بڕیارێکی لەم بابەتەی دەکرد؟**

ڕاستە بەڵام لەبەر زۆر هۆکار بڕیارەکەی وەزارەتی پەروەردەی ئەو سەردەمە بەنەزۆکی لەدایک بوو؛ چونکە یەکەم پشتی بەهیچ لێکۆڵینەوەیەک نەبەستبوو، بۆیە مرۆڤ زۆر بەئاسانی دەتوانێ پێیان

بڵێ نا لە قوتابخانەکاندا هیچ جۆرە هەراسانکردنێک لەئارادا نییە. دووەم ئەو بڕیارە هیچ جۆرە میکانیزمێکی کارکردنی لەگەڵدا نەبوو. بەشێوەیەکی دی ئەوەی تێدا نەبوو هەرکاتێک هەراسانکردن هەبوو چی دەکەین، سێیەم ئەو بڕیارە هیچ ئەلتەرناتیڤێکی بۆ مامۆستاکان پێ نەبوو. من ئەم پرسەم لەگەڵ بەڕێوەبەری پەروەردە و وەزیری پەروەردەو زۆرێک لە مامۆستا و کادیرەکانی تریشدا تاوتوێ کردووەو ئەوانیش لەگەڵمدا هاوڕابوون. ئەو بڕیارە وەکو شتێکی زارەکی بوو بەنووسراو بەقوتابخانەکاندا بڵاوکرایەوە. چوارەم من هەراسانکردنم وەکو چەمێکی جیهانی بەکارهێناوە کە ئازاری جەستەیی یەک لقێکی پێک دێنێ، بەڵام ئەوان تەنیا باسی ئازاری جەستەییان کردبوو بەهیچ شێوەیەک ئاگایان لەو چەمکە جیهانییە و لێکۆڵینەوە تازەکانی ئەو بوارە نەبوو. پێنجەم من هەوڵم داوە پێناسەی دیاردەکە و کارەکتەرەکان لەبەر ڕۆشنایی تیۆرییە جیهانییەکاندا ڕوون بکەمەوە. شەشەم، بڕیارەکەی ئەوان باسی لە سزادانی مامۆستا سەرپێچی کردووکان کردبوو، بەڵام من زۆر کەم تیشکم خستووتە سەر ئەم مەسەلەیە و باسی سزادانی کۆنسترەکتیڤانەم کردووە کە پێچەوانەی سزادانەکەی وەزارەتی پەروەردەیە. زیاتر هەوڵم داوە یارمەتیی مامۆستاکان بدەم بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە نەک تەنیا سزادانیان کە زیاتر گوزارش لە ڕوحێکی تۆڵەسەندنەوەی ڕۆژهەڵاتییانە دەکا.

بەکورتی کارەکەی من زۆر بەپێچەوانەوەی ئەوەی وەزارەتی پەروەردەیە. من پرۆژەیەکم بۆ بەربەستکردنی هەراسانکردن لە کۆنگرەدا خستەڕوو کە ماوەیەک بەر لە کۆنگرەش پێشکەشی وەزارەتی پەروەردەم کردبوو. لەو پرۆژەیەدا خشتەیەکی زەمەنیم دیاری





کردبوو بۆ بەربەستکردنی ئەم دیاردەیە، بەهەمان شێوەش ئەرکەکانی حکوومەت و وەزارەتی پەروەردەم بەوردی دیاری کردبوو. جگە لەمەش من بەقوتابخانەکاندا گەڕاوم و لەگەڵ مامۆستاکان و خوێندکارەکاندا بەوردی قسەم کردووە. کاتی خۆشی چەند وۆرکشۆپێکم لەگەڵ مامۆستا و کادیرەکانی تردا ساز کردووە. سەرجەم هەوڵم داوە سوود لە چەندین لێکۆڵینەوەی تازەی جیهانی ڕۆژئاوا ببینم کە وەزارەتی پەروەردەی ئەو سەردەمە دەستی پێ ڕانەگەشتبوو. بەهەر حاڵ گرینگ ئەمە نییە، بەڵکو گرینگ ئەوەیە بەهەموومان یارمەتیی وەزارەتی پەروەردە بدەین و کەرەسەکانی بۆ ئامادە بکەین بۆ ئەوەی وەزارەتی پەروەردە بتوانێ کۆتایی بەم دیاردەیە بهێنێ.

**ئەو کەسانە کێ بوون کە لە کۆنگرەدا بەشدار بوون؟ لێرەو لەوێ بیستمان کە لەجیاتی بەشداریی خەڵکانی کارامە و لێهاتوو لە بواری پەروەردەو فێرکردن زیاتر نوێنەری حیزبەکان بەشدار بوون، بەبڕوای بەڕێزتان تا چەند ئەم لێدوانانە دروستن؟**

من هەموو ئەوانەم نەدەناسی کە ئامادەی کۆنگرە بوون، بەڵام پێم وایە بەدەر لە وەزیری پەروەردە کە پۆستێکی سیاسیی هەیە، ئیدی هەموو یا بەشی هەرە گەورەی ئەوانەی دوای دوو سەعاتی یەکەمی کۆنگرە ئامادە بوون، بەشێوەیەک لە شێوەکان کادیری پەروەردەیی بوون. تەنیا لە کردنەوەی کۆنگرەدا لە ماوەی دوو کاتژمێری یەکەمدا سیاسییەکی زۆر هاتبوون. کردنەوەی هەموو کۆنگرەیەکیش لە کوردستان هەروایە. دواتر سیاسی کوا تاقەتی ئەوەی هەیە بەو گەرمایە لە کاتژمێری ٩ بەیانییەوە تا ٣٠،٧ ئێوارە کار بکا. مرۆڤ لە

کاتی کۆنگرەدا بەئاستەم فریای ناخواردنیش دەکەوت.

**گرنگترین تەوەر و باسەکانی کۆنگرە چی بوون؟ بۆچوون و هەڵسەنگاندنی بەڕێزتان لەسەر ئەو تەوەرانەی کە باس کران چین؟ بە بڕوای ئێوە تا چەند بابەت و باسەکان لە خزمەتی نوێکاری و گۆڕان لەپرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا بوون؟**

خەڵکێکی زۆر کە بەسەر ١٩ تەوەر و لیژنەدا دابەش کرابوون بۆ ماوەی نزیکەی نۆ مانگ لە کوردستان خەریکی قسەکردن و ڕاپۆرت نووسین بوون بۆ کۆنگرە کە لە شێوەی کتێبێکی ٣٨٠ لاپەڕەییدا بڵاوکرایەوە. گرینگترین ئەو تەوەرانەی بریتی بوون لە تەوەری سیستمی خوێندن، ئەزموونەکان، پەروەردەی تایبەت، پرۆگرام، پێگەیاندنی مامۆستایان، بیناسازی، پەیمانگاکان، چالاکییە هەمەجۆرەکان، گرفتی خوێندکاران، کاگێڕی، پلاندانان، ڕاگەیاندنی پەروەردەیی... هتد. دواتریش هەموو لیژنەکان ڕاسپاردەکانی خۆیان لە شێوەی کتێبێکی ١٦٠ لاپەڕەییدا پێشکەش بەکۆنگرە کردبوو. بەڵام لە کاتی کۆنگرەدا گرووپەکان کران بە ١٠ بەشەوە کە لە شێوەی ۆرکشۆپدا گفتوگۆ و قسەیان دەکرد بەشەخسی وەزیریشەوە بۆ ئەوەی ڕاسپاردە و پێشنیارەکانی خۆیان پێشکەش بەکۆنگرە بکەن.

دەربارەی سەرنجەکانی خۆم دەبێ بڵێم، کاتێک مرۆڤ لەناو سیستمێکی زۆر پێشکەوتوودا کار بکا و لەبەر ڕۆشناییی لێکۆڵینەوە و قوتابخانە پەروەردەییە تازەو هاوچەرخەکاندا کار بکات ئەوە هەر گۆڕانکارییەک لەوە کەمتر بێ بەسەرکەوتووی لە قەڵەم نادا، بەڵام هەوڵ دەدەم لێرەدا خۆم لەو کارە دوور بخەمەوەو بەچاوێکی





واقیعیانەوە تەماشای کۆنگرە بکەم و لەبەر ڕۆشناییی بارودۆخی تا ئێستای کوردستاندا هەڵی بسەنگێنم. من پێم وایە کۆنگرە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ کۆنگرەکانی دیکەدا هەبوو. سەرەتا من پێم وایە ئەگەر کەسانێکی پرۆفیشیناڵمان هەبووایەن و بەستروکتورێکی باشی کارکردنەوە کاریان بکردایە پێویستمان بەنۆ مانگ نەبوو بۆ ئەوەی لیژنەکان کارەکانی خۆیان تەواو بکەن، بەڵام دەبێ مرۆڤ قەناعەت بەوە بێنێ کە کار بەو شێوەیە لە وڵاتی ئێمەدا بەڕێوە دەڕوا و، ئەمەش خەتای هیچ تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە نییە بەتەنیا، بەڵکو سیستمی ئێمە خەڵکەکانی وا ڕاهێناوە. چالاکییەکانی ناو کۆنگرەش لەچاو کوردستان باش بەڕێوەچوون. خودی گفتوگۆکان لە نێوان ئەو کادیرانەدا، بەڕیفۆرمخواز و کۆنخوازەوە، بەشارەزا و نەشارەزاوە، کارێکی تا بڵێی باش بوو. لەم ڕوانگەیەوە پێم باشە چالاکیی ساڵانە هەبێ بۆ ئەوەی هەموو ئەوانە بەیەک بگەنەوە. بەشێکی باشی ڕاسپاردەکان پوخت بوون و پێم وایە ئەگەر پیادە بکرێن هەنگاوێکی باش دەچینە پێشەوە. بۆ نموونە هەندێک لیژنە ئاماری تەواویان لەسەر ژمارەی کۆمپیوتەری قوتابخانەکان پەیدا کردبوو. بەهەمان شێوەش بڕی ئەو پارەیەیان دیاریکردبوو کە پێویستە بۆ ئەوەی سەرجەمی قوتابخانەکان ببنە خاوەنی کۆمپیوتەری خۆیان. لیژنەی بینای قوتابخانەکان هەندێ نەخشەی نوێیان ئامادە کردبوو... هتد. تۆ واز لەوە بێنە ئەو نەخشانە باشن یا خراپ، ئەو هەموو کۆمپیوتەرانەمان بۆ پەیدا دەبێ یا نا، بەڵام هەوڵەکان باش بوون.

من ئاگاداری گفتوگۆکانی سەرجەم گرووپەکان نەبووم، بەڵام من یەکێک بووم لەوانەی بەسەر چەندین گرووپدا سووڕامەوە و گفتوگۆم

دەکرد. لەناو سەرجەمی ئەو گرووپانەدا گفتوگۆیەکی باش هەبوو، بەڵام بەشێوەیەکی گشتییش خەڵکی کۆنخواز زۆر بوون. بۆیە لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە باشتر نەبوو هەموو ئامادەبووان ڕیفۆرمخواز بوونایە؟ لە کۆتاییدا دەڵێم گرینگترین شت ئەوەیە ڕاسپاردەکان و کارەکان باش بن، ئیدی پیادە دەکرێن یا نا ئەو قۆناغی دووەمە کە بەتەواوی دەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتی پەروەردە.

**دیاردەی بەکارهێنانی توندوتیژی دژی منداڵان لە قوتابخانەکاندا بووەتە دیاردەیەکی بەرچاو و، بەتایبەت لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوودا چەندین کارەساتی دڵتەزێنی لێ کەوتووەتەوە. بەڕێزتان چۆن دەڕواننە ئەم کێشەیە و هۆکارەکانی چین؟ ئایا لەو کۆنگرە پەروەردەییەدا ئەم کێشەیە وەک مەسەلەیەکی گرنگ و وەک کێشەیەک کە پێویستی بەچارەسەری جدوی هەبێ باسی لێوە کرا؟ ئەگەر بەڵێ، لەم بارەوە چ بڕیارێک درا؟**

پرسیارەکەت دوو بەشە. سەبارەت بەبەشی یەکەمیان، پێم خۆشە تەنیا باس لە توندوتیژی نەکەین، بەڵکو باس لە هەراسانکردن وەکو چەمکێک بکەین، چونکە ئەوەی لە قوتابخانەکاندا هەیە، تەنیا توندوتیژی نییە، بەڵکو سەرجەمی جۆرەکانی هەراسانکردن بەشێوەیەکی بەربڵاو لە ئارادایە. سەرەتا با پێناسەیەکی هەراسانکردن بکەین: مەبەست لە هەراسانکردن ئەوەیە یەکێک زیاتر لەجارێک بەکارێک یا مامەڵەیەکی نێگەتیڤانە، یەکێکی دی هەراسان بکا و بەبێ ئەوەی ئەو یەکە هەمان توانای بەرگریکردنی لەخۆی هەبێ.





مەبەست لەکارو مامەڵەی نێگەتیڤانەش هەر کارێکە کە بەمەبەستی زیان گەیاندن بەیەکێکی دی و بەبێ ویستی خۆشی ئەنجام بدرێ. واتە دەکرێ دوو خوێندکار ئازاری یەکتر بدەن و یەکدی هەراسان بکەن، بەهەمان شێوەش دەکرێ مامۆستایەک یەک خوێندکار هەراسان بکا یا بەپێچەوانەوە. ئەم کارە نێگەتیڤانەش دەکرێ هەزارو یەک شێوەی جۆراوجۆر، بگرێتە خۆی و بەچەندین شێوەی جیاواز ئەنجام بدرێ. شێوازەکانی هەراسانکردن بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- هەراسانکردنی جەستەیی: کاری فیزیکی، لێدان، شەڕکردن، دەست وەشاندن، یا بەشێوەیەکی دی بەکارهێنانی توندوتیژی بەمەبەستی ئازاری جەستەیی.

٢- هەڕەشەکردن و تووڕەبوون.

٣- ترساندن: چاو سوورکردنەوە و مۆڕبوونەوە، بەمەبەستی ترساندن.

٤- شکاندنەوە: قسەی ناشیرین، تەریقکردنەوە و شکاندنەوەی بەرامبەر.

٥- پەراوێزکردن و ئازاردانی دەروونی.

٦- هەراسانکردنی سێکسی

کاری ئازاردانی جەستەیی لە لای ئێمە دەکرێ بەدوو بەشەوە؛ ئازاردانی جەستەیی لە نێوان گەورەکان و منداڵان، هەروەها نێوان خودی منداڵاندا. تاوەکو ئێستاش هەردوو جۆرەکە لەناو قوتابخانەکانی ئێمەدا ماون، بەڵام من لە هەندێ لاوە گوێم لەوە دەبێ بەبەراورد لەگەڵ جاراندا بەشی یەکەمیان شتێک کەم بووەتەوە،

ئەگەرچی منداڵان لە ئامارەکانی مندا کە تایبەتن بەهاوین و زستانی ساڵی ٢٠٠٥ و دەڵێن ٧٩٪ ی ئەوان لە قوتابخانە لێ دەدرێن. خودی مامۆستاکانیش دەڵێن تاوەکو ئێستا ٩٣٪ ی خوێندکاران لێ دەدرێن. لە لایەکی ترەوە کچان بەرێژەیەکی زۆر کەمتر لە کوڕان لێ دەدرێن. بەڵام ئەگەر ئەو قسانەش سەرەوەش ڕاست بن کە ئازاری جەستەیی گەورەکان کەمتر بووەتەوە، ئەوە لە لایەک بەس نییە و لە لایەکی تریشەوە من ترسێکی گەورەم لەوە هەیە هەرکات ئازاری جەستەیی نەمێنێ ئەوە شێوازەکانی تری هەراسانکردن بێنە ئاراوە. یەکێک لە گرفتەکان و ئەوەیە سیستمی پەروەردەیی ئێمە مامۆستاکانی بەشێوەیەک ڕاهێناوە کە قەناعەت بەوە بکەن ئازاردانی جەستەیی ڕێگەیەکی شیاوە بۆ چارەسەرکردنی گرفتی خوێندکاران لەناو قوتابخانەکاندا (٦١ ٪ی مامۆستاکان ئەم ڕایەیان هەبوو). بێگومان ئەم وەڵامانە جگە لەم نزمیی ئاستی قوتابخانە و سەرنەکەوتنی ئیدارە بەرپرسەکان لەوەی کە ئەوان نەیانتوانیوە ئاستی مامۆستاکان بۆ ڕادەی پێویست بەرزبکەنەوە، هیچی ناگەیەنێ. جێگەی سەرسووڕمانە، مرۆڤ پێی وابێت، توندوتیژی شتێکی باشە بۆ چارەسەرکردنی گرفتی مرۆڤە بچکۆلەکان.

ئەم دەزگا بەرپرسانە کە وەزارەتی پەروەردە و تاڕادەیەکیش وەزارتی خوێندنی باڵا دەگرێتەوە، لەوەدا سەرکەوتوو نەبوون مامۆستاکانی خۆیان بگەیەننە ئەو ئاستەی کە هەست بەوە بکەن ئازاری جەستەیی زیاتر لە زیانێکی ماڵوێرانکەرانەی هەیە و هەندێجاریش هۆکارێکی ڕاستەوخۆیە بۆ ڕووخان و خۆکوژیی مرۆڤە بچکۆلەکان. زۆرێک لە مامۆستاکان لە کاتی قسەکردندا پێیان وابوو





لێدان شتێکی باشە بۆیە ئەوان لە منداڵەکانی خۆشیان دەدەن.

لە ئاستی دووەمیشدا، واتە شەڕکردن لە نێوان خودی خوێندکاراندا کارێکی بەربڵاوە و ڕۆژانە چەندین کاری وا ئەنجام دەدرێن. سەرجەمی ئەو خوێندکارانەی گفتوگۆم لەگەڵیاندا سازکرد، دانیان بەوەدا نا کە شەڕکردنی خوێندکاران لەگەڵ یەکتردا شتێکی زۆر بەربڵاوە. نزیکەی سێیەکی خوێندکاران لەگەڵ یەکتردا شەڕ دەکەن. بەشێک لەم کارانە لەڕێگای ماڵ – قوتابخانەدا ئەنجام دەگرن و بەشێکی تریشیان بەداخەوە لەناو حەوشەی قوتابخانەکاندا ئەنجام دەگرن. بەڵام وەکو ڕەگەز کوڕان زۆر زیاتر لە کچان شەڕ دەکەن. مارە تام ئاماژە بەئەنجامی توێژینەوە بایەلۆژییەکان دەکا کە پێیان وایە پیاوان بەشێوەیەکی گشتی زۆر زیاتر لە ژنان پەنا دەبەنە بەر توندوتیژی. لە لایەکی تریشەوە تام. ئاماژە بەوە دەکا کە بەشێک لە هەرزەکاران بەمەبەستی چارەسەرکردنی گرفتەکانی خۆیان زۆر زوو پەنا بۆ توندوتیژی و شتی هاوشێوە دەبەن.

لە لایەکی تریشەوە ئێمە دەتوانین قسە لەسەر هەموو شێوازەکانی تری هەراسانکردنیش بکەین، بەڵام با تەرکیز بکەینە سەر قسەی ناشیرین و جنێودان (وەک نموونە) کە بەجۆرەها شێوە لە لایەن هەندێک لە مامۆستاکانەوە بەکار دێن.

نزیکەی ٧٥٪ ی مامۆستاکان پێیان وایە ئەوان قسەی ڕەق و ناشیرین بەخوێندکاران دەڵێن و جنێویان پێ دەدەن، بەڵام بەڕای خودی خوێندکاران تەنیا ٦٨٪ ی ئەوان ئەو قسانەیان پێ دەکرێت. بەرامبەر بەمەش نزیکەی ٣٢٪ ی خوێندکاران لە ماڵەوەش هەمان کاریان پێ دەکرێ.

لەم بوارەدا جنێوی ژنانە و پیاوانە دوو جۆری جیاوازن و ژنان بەشێوەیەکی زۆر ناشیرینانە لە پیاوان جنێوەکانی خۆیان ئاراستەی منداڵان دەکەن. من لە کۆنگرەشدا ئاماژەم بەوە دا کە ژنان پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی ئەندامی مێینە و نێرینە بۆ ئەوەی هەرچی زیاتر ئازاری خوێندکارە کچەکان بدەن. هەر لەوێدا بەهێرشکردنە سەر ژنان تاوانبار کرام. بەڵام من ئەم دەرئەنجامەم لە قسەی خودی منداڵەکانەوە وەرگرتووە. ئەوەی دەمەوێ لێرەدا یاداشتی بکەم ئەوەیە کە جۆرە جیاوازییەک لە نێوان بابەتی ئەو قسانەی مامۆستا پیاوەکان و ژنەکان دەیکەن هەیە. نموونەی جنێو و قسەی ناشیرینی مامۆستا پیاوەکان بریتییە لە: حەیوان، سەگباب، گێژ، کەر، دەبەنگ... هتد. بەڵام نموونەی جنێو و قسەی ناشیرینی مامۆستا ژنەکان بریتییە لە: قەحپە، قەحپەی دەڵەقۆڕ، حەیوان، تیاترۆ، ماکەر، خۆتان بۆ کوڕان جوان دەکەنەوە، یا بۆ ئەوەی کوڕان... هتد.

لێرەدا دەمەوێ هاوکات دوو خاڵ یادداشت بکەم؛ خاڵی یەکەم، بەپێی قسەی خوێندکاران و بەڕادەیەکی کەمتر مامۆستایان، مامۆستا ژنەکان شێوازێکی زۆر ناشیرینتریان لە پیاوەکان هەیە و قسەی زۆر نارەواتر و ناشیرینتر دەکەن. مەبەست لەم دوو وشەیە بەکارهێنانی ئەو وشانەیە کە کاریگەرییەکی دەروونیی زۆر درێژخایەنتر یا سەختتر بەجێ دێڵن. مامۆستا ژنەکان زۆر زاڵمانەتر و بێ ڕەحمانەتر ئەو وشە ناشیرینانە بەکار دێنن..

خاڵی دووەم؛ پەنا بردنی مامۆستا ژنەکان بۆ هەندێ جنێوی سێکس ئامێز مانای وایە ئەوان بەتەواوی وشیارییەوە جنێو و قسەکانیان ئاماژە ئامێزن بۆ ئەندامە مێینەکانی لەش. ئەمە خۆی لەخۆیدا





بەزاندنی سنووری ئازادییەکانی مرۆڤە بچکۆلەکانە و وانەیەکیشە بۆ ئەوان کە چۆن فێری ئەوە ببن هەر لە ئێستاوە جیاوازی نێوان نێر و مێ پتەو بکەن و لە گۆشەنیگایەکەوە تەماشای ئەم مەسەلەیە بکەن کە بەزیانی یەکسانیی نێر و مێ بکەوێتەوە. لە ڕاستیدا دەبوایە قوتابخانەکان بەپێچەوانەی ئەمەوە کاریان بکردایە.

کارکردن لەگەڵ منداڵاندا بەئاراستەی ناشیرینکردنی ئەندامە سێکسییەکان زیاتر لە ڕەهەندێکی کار و بیرکردنەوەی منداڵ دەشێوێنێت. هەندێک لەو نموونانە دەکرێ لێرەدا یادداشترن بکەین ئەمانەن:

١- هێڵێکی زۆر ئاشکرا لە نێوان نێوان ڕەگەزی نێرو مێ دەکێشێ و بیرکردنەوەکانی منداڵ بەئاراستەی بەردەوامبوونی نایەکسانی دەبا.

٢- بیرکردنەوەکانی منداڵ لەچوارچێوەیەکی تاک ڕەهەندیدا گیر پێ دەخوا و لە هەموو قۆناغەکانی بیرکردنەوەیدا تاک ڕەهەندانە بیر دەکاتەوە.

٣- منداڵ هەوڵی ئەوە دەدا ئەو جیاوازییە جێندەرییە بکاتە بنەما و پێوەر بۆ زۆر بواری ژیان.

٤- ئەم جۆرە جنێوانە منداڵ دەباتە بارودۆخێکەوە کە هەمیشە شەرم لە هەندێ ئەندامەکانی لەشی خۆی بکاتەوە.

٥- خوێندکار دووچاری بارێکی قورس دەبێ کە دواجار قورسایی لە هەندێ حاڵەتدا بەدی دەکا بەتایبەت لەکاتێکدا دەچێتە ناو قوتابخانەیەکی تێکەڵ، یا تێکەڵ بەگرووپێکی کچ و کوڕ دەبێ.

٦- قوڵبوونەوە بۆ ناخی ڕەگەز جێگای قوڵبوونەوە بۆ ناخی بابەتەکان

دەگرێتەوە. لێرەشدا دەکرێ باس لە قەیرانی داهێنان لە قوتابخانەدا بکەین. بەدەر لەوەی سیستمی پەروەردەییی ئێمە ئەو سیستمە نییە کە وا لەخوێندکار بکا شتی نوێ دابهێنێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی ناشیرنکردنی ڕەگەزەوە خوێندکارەکانمان جۆرە سستییەک لە ئەرکەکانی قوتابخانەدا دەنوێنن. خاڵی سەرنجڕاکێش لێرەدا ئەوەیە، مەرج نییە مامۆستاکان لەم حاڵەتە کە دەینوێنن بەئاگابن و ئەو جنێوە ناشیرینانە بەئاستی خوێندکارانەوە ببەستنەوە.

٧- جێندەر، ئەندامەکانی مێینە و نێرینە چیدی وەکو خاڵی پۆزەتیڤانەی مرۆڤ تەماشا ناکرێ بەڵکو بەپێچەوانە وەکو شتێکی زۆر نێگەتیڤ و عەیبئامێز دەبینرێ و دەبێتە مایەی سەرشۆڕی بۆ مرۆڤ، ئەمەش پێچەوانەی واقیعە. ئەم وێنە پارۆدۆکساڵە دواتر ڕۆڵی هەرە گرینگ و خراپ لەهەردوو پرۆسەی accommodation & assimilation دەبینێ کە پیاژێ زووتر لە کتێبەکانی خۆیدا زۆر بەوردی بەرجەستەی کردوون. ئاشکراشە بۆ بەرجەستەکردنی ئەم دوو پرۆسە، هەرە گرینگە لە لای منداڵ پێویستمان بەزۆرترین ڕادەی هارمۆنیکردنی زانیارییەکانە نەک پارۆدۆکساڵ کردنیان.

٨- ڕەنگە بەشێک لەم جنێوانە پەیوەندییان بەدیاردەی سێکسیکردنی کۆمەڵگا و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوزە هەبێت کە من لەژێر سەردێڕی هەراسانکردنی سێکسی باسی دەکەم.

بۆ ئەوەی وەڵامی تەواوی پرسیارەکەت بدەمەوە دەبێ کەمێک لەسەر هۆکارەکانی هەراسانکردنیش ڕابوەستم. یەکێک لەو هۆکارانە بریتییە لە شەڕانیبوونی منداڵان. زۆرێک لە منداڵانی ناو قوتابخانە و ماڵەکان





لەبەر ئەم هۆیە تووشی ئازاری جەستەیی و بەشێکی زۆری تری شێوازەکانی هەراسانکردن دەبنەوە. لەم بوارەدا دەکرێ ئاماژە بەچەند هۆکارێکی ئەم حاڵەتە بکەین کە بریتین لە:

١- فرۆید: هۆکاری جێنێتیکی

٢- بۆلبی: کێشە و ناکۆکییەکانی ناخی منداڵ

٣- لۆرێنس و هۆکاری غەریزە

٤- باندورا: فێربوون لە دەوروپشتەوە

٥- مێشک و هۆرمۆنەکانی لەشی مرۆڤ

هۆکارێکی تر بریتییە لە دزیکردن کە بەڕای من ئەوەندەی گوزارشت لە پێداویستییەکی منداڵ دەکا ئەوەندە گوزارش لە دیاردەیەکی دزێو و ناشیرین ناکا. هەموو ئەو منداڵانەی لە وشیارییەوە دزییان کردووە و لەوەش تێ گەشتوون کە دزی شتێکی خراپە، بەئەگەری زۆریش ئەوانە ئەو منداڵانەن کە پێداویستییەکانیان پڕ نەکراوەتەوە. بەشێوەیەکی تر کاتێ منداڵ دزی دەکا بۆ خۆشی نایکا بەڵکو بۆ ئەوەیە کە پێداویستییەکی خۆی پڕ بکاتەوە. هەندێجار ئەو پێداویستییە ماددییە، بۆ نموونە کرینی پێنووسێک، یارییەک، خواردەمەنییەک، کتێبێک... هتد. لەم بوارەشدا هەندێجار منداڵ خۆی هێندە حەزی لەو شتە نییە، بەڵکو لەبەرئەوەی هاوڕێکانی ئەو شتەیان هەیە، بۆیە ئەمیش دەیەوێ لە نێو ئەواندا نەشکێتەوە. بەڵام هەندێ جار پێداویستییەکی دەروونی پاڵ بەمنداڵەوە دەنێ دزی بکات کە زۆر لە پێداویستییە ماددیەکە گرینگترە.

هۆکارێکی تر بریتییە لەو کولتووری ڕۆژهەڵاتییەی ئێمە کە پڕە لە توندوتیژی. لە یەکەم ساتی گرفتەکانەوە ئێمە هەراسانکردن وەکو

چارەسەرێک پیادە دەکەین. ئەم هەراسانکردنە ئێمە ئەوە دوای ئەوە لە دەورووپشتەکانی خۆمانەوە فێر دەبین. ئەلبێرت باندۆرا لەم بوارەدا تاقیکردنەوەیەکی سەرنجڕاکێشی هەیە. لە بواری کولتووری توندوتیژیدا دەکرێ ئاماژەش بۆ خەڵکە ڕەسەنەکانی ئابۆرجینەکان Arneheim لە ئوستورالیاش بکەین. هەروەها دەکرێ ئاماژە بۆ هیندیە سوورپێستەکانی ئۆماهاش بکەین.

هەندێ جار گرفتەکان پەیوەندییان بەکێشە تایبەتییەکانی گەورەکانەوە هەیە کە بنەمایەکی سایکۆلۆجییان هەیە. بەشێوەیەکی تر ئەو کەسەی کاری هەراسانکردن پیادە دەکا جا مامۆستا، باوک یا خوێندکار بێ، لە بارودۆخێکی دەروونیی خراپدا دەژی. لێرەدا ئەم بارودۆخە خراپە دەکرێ زیاتر لە مانایەک لەخۆ بگرێ: دەکرێ مەبەست ئەوەبێ کە کەسی هەراسانکەر مرۆڤێکی نائاسایی بێ و لە کۆنترۆڵکردنی ئاکار و ڕەوشت و کردەوەکانی خۆیدا سەختی بەدی بکا بەڵام دەکرێ مەبەست لە خراپیش ئەوەبێ کە کەسی هەراسانکەر بەمەبەستەوە پەنا بباتە بەر هەراسانکردن. بەشێوەیەکی کۆنکریت، دەتوانم بڵێم هەرکات یەکێک باری دەروونی خۆی تەواو نەبێ، یەکسەر ئەو منداڵانەی بەردەستی هەراسان دەکا. ئیدی ئەو کێشەی دەکرێ شەڕی ناو خێزان بێ، دەستنەکەوتنی غاز و نەوت بێ یان هەر شتێکی تر کە ببێتە هۆی تێکچوونی باری دەروونیی ئەو کەسە.

هەندێ هۆکارێکی تریش هەن کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بەشێوازی کاکردنی مامۆستاکانەوە هەیە. بەپێ وەڵامی مامۆستاکان شەڕکردن، نەخوێندن، نارەحەتی و هاروهاجی و لە هەندێ حاڵەتیشدا پیس و پۆخڵی هۆکاری سەرەکی بوون بۆ هەراسانکردنی





خوێندکاران. لەم بوارەدا خوێندکارەکانیش هەمان ڕایان هەبوو. ئەمانە بەشێک بوون لە هۆکارەکانی هەراسانکردنی منداڵان.

لە یەکێک لە لیژنەکانی بەر لە کۆنگرە، باسی ئەم گرفتە کرابوو، بەڵام بەو شێوەیە نا کە من خەستمەڕوو، بەڵکو وەکو باسکردنێکی ئاسایی. لەناو کۆنگرەشدا نازانم و من ئامادەی هیچ جۆرە کارێکی لەم بابەتە نەبووم. بەڵام بەدڵنیاییەوە هیچ بڕیارێکی لەم بارەیەوە نەدرا.

**بۆ خۆتان دەزانن لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دوایەدا و تاوەکو ئێستاش چەندین منداڵ و لاوی کوڕ و کچ ئاگریان لە جەستەی خۆیان بەرداوە و کاری خۆکوژییان کردووە، چۆن دەڕوانیتە ئەم دیاردەیە؟ ئایا لە کۆنگرەدا تیشک خرایە سەر ئەم گرفتە؟**

سەبارەت بەبەشی دووەمی پرسیارەکەشت کە دەربارەی خۆکوژیی منداڵانە ئەوە بابەتێکی ترە و پێویستی بەڕاوەستانێکی جیدی هەیە. ئەم دیاردەیە ڕۆژ دوای ڕۆژ لەپەرەسەندایە و ژمارەیەکی زۆری منداڵان و لاوان خۆیان دەکوژن بەبێ ئەوەی تاقە کەسێک ئاوڕێکی جیدی لەم دیاردەیە بداتەوە. بەڵام حەز دەکەم ئەوەش یاداشت بکەم کە مەرج نییە لە هەموو حاڵەتەکاندا قوتابخانە تاوانبار یا کەمتەرخەم بێ. کاری خۆکوژی پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و چەندین فاکتەر ڕۆڵی تێدا دەبینن. بەشێکی زۆری فاکتەرەکان پەیوەندییان بەماڵ و شێوازی پەروەردەکردن و مامەڵەی ماڵەوە هەیە. بەشێکی تریان پەیوەندی بەکەسایەتیی خودی ئەو کەسانە یا ئەو منداڵانەوە هەیە. لێرەشدا کارێکی زۆر هەیە کە بکرێن بۆ ئەوەی هۆکارە ڕاستەقینەکان شرۆڤە

بکرێن. لاوازیی ئەو کەسایەتییە زۆر جار پەیوەندیی بەجۆری مامەڵەکردنی دایک یا باوکەوە هەیە. ئایا ئەو منداڵە لە قۆناغی منداڵیدا لە دایکی دابڕاوە یا نا؟ ئایا ئێمە باسی مردنمان بۆت کردووە یا نا؟ ئەگەر ئا، چۆن باسی مردنمان بۆ کردووە؟ مردن وەکو شتێکی خراپ یا باش؟ زۆر جار منداڵ مردن زۆر بەپۆزەتیڤانە لە قەڵەم دادا. بۆ نموونە دووبارەکردنەوەی هەندێ ڕستەی وەک «خۆزگە بمردمایە و ڕزگارم بووایە» یا «ئای مردن چەند خۆشە» یا «ئەوەی بمرێت دەچێتە بەهەشت و ئیدی سەربەرز دەژی»... هتد. لە لایەن دایبابەکانەوە وا لە منداڵ دەکا مەرگ بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ یا نیوچە پۆزەتیڤ لە قەڵەم بدا. من لێرەدا بواری ئەوەم نییە بەوردی لەسەر هەموو هۆکارەکان ڕاوەستم، بەڵام یەک شت لێی دڵنیام، ئەویش ئەوەیە ئێمە هەموو کاتەکان قوتابخانە تاوانبار دەکەین بەبێ ئەوەی لەوە دڵنیابین کە خەتای قوتابخانەیە.

## مەبەستت ئەوەیە قوتابخانە خەتابار نییە؟

نا، مەبەستم ئەوەیە بۆ ئەوەی لایەنێک یا کەسێک خەتابار بکەین دەبێ بەڵگەمان بەدەستەوە بێ. لە لایەکی ترەوە ئەگەر لە پێناسەکان و هۆکارەکانی دۆرکهایم بەو پێیەی یەکەم کەس بووە لەو بارەیەوە شتێکی زۆر بەنرخی نووسیوە، ورد بینەوە دەبینین هۆکاری جودا جودا بۆ خۆکوژیی مرۆڤ لەئارادا هەن. هەندێ جاریش میدیاکان شتەکان دەشێوێنن، بۆ نموونە لەخۆیانەوە هۆکاری کوشتنەکە دیاری دەکەن بەبێ ئەوەی لێکۆڵینەوەیەک لەئارادا بێ، یا دانیشتنێکی قووڵیان لەگەڵ خێزانی قوربانییەکاندا ساز کرد بێ... هتد.







ئارام سدیق لە هەوڵێکی زۆر سەرکەوتوودا توانیویەتی قەناعەت بەکۆمەڵێک گەنج بکات کە بەجیدی هەوڵی ئەوەیان داوە خۆیان بکوژن، بەسەرهاتەکانی خۆیان بۆ میدیا باس بکەن. بەڵام لەبەر هۆکاری جیاواز لەدوا چرکەدا پەشیمان بوونەتەوە و لە هەوڵەکانیاندا سەرکەوتوو نەبوون. ئەوەی جێگەی سەرنجە بۆ من و تۆ ئێستا ئەوەیە هۆکاری سەرجەمی ئەو حاڵەتانە (تەنها یەکێکیان نەبێ لەبەرئەوەی چەندساڵێک لە پۆلی شەشەمدا ماوەتەوە) هیچ پەیوەندییەکیان بەقوتابخانەوە نەبووە. هۆکارەکان مەسەلەی شووکردن و خۆشەویستی بووە، مەسەلەی گرفتی خێزانی بووە، کەمدەرامەتی بووە، خۆبەختکردن لە ڕێگەی تەقینەوە، کە ئەمە دۆرکهایم زۆر لەسەری ڕاوەستاوە... هتد. بەدەر لەم گەنجانەش با چەند نموونەیەکی تریش بخەمە بەرچاو، گەنجێکی چەمچەماڵی لەبەرئەوەی تیپی بەڕازیل لە خولی هەشتەمی مۆندیالی ٢٠٠٦ دا بەتیپی فەرەنسای دۆڕاند، خۆی کوشت. ژنێک لەبەر قەرزی بەردەگا، یەکێکی دی لەبەر دوو ژنی، یەکێکی دی لەبەرئەوەی ئۆتۆمبیلەکەی ئاو بردی خۆی کوشت... هتد.

بەڵام ئەمە بەهیچ شێوەیەک ئەوە ناگەیەنێ کە قوتابخانە گوناهی نییە. هەندێک لە حاڵەتەکان شکی ئەوەیان لێ دەکرێ کە خەتای قوتابخانەشی تێدا بێ، بەڵام ئێمە دووبارە پێویستمان بەبەڵگە هەیە. ڕێژەی خۆکوژیی خوێندکاران زۆر ترسناکە و لەبەرز بوونەوەدایە. بەڵام لێرەدا لەوانەیە ئێمە تووشی گرفتی کۆمەڵایەتیی گەورەش بینەوە، ئەویش دوژمنداریییە. بۆ نموونە ئەگەر لێکۆڵینەوەکان دەریان خست کە ڤینۆس بەهۆی مامەڵەکردنی یەکێک لە مامۆستاکانەوە خۆی کوشتووە، ئەوە بەئەگەری زۆر کێشەکە دەبێتە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی

و لەوانەیە بەهەموو شێوەیەک هەوڵ بدرێ ئەو مامۆستایە بکوژرێ؛ چونکە لە وڵاتی ئێمەدا تاوەکو ئێستا نە یاسا سەروەرە و نە وشیاریی کۆمەڵایەتیش بەرزە. بەهەر حاڵ من لە دوا کتێبمدا هەوڵم داوە کەمێک لەسەر ئەو کەیسە کوردییانە بووەستم کە میدیاکان شتێکی زیاتریان لەسەر نووسیون نەک تەنیا وەکو هەواڵ باسیان کردووە.

خۆ ڕەنگە هەندێ حاڵەت هەبن ڕوونبن کە لە ئەنجامی مامەڵەکردنی قوتابخانەوە منداڵێکی دیاریکراو خۆی کوشتبێ یا هەوڵی داوە خۆی بکوژێ، بەڵام باس لەیەک دوو کەیس ناکەین بەڵکو ئێمە بەشێوەیەکی گشتی باس لە حاڵەتەکان دەکەین. هۆکارێکی تر کە وا دەکا هەموومان پەنجەی خەتاباری یا تاوانباری بۆ قوتابخانە درێژ بکەین ئەوەیە کە لە کاتی ڕووداوەکاندا قوتابخانەکان زۆر بێدەنگن و خۆیان دەشارنەوە و هیچ جۆرە لێکۆڵینەوەیەک لە حاڵەتەکان ناکەن و ئەگەریش بیکەن ئەو لێکۆڵینەوانەی ئەوان زۆر بێ بنەمان. من بەش بەحاڵی خۆم هیچ لێکۆڵینەوەیەکم بەمانای لێکۆڵینەوە بەرچاو نەکەوتووە.

## ئەی چارەسەر چییە؟

ئێمە دەبێ تا دەتوانین ڕەخنە بگرین و بەجۆرەها شێوە فشار بۆ دەزگاکان بهێنین بۆ ئەوەی بایەخ بەم لایەنە بدەن، لێکۆڵینەوەی نەوعی ساز بکەن، هۆکارەکانی خۆکوژیی منداڵ بۆ خێزانەکان و قوتابخانەکانیش ڕوون بکەنەوە، بەمەرجێک نابێ ئامانجی سەرەکیمان تاوانبارکردنی کەسەکان بێ.

من لەدوو سەفەری خۆمدا هەوڵێکی زۆرم دا بۆ ئەوەی ناوونیشانی





ئەو کەسانەم دەستکەوێ کە خۆیان کوشتبوو یا هەوڵی خۆکوژییان دابوو بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیەکیان لەگەڵدا ساز بکەم. لە بەرزترین کە ناڵەوە کە وەزارەتی پەروەردەیە هەوڵم دا تا هەوڵە تایبەتییەکانی خۆم تا کار گەشتە ئەوەی خۆم سەردانی هەندێک لە نەخۆشخانەکان بکەم، بەڵام هێندە ماندوو بووم وازم لەو کارە هێنا . بەڵام دەبێ هەوڵەکانمان بەردەوام بێ.

## هۆکارەکانی تری خۆکوژی چین؟

هەست دەکەم دەبووایە من هەر لە سەرەتاوە هەندێ پێناسەم پێت ڕابگەیاندایە بۆ ئەوەیە شتەکان لە شوێنی خۆیاندا جێگیر بکەین. بۆ نموونە پێناسەی خۆکوژی، بیری خۆکوژی، هەوڵی خۆکوژی، سیماکانی خۆکوژی. پێش هەموو شتێک مەبەستم لە خۆکوژی هەموو ئەو حاڵەتی مردنانەیە کە کەسێکی دیاریکراو تیایدا بەئەنقەست یا بەمەبەست زیان بەگیانی خۆی بگەیەنێ بۆ ئەوەی بمرێ. بیری خۆکوژییش هەموو ئەو حاڵەتانە دەگرێتەوە کە کەسێکی دیاریکراو لە ڕێگەی دەربڕینی چەند وشەگەلێک یا ڕستەیەک یا چەند ڕستەیەکی دیاریکراوەوە گوزارش لەوە بکا کە ئەو بەنیازە خۆی بکوژێ یا بەمەبەستی خۆکوژی زیان بەخۆی بگەیەنێ. هەندێجار ڕەفتارەکانی ئەو کەسە و گوزارشت لەو مەبەستە دەکا . هەندێجاریش مرۆڤ هەندێ سیمای دیاریکراو لەو کەسەدا بەدی دەکا کە گوزارش لەوە دەکا ئەو کەسە بیر لە خۆکوژی دەکاتەوە.

لە لایەکی ترەوە هەوڵی خۆکوژی هەموو ئەو هەوڵانە دەگرێتەوە کە کەسێکی دیاریکراو لە ڕێگەی کردەوەوە دەیدا بەمەبەستی ئەوەی خۆی

بکوژێ بەڵام ئەو هەوڵانە سەرناگرن و لە ئەنجامدا ئەو کەسە نامرێ. زۆر جار یەکێک بەشێوەیەک لە شێوەکان ئەم جۆرە هەوڵانە دەدا بۆ نموونە خۆی لەسەربان دەخاتە خوارەوە، خۆی دەخاتە ژێر ئۆتۆمبیلێکەوە، حەبێکی زۆر دەخوا، ژەهر یا هەر دەرمانێکی دەکەی کوشندە دەخوا، دەست لە کارەبا دەدا.... هتد بەڵام لە ئەنجامدا ئەو کەسە نامرێ.

بەڵام مەبەست لە سیماکانی خۆکوژی ئەوەیە بەر لەوەی منداڵێک خۆی بکوژێ زۆر جار هەندێ سیمای پێوە دیارە کە نیشانەی ئەوەن کارێکی لەو بابەتە بەڕێوەیە. ئەو کارە مەرج نییە هەموو کاتێک ئەنجام بدرێ. هەندێک لەو سیمایانە دەکرێ ئەمانەبن:

منداڵ وردە وردە خۆی لە کوڕ و قوتابخانە و... هتد دەدزێتەوە و خۆی گۆشەگیر دەکا، پلان بۆ خۆکوژی دادەڕێژێ؛ بۆ نموونە شتەکانی خۆی بەخەڵک دەدا، بەشتی خەتەرناک یاری دەکا، ژیانی خۆی دەخاتە مەترسییەوە... هتد. هەندێک سیمای تر بریتین لە بوونی گرفتی گەورە لە خێزاندا، تووشبوون بەخەمۆکی و پەرێشانی، بێ تاقەت بوونی منداڵ لە قوتابخانە. باسکردنێکی زۆری مردن یا خۆکوژی... هتد.

پەیامی خۆکوژی چەمێکی ترە کە بریتییە لەو پەیامانەی کە گوزارشت لەبیری خۆکوژی دەکەن و کەسێک لە وشیاری یا ناوشیارییەوە بەر لەوەی خۆی بکوژێ بۆ دۆست و هاوڕێ یا دەورووپشتەکەی ڕەوانە دەکا. ئەم پەیامانە وەکو زەنگی وریابوونەوە وایەو ئەو کەسە بەو مەبەستە ئەو پەیامانەی خۆی ئاشکرا دەکا بۆ ئەوەی دایباب یا دەورووپشت یارمەتیی بدەن یا ئەوان لەوە ئاگادار بکاتەوە کە کاری خۆکوژی بەڕێوەیە. هەندێک کەس ئەم پەیامانەی





دەکەن بەچەندین جۆری جیاوازەوە.

بەنیسبەت هۆکارەکانی خۆکوژییەوە بەشێک لە هۆکارەکان دەچنەوە سەر ئەو هۆکارانەی دۆرکهایم لە کتێبەکەی خۆیدا باسی کردووە. بەشێکی تریشیان پەیوەندییان بەشتی ترەوە هەیە. لێرەدا هەوڵ دەدەم بەشێک لە هۆکارەکان باس بکەم. هەندێجار کەسایەتیی منداڵ هەر لە منداڵییەوە لەبەر زۆر هۆکار لاوازە. ئەمە کارێکی وا دەکات کە منداڵ بەرگەی زۆر شت نەگرێ و لەبەردەم بچووکترین حاڵەتدا پەنا بۆ خۆکوژی ببا، چونکە منداڵ بیرکردنەوەیەکی زۆر سەیری هەیە و لەکاتێکدا هەست دەکا لە بارێکی دەروونی زۆر خراپدا دەژی و تەنیا چارەسەر خۆکوژییە. هەندێ منداڵی وردی دیکە پێیان وایە دوای مردنیش زیندوو دەبنەوە. لە لایەکی ترەوە بەپێچەوانەی زۆر بۆچوونەوە منداڵ هەر لە چەند مانگییەوە هەست بەزۆر شت دەکا و پێویستی بەپەیوەندییەکی زۆر تایبەت هەیە. بۆ تێگەیشتنێکی باشتر لەم تەوەرە هەندێک تیۆری و کار هەن لەپێش هەمووشیانەوە کارەکانی ستێرن، گانتریپ، ماهلەر... هتد. پێویستە بخوێندرێنەوە. لەم بوارەشدا پێویستە ئێمە سوود لە فرۆید وەربگرین. هەروەها ماریتا لینداڵ لە کتێبێکدا سەبارەت بەتایبەتمەندێتییەکانی منداڵی کۆرپە گەشتێکی بەرفراوانی بەنێو ژمارەیەکی زۆری لەو لێکۆڵینە تازانەدا کردووە کە باس لەم مەسەلەیە دەکەن.

هۆکارێکی تر بریتییە لە ڕۆڵی ئاین. ئەوەی پەیوەندیی بەباسەکەی ئێمەوە هەبێ تێڕوانینی تاکەکانی کۆمەڵگایە بۆ مەرگ. لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا مەرگ شتێکی پیرۆزە، چونکە مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ لای خوا و دوای ڕۆژی حیساب، ئیدی مرۆڤ لە بەهەشتێکی هەتا

هەتاییدا دەژیی. لە لایەکی تریشەوە مرۆڤ ژیانی ئەو بەهەشتەی لە ژیانی سەر زەوی پێ بەنرختترە، بۆیە هەمیشە لەناو کوڕ و کۆبوونەوەکاندا باس لە بێ بەهایی ئەم ژیانە دەکرێ.

منداڵ لە دوای گەورەکانەوە هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدا ببێتە خاوەنی هەمان تێڕوانین و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵ چیدی ئەم ژیانەی بەلاوە هێندە بەئەرزش نەبێ. ترسناکیی ئەم بیروبۆچوونە لەوەدایە هەرکات منداڵ خۆی لە کەشوهەوایەکی ناتەندروستدا بینیەوە، بۆ نموونە تووشی بێزاری و خەمۆکی هات، تووشی گرفتی بەزۆر بەشوودان هات، تووشی گرفتی ئاشکرابوونی پەیوەندییەکی خۆشەویستی هات، لە قوتابخانەدا تووشی گرفتێک هات.... هتد ئیدی ئەو بیروبۆچوونانە ڕێگە بۆ کاری خۆکوژی خۆش دەکەن. بەدەر لەمەش کاتێک گەورەکان بەو خۆشییە باس لە بەهەشت دەکەن و باسی بێزاریی خۆیان لەم ژیانە دەکەن، حەزێک لەناو منداڵدا دروست دەبێ بۆ ئەوەی هەرچی زووتر بەو بەهەشتە شاد بێ یا بیرێک لە لای سەر هەڵ دەدا کە پێی دەڵێن بیری خۆکوژی، چونکە کاری خۆکوژی بەدەر لەوەی منداڵ دەگەیەنێتە بەهەشت لەو گرفتەش کە خۆی هەیەتی ڕزگاری دەکا. ناجی لەم بوارەدا لێکۆڵینەوەیەکی سەرنجڕاکێشی لەگەڵ هەندێ منداڵی سەر بە هەندێ ئاینی جیاواز ساز کردووە.

هۆکارێکی تر بریتییە لە فاکتەری کۆمەڵایەتی و کێشەکانی ناو خێزان. منداڵانێکی زۆر هەن، سیمای خۆکوژییان پێوە دیارە، بەڵام گەورەکان لەبەرئەوەی شارەزا نین هەست بەو سیمایانە ناکەن. لە لایەکی ترەوە دایبابەکان بزانن یا نا هۆکارێکی ڕاستەوخۆی کوشتنی منداڵەکانی خۆیانن. من لە شوێنی تردا بەدرێژی لەسەر ئەم بابەتە ڕاوەستاوم.





هۆکارێکی تری هەراسانکردنی منداڵ بریتییە لە بەهەند وەرنەگرتنی تێڕوانینەکانی منداڵ لەبارەی مەرگەوە. من هەندێ نموونەم لە لایە ئاماژە بەوە دەکەن کە منداڵ لە تەمەنێکی دیاریکراودا وا دەزانێ دوای مەرگ زیندوو دەبێتەوە. لە لایەکی ترەوە بەپێی قۆناغەکانی گەشەسەندنی منداڵ لە لای پیاژێ، منداڵ لەهەر قۆناغێکدا لە ڕوویەکی دیاریکراوی وشەکان دەگا. بەشێوەیەکی تر منداڵ لەهەندێ قۆناغدا دەرک بەدیوی ناوەوەی وشەکان ناکا و تەنیا لەدیوی دەرەوەیان دەگا، بۆیە تێگەیشتنی دیوی ناوەوەی مەرگ لە لای ئەو منداڵانەی هێشتا نەگەشتوونەتە قۆناغی چوارەم یا بەلایەنی کەمەوە قۆناغی سێیەمیان تێ نەپەڕاندووە (بەپێی قۆناغی گەشەسەندنەکانی منداڵ لە لای پیاژێ کارێکی سەختە. بۆیە ئەو منداڵانەی لەبەر ئەم هۆکارە کۆتایی بەژیانی خۆیان دێنن، مانای وانییە ئەوان لەمەرگ گەیشتوون بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوان ڕەنگە هەر نەشزانن مەرگ یانی چی. قسە و ئاخاوتنەکانی ئەو منداڵانەی هەوڵی خۆکوژییان داوە و سەرکەوتوو نەبوون، ئەم ڕاستییە بەڕوونی دەردەخەن کە ئەوان کاتێک دەستیان داوەتە خۆکوژی بەشێوەیەکی تەواو سەیر و ناواقیعی لە مەرگ گەیشتوون.

هۆکارێکی تر کاریگەریی جیابوونەوەی ژن و مێردە. دایبابەکان لە کاتی جیابوونەوەدا گرفتی گەورە بۆ منداڵەکانیان دروست دەکەن. بۆیە منداڵ لەم حاڵەتانەدا بیر لە خۆکوژی دەکاتەوە بۆ ئەوەی خۆی لەو خەمە گەورەیە ڕزگار بکا. منداڵ لە کاتی جیابوونەوەدا بەتایبەت لە بەرامبەر هاوڕێکانی خۆیدا هەست بەشەرمەزارییەکی زۆر گەورە دەکا و هەندێ جار بیر لەوە دەکاتەوە خۆی بکوژێ بۆ ئەوەی چیتر لە

بەرامبەر ئەو حاڵەتانەدا قەرار نەگریّ. لە لایەکی ترەوە هەندیّ منداڵ بەرگەی ئەو دەنگەدەنگ و شەڕ و هەرایەی نێوان باوک و دایک ناگرن. تێگەیشتن لەو هۆکارانە هێندە قورس نین، چونکە گەورەکان لە بەرامبەر ئەم جۆرە گرفتانەدا خۆیان چۆک دادەدەن و هەرەس دەهێنن، ئەدی منداڵ چۆن تەحەمولی ئەو هەموو ئازارە بکا.

هۆکارێکی تر بێ سۆزکردن و پشتگوێخستنی منداڵە. گویّ لەم کچە ١٥ ساڵە بگرە چۆن گوزارش لە هەوڵەکانی خۆکوژیی خۆی دەکا:

«زۆر جار بیرم لەوە کردووەتەوە کە خۆم بکوژم، بەڵام هەرگیز جورئەتم نەکردووە. بەڵام ئەگەر یەکێک بەم زووانە یارمەتیم نەدا ئەوە لەوانەیە خۆم بکوژم. من پێم خۆشە ئەوە بزانم کە ئایا دایک و باوکم منیان خۆش دەویّ یا نا. ئەوان هەرگیز شتی وایان بەمن ڕانەگەیاندووە».

هۆکارێکی تر بریتییە لە تاقیکردنەوەکانی قوتابخانە. پیادەکردنی تاقیکردنەوەکان بەم شێوەیەی کە هەیە جۆرە فۆبیایەکی دروست کردووە کە من پێم وایە یەکێکە لەو هۆکارانەی لە پشتی خۆکوژیی هەندێک منداڵانەوە دەوەستیّ. بەڵام بۆ وردبوونەوە لەم مەسەلەیە پێویستمان بەلێکۆڵینەوە هەیە.

لەوتارێکی سمکۆ عەبدولکەریمدا هاتووە (هـ) کە تەمەنی ١٦ ساڵانە و لە یەکێک لە قوتابخانەکانی شاری هەولێردا دەیخوێند لە ڕێگەی خۆسووتاندنەوە کۆتاییی بەژیانی خۆی هێناوە. دوا قسەی ئەو خوێندکارە لە دوای خۆسووتاندنەکەیەوە ئەوە بووە کە بۆ مامۆستاکان دەریان نەچوواندووە. ئەم خوێندکارە بەدەر لەوەی ساڵی پاریش کە وتبوو، ئەمساڵیش لە شەش وانە کەوتبوو. لەهەمان وتاردا هاتووە کە





(س)ی تەمەن ١٥ ساڵە لەپاش ئەوەی لە شەش وانە دەکەویّ بەدەمانچە خۆی دەکوژیّ. بەڵام ئێمە هیچ سەرچاوەیەکی فەرمیمان لەبارەی ئەم دوو حاڵەتەوە دەست نەکەوتووە.

هۆکارێکی تر بریتییە لە تەنگ پێهەڵچنینی منداڵ. بەشێوەیەکی ڕوونتر کاتێک ئێمە تەنگ بەیەکێک هەڵدەچنین و هیچ ڕێگایەکی لەبەردەمدا ناهێڵینەوە، ناچار ئەو کەسە لەو کاتانەدا ئەگەر خۆشی نەکوژیّ ئەوە هەوڵ بۆ خۆکوژی دەدا. نموونە کاتێک پۆلیس یا پێشمەرگە تەنگ بەدزێک، بکوژێک، ڕاکردوویەک... هتد هەڵدەچنێت و بەدوایدا ڕادەکا دەبینین ئەو کەسە تا بتوانیّ ڕادەکات و هەر کات گەشتە قاتی سەرەوەی باڵەخانەیەک یا کە ناری دەریایەک... هتد یەکسەر ئەو کەسە هەوڵ دەدا لە ڕێگەی خۆ فڕێدانە خوارەوە یا ناو دەریاوە... هتد خۆی بکوژیّ. نموونەیەکی واقیعی کە من زۆر بەباشی لە هۆکارەکەی تیّ دەگەم، نموونەی ئەو دوو کچە کوردەیە کە خۆیان کوشت. ئەم دوو کچە پاش ئەوەی مامۆستاکەیان دەست بەسەر نامەی خۆشەویستییاندا دەگریّ، هەڕەشەی ئەوەیان لیّ دەکا کە بیداتە ماڵەوەیان خۆیان دەکوژن. ئەم دوو کچە بەئەگەری زۆر خۆیان لە هەمان حاڵەتدا بینیوەتەوە کە لە سەرەوە باسم کرد. ئێمە نازانین لەوانەیە باوکی ئەو کچانە زۆر عەشایەری و سونیەتی بووبن و بەبیستنی هەواڵێکی وا یەکسەر منداڵەکانی خۆیان بکوشتایە. ئەگەر واش نەبیّ ئەوە بەسە کە ئەو کچانە لەو ساتەدا بەو شێوەیە بیریان لە باوکیان کردبێتەوە. لەم حاڵەتدا ئەوان مردنیان بەچارەسەرێکی باش زانیوە، بۆیە خۆیان کوشتووە. تۆ لەوە بگەریّ ئەمە بیرکردنەوەیەکی دروستە یا نا، گرینگ ئەوەیە لەو ساتە وەختەدا ئەوان لە بارودۆخێکی سەختدا ئاوا بیریان کردووەتەوە. ئەگەر تۆ تاوەکو ئێستاش دوو دڵیت

با نموونەیەکی دیکەن بۆ بێنمەوە بۆ ئەوەی لەباری دەروونیی ئەم کچانە تێ بگەیت. وای دابنێ تۆ بەرپرسێکی گەورەی پێشمەرگەی ناوشاریت و لە سەردەمی بەعسدا خۆت بەدەمانچەیەکەوە لەبەردەم ئەمنەکانی بەعسدا دەبینیەوە. ئایا چی دەکەیت؟ بەلایەنی کەمەوە بەشێک لە ئێمە دەڵێ خۆم دەکوشت.

بەشێک لەو منداڵانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان بیریان لە خۆکوژی کردبووەوە هۆکارەکانیان بەڕادەی یەکەم بۆ لێدان و خەفەت و گرفت و مامەڵەی ماڵەوە دەگەڕاندەوە. بەڵام هۆکاری دووەم و سێیەم بەلای ئەوانەوە بریتی بوون لە لێدان و شکانەوەی مامۆستاکان لەگەڵ کەوتن لە تاقیکردەوەکان. بەهەر حاڵ ئەمانە بەشێک بوون لەو هۆکارانەی کە لە قۆناغی جودا جودادا لەوانەیە ببنە هۆی خۆکوژی منداڵ یا هەوڵدان بۆ خۆکوژی یا پتەوکردنی سیماکانی خۆکوژیی. سەبارەت بەبەشی کۆتاییی پرسیارەکەت کە ئایا باسێک لەمبارەیەوە لەناو کۆنگرەدا کرا یا نا، دەڵێم بەهیچ شێوەیەک هیچ باسێک لەسەر خۆکوژی منداڵان نەهاتە بەرباس.

**ئاشکرایە لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا، ڕۆڵی مامۆستا و بەڕێوەبەر بەجۆرێک لە جۆرەکان زۆر لایەنی خۆ فەرزکردن و بەگەورەزانینی پڕ ئیرادەیی پێوە دیارە. لە بەرامبەر ئەمانیشدا منداڵان و خوێندکاران بەگشتی وەک کەسانی بێ ئیرادە و تەنیا گوێگر و جێبەجێکەری فەرمانەکانی ئەوان نیشان دەدرێن. تۆ چۆن دەڕوانیتە ئەم بوارە؟ ئایا لە بارەی دیموکراتیزەکردنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنەوە، بەگشتی هیچ باسێک لە کۆنگرەدا کرا؟**





لە هەموو سیستمەکانی جیهاندا، مامۆستا و بەڕێوەبەر، مامۆستا و بەڕێوەبەرە و بەهەمان شێوەش خوێندکار خوێندکارە. بەڵام ئەوەی سیستمی ولاتە پێشکەوتووەکان لە ئێمە جیادەکاتەوە ئەوەیە، ئەوان ستروکتورێکی باشیان بۆ کارکردن هەیە. بەپێ ئەو ستروکتورە سنووری نێوان هەموو ئەکتوێر و بەشەکان دیاری کراون. بەهەمان شێوەش پەیوەندییەکانی نێوان بەشە هەمەجۆرەکان و کادیرەکانی ئەو بەشانە دیاری کراون. بۆیە ئەو تێکەڵوپێکەڵییەی لە وڵاتی ئێمەدا دێنە ئاراوە لەو وڵاتانە نایەنە ئاراوە و لە کاتی هەر گرفتێکیشدا بەئاسانی مرۆڤ دەتوانێت چارەسەرەکان بدۆزێتەوە؛ چونکە بنەمایەکی یاسایی هەیە ئەوان بۆی بگەڕێنەوە. ئێمە لە لایەک هاووڵاتی ڕۆژهەڵاتین و سیستمی بەرهەمهێنانی ئاسیایی تاوەکو ئێستاش بەسەرماندا زاڵە و لە هەندێک لە بڕگەکانی ژیانماندا کاریگەریی هەیە. دواتر تۆ ئەمڕۆ زۆر زۆر بەدەگمەن وەزارەتێک دەدۆزیتەوە کەستروکتوری کاری هەبێت یا ستروکتوری هاوچەرخی کارکردنی هەبێ. ئەم کارەش بەنیسبەت قوتابخانەکانەوە هەر وایە. زۆرێک لە شتەکان بەڕێنماییی زارەکی بەڕێگەوە دەچن و ئەوەی هەشە وەرگێڕانێکی ئەو دەقانەیە کە لە حکوومەتی عیراقەوە بۆمان ماوەتەوە کە من ناتوانم قبووڵی بکەم.

لە لایەکی ترەوە سیستمی پەروەردەییی عیراقی کە پاشخانێکی بەریتانیی هەیە، زۆر لایەنی بەو مەبەستە چاک کراوەتەوە کە ئەو پەیوەندییە ناتەندروستە بێنێتە ئاراوە کە ئەمڕۆ لە نێوان ئیدارەی قوتابخانەکان و خوێندکاراندا هەیە. ئەمە جگە لەوەی خودی سیستمی بەریتانی تاوەکو ئەمڕۆش بەبەراورد لەگەڵ سیستمە پەروەردەییەکانی تری ڕۆژئاوادا زۆر لایەنی هەیە کە پێویستیان

چاککردنەوە هەیە.

فاکتەرێکی گرینگی ئەو پەیوەندییەی تۆ باسی دەکەی دەسەڵاتە. لەو نێوەندەدا دەسەڵاتی قوتابخانە (مامۆستا و بەڕێوەبەرەکان) بۆ نموونە خۆیان لە چەند کردارێکی پراکتیکییانەدا بەرجەستە دەکەن. تۆ بڕوانە ئەوان بڕیار دەدەن و خوێندکاران دەبێ جێبەجێی بکەن، ئەوان فرمانی سەربازییی دەردەکەن و خوێندکاران دەبێ بڵێین بەڵێ. ئەوان هاوار دەکەن و خوێندکاران دەبێ بێدەنگانە سەر شۆڕ بکەن، ئەوان لێیان دەدەن و خوێندکاران دەبێ بەدەم گریانەوە بڵێن تۆ ڕاست دەکەیت، ئەوان دیانشکێننەوە و تەریقیان دەکەونەوە و خوێندکارانیش دەبێ چاو شۆڕ بکەن، ئەوان پێیان دەڵێن سەگباب و قەحبەباب و خوێندکاران دەبێ بەشێوەیەک لە شێوەکان بڵێن ڕاستە باوکمان سەگە، ئەوان دەڵێن ئێوە کچینە بۆ کوڕان خۆتان جوان دەکەنەوە یا بۆ ئەوەی کوڕان بخەنە...... و خوێندکارانیش دەبێ بڵێن هەرچی ئێوە دەیڵێن ڕاستە. تەواوی ئەمانە جۆرێکن لە هەراسانکردنی خوێندکاران، چونکە هەردوو مەرجی سەرەکیی هەراسانکردنییان تێدایە ئەویش دووبارەبوونەوەی کردارەکان و ناهاوسەنگییی هێزەکانیش لە نێوان خوێندکاران و مامۆستاکان یا بەڕێوەبەرەکاندا. لە لایەکی ترەوە ئەمە شتێکی بەڵگەنەویستە کە ئەم کردارانە بریتیین لە مامەڵەکردنێکی نێگەتیڤانەی منداڵان بەبێ ئەوەی ویستی خۆیانی تێدا بێ.

ئێمە دەتوانین هەتا تۆ دڵت بخوازێ لەسەر ئەمە بەردەوام بین بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندییە ناهاوسەنگە بخەینەڕوو. خاڵێک کە لێرەدا گرینگە ئێمە ببینین ئەو لاسەنگییەیە کە لایەنی یەکەم بەئارەزووی





خۆی هەموو شتێک دەکا و دەڵێ بەبێ ئەوەی لایەنی دووەم بۆی هەبێ لە ئاستی ئەو کردار و قسانەدا هیچ هەڵوەستەیەک بکا. ئەمە بەنیسبەت لایەنی دەرەوەی ئەم دیاردەیە، بەڵام گرفتەکان تەنیا لەوێدا نین، بەڵکو لە لایەنی ناوەوەی لە کارەکتەری خوێندکاران دایە. لەبەر نەبوونی ئەو دەرەفەتەی کە ئەوان بتوانن تیایدا قسەی خۆیان لەسەر ئەو بڕیارانەی قوتابخانە بکەن، بۆیە هەموو کاردانەوەکانی خۆیان دەبەنە ناخەوە. گەیشتن بەم حاڵەتە ئاستێکی خەتەرناکە بۆ دیاریکردنی ئاسۆی پەیوەندییەکانی نێوان هەموو کارەکتەرەکانی ناو قوتابخانە.

بەشێک لەو کاردانەوانە کە من دەمێکە مەترسیم لێیان هەیە و ئاشکرام کردووە دیاردەی هەراسانکردنی پێچەوانەیە، واتە خوێندکاران دەست بەهەراسانکردنی مامۆستاکانیان بکەن. ئەگەر چاوێک بەڕۆژنامەکاندا بگێڕێ دەبینی لێرەو لەوێ، چەند خوێندکارێک لە مامۆستاکانیان دەدەن یا هەڕەشەیان لێ دەکەن یا ڕێگەیان پێ دەگرن و بێ حورمەتییان پێ دەکەن. سەرجەمی ئەمانەش دەچنە ژێر چەمکی هەراسانکردنەوە. بۆیە ئەگەر بێت و ئێمە لەم بوارەدا بیر لە گۆڕانی ستروکتوری پەیوەندییەکانی خۆمان لەگەڵ خوێندکاراندا نەکەینەوە ئەوە هەراسانکردنی مامۆستاکان پێ دەنێتە قۆناغێکی خەتەرناکەوە. ئەم قۆناغە بریتییە لەبڕەودان بەهەراسانکردنی مامۆستایان و بەکارهێنانی توندوتیژی لە ئاستیاندا. ئەمەش بەشێوەیەک لە شێوەکان نیشانەی تێکچوونێکی گەورەی سیستمی پەروەردەییی ئێمەیە.

من پێم وایە ڕێزی مامۆستا دەبێ بپارێزرێت، چونکە نەمانی ئەو

ڕێزە زۆر شت دەگۆڕێ کە نە لە بەرژەوەندی مامۆستا و نە لە بەرژەوەندی خوێندکاریش دایە. بەڕای مارە تام، بەکارهێنانی توندوتیژی لە بەرامبەر مامۆستادا مانای پچڕانی پەیوەندیی نێوان مامۆستا و خوێندکار دەگەیەنێ. ئەم پەیوەندییە کە لە بنەڕەتدا لەسەر ڕێزگرتن و قبووڵکردنی یەکتر وەستاوە لەهەمان کاتیشدا یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی کاری قوتابخانە. هەر لەم بوارەدا ڤێستەرمارک پێی وایە «هەتا ئەوکاتەی ڕێز لە مامۆستا بگیرێ قوتابخانە جێگایەکی ئارامە، بەڵام هەرکات توندوتیژی لە بەرامبەر مامۆستادا بەکارهێنرا ئەوا ڕێزگرتن لە مامۆستا لە شوێنی خۆیدا نامێنێ و باوەڕپیشمان بەقوتابخانە وەکو ئارامترین ڕێکخراوی کۆمەڵگا گەورەترین درزی تێ دەکەوێ». ئەم کارەش مانای وایە دەسەڵات لەدەستی مامۆستاوە دەگوێزرێتەوە بۆ دەستی کۆمەڵێک هەرزەکار یا بەشێوەیەکی دی دەسەڵاتی بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردن لە دەستی ئەو هەرزەکارانەدا دەبێ. جا بۆ ئەوەی ئێمە نەگەینە ئەم حاڵەتە دژوارە دەبێ پەیوەندییەکانی خۆمان لەگەڵ خوێندکارەکاندا لەسەر بنەمای ڕێزگرتن چاک بکەینەوە.

لە کاتی کۆنگرەدا زیاتر لە گرووپێک هەبوو باسیان لە گیرگرفت و پەیوەندییەکانی خوێندکاران دەکرد و باسیان لە پێشنیار و ڕاسپاردەی جۆراوجۆر دەکرد. شتێکی بەڵگەنەویستە کە مامۆستایان و بەڕێوەبەرەکان و یارمەتیدەرەکانیان ڕۆڵێکی یەکجار گەورە لە ژیانی قوتابخانەدا دەگێڕن. ئەگەر ئێمە بەڕێوەبەرێکی باشمان هەبێ، ئەوە دەتوانین قوتابخانەیەکی باش بەو هەموو مامۆستا و خوێندکارانەوە دابین بکەین. بەڵام تاوەکو ئێستا گرفتی بەڕێوەبەری باشمان هەیە. لە





چەند گرووپێکی تریشدا باس لە بەڕێوەبەر و پەیوەندییەکانی بەڕێوەبەر و مامۆستاکان کرا و ڕاسپاردەی جۆراوجۆر بەرزکرانەوە، کە لەوانەیە شتێکی گۆڕانکاری بخاتەوە، بەڵام هێشتا زووە بۆ ئەوەی باس لە پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی پەیوەندییەکانی ناو قوتابخانە بکەین، بەو جۆرەی تۆ مەبەستە. من هەمیشە گەشبینم، بەڵام ڕەوتی کار لە کوردستان زۆر خاو و بەستروکتورێکی ناهاوسەنگ بەڕێوە دەڕوا.

**مەسەلەی تێکەڵکردنی ئاین لەگەڵ وانەکان و بەگشتی لەگەڵ پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا بەبڕوای ئێمە یەکێکە لە کێشەکانی ئەم پرۆسەیە. لە جیاتی گێڕانەوەی هۆکاری زۆرێک لە ڕووداوەکان بۆ سەرچاوە زانستییەکان، زۆر جار پەنا دەبرێتە بەر باسی مەسائیلی خورافی و نازانستی. بۆ نموونە ماددەی فیزیا و ماتماتیک کە دوو ماددەی تەواو زانستین. زۆرجار مامۆستا بۆ فێرکردن و تەنانەت بۆ دەسنیشانکردنی هۆکارەکانیش پەنا دەباتە بەر هێزێکی میتافیزیکی. ئایا لە کۆنگرەی پەروەردەییدا قسەوباس چووە سەر ئەم تێکەڵ کردن و ئەم لایەن و کێشەیەی پرۆسەی پەروەردە؟ ئایا هیچ باسێک لەسەر بەعەلمانی کردنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن کرا؟**

نا، کۆنگرە بەو شێوەیە لەم بابەتە نەدوا و من پێم وانییە بەم زووانە باسێکی وا بێتە ئاراوە، چونکە مەسەلەی بەعەلمانیکردن پرۆسەیەکی سەخت، بەڵام مەحاڵیش نییە. دەمەوێ ئەوەش یاداشت بکەم کە من بۆ ئەم بابەتە و هەموو بابەتەکانی تریش لێرەدا تەنیا باس لە ڕۆژانی

کۆنگرە دەکەم، چونکە کارێکی زۆری تر پێش کۆنگرە کراوە و من بەشداریم تێدا نەکردووە. بەڵام ئەوەی جێگەی خۆشحاڵی بوو لەناو کۆنگرەدا کۆدەنگییەکی باش هەبوو بۆ گۆڕینی وانەی پەروەردەی ئاینی بۆ زانستی ئاین، یا هەر شتێکی دیکەی لەم بابەتە، کە بەڕای من هەنگاوێکی زۆر گرینگ بوو. بەواتایەکی تری ئەو کۆدەنگییە پێی خۆش بوو لە پاڵ ئاینی ئیسلامیشدا ئاینەکانی تریش بخوێندرێن. لەگەڵ ئەمەشدا، هەندێ دەنگی کەمیش هەبوون کە دژ بەم مەسەلەیە بوون. من بەتەواوی ڕێز لە بیروبۆچوونەکانی ئەم گرووپە دەگرم و لە نیگەرانییەکانیانیش تێ دەگەم، چونکە ئاسۆی بینینی مەسەلەکان لە لای ئەم گرووپە لەبەر نەشارەزایی زۆر تەسکە. بەلای ئەمانەوە خوێندنی ئاینەکانی تر مانای وایە کە بایەخێکی کەمتر بەئیسلام دەدرێ.

لە لایەکی ترەوە هەر کە باس لە عەلمانیکرن دەکرێ ئەوان پێیان وایە تۆ دژی ئاینی ئیسلامیت. ئەم لەیەگ تێنەگەیشتنە خەتای ئەم گرووپەی تێدا نییە، بەڵکو سیستمی پەروەردەیی و سیاسیی ئێمە ئێمەی وا پەروەردە کردووین. دەبێ ئێمە بۆ ئەو گرووپەی ڕوون بکەینەوە کە بەعەلمانیکردن، مانای سڕینەوەی ئاینی ئیسلام نییە، بەڵکو مانای ئەوەیە هەموو شتێک دەکرێ بۆ ئەوەی تۆ ئاینی ئیسلام و ئەوانەی تریش بەشێوەیەکی زانستی بخوێنی. مانای ئەوەیە تاوەکو ئێستا خوێندنی ئاینی ئیسلام بەشێوەیەکی شێوێندرا و یا خراپ بەڕێوە چووە، بۆیە دەبێ بەیەکەوە کارێکی وا بکەین کە حورمەت بۆ ئاین بگەڕێنێنەوە. خاڵێکی گرینگی تر لە مەسەلەی عەلمانیکردن ئەوەیە ئێمە بەیەک چاوەوە تەماشای خوێندنی ئاینەکان بکەین. واتە





دەبێ هەموو یا زۆرینەی ئاینەکانی تریش بخوێنین بۆ ئەوەی زانیاریمان لەسەریان هەبێ، بۆ ئەوەی لە خۆمانەوە قسە بەم یا ئەو ئاینە نەکەین. لە هەمووشی گرینگتر ئەوەیە، ئێمە بەپێوەرێکی زانستی ئەم کارانە دەکەین و هەوڵ دەدەین هەموو ئاینەکان لە ئەرشیفێکی زانستیدا بپارێزین. ئەگەر لەم قۆناغەدا توانیمان ئەوەندە ڕوون بکەینەوە ئەوە لە قۆناغی داهاتوودا دەتوانین کار لەسەر بڕگەکانی دیکەی عەلمانیەت بکەین.

ئەم هەنگاوەی کۆنگرە بەڕای من، هەنگاوێکی زۆر گرینگ بوو؛ چونکە چەندین دەرهاوێشتەی باش و کاریگەریی گەورەی بەسەر خوێندکارانەوە دەبێت. لێرەدا دەکرێ هەندێ خاڵ یاداشت بکەین، بۆ نموونە، خوێندنی ئاینەکانی تر شارەزایی خوێندکاران لەسەر ئەو ئاینانە زیاد دەکا. بەم شێوەیەش ئەو ناحاڵیبوونەی جاران لەئارادا هەبوو کاڵ دەبێتەوە. خاڵێکی دیکە ئەوەیە، لە ڕوانگەی زانستییەوە چۆن ئێمە ناتوانین گاڵتە بەزانستی فیزیا بکەین، بەهەمان شێوە ناکرێ ئێمە ئاینەکانی تر بەکەم بزانین، لەبەرئەوەی ئێمە موسڵمانین. ڕەنگە ئێمە لەڕواڵەتدا نکۆڵی لەمە بکەین، بەڵام لە ژیانی ڕۆژانەدا مەسیحییەکان و جوولەکەکان بەکەمتر دەزانین و نازناوی کافر و گاور و.... هتد لێ دەنێین.

خاڵێکی دیکە ئەوەیە ئێمە دەبێ بەیەک چاو تەماشای هەموو ئاینەکان بکەین. لە ڕوانگەی خودا ناسیشەوە ناکرێ مرۆڤێکی خوداناس ئاینەکەی خۆی بەرزتر ڕابگرێ و ئەوانی تر تووڕ هەڵدات. ئەوانی تریش ئاینی خوداین و پێغەمبەرەکانیش خوداین. دەرهاویشتەیەکی ئەم فرە ئاینییە ئەوەیە ئێمە دەمار گرژیمان

بەرامبەر بەنەتەوە و ئاینەکانی تر کەم دەبێتەوە و زیاتر لەیەک تێ دەگەین و یەکتری قبووڵ دەکەین.

بەڵام لێرەدا دەبێ دوو خاڵی گرینگ دەسنیشان بکەین. یەکەم دەبێ ئەو کتێبە نوێیەی ئاین بەشێوەیەکی باش دابڕێژرێ و بنووسرێتەوە کە لەگەڵ زانستی ئایندا بگونجێت. نابێ لەهیچ شوێنێکدا ئاینێک لە ئاینێکی دیکە بەباشتر دابنرێ. دووەم خاڵ بریتییە لە ڕاهێنانی مامۆستاکانی وانەی ئاین. ناکرێ دوای ئەم گۆڕانکارییەش دوای خوێندنی هەر ئاینێکی بڵێین ئەم ئاینە باشە، بەڵام ئاینی ئیسلام لە هەموویان باشترەو مەحەممەد لە هەموو پێغەمبەرەکانی دیکە باشترە. من پێم وایە نابێ ئەرکی مامۆستا بەشێوەیەکی گشتی ئەوە بێ ئەم یا ئەو ئاینە بەباشتر بزانێ. من لە بواری وانەکانی تریشدا ئەو ڕایەم هەیە کە ئەم کارە کاری مامۆستا نییە، بەڵکو کاری خودی خوێندکارانە ئەو بابەتانە هەڵبسەنگێنن. ئەگەر مەسیحییەکان بڵێن ئاین و پێغەمبەری ئێمە لەوەی ئێوە باشترەو ئێمەش بڵێین نەخێر ئەوانەی ئێمە باشترن و جوولەکەکان و ئەوانی تریش بەهەمان شێوە کە واتە ئێمە بەرەو دوا هەنگاو دەنێین.

**گۆڕانکاری لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا بەڕای ئێمە ناتوانێ سەرکەوتوو بێ ئەگەر باس لە باشکردنی ژیان و گوزەرانی مامۆستایان و بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری و زانستیی ئەوان نەکات؟**

لەم بوارەدا خەمت نەبێ ئەگەر ئەو کادیرانە بەرگری لەو بابەتە نەکەن، ئەوە گوناهی خۆیانە. لیژنەیەکی تایبەت هەبوو بۆ لێکۆڵینەوە و





باسکردنی ئەو بابەتە و توانیی ڕاسپاردەی باش لەبارەی گوزەران و پێگەیاندنی مامۆستایانەوە پێشکەش بکا. من هیوادارم وەزارەتی پەروەردە ئەو ڕاسپاردانە بەهەند وەربگرێ، چونکە بەبێ ئەوان هیچ کارێک سەرکەوتوو نابێ. باشترکردنی ئاستی زانستی مامۆستاکان بەزانست و شێوە کاری هاوچەرخ پێویستییەکی حەتمییە لەم کاتەدا، بەڵام ئەوەی تاوەکو ئێستا دەکرێ ئەوەیە هەندێ ڕابەرو کادیری کۆن بەزانستی کۆنەوە خولەکانی پێگەیاندنی مامۆستایان بەڕێوە دەبەن. ئەمەش جۆرە ڕاوەستانێکە لەجێگەی خۆمانداو مامۆستاکان دەخاتە ناو بازنەیەکی بەتاڵەوە.

**لە هەمان کاتدا گۆڕانکاری بەبێ گۆڕینی شێوازی وانەوتنەوە و دابینکردنی ئامراز و هۆکارەکانی فێرکردن و بەبێ دابینکردنی پێداویستییەکانی خوێندکاران و قوتابخانەکان، ناکرێ گۆڕانکارییەکان کامڵ و سەرکەوتوو بن. بۆچوونی بەڕێزتان لەم بارەوە چییە؟**

بەنیسبەت بەشی دووەمی پرسیارەکەتەوە هەرچەندە پێداویستییەکان یەکجار زۆرن، بەڵام وەزاەتی پەروەردە وردە وردە دەستی بەهێنانی کە مێک پێداویستی کردووە کە هێشتا لەهیچەوە دیار نین. بەڵام بەنیسبەت شێوازەکانی وانەوتنەوە کە من حەز دەکەم لەژێر چەتری زانستی وانەوتنەوەدا (دیداکتیک) کۆی بکەمەوە پێویستمان بەڕاوەستانێکی جیدی هەیە.

زۆر بابەتی باش لەو دوو کتێبەدا باس کراون (ڕاپۆرتەکانی کۆنگرەی پەروەردەیی و پێشنیارو ڕاسپاردەکان بۆ کۆنگرەی

پەروەردەیی» کە بەر لەدەستپێکی کۆنگرە، ئامادە کرابوو. بەڵام بەهیچ شێوەیەک دیداکتیک نەبووە تەوەرێکی تایبەت کە کاری لەسەر بکرێ و باس بکرێ. نەک ئەمە بەڵکو ئەگەر تۆ چاوێک بەپێرستی ئەو کتێبانەدا بگێری هیچ شتێک لەو بارەیەوە نابینیت. من بەر لەدەستپێکردنی کۆنگرە بەشەش مانگ بابەتێکم لەسەر گرنگی ئەم بابەتە بڵاوکردەوەو تیایدا باسم لەو تەوەرە کردبوو کە لەکۆنگرەدا ونبووە. بەڵام بەداخەوە کۆنگرە تیشکی نەخستە سەر ئەم بابەتە. بۆ ڕوونکردنەوەی گرنگیی ئەم بابەتەش حەز دەکەم هەندێ خاڵ یاداشت بکەم.

تازەکردنەوەی شێوازەکانی وانەوتنەوە زۆر لەتازەکردنەوەی مەنهەجەکان گرینگترە کە تەوەری ژمارە یەکی بۆ دانرابوو. سەرجەمی ئەو فۆرمە هاوچەرخانەی ناو زانستی وانەوتنەوە Didactic بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ مرۆڤێکی لەخۆبوردوو، ڕەخنەگر، ڕێزگرتوو لەبیروبۆچوونە جیاوازەکان... هتد دێننە ئاراوە. پیادەکردنی ئەو فۆرمانە هیچ پەیوەندییەکی بەخوێندکارەکانمانەوە نییە کە ناتوانن کارێ پێ بکەن، بەڵکو زیاتر پەیوەندیی بەگەورەکانەوە هەیە کە شارەزای ئەو فۆرمانە نین و هیچ لایەنێک یارمەتییانی نەداوە کە شاەزای بن.

ئاسانترین فۆرمێک کە بەم دواییە باسی لێ دەکرێ کاری گرووپە، بەڵام ئەم فۆرمە نە بەتەواوی کاری پێ کراوە و نە شێوازەکانی پیادەکردنیشی دیاری کراون. کاری گرووپ شێوازێکی زۆر گرینگە بۆ توێژینەوەی زانست و بۆ پەرەسەندنی تواناکانی خوێندکاریش. بەپێی ئەم فۆرمە خوێندکاران لە ناو گرووپی بچووک بچووکدا بابەتێک تاوتوێ دەکەن بۆ ئەوەی دواتر بۆ مامۆستا یا پۆلەکەی شی بکەنەوە.





خاڵی سەرەکی لێرەدا بریتییە لە قبووڵکردنی بیروڕا جیاوازەکان و ڕەخنەگرتن لە بابەتەکان نەک لە کەسەکان. شێوازەکانی پیادەکردنی ئەم فۆرمە یەکجار زۆرن.

فۆرمێکی تر بریتییە لەکاری پرۆژە Project Method. ئەم فۆرمە کە لە ١٨٠٠ کاندا لە قوتابخانە کشتوکاڵییەکانی ئەمریکاوە سەری هەڵدا تاوەکو ئێستاش کاری پێ دەکرێ، بەڵام شێوازەکانی کارکردنی هەندێ گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لەم بوارەدا بۆچوونەکانی کیل پاتریک لەهەموو یەکێکی تر زیاتر ڕەواجیان هەیە. ئەم فۆرمە زیاتر پێ لەسەر کارە پراکتیکییەکان دادەگرێ و لەناو پەروەردەی پرۆگرەسیڤ و پەروەردەی ڕیفۆرمدا Progressive & Reform Pedagogic خۆی جێگیرکردووە. لێرەدا مامۆستا زیاتر خەریکی ئەوەیە ڕێنمایی و زانیاری بەخوێندکاران بدا کە چۆن پرۆژەکەیان تەواو بکەن. خوێندکاران فێری ئەوە دەبن کە چۆن لەکارەکانیاندا پشت بەخۆیان ببەستن، سەرچاوەکان بەکاربهێنن، یارمەتیی یەکتر بدەن، چۆن فێری نووسینەوەی ڕاپۆرتی زانستی ببن،... هتد. فۆرمێکی تر بریتییە لەدەسنیشانکردنی تەوەرەکانی بیرکردنەوەی منداڵان لە ئاستی بابەتێکی دیاریکراو کە دەکرێ بەکوردی پێی بڵێین نەخشەی بیرکردنەوەکان یا Main Map.

فۆرمێکی تر بریتییە لەکاری تیما. بەشێوەیەکی تر ئەگەر نموونەی ئەدەب وەربگرین، دەتوانین بڵێین لەبری ئەوەی خوێندکاران ژیان و بەرهەمی ٢٠ شاعیر بخوێنن، دەتوانن تیمای خۆشەویستی، یا ڕق، نیشتیمانپەروەری... هتد لە لای ئەو شاعیرانە بخوێنن. ئەم میتۆدە زیاتر بەمەبەستی قووڵبوونەوە لە لایەنێک یا بابەتێک بەکار دێ.

فۆرمێکی تری کارکردن بریتییە لەمیتۆدی کەیس Case Method. واتە بابەتێکی دیاریکراو ئامادە دەکرێ و هەموو خوێندکاران بەباشی دەیخوێننەوەو دواتر شرۆڤەی دەکەن. زۆر گرینگە لێرەدا کە مامۆستا تەنیا گفتوگۆکان بجووڵێنێ و لەهەر کوێیەک وەستان زیندوویان بکاتەوە. فۆرمێکی تر پاپەندە بەوەرگرتنی گرفتێک و هەوڵدانی خوێندکاران بۆ شرۆڤەکردن و چارەسەرکردنی بەچەندین ئەلتەرناتیڤی جیاواز. ئەم فۆرمە پێی دەڵێن Problem-Based Learning.

دیداکتیکی نوێ، گرفتە سەختەکانی زانستە سرۆشتییەکانیشی دەستنیشان کردوون. بونیادگەراکان لەم بوارەدا کارێکی زۆریان ئەنجام داوە.. ئەوان ئەوەیان سەلماندووە کە خوێندکار دەتوانێ خۆی خۆی فێر بکا و مامۆستاش دەتوانێ ڕێگای پێ پیشان بدا.

بۆ سەرکەوتنی سەرجەمی پرۆسەکە دەبێ ئێمە سوود لە «قۆناغەکانی ئازادی یا سەربەستی» ببینین و بەر لەکارکردن دەبێ هەر سێ قۆناغەکان (دەسنیشانکردنی گرفت، شێوازی کارو ئەنجام) بۆ منداڵەکانمان دەسنیشان بکەین.

ئەمە تەنیا بەشێکی زۆر بچووکی ئەم زانستەیە کە دەتوانێت پەلوپۆ بۆ زۆر بواری تریش بهاوێ. پیادەکردنی دیداکتیکێکی هاوچەرخ مانای پیادەکردنی بنەماکانی پیاژێ و دیڤی و سکینەرو... هتد. سێبەری ئەم پیاوانە هێشتا بەسەر سیستمی پەروەردەیی ئێمەوە دیار نییە لەکاتێکدا بەسەر سیستمی سەرجەمی وڵاتە ڕۆژئاواییەکانەوە بەتۆخی دیارە. بۆیە باس نەکردنی ئەم بابەتە لەکۆنگرەدا نیشانەی لاوازییەکی گەورەیە بەسەر سیستمی پەروەردەیی ئێمەوە.





**گرنگترین بڕیارو بڕیارنامەکانی کۆنگرە چی بوون؟ لەگشتدا پێت وایە کە ئەم کۆنگرەیە سەرکەوتوو بوو؟ ئایا دەتوانین لەم بوارەدا کۆنگرە بەجێگەی ئومێدو هەوڵێکی مێژوویی لەقەڵەم بدەین؟**

بەشێوەکی گشتی کۆنگرە هیچ بڕیارێکی دەرنەکرد، بەڵکو تەنیا کۆمەڵێک ڕاسپاردەی لەگرووپەکانەوە وەرگرت. کۆنگرە لەدوا ڕۆژدا شەرعیەت و دەسەڵاتی ئەوەی وەرگرت کە کار بکا بۆ ئەوەی ڕاسپاردەکان بخاتە مەیدانی کارکردنەوە. سەبارەت بەکارەکانی کۆنگرەش دەبێ ئێمە جیاوازی لە نێوان دوو شتی جودادا بکەین: کارەکانی کۆنگرەو گۆڕانکارییەکان کە دواتر لەسیستمی پەروەردەییدا دێنە کایەوە. سەبارەت بەکارەکانی کۆنگرە من لەهەموو دیدارەکانی خۆمدا بەپۆزەتیڤ لەقەڵەمم داوەو پێشم وایە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ کۆنگرە پەروەردەییەکانی ڕابردوودا هەبوو. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە هاتنەدیی گۆڕانکارییەکان شتێکی حەتمییە. هەچ گۆڕانکارییەک دوای کۆنگرە بێتە ئاراوە یا نەیەت، ئەوە پەیوەندیی بەوەزیری پەروەردەوە هەیە کە چ بڕیارێک دەردەکات و دەیەوێ چی بوارێک بگۆڕێ؟ . دواتر چ تیمێک لەم بوارەدا هاوکاریی وەزیر دەکا؟ ئایا تەنیا پشت بەتواناکانی ناخۆ دەبەستێ یا لەبەر ڕۆشنایی سیستمە پێشکەوتوو هاوچەرخەکانەکان و قوتابخانە پەروەردەییەکاندا گۆڕانکارییەکان دەکا؟ چ خشتەیەکی زەمەنیی بۆ ڕاپەراندنی کارەکان هەیە؟ دواتریش چ ستروکتورێکی کارکردن پیادە دەکا و چەند لایەن هاوکاری یا دژایەتیی دەکەن؟

تاوەکو ئێستا مانگێک بەسەر کۆنگرەدا تێ پەڕیوەو هیچ دەلالەتێک نییە بۆ ئەوەی ئێمە ڕەشبین بین، بەڵکو بەپێچەوانەوە من گەشبینم بەگۆڕانکارییەکان؛ چونکە چەند ڕۆژێک دوای کۆنگرە هەندێک بڕیارو هەوڵدان لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە دەرچوون و ڕوون کرانەوە کە نیشانەی پۆزەتیڤن. بۆ نموونە لەیەکدانی قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی، هەڵگرتنی تاقیکردنەوەکانی شەشەمی سەرەتایی، هەوڵدان بۆ گۆڕینی تاقیکردنەوەکانی بەکەلۆری پۆلی نۆو پۆلی شەشەمی ئامادەیی. جیاکردنەوەی پۆلی پێنجەم و شەشەمی ئامادەیی بەدوو ئاراستەدا بۆ ئەوەی ئەو خوێندکارانەی بەتەمای کۆلیژە زانستیەکانن هەر لەسەرەتاوە ئەو بەشە هەڵبژێرن کە بۆ ئەوان تەرخان کراوەو ئەوانەش کە بەتەمای کۆلیژە مرۆڤایەتییەکانن، بەشەکەی تر هەڵبژێرن. گۆڕینی سیستمی تاقیکردنەوەکانی سەرەتایی، گۆڕینی شێوەی پرسیاری تاقیکردنەوەکانی سەرەتایی، بەکارهێنانی سیستمی هەڵسەنگاندن لەبری سیستمی نمرە لەهەندێ قۆناغدا، بەزارەکی بوونی تاقیکردنەوەکان لە پۆلی یەکەم تا سێیەمی سەرەتایی، خوێندنی هەندێ زمانی بێگانە لەسەرەتاییدا..... هتد.

**بەبڕوای تۆ میکانیزمی جێبەجێ کردن و پەرۆشی بەسەرەنجام گەیاندنی ئەو بڕیارو بڕیارنامانە چین و چەندە هیوا بەخشن؟**

لەراستیدا هەرچەندە پێشنیارو ڕاسپاردەی جوان بۆ کۆنگرە ئامادە کرابن، بەڵام ئەگەر ئەو ڕاسپاردانە بەشێوەیەکی باش میکانیزمێکی مۆدێرنی کارکردنیان بۆ دانەنرێ، ئەوە ئەم کۆنگرەیەش لەوانەیە وەکو ئەوانی تری لێبێ. تاوەکو ئێستاش هیچ میکانیزمێک ئاشکرا نەکراوە.





بەشێوەیەکی گشتی من چارەسەری ئەم گرفتە بەم شێوەیە دەبینم:

دەبێ وەزارەتی پەروەردە خشتەیەکی زەمەنی بۆ خۆی دابنێ؛ چونکە هەموو ئەو گۆڕانکارییانە نزیکەی پێنج ساڵیان دەوێ. دواتر دەبێ لیژنەیەکی زۆر بەتوانا لەکادیرە هەرە شارەزاو ڕیفۆرمخوازەکانی ناوەوە دەرەوەی کوردستان پێک بهێنرێ کە بواری کارکردن و خوێندنیشیان پەروەردە بێ. چونکە من پێم وایە تواناکانی ناوخۆی کوردستان لەتوانایاندا نییە بەتەنیا ئەو ئەرکە قورسە بەجێبگەیەنن، چونکە زانستی تازە لەناوخۆدا شتێکی دەگمەنە. قورسییەکەی لەوەدایە زانستی تازە لەناوخۆدا دەست ناکەوێ، ئەمەش ئەوەندەی پەیوەندیی بەخودی زانستەکانەوە هەیە پەیوەندی بەکەسەکانەوە نییە. لەوانەیە ئەم قسەیە هەندێک خەڵک تووڕە بکا بەڵام ئەمە قسەی بەرپرسە هەرە بەرزەکانی بواری پەروەردەیە لەکوردستانداو منیش چەندین ساڵە ئەو قەناعەتەم هەیە. هەرچۆنێک بێ ئەمە ڕای تایبەتی خۆمە لەسەر چارەنووسی ڕاسپاردەکانی کۆنگرە. سووربوونی حکوومەت و وەزارەتی پەروەردەش بۆ گۆڕانکاری و تەرخانکردنی پارەیەک بۆ ئەو مەسەلەیە وامان لێ دەکا بڵێین بەدروستکردنی ئەو تیمە پسپۆڕە ئاسۆیەکی گەش چاوەڕوانی ئەو ڕاسپاردانە دەکا. من پێم وایە شتێکی دروست نییە هەر لەئێستاوە باس لەسەرنەکەوتنی کۆنگرە بکەین، بەڵکو پێویستە ماوەیەک و هەلێک بدەینە وەزارەتی پەروەردەو بزانین چیمان بۆ دەکا؟

سەرچاوە: ئەم دیدارە لە لایەن شێرزاد فاتیح، بەڕێوەبەری سەنتەری منداڵان لەسوید سازکراوەو لەماڵپەری سەنتەری منداڵاندا ٢٠٠٧ بڵاوکراوەتەوە

## ٦

## پەروەردە لەسەر بنەمای چ فەلسەفەیەک بونیاد بنرێ، بۆ ئەوەی بتوانین ببینە خاوەن فەلسەفەیەکی هیومانی؟

لەراستیدا وڵاتان ئازادن لەوەی سوود لەچ فەلسەفەو قوتابخانەو ڕێبازێک ببینن بۆ ئەوەی سیستمی پەروەردەییی خۆیان دروست بکەن. من کە چاو بەپلانی فێرکاری Curriculum هەندێ وڵاتدا دەگێڕم دەبینم سوودیان لەزۆر ڕێبازی فەلسەفی و پەروەردەناس و دەروونناس و تیۆریی جودا جودا بینیوە. سویدییەکان زۆر بەڕوونی لەدواهەمین پلانی فێرکاریی خۆیاندا سوودیان لە ڤیگۆجیسکی و پیاژێ و برانەرو بونیادگەراکان و... هتد بینیوە. هەر بۆ زانین پلانی فێرکاری ڕێبازی فێرکاری و پەروەردەییی وڵاتێک دەسنیشان دەکات کە دەشێ شوێنی فەلسەفەی پەروەردەییی ئەوان بگرێتەوە. من لێرەدا لەبەکارهێنانی دەستەواژەی فەلسەفەی پەروەردەیی خۆم دەپارێزم و بەهەمان مەبەست و شێوەو ناوەڕۆکی لیژنەی پەروەردەییی ناو پەرلەمانی کوردستان تەماشای ناکەم، چونکە ئەوان بەهەڵە ئەو دەستەواژەیەیان بەکار هێناوە. خۆبەستنەوە، بەیەک فەلسەفەو ڕێبازی فیکرییەوە لەسەردەمی گلۆبالیزمدا، کارێکی تەندروست نییە. لەبری ئەمە مرۆڤ دەتوانێ لە نێو هەموو قوتابخانەو فەلسەفەو ڕێبازەکانی جیهاندا کۆمەڵێک بنەماو پرنسیپی گشتی بدۆزێتەوە کە بۆ





پەروەردەیەکی هاوچەرخ بشێن.

بۆ نموونە مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی منداڵان، دیموکراسی، عەلمانی بوون، بەرهەمێنانەوەی زانست و خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی واقیع و دەقەکان، بەکارهێنانی گەشەسەندنی کۆگنەتیڤانەی خوێندکاران وەکو بناغەیەک بۆ داڕشتنی کاری قوتابخانەکان، مۆراڵ و ئێتیک، ژینگەپارێزی، گەشەسەندنی کەسایەتیی منداڵ، ئەرک و ماف، پشتیوانیی پۆزەتیڤانە، هەراسانکردنی منداڵ، تێروانینی مرۆڤدۆستانە، ... هتد بەشێکن لەو بنەمایانەی لەجیهانی ئەمڕۆدا کاریان پێ دەکرێ و لەناو ڕێبازە پەروەردەییەکاندا دەیانبینیتەوە.

دواتر من پێم قورسە ئەم مەسەلەیە لەژێر چەتری یەک جۆر فەلسەفەو ڕێبازدا کۆبکەمەوە؛ چونکە ئێمە تەنیا باس لەیەک شت یا لایەن ناکەین. ئەمە پرۆسەی پەروەردەیە کە خۆی دەکا بەچەندین لقەوە، بۆ نموونە زانست، پەروەردە، خوێندکارو مامۆستاو بەڕێوەبەر، ماف و ئەرک، نۆرم و پێوەرەکانی کۆمەڵگا، خێزان، پێوەرەکانی دەرچوون... هتد. هەر یەکێک لەمانەش دەبێ بەچەندین لقی ترەوە بۆ نموونە لە بەشی ماف و ئەرکدا دەبێ ئێمە هەندێ نۆرمی هاوچەرخمان هەبێ بۆ دابەشکردنی ئەرک و ماف و دەسنیشانکردنی بەرپرسیارێتییەکان. لە بەشی زانستەکاندا دەبێ ئێمە تیشک بخەینە سەر مەنهەج و دیداکتیک و ئەو پێوەرانەی سەرکەوتنی یا سەرنەکەوتنی ئەمانە دیاری دەکەن. بنەماکانی ئەم لقە دەبێ بریتی بن لەوەی (بۆ نموونە) ئەم لقە کار دەکا بۆ ئەوەی خوێندکاران حەز لەخوێندن بکەن، بۆ ئەوەی هەست بەئاسایش بکەن، بۆ ئەوەی تاکێکی ئازاد و پشت بەخۆبەستووبن، بۆ ئەوەی زانستەکان بکەن سەرچاوەی

نۆرمە مۆراڵ ئامێزەكان، فێری ئەوە بن كە دیالۆگ بەزمانێكی بێگانە بكەن، بۆ ئەوەی زانست بەرهەم بێننەوە، .... هتد.

ئێمە بەم جۆرە دەبێ سەرجەمی ئەو لقانەی بۆم باس كردیت بەشێوەیەكی وا ورد بكەینەوە كە ڕێبازی قوتابخانەكان وەكو شێوە دەستورێكیان لێ بێت كە هەموو شتەكانی تێدا ڕوون كرابێتەوە بۆ ئەوەی هیچ كەسێك مافی ئەوی تر نەخوات. وڵاتە پێشكەوتووەكان بەم شێوەیە كار دەكەن.

لە لایەكی ترەوە حەز دەكەم ئەوەت بۆ ڕوون بكەمەوە هەر تەنیا لەو لقەی سەرەوە كە پەیوەندیی بەزانستەكانەوە هەیە، من سوودم لەزیاتر لە ڕێبازێك و فەلسەفەیەك و تیۆرییەك بینیوە. تەنیا لەسەر شێوازی وانەوتنەوەكان یەك كۆمەڵ شت هەیە، تەنیا لەسەر ئەوەی چۆن خوێندكار بكەینە تاكێك كە پشت بەخۆی ببەستێ یەك دونیا شت هەیە و هەر تیۆری و ڕێبازێك و قوتابخانەیەك بەشێوەیەك باسی دەكا. ئەمە جگە لەوەی هیومانیستەكان ڕایەكیان هەیە، دەرونشیكاری بۆچونێكی خۆی هەیە، بونیادگەراكان ڕایەكیان هەیە و كۆمەڵناسە جیاوازەكانیش ڕای زۆر جیاوازیان هەیە. بۆیە وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر گەورەو گرینگەو تاوەكو ئێستاش وەزارەتی پەروەردە بڕیاری ئەوەی نەداوە كارێكی وا بكا؛ چونكە لە لەتوانایدا نییە كارێكی وا بكا.

## پێكهاتە و سروشتی پەروەردەیەكی تەندروست چییە؟

بۆ ئەوەی بتوانین بنەمای پەروەردەیەكی تەندروست دابڕێژین، دەبێ لەخۆمان بپرسین ئێمە دەمانەوێ منداڵەكانمان لەداهاتوودا چۆن بن و چ جۆرە مرۆڤێكیان لێ دەربچێ؟ . ئایا دەمانەوێ ئەوان بكەینە





مرۆڤێكی شەڕخوازو ڕاسیست و چەوسێنەری ژنان؟ یا دەمانەوێ ئەوان بەڕوحێكی یەكسانخوازی گۆش بكەین و یەكتری قبووڵ بكەن؟ یا پێمان خۆشە ئەوان وڵاتێك پێكەوە بنێن و دەستی یارمەتی بۆ وڵاتان و كەسانی تر درێژ بكەن؟ دەمانەوێ ئەوان پەرگیربن یا ئاسایی؟ عەلمانی بن یا سەلەفی؟ ... هتد. دوای ئەوەی ئەو ئامانجانەمان دیاری كردن دەتوانین بنەماكانی پەروەردەیەكی تەندروست یا ناتەندروست بۆخۆمان دابڕێژین.

پرسی دووەم ئەوەیە كێ ئەوە دیاری دەكا ئەم پەروەردەیە تەندروستە یا نا؟ بەشێوەیەكی گشتی وڵات و هێزە كۆنخوازو ئیسلامییەكان و ماركسییەكانیش بنەمایەكی زۆر جودا لەوەی من لەخوارەوە باسی دەكەم داناوە و ناوی پەروەردەی تەندروستیان لێ ناوە. بۆیە ئەگەر هەمان ئەم پرسیارە لەیەكێك لەو هێزانە بكەی وەڵامێكت دەداتەوە كە پێچەوانەی ئەم وەڵامەی منە، ئەمەش بۆخۆی ئیشكالیەتێكی ترمان بۆ دروست دەكا. من لێرەدا خۆم لەقەرەی ئەم بابەتە نادەم بەڵكو یەكسەر دەچمە سەر ئەو پەروەردەیەی كە خۆم بەتەندروستی دەزانم.

پەروەردەییەیەكی تەندروست بەڕای من خۆی لەپەروەردەیەكی لیبرالی مۆراڵ ئامێزدا دەبینیتەوە. سروشت و سیماكانی ئەم پەروەردەیە خۆی لە ڕێزگرتنی بەهاكانی مرۆڤایەتیدا دەبینێتەوە. ئێمە دەبێ لەو پەروەردەیەدا منداڵ بەوە گۆش بكەین كە ڕێز لەتێڕوانینەكانی بەرامبەر بگرێ و بیروڕا جیاوازەكان قبووڵ بكا و هەست بەوە نەكا كە ڕاستییەكان تەنیا لە لای ئەون بەڵكو وا بزانێ ڕاستی شتێكی ڕێژەییە. تەنیا ئەم سیمایە كە لایەنێكی سروشتیی ئەو پەروەردە تەندروستەمان بۆ ڕوون دەكاتەوە، تا ماوەیەكی كەمی

بەر لەئێستا لەناو پەروەردەی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا گرفتێکی گەورەی دروست کردبوو. چونکە مارکسیەت مرۆڤەکانی بەوە گۆش دەکرد کە ڕاستییەکان تەنیا لە لای ئەوانن و ئەمەش بووبووە هۆی ئەوەی مرۆڤەکان یەکتری قبوڵ نەکەن و تۆرێکی پەیوەندیی یەکسەرەش خۆی لەو نێوەندەدا بچەسپێنێ. بەڵام ئەوەی ئێمە پێویستمان پێی هەیە پەیوەندییەکی دوو سەرەیە نەک یەکسەرە. دوو سەرە بەو مانایەی ئێمە دەبێ تاکەکان وا پەروەردە بکەین کە لە کاتی گفتوگۆکاندا نابێ تەنیا یەکێک بڕیار بدا و بەهیچ شێوەیەک گوێ بۆ ڕەخنەی تاکەکانی تر ڕانەگرێ. ئەمە ئەو نەخۆشییەیە کە لە نێو پەروەردەی ناتەندروستی ڕۆژهەڵاتدا بووەتە هۆی هاتنەکایەوەی جۆرە پەیوەندییەکی میلیتاریزمانە کە پەیوەندیی نێوان خوێندکارو مامۆستای ژەهراوی کردووە؛ چونکە پەیوەندیی یەکسەرە تەنیا لە نێو سوپادا کاری پێ دەکرێ.

لە نێو پێکهاتەی ئەم پەروەردەیەدا دەبێ ئێمە لەسەر بنەمای فیکری پەروەردەیی کارەکانمان دابڕێژین. ئەم فیکرە پەروەردەییە کە دەبێ تەندروست بێ، ئاراستەی کارکردنمان بۆ دەسنیشان دەکا کەسیماو سروشتی ئەو پەروەردەیە دیاری دەکەن. بۆ نموونە قوتابخانە نوییەکان دوو پرنسیپی زۆر گرینگیان خستەروو کە ئەمڕۆ بووتە کرۆکی سروشتی هەر سیستمێکی فێرکاری و پەروەردەییی تەندروست. مەحاڵە ئەمڕۆ سیستمێک بەخۆی بڵێ تەندروست و هاوچەرخ خۆی لەو پرنسیپانە لابدات. ئەم دوو پرنسیپە کە بریتین لەبەرهەمهێنانەوەی زانست و خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی واقیع، لەسەر دەستی هەندێ پەروەردەناس و کۆمەڵناس سەرجەمی





قوتابخانەکانی ڕۆژئاوایان سەروژێر کرد. ئەگەر ئێمە کارمان بەو پرنسیپانە کرد مانای وایە ئێمە بڕوامان بەو خوێندکارانەی بەردەستمان هەیە کە مرۆڤێکی بەرهەمهێنەرن و دەبێ ڕێزیان بگرین و بۆ ئەوەش ئامادەیان بکەین کەسبەی بەدڵنیاییەوە چارەسەر بۆ گرفتەکانمان بدۆزنەوە. لە لایەکی ترەوە ئێمە لەسەر ئەو بنەما تەندروستە بڕیارمان داوە کە خوێندکارەکانمان شت بەسەریاندا تێ نەپەڕێت، بەڵکو هەموو شتێک بخەنە ژێر پرسیارەوەو توانای شیکردنەوەی ڕووداوو دەقەکانیان هەبێ.

ئەگەر ئێمە بروانینە ئەو پەروەردەیەی خۆمان کە هەمیشە ناتەندروستە دەبینین ئێمە بەپێچەوانەوە، بەمەبەستی وێرانکردنی تواناکان و تەمەڵکردنیان کار دەکەین. ئەمە بەقسەی من و تۆ نابێت بەڵکو کارکردنەکانمان ئەو سرۆشتەی بۆ سیستمی پەروەردەیی ئێمە دیاری کردووە. من پێم وایە ئێمە بەمەبەست بێ یا بەبێ مەبەست، کاری جیدی دەکەین و پارەیەکی زۆریش بۆ ئەو مەبەستە خەرج دەکەین. بۆیە لەکۆتاییدا خوێندکارانی ئێمە نەتوانای ڕەخنەگرتنێکی پۆزەتیڤانەیان هەیە و نەتوانای شیکردنەوەو بەرهەمهێنانەوەی ئەو زانستەیان هەیە کە بەدرێژاییی چەندین ساڵ دەیخوێنن. لە لایەکی تریشەوە نەفێری ڕێزگرتنی بەرامبەریان دەکەین و لە کاتی هەر گرفتێکیشدا وەکو فیشەکە شێتە بەرووی یەکتردا دەچنەوە. بێگومان پێچەوانەی ئەمانەش بۆ من پەروەردەیەکی تەندروست دەگەیەنن.

پەروەردەی تەندروست کار بۆ بچوککردنەوەی پانتاییی زیندانەکان دەکا . بۆ پیادەکردنی ئەمەش شێوازی کارکردنی قوتابخانەکان بەو ئاراستەیەدا دەڕوا کە ئێمە نابێ وەکو فیشەکە شێتە بەرووی یەکتردا

بچینەوە، بەڵام چۆن قوتابخانەکان ئەم کارە بکەن؟ بێگومان بەتەمبێ کردن و نەسیحەت نا، چونکە خوێندکار ڕقی دنیای لەنەسیحەت دەبێتەوە. پێت سەیر نەبێ ئەگەر بڵێم لەڕێگەی زانستی دیداکتیکەوە دەتوانین ئەم کارە بکەین. واتە مامۆستایەکی فیزیا یا مێژو یا کۆمەڵایەتی دەبێ شێوازی وانەوتنەوەکەی بەشێوەیەک داپڕێژێ کە یارمەتیی ئەوە بدا دوای تەواوکردنی قوتابخانە سەرجەمی خوێندکاران بتوانن بەشێوەیەک مامەمەڵە لەگەڵ یەکتردا بکەن کە پێویستیان بەبوونی زیندان نەبێ. بەشێوەیەکی تر ئەو شێوازانە یەکێکن لەو ڕێگایانەی کە خوێندکاران فێری تۆلێرانس و سنگفراوانی دەکەن کە چەکێکی باشن بۆ ئەوەی نەیارەکانی خۆیان فڕێ نەدەینە زیندانەوە، بەڵکو دیالۆگیان لەگەڵدا بکەن.

پەروەردەیەکی تەندروست بۆ من ئەوە دەگەیەنێ تۆ لەسەر بنەمای گەشەسەندنی کۆگنەتیڤانەی منداڵ کاری لەگەڵدا بکەی نەک لەسەر بنەمای بینای قوتابخانەت هەیە یا نا، وەزیری پەروەردە سەر بەم یا ئەو حیزبە، کتێبەکات لەتورکیاوە یا لەعیراقەوە بۆ دێ.... هتد. هەرکات مۆراڵ لەمامەڵەکردنی تاکەکان لەگەڵ یەکتردا ئامادە نەبوو، ئەوە مانای وایە سیستمەکەی تۆ لەپەروەردەیەکی تەندروستدا سەرکەوتوو نەبووە.بەهەر حاڵ مرۆڤ دەتوانێ لەسەر ئەم بابەتە زۆر ڕاوەستێت.

## ڕۆڵی پەروەردە لە پێگەیاندنی مرۆڤی کامڵ و کۆمەڵگەی تەندروستدا چییە؟

تا دوای شەڕی دووەمی جیهانییش پەروەردە بەشێوەیەک







لەشێوەکان شتێکی تایبەت بوو بەقوتابخانەو جیهانی منداڵانەوە. بەڵام پەروەردە لەجیهانی ئەمڕۆدا بووەتە زانستێکی زۆر بەربڵاوو پەیوەندی تەنیا بەقوتابخانەکانەوە نییە. زۆربەی وەزارەت و کارخانەو فەرمانگەو شوێنەکانی تریش کارکردنیش بابەخێکی گەورە بەم زانستە دەدەن چونکە؛ دەیانەوێ فێری ئەوە ببن کە چۆن مامەڵە لەگەڵ کارمەندەکانی خۆیاندا بکەن، بۆ ئەوەی بەرزترین ئاستی بەرهەمهێنان و مامەڵەیەکی باش و پەیوەندییەکی بێ گرفت دابین بکەن. بەڵام ئێمە لێرەدا تەنیا خۆمان لەچوارچێوەی قوتابخانەو منداڵاندا دەهێڵینەوە.

ئەگەر ئێمە تەماشای ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بکەین، ئەوە بەشێوەیەک لەشێوەکان هەموویان سەرکەوتوو بوونە لەبەرهەمێنانی زانستی کرچوکاڵ، بیری سەلەفی، ئاوێتەکردنی ئاین و دەوڵەت، ڕەتکردنەوەی یەکتر، ناوردبین لەڕەفتارو قەسەکردندا، توندوتیژ، کولتووری بێ چەمک، مرۆڤی شەرمن، توندرەو، هێرشبەر، ... هتد. سەرجەمی ئەمانە کە نیشانەی پەروەردەیەکی تەندروست نین، لەئەنجامی پیادەکردنی سیستمێکی پەروەردەیی خراپەوە دروست بوون. بەرامبەر بەمەش ئەو تۆلێرانس، سازشکردن، زانست، مرۆڤی بوێرو بیرووناک، ئاشتیخواز، جیاکردنەوەی ئاین لەدەوڵەت،... هتد کە بەرهەمی خۆرئاوان لەئەنجامی پیادەکردنی سیستمێکی پەروەردەیی باشەوە دابین بوون. بۆیە کاتێک تۆ لەناو پرۆسەی فێرکاریدا لەخوێندکار توورە دەبێت هەموو ئەو گەشەسەندنە کۆگنەتیڤانەی ئەو پێیدا تێپەڕ بوون دەشێوێنی. ئەم شێواندنە دواتر کار لەگەشەسەندنی پرۆسەی فێربوون و بیرکردنەوەو پەروەردەکرنیش دەکا؛ چونکە

گەشەسەندنی کۆگنەتیڤانە بریتییە لەکۆی هەموو ئەو گەشەسەندنانەی ناو مێشکی منداڵ کە پەیوەندییان بە بیرکردنەوەوە هەیە. واتە گەشەسەندنی حاسەکان، ئۆرگانیزەکردنی هەموو جۆرە زانست، زانیاری، پێکەوەنانی چەمک و دەستەواژەکان، زمان، فەنتازیا، شیکردنەوە، سیمبۆلەکان... هتد.

پەروەردەیەکی تەندروست دەبێتە بەردی بناغەی دروستکردنی خوێندکارێکی تەندروست. لەیادیشت نەچێت، ئەرکێکی گەورەی سیستمی پەروەردە ئەوەیە کە چۆن گەشە بەهەندێ لایەنی سیستمی فێرکاری بدا. لەناو قوتابخانەکانیشدا هیچ شتێک بەئەندازەی وەرگرتنی زانست و ئینفۆرماسیۆن و پێکەوەنانی چەمکەکان بەشێوەیەکی نوێ گرینگ نییە. ئەو شێوە نوێیە دەبێ گەرەنتیی ئەوە بکا، ئەو زانست و ئینفۆرماسیۆنانە بەشێوەیەکی ئاسان لەسەرچاوەکانەوە بۆ ناو مێشک گوزەر بکەن و لەوێشەوە دوای وەرگێرانیان بۆ چەمک و سیگناڵ بۆ ناو کۆمەڵگا بەرێچکەیەکی تەندروستدا بگەتە جێگای مەبەست. بەڵام ئێمە تاوەکو ئێستا ئەو ڕێگوزەرە شیاوەمان بۆ تاکەکان دابین نەکردووە، بۆیە لەبەرامبەر کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا، ئێمە خاوەنی کۆمەڵگایەکی بێ چەمک و زانستێکی کرچ وکاڵین.

ئامانجی ئێمە ئەوەیە خوێندکار فێر ببێ و ببێتە ئەکتوێرێکی کامڵ بۆ ئەوەی بەشدار بێ لەدروستکردنی کۆمەڵگایەکی تەندروستدا. کە واتە دابینکردنی کەشوهەوایەکی ئارام بۆ گەشەسەندنی کۆگنەتیڤانەی ئەو ڕۆڵێکی سەرەکی لەم بوارەدا دەگێرێ. لە لایەکی ترەوە شێوازی پەروەردەیی خستنەرووی ئەو برە زانستەو نەوعیەتی





ئەو زانستەش ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێ. دواتر دەسەڵاتیش ڕۆڵێکی بالا لەزۆر لاوە دەگێڕێ. بۆ نموونە لەخوارووی ئەفریقیاو ئیسرائیل هەوڵ دەدرا لەڕێگەی سیستمی پەروەردەیی و ئەدەبیاتی خۆیانەوە، منداڵان نەیارەکانی خۆیان ناشیرین بکەن. ئەمەش ڕێگە بۆ تیرۆر کردنی مرۆڤەکان خۆش دەکا. یەکێک لەو تیۆرییانەی باس لەجینۆسایدکردنی مرۆڤ دەکا پێی وایە بەر لەوەی ئەو تاوانە ئەنجام بدرێ، تاوانبارەکان هەوڵی ئەوە دەدەن قوربانییەکان ناشیرین بکەن و خەسڵەتی مرۆڤانەیان لێ وەربگرنەوە، ئەمەش بەروونی لەقسەکانی عەلی حەسەن مەجیدا دەردەکەوێ. ئەریک فرۆمیش لەبەرامبەر بەکارهێنانی توندوتیژیدا هەمان ڕای هەیە. لەچیرۆکێکی ئیسرائیلیدا دایکێک لەمنداڵەکەی دەپرسێت، بۆ مانگ دیار نییە؟ لەوەڵامدا دەڵێ، چونکە عەرەبەکان دزیویانە. ئەمە ئەو خاڵانەیە کە دەبێ سیستمی پەروەردەیی و فێرکاری لە پۆلەکانی سەرەتاوە کاریان لەسەر بکات، بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی تەندروست بێتە کایەوە، چونکە سرۆشتی هەر کۆمەڵگایەک بەو دوو سیستمەوە بەندە.

## بەپێی جیاوازیی سیستەمی پەروەردە، بونیادی عەقڵی و سایکۆلۆجیی مرۆڤەکان چۆن دەگۆڕێ؟

بڕوانە با لەنموونەیەکی کۆنکرێتییەوە دەست پێ بکەین. من لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەڕۆژئاوا خوێندوومەو کارم لەگەڵ منداڵان و خوێندکاراندا کردووە، بۆیە زۆر بەئاسانی دەتوانم هەندێ خەسڵەتی خوێندکارانی ئەو دوو ناوچەیەت بۆ دەسنیشان بکەم. لەناوچەی یەکەمدا خوێندکار زانست بەرهەم دێنێتەوەو هەوڵی لەگەڵ دەدرێ

فێری فێربوون ببێ، بەڵام لەدووەمیاندا تەنیا لاپەڕەکان لەبەر دەکات. لەیەکەمیاندا خوێندکار زۆر توندرەو توندوتیژە، بەڵام لەدووەمیاندا ئارامترو ئاشتیخوازترە. لەیەکەمیاندا خوێندکار بەشەڕ چارەسەری گرفتەکان دەکا، بەڵام لەدووەمیاندا شەڕ زۆر جار دەبێتە دوا ئەلتەرناتیڤ. لەیەکەمیاندا خوێندکار زۆر جار ئامادە نییە قەناعەت بەهیچ شتێک بکا جگە لەوەی خۆی دەیڵێ، بەڵام لەدووەمیاندا خوێندکار ئامادەی سازشکردنە و ڕێز لەبیرورا جیاوازەکانیش دەگرێ. لەیەکەمیاندا خوێندکار وادەزانێ ڕاستییەکان تەنیا لە لای ئەوەو ئەوانی تر هەڵەن، بەڵام لەدووەمیاندا خوێندکار باوەری وایە هەرکەسەو بەشێک لە ڕاستییەکانی لە لایە. لەیەکەمیاندا خوێندکار دەیەوێ تەنها خۆی یا گرووپەکەی خۆی سەرپەرشتیی هەموو کارەکان بکەن و هەموو بڕیارەکانیش بەدەست ئەوان بن، بەڵام لەدووەمیاندا خوێندکار زیاتر بڕوای بەبڕیاری کۆلەکتیڤانە هەیە. لەیەکەمیاندا دیموکراسی کەمترین دەرەفەتی خۆدەرخستنی نییە، بەڵام لەدووەمیاندا دیموکراسی دەبێتە بەردی بناغەی کارکردن.

لەم دوو ناوچە جیاوازەدا ئێستا دوو نەوەی زۆر جودا لەیەک دەژین. لەکردار، لەئاخاوتن، لەڕێزگرتنی بەرامبەرو بیروڕا جیاوازەکان، لەبونیادناندا، جودا لەبەرهەمێنان و دەسەڵات و... هتد. سەرجەمی ئەمانە هۆکارەکەی بۆ ئەو دوو پەروەردە جیاوازە دەگەڕێتەوە کە لەمنداڵیدا هەیانبووە. هەمان ئەو خاڵانەی سەرەوە کە بۆم باس کردی تاوەکو ئێستاش لەمرۆڤە گەورەکانی ئەم دوو ناوچەیەدا ماون، ئەگەر نا بۆ دەسەڵاتدارانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست تا نەمرن ئامادە نین واز لەدەسەڵات بێنن و ناشیانەوێ کەس بەسامانەکەیان بزانێ و ژنەکانیان





ببینێت... هتد کەچی دەسەڵاتدارانی ناوچەی دووەم بەپێچەوانەوە ڕەفتار دەکەن. بۆچی زۆربەی ئێمە توانای بیرکردنەوەیەکی بنیادنەرمان نییە؟ بۆچی خوێندکارەکانی زانکۆمان تاوەکو ئێستاش ناتوانن باسێکی زانستی بنووسن؟ بۆچی ئێمە ژنەکانمان دەکوژین؟ بۆچی ئەوان دوو وڵات بەچەند مانگێک دەکەن بەیەک و ئێمەش لەسەر سێ شار ٥ ساڵ شەڕ دەکەین؟

من پێم وایە ئەگەر پەروەردەی جان جاگ ڕۆسۆ شانسی پیادەکردنی لە قوتابخانەکانی فەرەنسادا هەبووایە ئەوە ئەمڕۆ نەک هەر فەرەنسیەکان بەڵکو ئێمەش توشی شکستێکی گەورە دەبووین و ئەوندەی تریش منداڵان لە لایەک و کچان لە لایەکی ترەوە تووشی شکستی گەشەکردن و چەوساندنەوەی جێندەری دەبوون. بەڵام شانسی ئێمە لەوەدابوو کە ئەو پەروەردەیە تەنیا وەکو کتێب مایەوەو هەرگیز نەکەوتە بواری پیادەکردنەوە.

## پەیوەندیی فیکر و سیستەمی پەروەردە چییە و چۆنە؟

بۆ ئەوەی سیستەمێکی پەروەردەییی باشت هەبێ دەبێ فیکرێکی پەروەردەیی پوختت هەبێ. من پێم وایە ئەو پەیوەندییە پەیوەندییەکی یەکانگیرو حەیاتیە، بۆیە بەبێ شارەزابوون لەفیکری پەروەردەیی؛ مەحاڵە مرۆڤ بتوانێ سیستەمێکی پەروەردەیی پێکەوە بنێ. ئەمەش بەتەواوی هۆکاری هەرە سەرەکیی ئەو گرفتەیە کە وای لەئێمە کردووە لەوڵاتی خۆماندا نەتوانین سیستەمێکی پەروەردەیی بەیەکەوە بنێین؛ چونکە زۆر زۆر بەدەگمەن پەروەردەناسێکت دەست دەکەوێ کە شارەزای فیکری پەروەردەیی بێ.

تۆ بڕوانە لەو سیستەمە پەروەردەییە باشانەی کەهەموویان لەڕۆژئاواوە سەریان هەڵداوە، سەرجەمیان لەسەر دەستی چەند تیۆریستێکی پەروەردەناس و کۆمەڵناس و دەروونناس و بیۆلۆژیستیش گەشەیان کردووە. زۆربەی ئەمانەش سەر بەقوتابخانە گەورەکانی ئەو سەردەمە بوون. ئیدی هەر لەبونیادگەراکانەوە بیگرە تا پۆزەتیڤیزمەکان، پۆست مۆدێرنەکان، بیهەیفۆریستەکان و هەموو ئەوانی تریش. مرۆڤ زۆرجار بەئاسانی بنەماکانی ئەو قوتابخانەو ڕەوتە فیکرییانە لەبەرهەمەکانی ئەو پەروەردەناسانەدا دەبینێتەوە. بۆ نموونە پیاژێ و ڤیگۆچیسکی و برانەر کە هیچیان لەبنەڕەتدا پەروەردەناس نەبوون و توانییان خزمەتی گەورە لەم بوارەدا بکەن، هەموو بەرهەمەکانیان لەسەر بنەما فیکرییەکانی سەردەمی خۆیان بنیاد نابوو. ڤیگۆچیسکی بۆ داڕشتنی تیۆریی مێژوویی- کولتووری پشتی بەمارکسیەت بەستبوو. بەڵام ئەم مارکسیزانە لەگۆڕانکارییەکانی ڕۆژئاواش، بەتایبەت لێکۆڵینەوە دەروناسییەکان، بێخەبەر نەبوو، بۆیە دەسەڵاتی شورەوی هەموو بەرهەمەکانیان قەدەغە کردو تا بۆیان کرا دژایەتییان کرد.

ڤیگۆچیسکی کە نیوەی تەمەنی پیاژێ ژیا لەکۆتاییی سەدەی ڕابوردودا بەشێوەیەکی سەیرو خێرا سەرنجی گەورترین دەزگا پەروەردەیییەکانی ڕۆژئاوا، بەلای خێویدا ڕاکێشا. ئەم دوو پیاوە لەدوو کات و دوو ژینگەو دوو بنەمای فیکریی جیاوازدا گەشەسەندنی زمان و چەمکیان لە لای منداڵان شرۆڤەکرد، بەڵام لەم بوارەدا هەردووکیان تارادەیەک نوێنەرایەتی یەک تیۆرییان دەکرد. ئەم تیۆرییە لەسەر بنەمای گەشەسەندنە کۆگنەتیڤەکان لە لای منداڵان ڕاوەستەیەکی زۆر





گەورەی کرد. ئەم تیۆرییە پێی لەسەر بەرهەمهێنانەوەی ئامرازەکانی فێربوون لە لایەن خودی منداڵانەوە دەکردەوە. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە بەرهەمهێنانەوی زانست کە دواتر پیاژێ بایەخی پێ دا بەڕای من یەکێکە لەو شاکارانەی ئەمڕۆ سەرجەمی قوتابخانەکانی ڕۆژئاوا هەر لە باخچەی ساوایانەوە تا زانکۆ کاری پێ دەکەن. هەر لەم بوارەدا خودی کۆگنەتیڤیزم لەهەناوی هیومانیستەکان و پۆزەتیڤیزمەکانەوە هاتەکایەوە.

برانەر، ئەو دەروونناسە گەورەیەی تاوەکو ئەمڕۆش ڕۆڵێکی بەنرخ لەگەشەسەندنی پەروەردەدا دەگێڕێ زۆر بەجوانی توانیی کۆمەڵێک تیۆریی پەروەردەناسی و کۆمەڵناسی و دەروونناسی لەیەک بدا و سوود لەبیری کۆگنەتیڤیزم ببینێ. هێڵە فیکرییەکانی برانەر لە بواری دیداکتیک، پلانی فێرکاری و گەشەسەندنی منداڵاندا بەئاسانی دەناسرێنەوە.

من پێشتر باسی جان جاک ڕۆسۆم بۆ کردی، کە یەکێک بوو لەپیاوە گەورەکانی شۆرشی فەرەنسی و سەردەمی ڕۆشنگەری. من بەش بەحاڵی خۆم لەبەر هەندێ هۆکاری مەنتیقی بایەخێکی ئەوتۆ بەپەروەردەی ڕۆسۆ نادەم، بەڵام تۆ ئەگەر کتێبی "ئەمیل" بخوێنێتەوە دەبینی ڕۆسۆ زیاتر لە ڕوانگەی فیکری سیاسییەوە ئەو کتێبەی نووسیوە تا فیکری پەروەردەیی و دەروونناسی. بەکورتی زۆر لەفەلسەفەو فیکری سیاسیی سەدەی هەژدە لەدووتوێی لاپەڕەکاندا دەخوێنیتەوە. تەنانەت پەروەردە کردنی ئەمیل و سۆفیاش لە ڕوانگەیەکی سیاسییەوە بووە بەمەبەستی پەروەردەکردن و دروستکردنی هاوڵاتییەکی باش بۆ وڵاتەکە.

## ئایا سیستمێکی پەروەردەیی بێلایەن بوونی هەیە؟ ئەگەر هەیە سروشتی چۆنە؟

مەبەستی فەلسەفەی پەروەردەیی بێلایەن لە لای منە ڕوون نییە. ئەگەر مەبەست لە بێلایەن ئەوەبێ کەسەر بەدەسەڵات نەبێ و لەژێر کاریگەریی دەسەڵاتدا کار نەکات، هەروەها مەبەست لەفەلسەفەی پەروەردە فەلسەفە بێت بەشێوەیەکی گشتی وەکو هەموو لقەکانی تر، ئەوە پێم وایە بەڵێ هەیە. چاوگێڕانێک بەمێژوی فەلسەفەدا لەناوچە جیاوازەکانی جیهاندا بەروونی ئەوەمان بۆ دەردەخا.

بەڵام ئەگەر فەلسەفەی پەروەردە بەو شێوەیە بەکار دەهێنی کە لیژنەی پەروەردەی نێو پەرلەمانی کوردستان بەکاری هێناوە، ئەوە باشتر وایە ئێمە باس لەڕێباز یا سیستمێکی پەروەردەیی بێلایەن بکەین نەک فەلسەفەیەکی پەروەردەیی بێلایەن. ئەگەر مەبەستت ئەمە بێت ئەوە پێم وانییە بەشێوەیەکی گشتی سیستمێکی بێلایەن هەبێ. هەر لەکۆنەوە تاوەکو ئێستاش سیستمە پەروەردەیی و فێرکارییەکان کە زانستەکانیش لەخۆ دەگرن لەژێر کاریگەریی دەسەڵاتەکاندا بوون. ئەم دیاردەیە لە هەموو جیهاندا بەڕۆژئاواشەوە کە ئازادییە فەردییەکان تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر دابین کراون، زۆر جار وایە. ئەمە بەو مەبەستە ناڵێم کە دەسەڵات بەهەمان شێوەی دەوڵەتە عەرەبییەکان و بلۆکی سۆشیالیستی زانست و مێژوو و جوگرافیا، حەقیقەتە مێژووییەکان، فاکتەکان ماتماتیکییەکان، ئابورییەکان، دەلالەتەکان.... هتد دەگۆڕن. بەڵکو ئەوان ئەو شێوازانەی زانست و لێکۆڵینەوەکانی پێ دەخەنەروو شێوازگەلێکن میتۆدی کارکردنەکان





دیاری دەکەن یا بەئاراستەیەکیاندا دەبەن کەسەربەخۆیەکی تەواو دابین ناکا.

ئێمە بۆخۆمان لەزانکۆکانی کوردستاندا کۆمەڵێک زانستی ئاوەژومان خوێندووە. زۆرێک لەفاکتەکان و ڕاستییەکان گۆڕابوون. لەساڵانی هەشتاکاندا پڕۆژەیەک لەزانکۆی بەغدا بەناوی دووبارە نووسینەوە مێژووەوە دەستی پێ کردبوو کە زۆر حەقیقەتی مێژوویی گۆڕابوون. لەئێرانیش هەمان پرۆسە لە کاتی شادا هەبوو. ئەمە بەدەر لەسیستمی پەروەردەیی کە کاریگەرییەکی گەورەتری لەسەر خوێندکاران هەبوو. نموونەیەکی تر بلۆکی سۆشیالیستیە کە بەشێکی زۆری جیهان کۆمەڵێک کتێبی لەسەر پرۆسەی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی... هتد ئەم بلۆکە خوێندبووەوە. بەڵام پاش هەڵوەشانەوەی ئەو بلۆکە گۆرباشۆف ئەوەی ڕاگەیاند کە زۆر لە راستی و فاکتەکان بەدرۆ نووسرابوون، ئەوە ڕاست نەبوو کە ئابووریی ئەو بلۆکە ئەوەندە بەهێز بوو... هتد. مرۆڤی ئێمە پاش ئەوەی دەستی بەچەندین سەرچاوەی خوێندنەوەی نوێ دەگا، هەستێکی وای لە لا دروست دەبێ کە فۆرماتکردنی مێشکی خۆی کارێکی زۆر پێویستە چونکە پڕە لەزانستە و زانیاری هەڵەو ڤایرۆسدار.

بەڵام لەڕۆژئاوا ئەم کارە ناکرێ، چونکە ئەگەر ئەمە بکرێ ئەوە زۆر زوو ئاشکرا دەبێ. ئەمە جگە لەوەی یاسا سەروەرەو لایەنەکان تووشی بەرپرسیارێتی دەبن. بەڵام دەسەڵاتەکانی ڕۆژئاوا هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدەن سیستمی فێرکاری و بەتایبەت پەروەردەیی لەخزمەتی بیروبۆچوونەکانی خۆیاندا بێ. ئەم کارە هەرگیز وەکو ڕۆژهەڵات ناکرێ، بەڵام بەشێوەیەکی تر، بۆ نموونە پارە تەرخانکردن و بایەخدان

بەلیکۆڵینەوەیەوکی زیاتر لەسەر مەسەلەیەکی دیاریکراو یا لایەنێکی زانستی دیاریکراو دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو بوارە دیاریکراوە تیشکی زۆرتری بخرێتە سەر کە لەبنەڕەتدا مەبەستی دەسەڵاتە. یا ڕەواج پەیداکردن بۆ ئەم یا ئەو قوتابخانەو ڕەوتە فیکریە. ئەم کارە دەبێتە هۆی ئەوەی تۆ لەناو دامو دەزگاکانی خۆتدا پاساو بۆ پیادەکردنی فلانە بابەت بدەیت... هتد. دواتر سیستمی پەروەردەکردنی منداڵان لە قوتابخانەکاندا بەزۆری بەو شێوەیە بەڕێوە دەچێت کە بەئارەزوی دەسەڵاتە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لەبەر بوونی ئازادییەکی تەواو لەدەزگا فێرکارییەکان و پەروەردەییەکان ناکرێ دەستکاری هەندێک بنەمای سەرەکی هەن کە لەبەرژەوەندی کەسدا نییە بیانگۆڕێت. لە لایەکی دیکەوە زۆرجار ئەو پرسیارە دێتەوە دەسەڵات لە لای کێیە؟ لە لای حکوومەتە یا لە لای دەزگاو دامەزراوەکانە؟

ڕەنگە لێرەدا بۆچوونی فۆکۆ بۆ دەسەڵات وەڵامێک بۆ ئەم پرسیارە فەراهەم بکا. فۆکۆ هەموو ئەوبۆچوونانە ڕەت دەکاتەوە کە دەسەڵات لەگەڵ دەزگاکاندا یەکسان دەکا، چونکە پێی وایە دەسەڵات هەمیشە لەپێش ئەو دەزگایانەوە لەدایک دەبن. بەشێوەیەکی دی ئەو دەزگایانە دەسەڵات بەرهەم ناهێنن، بەڵام بەرهەمی دێننەوە یا دووبارە بەرهەمی دێننەوە. بەبۆچوونی فۆکۆ ئەم دەزگاو دامەزراوانە دەسەڵات و پەیوەندییەکانی دەسەڵات کە لەدەرەوەی ئەم دامەزراوانە خۆیان بوونیان هەیە ئاشناو پیادە دەکا و دووبارە بەرهەمی دێنێتەوە. جگە لەم خاڵە جەوهەرییە لەتێروانین بۆ دەسەڵات، فۆکۆ لەخاڵێکی جەوهەریی تردا ئاماژە بەو پەیوەندییە بەهێزەی نێوان دەسەڵات و مەعریفە دەدات کە هیچیان ناتوانن بەبێ ئەوی تر بژین. فۆکۆ خودی





مرۆڤیش بەئۆبژێکتێکی سەرەکی مەعریفە دەزانێ، کە لەسەردەمی نوێدا بەدوای ڕاستییەکاندا دەگەڕێ. هەرچەندە تێروانینەکانی فۆکۆ شتی نوێ بن بەڵام خودی پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵات و مەعریفە تازە نین. هەمووشمان دەسەڵاتی کلیساکانمان لەبیرە کە هەر لەسەدەکانی ناوەراستەوە دژایەتیی مەعریفەیان دەکردو بوونەرێگریش لەبەردەمیدا. ڕەنگە دژایەتی کردنی ئەو مەعریفەو زانستەی گالیلۆ پێی گەشتبوو یەکێک بێت لەو نموونانەی زۆربەمان شارەزای هەین. ڕەنگە زۆر سەختیش نەبێ لەڕووی پراکتیکەوە کاریگەریی ئەم دەسەڵاتە لە بواری پەروەردەدا ببینین. کاریگەریی دەسەڵات لەسەر بواری پەروەردە لە کاتی فەرمانرەواییی نازییەکان لەئەڵمانیاو لەسەردەمی ئەپارتایدی خوارووی ئەفریقاو تەنانەت ئیسرائیلیش زۆر بەزەقی دەبینرێن، بەڵام مەرج نییە ئەم زەقییە لەهەموو وڵات و سەردەمەکاندا بەو ڕوونییە ببنرێ. نازییەکان نەوەیەکی گەورەیان بەدڵی خۆیان پەروەردە کرد کە پاش ئەو هەموو گۆڕانکارییە گەورانەی جیهانیش هێشتا نەگەڕاونەتەوە سەر خەتی ڕاست.

## پەیوەندیی نێوان پەروەردەو فێرکردن چییە؟ ئایا پەیوەندییەکی یەکانگیرە؟ یان دوو پرۆسەی جیاوازن؟

لەبنەڕەتدا پەروەردەو فێرکردن دوو زانستی جیاوازن، بۆیە بەدرێژاییی کات ناوی ئەو دەزگاو وەزارەتانەش کە کار لەم بوارەدا دەکەن گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. جارێک وەزارەتی پەروەردە، جارێک وەزارەتی فێرکردن، جارێکی تر پەروەردەو فێرکردن، یا وەزارەتی قوتابخانەکان، یا وەزارەتی زانیارییەکان... هتد. بیریشت

نەچێت لەپشت هەر یەکێک لەم ناوانەوە کۆمەڵێک بیرورا هەبوون کە گوزارشتیان لەپێناسەی ئەم دوو پرۆسەیە دەکرد. بەڵام هەرچۆنێک ئەم بابەتە شرۆڤە بکەین، دەگەینە ئەو ڕایەی کە ئەم دوو بوارە بەشێوەیەکی زۆر سەیر یەکانگیرن و ئەوانەی لەم بوارەدا کار دەکەن ناتوانن لەپراکتیکدا بەوردی لەیەکیان جودا بکەنەوە. ئێمە لەخوێندنی باڵادا پێویستمان بەپەروەردە نییە بەو شێوەیەی لە قوتابخانەکاندا پێویستمان پێی هەیە، بۆیە هەرگیز گوێت لەوە نابێ بڵێن وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا، بەڵام لە قوتابخانەکاندا ئەم یەکانگیرییە پێویستە. ئەم پێویستییەش دەکرێ لەسەر دوو ئاستی جیاواز خوێندنەوەمان بۆی هەبێ کە یەکەمیان ئاستی کلاسیکیی پەروەردەکردنی منداڵانەو دووەمیشیان ئاستی هاوچەرخانەی زانستی پەروەردەیە. ئاستی یەکەم بەداخەوە تاوەکو ئێستا لەزۆر وڵاتدا لەسنووری ڕێنماییکردندا ڕاوەستاوە. شتێک کە منداڵان ڕقیان لێی دەبێتەوە ڕێنماییکردنە، بۆیە دەبێ ئێمە ئەو سنوورە کلاسیکییە تێ پەڕێنین و ئەو ڕێنماییانە لە نێو دارشتنێکی نوێی سیستەمی فێرکاریدا بخەینەروو. بەشێوەیەکی دی کاتێک منداڵێک حەز بەدەرمانێکی تاڵ یا ترش ناکا دەبێ ئێمە لەگەڵ ئاو یا شەربەتدا بۆی تێکەڵ بکەین. من وای دەبینم ڕێنماییکردن ئەمڕۆ بووەتە ئەو دەرمانە کە بەتایبەتی لەقۆناغی دوای سەرەتاییدا ناکرێ لەگەڵ ئاودا تێکەڵی نەکەین.

لە ئاستی دووەمیشدا من ئاماژە بەدوو بواری کاری پەروەردە دەکەم، کە یەکێکیان ئەوەیە پەروەردە ئەمڕۆ تەنیا پەیوەندیی بەقوتابخانەکان و منداڵانەوە نییە، بەڵکو لە نێو هەموو بەشەکانی تردا





ئامادەبوونی هەیە. بۆ نموونە چۆن خاوەن کارخانەیەک یا وەزیرێک مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ کرێکارەکانی یا فەرمانبەرەکانیدا دەکا؟ چۆن شۆفێری پاسێک مامەڵە لەگەڵ نەفەرەکانیدا دەکا؟ ئەگەر ژنێکی منداڵدار یا سکپڕ سوار بوو چۆن دەبێ مامەڵەی لەگەڵدا بکا؟ چۆن بەڕێوەبەرێک مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ مامۆستاکانیدا دەکا؟ چۆن سەرەک وەزیرانێک مامەڵە لەگەڵ وەزیرەکانی خۆیدا دەکا؟ .... هتد ئەمە کاری زانستی پەروەردەیە کە بەداخەوە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوونی نییە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژانە ئەم بەڕێوەبەرو سەرەک وەزیرو شۆفێرانە تووشی چەندین گرفت دێن.

بواری دووەمیش کە بواری هەرە سەرەکیی پەروەردەیە هەموو ئەو بوارانە دەگرێتەوە کە پەیوەندییان بەقوتابخانەو منداڵ و مەنهەجەکانی خوێندنەوە هەیە. من لێرەدا ئەو بەشەی پەیوەندی بەمنداڵ و قوتابخانەکانەوە هەیە بەجێ دێڵم بۆ ئەوەی بوارم هەبێ تیشکێک بخەمە سەر پەیوەندیی پەروەردە بەمەنهەجەکانەوە. لە کاتی نووسینەوەی مەنهەجەکاندا زۆر گرینگە پەروەردە ئامادەیی هەبێ. پەروەردە لەدارشتنی بابەتەکاندا ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕێ. گرینگ ئەوە نییە تۆ کە باسی بابانییەکان یا فشاری هەوا بکەیت، بەڵام گرینگ ئەوەیە تۆ چۆن ئەو بابەتانە بەشێوەیەکی پەروەردەیی-دیداکتیکی دادەڕێژی بۆ ئەوەی لە رووی زانستییەوە هەلێکی باشتر بۆ فێربوونی خوێندکاران برەخسێنی کە بتوانن تا بەرزترین ڕادەی تێگەیشتن سوودی لێ ببینن و دواتریش نەبیتە هۆی بێزاریی خوێندکاران لەو بابەتانە.

بەش بەحاڵی خۆم کە تەماشای زۆرێک لە مەنهەجانەکانی خۆمان

دەکەم، زۆر هەست بەوە دەکەم نووسەرەکانیان بەهیچ شێوەیەک شارەزاییان لەداڕشتنی پەروەردەیی–دیداکتیکیدا نییە و نازانن لە جیهانی هاوچەرخی ئەم دوو زانستەدا چی دەگوزەرێ. بۆیە من پێم باشە، نووسەری ئەو مەنهەجانە یا خۆیان پەروەردەناس بن یا یارمەتیی لەپەروەردەناسێکەوە وەربگرن. لە لایەکی ترەوە داڕشتنی ئەو کتێبانە یارمەتیی مامۆستاکان دەدەن کە چۆن بابەتەکانیان بەشێوەیەکی باشتر بەمنداڵان بڵێنەوە. زۆر جار هەندێ گرفتی خوێندکارانم بینیوە کە لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە کە پەروەردە لە نووسین و داڕشتنی کتێبەکانی بەردەستیاندا ئامادە نەبووە.

**لەسەر بنەمای ئەو پرسیارەی سەرەوە، ئایا دەکرێ یەک دەزگا، خێزان، قوتابخانە، مزگەوت، دەتوانێ بە هەردو پرۆسەی پەروەردە، فێرکردن هەستێ.؟**

نا. هیچ یەکێک لەو پێکهاتانەی سەرەوە ناتوانێ هەردوو پرۆسەکە بەڕێوە ببا. ئێمە قوتابخانە وەکو دەزگایەک تەماشا دەکەین کە ئامرازەکانی پەروەردەو فێرکردنی تێدایە. ئەگەرچی لەزۆر وڵاتدا ئەو ئامرازانە لە قوتابخانەکاندا هێشتا دابین نەکراون، بەڵام تاوەکو ئێستاش ئەلتەرناتیڤێکی باشترمان لەبەردەستدا نییە. خێزان هیچ یەکێک لەو دوو پرۆسەیەی بەجیدی وەرنەگرتووەو ناتوانێ بەتەنیا کاری تێدا بکا، بەڵام بەپێی تازەترین لێکۆڵینەوەکان بەبێ بەشداریی خێزانەکان کاری قوتابخانەکان بەباشی بەڕێوە ناچن. من پێم وایە ئەگەر خێزانەکان بەشدارییان هەبووایە زۆر لەگرفتی قوتابخانەکان کەم دەبووەوە. من لەم بوارەدا کارم کردووەو بەباشی گوێم لەهەندێک





لە قوتابخانەکان و خێزانەکانی کوردستان و ڕۆژئاواش گرتووە. مامۆستاکانی کورد تارادەیەک هەست بەم بۆشاییە دەکەن و ئەو بەشدارییەیان پێ خۆشە، بەڵام سیستمی پەروەردەیی ئێمە تاوەکو ئێستا خۆی بۆ کارێکی لەم بابەتە ئامادە نەکردووە و ئامرازەکانی کارکردنی لە سنوورە کلاسیکییەکەدا ماونەتەوە. بەشێوەیەکی تر بەشداری پێنەکردنی خێزانەکان لەکاری قوتابخانەکاندا وەکو قەڵایەکی چوار پایەیی وایە کە لەسەر سێ پایە وەستابێ؛ چونکە ئێمە بمانەوێ یا نا، منداڵ تا شەش ساڵان لەماڵەوە پەروەردە یا گەورە دەکرێ و دواتریش تەنیا چوار کاتژمێر لە قوتابخانە دەبێت، بۆیە هاوکاریکردنی نێوان خێزان و قوتابخانە زۆر گرفت چارەسەر دەکا.

بەنسیبەت مزگەوتیشەوە من لەم قۆناغەدا بەباشی نازانم، چونکە خودی مزگەوت تاوەکو ئێستا خۆی بۆ کارێکی لەم بابەتە ئامادە نەکردووەو بەکۆنترین ڕێباز تەنانەت کارەکانی خۆشی بەڕێوە دەبا. دواتر مزگەوت لەبەرامبەر قوتابخانەدا هەست بەباڵا دەستی دەکا، ئەمەش بۆ قوتابخانە کارێکە پڕ لەمەترسی، چونکە هەموو دەزگایەک کە هاوکاریی قوتابخانە بکا، پێویستە لەگەڵ قوتابخانەدا هاوتەریب بێت نەک پێچەوانە. ڕەنگە لێرەدا پرسیارێک بێتە ئاراوە کە بۆ بەستنەوەی کلیساکانی ڕۆژئاوا، بەقوتابخانەکانەوە دروستەو بۆ بەستنەوەی مزگەوت خەتەرناکە؟

من بەستنەوەیەکی سنورداری کلیساو مزگەوتەکانم پێ باشە بەو مەرجەی یارمەتیی قوتابخانەکان بدەن نەک خیتابی خۆیان بەسەر خوێندکاراندا ساغ بکەنەوە. قەشەی کلیساکان بەبەراورد لەگەڵ مەلاکاندا دەرچووی زانکۆ ڕۆژئاواییەکانن کە لەسەر پاراستنی

ئازادییە فەردییەکان و جیاکردنەوەی ئاین لەدەوڵەت بنیادنراون. بۆیە گوتاری قەشەیەک و مەلایەک بەلایەنی کەمەوە لەگەڵ خوێندکاراندا زۆر جودان، ئەمەش بێگومان لەوڵاتێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە. بۆ نموونە لەوڵاتانی ئەسکەندەنافیایەوە بۆ دەوڵەتی فەرەنسا یا ئەمریکا جیاوازە کە لەبنەڕەتدا پەیوەندی بەوەوە هەیە پرۆسەی عەلمانیکردن لەوڵاتانی ئەسکەندەنافیدا زۆر بەباشی و بەبێ گرفت بەڕێوە چووە، لەکاتێکدا ئەم پرۆسەیە لەفەرەنسادا گرژی و پێکدادانی زۆری بەخۆیەوە بینیوە. لەئەمریکادا بەئەندازەی ئێران باسی خوداو ئاین دەکرێ، بەڵام لەدوو ڕوانگەی جیاوازەوە. لەئەمریکادا ئاین وەکو شتێکی شەخسی بەینی تاک و خودا دەخرێتە بەرباس و بەهیچ شێوەیەک بەسەر خەڵکدا ناسەپێندرێ، لەکاتێکدا لەئێراندا بەپێچەوانەوەیە. من خۆم لەبەیەکگەیشتنی کلیساو قوتابخانەکانی سویدا زۆر ئامادە بووم. لەزۆرێک لەو دیدارانەدا تەنانەت گوێم لەناوی خوداو عیساش نەبووە. ئەوان باسی ئەوەیان کردووە کە چۆن منداڵان زیاتر بخوێنن و ڕێز لەیەک بگرن و چۆن دژ بەرنەژاد پەرستی بوەستنەوەو.... هتد.

ئەگەر باس لەپەروەردەیەکی هاچەرخیش دەکەی ئەوە من پێم وایە بوونی هەموویان بەیەکەوە بەشێوەیەک لەشێوەکان بۆ پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن زۆر پێویستن. یەکێک لەو گرفتانەی ئێمە ئەوەیە قوتابخانە بەتەنیا کار دەکا، بۆیە قوتابخانە پێویستی بەوە هەیە پۆلیس بەهەموو بەشەکانیەوە، بانقەکان، دەزگاکانی ڕاگەیاندن، نەخۆشخانەکان،... هتد هاوکاریی بکەن. ئێمە زۆر بەئاسانی دەتوانین جێگای هەموو ئەو دەزگایانە لەناو مەنهەجەکاندا بکەینەوە، بەڵام دەبێ





خودی قوتابخانەکان دەستپێشخەری بکەن. ئەم بەیەک بەستنەوەیە لەسەرجەمی ئەدەبیاتی پەروەردەدا جەختی دەکرێتە سەرو ڕۆڵی ئەو دەزگاو کۆمەڵانە بەرز دەنرخێندرێن.

**ئایا پەیوەندیی نێوان پەروەردە و مۆراڵ چییە؟ ئایا دژ بەیەکن؟ یان هاوتەریبن؟ یان دووڕەوتی جیاوازن؟**

لەوانەیە لەقۆناغە جیاوازەکاندا چ مۆرال و ئێتیک و چ پەروەردەش ڕێگای جیاوازیان گرتبێتەبەر، چونکە ئەو هەموو ڕەوتە فەلسەفی و فیکرییانەی لەئارادا بوون کارێکی گەورەیان لەو دوو بوارە کردووە. مۆراڵ تاوەکو ئێستاش لەهەموو بوارەکانی مەعریفەدا گفتوگۆی زۆری لەسەرە، بەڵام ئەوەی جێگای شانازییە تا دێ بایەخی مۆرڵ لەهەموو بوارەکاندا لەبەرزبوونەوە دایە. پەروەردەش لەم هەموو هەڵچوون و داچوونە، بەدەر نەبووە. بۆیە پێت سەیر نەبێ ڕۆسۆ لەپەروەردەدا هەنگاو بەرەو تاکگەرایی بنێ و مۆراڵ تا ڕادەیەک پەراوێز بکا. ئەم پەراوێزخستنە تەنانەت لە هەندێ لایەنەوە لەگەڵ بیروبۆچوونە سیاسییەکانی ڕۆسۆشدا یەکیان نەدەگرتەوە.

مۆراڵ و ئێتیک بەهەموو ڕەهەندە جیاوازەکانیانەوە لەگەڵ پەروەردەدا دوو ڕەوتی جیاوازو هاوتەریبن بەڵام بەهیچ شێوەیەک دژ بەیەک نین. من پێم وایە بەتایبەت لەکۆتاییی هەزارەی دووەم و سەرەتای هەزارەی سێیەمدا، ئەم دوو ڕەوتە لەنزیکبوونەوەیەکی سەیردان. تەنانەت پرۆگرامەکانی خوێندن لەکۆلێژو زانکۆکانی تایبەت بەپەروەردە لەڕۆژی ئەمڕۆدا لەهەموو وڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا بایەخێکی زۆر بەپیادەکردنی مۆراڵ و ئێتیک دەدەن. ئەمڕۆ مرۆڤ زۆر بەئاسانی

دەتوانێ بەرهەمی ئەم پیادەکردنە لە قوتابخانە سەرەتاییەکانیشدا ببینێ. زانستی پەروەردە لەگۆشەنیگای مۆراڵەوە تەماشای مامۆستاو خوێندکارەکانی خۆی دەکا، یا با بڵێم گەشەسەندنی ئەم بابەتە مەرجێکە بۆ ئەوەی ئێمە بڵێین پەروەردەیەکی باشمان هەیە. چونکە ناکرێ ئێمە باس لەکۆمەڵگای مەدەنی، مافی مرۆڤ، گلۆبالیزم، ژینگە... هتد بکەین بەبێ ئەوەی بەهای مۆراڵیی ئەم بابەتانە ڕوون بکەینەوە. دواتر مۆراڵ و ئێتیک هێندە پەرەی سەندووە کە دەکرێ من و تۆ تەنیا باس لەمۆراڵی منداڵانی شەش ساڵان بکەین، یا مۆراڵ لە لای چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بکەین. مۆراڵ ئێستا هێندە گەشەی کردووە وەکو بابەتی ژینگە لێ هاتووە کە دەبێ لەناو هەموو مەنهەجەکان، کارنامەی هەمووە حکوومەتەکان، پەیرەو پرۆگرامی هەموو حیزبەکان.... هتد هەبێ.

پەروەردە بریتییە لەپەروەردەکردنی تاکەکان بۆ ئەوەی دوو سبەی لەژینگەیەکی پاکدا بتوانن ژیانێکی ئاسوودەو بەسوودی مۆراڵ ئامێز بۆ خۆیان و کۆمەڵگاکەیان دروست بکەن. پەروەردە زۆر بەئاسانی مانای وایە چۆن منداڵەکانمان بەشێوەیەک پەروەردە بکەین کە بتوانن مامەڵەی یەکتری بکەن و لەگەڵ یەکتردا هاوسۆزبن. هۆفمان کە لەژێر کاریگەریی تیۆری دەروونشیکاریی فرۆیدا کارێکی زۆری کردووە پێی وایە هاوسۆزی منداڵەکان لەگەڵ یەکتردا مەرجێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی ئەوان بتوانن بەشێوەیەکی مۆراڵ ئامێز مامەڵە لەگەڵ مرۆڤەکان و شتەکاندا بکەن. ئەمەش بەتەواوی کاری قوتابخانەو پەروەردەیە کە دەبێ ڕۆڵیان لەدروستکردنی ئەو هاوسۆزییەدا هەبێ.

مۆراڵ بریتییە لەوەی کە چۆن مامۆستایەک مامەڵەی منداڵەکان





دەکا و بەچ شێوەیەک فێریان دەکا. مۆراڵ بریتییە لەوەی چۆن کۆمپیوتەرەکەمان، سەیارەکەمان، بەشێوەیەک تەندروست بەکار بێنین، چۆن سوود لەژینگە ببینین و بیپارێزین. خراپ بەکارهێنانی کارەباو ئاو مانای ونبوونی مۆراڵە لە لای هاوولاتییان. مۆراڵ منداڵە وردەکان فێری ئەوە دەکا کە چۆن پێنووس و دەفتەرەکانیان بەشێوەیەکی تەندروست بەکار بێنن..... هتد. ئەم پرۆسە ئاڵۆزە بەبێ ڕەچاوکردنی مۆراڵ تووشی پاشاگەردانی و بێ بەزییمان دەکات. من پێشتر باسی پەیوەندییەکانی نێوان سەرەک وەزیران و وەزیرەکان، شۆفێرەکان و نەفەرەکان، بەڕێوەبەرو کارمەندەکانم بۆ کردیت، سەرجەمی ئەمانە بەبێ ڕەچاوکردنی مۆراڵ تووشی قەیرانی گەورەمان دەکا.

دوو لەنمایندە ناودارەکانی کۆگنەتیڤیزم، پیاژێ و کۆلبێرگ دژ بەهەر لۆکاڵیبوونێکی ئێتیک و مۆراڵن و ئەم بابەتە بەدیاردەیەکی یونیڤێرساڵ، دەزانن، چونکە گەشەسەندنی کۆگنەتیڤانەی منداڵ مۆراڵی منداڵ دیاری دەکا. ئەم گەشەسەندنەش شتێکی لۆکاڵ نییەو بەهەموو شێوەیەک هەموو ئەوانەی لەسەر ئەم زەوییە دەژین تێیدا هاوبەشن.

## کاریگەریی پەروەردە لە سەر فۆرمەلە کردنی فەزایەک کە لێبووردنی تێدابێ چییە؟

من پێم وایە پەروەردە یەکێکە لەو بوارانەی کە دەتوانێ فەزایەکی زۆر گەورە بۆ لێبووردن بڕەخسێنێ. ئەم فەزایە لەیەکەمین وانەی مامۆستاکانەوە دەست پێ دەکا تا دەگاتە مەنهەجەکان و تا دەگاتە ئەو گرفتانەی کە مامۆستاکان و خوێندکارەکان بەیەکەوە تاوتوێی

دەکەن. مەنهەجەکان ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن؛ چونکە بەشێکی گەورە هەمیشە لەدوای مەنهەجەکانەوە کار دەکەن و ئەوەی لەو مەنهەجانەدا هاتبێ ئەوە پیادە دەکەن. بەڵام من پێم وایە ڕۆڵی گەورەتر دیداکتیک دەیگێڕێ، بۆیە لەم بوارەدا زانستی دیداکتیک دەبێ ببێتە جێگەی بایەخی پەروەردە. خودی مەنهەجەکان لەباشووری ئەفریقادا وەکو خۆیان بوون کاتێک نیلسۆن ماندێلا گەڕایەوە مەیدان. بۆیە هەمیشە پێم وایە بەمەنهەجێکی کۆنەوە دەکرێ ئێمە کار بۆ دروستکردنی ئەو فەزایە بکەین بەمەرجێک ئامرازەکانی کارکردنمان بۆ برخسێ. لەناو سیستمی پەروەردەیی نازییەکاندا بوارێک نەمابووەوە بۆ دروستکردنی ئەو فەزایە، چونکە ئامرازەکانی کارکردن لە لایەن نازییەکانەوە بەتەوقێکی سیاسی بەسترابوونەوە.

بۆ مامۆستایەک زۆر گرینگە فۆرم و شێوازەکانی کارکردنی خۆی بەو شێوەیە بەکار بهێنێ کە بەهۆیانەوە بتوانێ هەم وانەکەی بڵێتەوەو هەم فەزایەک بۆ لێبووردن و بۆ بەرهەمهێنانەوەی زانستیش بڕەخسێنێ. بۆ نموونە هەڵبژاردنی فۆرمی گرووپ پێویستی بەچەند شێوازێکە بۆ ئەوەی مامۆستا بتوانێ وانەکەی بڵێتەوە. ئەو شێوازانەی مامۆستا خوێندکاران ناچار دەکا ڕێگەی گفتوگۆکردن بگرنە بەر بۆ ئەوەی لەوانەکانیان تێ بگەن.

واتە ئەو شێوازانەی ئەمڕۆکە ئێمە لە قوتابخانەکانی خۆماندا هەمانە هیچیان ئەو فەزایەت بۆ دابین ناکەن، چونکە هەموو فۆرم و شێوازەکانی بۆ شەستەکان و حەفتاکان دەگەڕێنەوە کە لەبنەڕەتدا بۆ ئەوە دانەنراون، خوێندکاران زانستەکان بەرهەم بێننەوەو بەمەبەستی دروستکردنی فەزایەک بۆ لێبووردن و یەکتر قبووڵکردن بەکار نایەن.





قۆناغی هەشتاکان سەرەتایەک بوو بۆ گۆڕینی سیستمی پەروەردەیی زۆر وڵات، بەمەبەستی داڕشتنی قۆناغێکی نوێی دوای شەڕی سارد. هەموو ئەو میتۆدو فۆرمانەی کە بۆ سیستمە پەروەردەییەکانی ڕۆژئاوا ئامادەکران بەشێوەیەک لەشێوەکان مەبەست لێیان ئەوەبوو تەکانێک بدەنە گەشەسەندنی سیستمی پەروەردەیی و فێرکاری بۆ ئەوەی لە لایەک ئازادیی مامۆستاکان دابین بکەن و لە لایەکی دیکەتریشەوە خوێندکاران بتوانن زانستەکان بەرهەم بێننەوەو یەکتری قبووڵ بکەن و لەسەر بیروا جیاوازەکان فێری سازشکردن ببن. ئەوان ئەوەشیان بیر نەچوو کە ئامرازەکانی کاکردن نوێ بکەنەوە بۆ ئەوەی بگەنە ئەو مەبەستە. بۆیە وەکو نموونەیەکی کۆنکریت، ئێستا ئەو خوێندکارانەی بەو شێوەیە کار دەکەن زیاتر یەکتری قبووڵ دەکەن، توانای لێبووردنیان لەنەیارەکانی خۆیان زۆر گەورەیە. بۆیە ئەو کۆمەڵگایانەی بەم میتۆدانە کار دەکەن، بەشێوەیەکی جودا چارەسەری تەنگەژەکان دەکەن. من هۆکاری سەرەکیی ئەم گەشەسەندنە لەوەدا دەبینمەوە کە ئەم منداڵانە لەباخچەی ساوایانەوە بەو شێوەیە پەروەردە دەکرێن کە ڕاستییەکان لە لای یەک کەس نییە، لێبووردەیی گەورەیی مرۆڤ دەگەیەنێ، مرۆڤ دەبێ ڕێز بۆ بیرورا جیاوازەکان دابنێ، مرۆڤ دەبێ ڕای زۆرینەی قبوڵ بێ... هتد. هەموو ئەم پەروەردەیەش لەڕێگەی میتۆدی کارکردنەوە پیادە دەکرێ نەک لەڕێگەی ڕێنماییەوە. من پێم وایە یەکێک لەو هۆکارانەی وای کردووە کە ئێمە وانەبین ئەوەیە ئێمە ١٨٠ پلە بەپێچەوانەوە هاوولاتییانی خۆمان پەروەردە کردووە. واتە چ خێزانەکان و چ قوتابخانەکانیش بەقسە بەمنداڵان دەڵێین لێبووردەیی بەردی بناغەی مرۆڤایەتییە، بەڵام

شێوازو ئامرازی کارکردنەکانمان لەگەڵ ئەواندا بەشێوەیەکە کەسەر ئەنجام ئەوە دەداتە دەستەوە کە لێبووردەیی خاڵێکی ڕەشە بەناوچاوانی مرۆڤایەتییەوە..

**ئایا پەروەردە ئاراستەی تاک یان کۆمەڵ دەکرێ؟ یان چۆن باڵانسێک لە نێوان ئەم دو دەستەواژەیەدا ڕادەگرێ؟ پەروەردە کارکردنە لە سەر بەهەمهێنانی تاکگەرایی یان گرووپگەرایی؟**

بەدرێژاییی پرۆسەی پەروەردە ئەم مەسەلەیە جێگەی باس و لێکۆڵینەوە بووە، بەڵام لەمێژووی هاوچەرخدا پەروەردە جەختی لەسەر پتەوکردن و بەهێزکردنی تایبەتمەندییەکانی تاک کردووەتەوە. ئەم جەختکردنە لەوە هاتووە کە پرۆسەی پەروەردە لەکۆتاییدا پرۆسەیەکی دەستەجەمعیی هەمەلایەنەو بەبێ بەهێزکردنی تاکەکان ناکرێ کۆمەڵگایەکی هاچەرخ بنیاد بنرێ. بەشێوەیەکی دی پەروەردە بەدوو ئاراستەی یەکانگیردا کار دەکا؛ لەهەمان کاتدا کە ڕووی دەمی لەتاکەکانەو هەوڵ بۆ پتەوکردنی بنەما شەخسییەکانی ئەو تاکانە دەدا، بەهەمان شێوەش ئەوە ئاشکرا دەکا کە پەروەردە ئەو کارە بۆیە دەکا بۆ ئەوەی گرووپێکی بەهێز دروست ببێ. بۆیە لەزۆر کۆمەڵگادا لەهەمان کاتدا تاکێکی بەهێزو کۆمەڵگایەکی بەهێزیش دەبینین، بەڵام سنووری ئەم بەهێزییەش لە نێوان وڵاتەکاندا جیاوازییان هەیە. من پێم وایە بەهێزکردنی تاکەکان مانای ئەوەیە ئێمە ئامرازەکانی دروستکردنی هاوچەرخ ئامادە دەکەین. ڕەنگە بۆ یەکێکی دی بەهێزکردنی تاک زیاتر لەمانایەک بگەیەنێ، بەڵام من لێرەدا لە ڕوانگەی پەروەردەی هاوچەرخەوە دەڕوانمە ئەم بابەتە، چونکە گرووپ





لەبریاری کۆلەکتیڤدا کورت ناکەمەوە. واتە کار دەکەم بۆ ئەوەی ئەو تاکە بەهێزە خاوەنی کەسایەتییەکی بەهێز بێ، زانستێکی باشی پێ بێ، عەلمانی و دیموکراتخواز بێ، خاوەن دیدێکی مۆراڵ بێ، ژینگە پارێز بێ... هتد. ئەم خەسڵەتانە بۆ دروستکردنی گرووپێکی بەهێز زۆر گرینگن.

**سیستەمی پەروەردەی بەعسیزم لەسەر چ بنەمایەک بونیاد نرابوو (ئاینی بوو،یان ناسیونالیزمێکی پەرگیر). ئایا کاریگەریی لە سەر پەروەردەی ئێمە ماوە.؟**

ئاین پێگەیەکی بەهێزی لەناو پەروەردەی بەعسدا نەبوو. بەعس زیاتر تەرکیزی لەسەر بیری نەتەوەیی دەکردەوەو لەزۆربەی حاڵەتەکانیشدا نەتەوەیییەکی پەرگیر. سیستمی پەروەردەیی عیراق لەبنەڕەتدا لەبەریتانیاوە وەرگیرابوو، بەڵام سیستمی ئینگلیزی بەپێچەوانەی سیستمی فەرەنسییەوە جێگای زۆر شتی تێدا دەبووەوە. بۆیە بەعسییەکان بەهاتنە سەر تەختی فەرمانڕەوایی بۆشاییەکانیان بەبیری نەتەوەپەرستی پڕ کردەوە. بۆیە پێت سەیر نەبێ دەیانی وەکو ساتیع حەسەری ڕۆڵی تێدا ببینن. لەناوەڕاستی حەفتاکان بەدواوە بەشێوەیەکی ئەکتیڤ گۆڕانکاری لەو سیستمەدا کراو سەرلەبەری بریتی بوو لەوەی چۆن مرۆڤەکان بەبیرێکی نەتەوەیی پەرگیر پەروەردە بکرێن. بەعسییەکان تا ڕادەیەکی زۆر لەوەدا سەرکەوتوو بوون و عیراقی عەرەبی بووبووە پارچەیەک لەناسیونالیزمی عەرەبی کە تەنیا وەلائیان بۆ خودی بەعسییەکان هەبوو. چاوگێرانێک بەمەنهەجی قوتابخانەو زانکۆکاندا ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە

کەسیستەمی ئەوان بەرە ئەوە دەچوو کە هەر تاکێکی ئەو کۆمەڵگایە یەک دەرەفەتی لەبەردەمدا بوو ئەویش خۆی بەخۆشحاڵ بزانێ کە عەرەبەو شەخسی سەرەک کۆمار بپەرستێ و جگە لەعەرەبەکان بەگشتی و بەعسییەکان بەتایبەتی دان، بەکەسی تردا نەنێ. بەشێوەیەکی تر دواڕۆژی ئەو سیستەمە لەهەندێ لایەنەوە بەرەو ئەوە دەچوو کە تێکەڵەیەک بێ لەسیستەمی کەمالیستەکان و نازییەکان. بەعسییەکان لەهەشتاکاندا دەستیان بەگۆڕینی حەقیقەتە مێژوویی و جوگرافیاکانیش کرد بەو شێوەیەی لەخزمەتی ناسیونالیزمی پەڕگیردا بێ.

## بەعسیزم چۆن لە پێکهاتەکانی پەروەردەی دەڕوانی (مامۆستا، خوێندکار، میتۆد)؟

تێڕوانینەکانی بەعس لەتەواوی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا کارا بوو. ئەم تێروانینانە شوێن پەنجەی خۆیان لەسەر گۆڕانکارییەکانی نێو سەرجەم ئەو بوارانەو پێکهاتەکانی ناو ئەو لایەنانە بەجێ هێشتبوو. کاریگەریی بەعسیزم لەسەرجەمی بوارەکاندا کەشتێکی پلان داڕێژراو، جۆرە ڕیتمێکی لە نێوان فیکری بەعس و پراکتیزەکردنی ئەو فیکرە لەبوارە جیاوازەکاندا دروست کرد. بۆ نموونە لە روانگەی سیاسییەوە بەعس دەیویست سەرجەمی توێژەکانی کۆمەڵگا ببنە ئەکتوێرێکی کوێرو دەستەپاچەو جگە لەپەرستنی تاک هیچیان پێ نەکرێ. بۆیە هەر لەسەرەتاوە کاریان لەسەر ئەوە کردو کە چۆن نەیارەکانی خۆیان بەدڕندانەترین شێوە لەناو ببەن و فێریان بکەن تەنیا یەک تاکە کەس ببینن و ئەو کەسەش





پێویستی گفتوگۆ نەبوو، تا وای لێ هات بەشی هەرە زۆری دیدەکانی بەعسمان لەسەردەمی سەدام حسەیندا بینی. لە ڕوانگەی ئابوورییەوە بەتەواوی پشتی بەهاوردە بەستبوو، هیچ بابەخێکی ئەوتۆشی بەو جۆرە پیشەسازییە نەدەدا کە پێی دەڵێن پیشەسازییە هەناردەکان. کۆمەڵگای عیراق بەتەوای بووبووە کۆمەڵگایەک کە بەشێوەیەکی خراپ کاڵاکانی دەرەوەی بەکار دەهێناو جگە لەپیشەسازییە عەسکەرییەکان نەشیدەتوانی هیچ شتێک بەرهەم بێنێت. لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە بەدرێژاییی کات پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو لێکترازان دەچوون، چونکە ئەو متمانەیەی کە پێویست بوو لە نێو تاکەکاندا هەبێت بەبەردەوامی لەناو دەچوو. بەکورتی بەعس دەیویست کۆمەڵگایەکی بووکە شوشە ئاسا دروست بکا. بێگومان سامانی نەوتیش ڕۆڵێکی سەرەکیی لەم بوارەدا هەبوو. بەڵام لێرەدا من تەنیا تیشک دەخەمە سەر بواری پەروەردە.

ئەگەر ئێمە بەوردی بروانینە ئەم بوارە ئەوە هەموو ئەو شتانەی سەرەوەی تێدا دەبینینەوە، چونکە بەعس وەک ئیسلامییەکانی ئێران پەروەردەیان بەیەکێک لەدەزگا هەرە سەرەکییەکانی خۆیان دەزانی لەبەرئەوەی پراکتیزەکردنی ئەو فیکرەی هەیانبوو دەبوو بەم بوارەدا گوزەر بکا . لە نێو بواری پەروەردەدا بەڕێوەبەر بوبووە ئەو دیکتاتۆرەی کە دەبوو بەتەواوی فیکری بەعس پیادە بکا و هەموو دەسەڵاتەکانیشی بۆ مەیسەر کرابوون، بەبێ ئەوەی تواناو لێهاتوویی مەرجێک بێ بۆ دامەزراندنی ئەوان. لە لایەکی ترەوە مامۆستا کرایە ئەو دەزگایەی کە فیکری بەعسی پێدا تێپەڕ ببێت. بۆ ئەم مەبەستەش دەبوایە مامۆستا ئەو بوونەوەرە بێ کە هیچ منداڵێک نەوێرێ لەبەردەمیدا دەم بکاتەوە. شکانەوەی کەسایەتیی منداڵان ڕێگەی بۆ ئەوە خۆش کرد کە هیچ

یەکێک لەخەڵک لەمنداڵی و گەورەییشدا نەتوانێت لەبەردەم کەسانێکدا گوزارش لەخۆیان و لەحەزەکان و لەداهاتووش بکەن.

ئەو سیستمە هەموو مامۆستاکانی کردە کادرێکی بێ بەرهەم و کارەکەشیانی لە کۆنترۆڵکردنی مرۆڤە بچکۆلەکاندا کورت کردەوە. ئەم سیستمە جۆرە دیداکتیکێکی بۆ وتنەوەی وانەکان بەکار هێنا کە بنەماکانی تاکپەرستی لەگەڵ خۆیدا هێنا و کە بووە ڕێگر لەبەردەم بەرهەمهێنانەوەی زانستدا. تێروانینی ئەم سیستمە بریتی بوو لەبێدەنگ کردنی تاکەکان و هەوڵدان لەپێناوی ئەوەی هەموو شتەکان و کەسەکان لەخزمەتی دەسەڵاتدا کار بکەن. ئەم تێروانینە تاوەکو ئەمڕۆش درێژەی هەیە. لە لایەکی ترەوە سیستمی بەعس بەشێوەیەکی مەنهەجی کاری لەپرۆگرامەکانی خوێندندا دەکرد. ناوەڕۆکی ئەو پرۆگرامانە کاریان لەسەر چەند تەوەرێک دەکرد کە لەکۆتاییدا وا لەهەموومان بکا بەیەک شێوەو یەک ڕەنگ بیر بکەینەوە. ئەم ڕەوتەش پێویستی بەوە بوو هەندێک لەفاکتە مێژووییەکان و زانستییەکانیش بەشێوەیەک بگۆردرێن کە ئامانجەکانی بەعس بەدی بهێنێ. لەهەمووشی سەیرتر بەعس توان کەوانەیەکی نوورانی وا بەدەوری سیستمەکەی خۆیدا دروست بکا کە یەکێکە لەباشترین سیستمەکانی ناوچەکە. تاوەکو ئێستاش بەشێکی زۆری مەنهەجەکان ماون و مرۆڤ دەتوانێت پێیاندا بچێتەوە. بەتایبەت لەوانەی مێژوو، جوگرافیا، ئەدەب، کۆمەڵایەتیدا، مرۆڤ زۆر بەئاسانی دەتوانێت ئەوە ببینێ کە هەوڵدان بۆ بنیادنانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەقەوارەیەکدا دەسووڕایەوە کە بەدڵی دەسەڵات بوو.

**ئایا ڕاپەڕین دابڕانێک بوو لە نێوان دوو دونیابینیی جیاوازدا**





**کە بەر مەبنای دوو فەلسەفەی پەروەردەی جیاواز دروست بوویێت؟**

نا، ئەم کارە بەو شێوەیە نییە. من لێرەدا نامەوێ تێروانینی تاکەکان و ڕزگاربوونیان لەو ستەمەی لەسەریان بوو، بکەمە بنەمایەک بۆ سیستەمێکی پەروەردەیی نوێ. ڕاپەڕین ڕووداوێکی سیاسیی گەورەبوو بەڵام هەرگیز نەتوانرا بکرێتە بنەمایەکی تەندروست بۆ پرۆسەیەکی دیموکراتی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و... هتد. من پێم وایە ڕاپەڕین بەهیچ شێوەیەک لە بواری پەروەردەدا نەیتوانی ئەو دابڕانە دروست بکا و ببێتە بنەمایەکی نوێ بۆ داڕشتنی سیستمێکی پەروەردەیی تەندروست و هاوچەرخ. بەشێوەیەکی دی، ڕاپەڕین نە فەلسەفەیەکی نوێی پێ بوو، نە جیهانبینیەکی تازەشی بۆ ئێمە هێنایە ئاراوە. بەشێوەیەکی دی ڕاپەڕین ڕووداوێکی مەزنی بێ پلان بوو کە جەماوەر سازیان کرد، بەڵام سیاسییەکان نەیانتوانی گەشەی پێ بدەن، چونکە ئەو تواناو سەلیقەو زانستەیان پێ نەبوو.

**ئایا پەروەردە لە دوای ڕاپەڕین هەر هەمان سروشتی پەروەردەی بەعسیزمی هەیە؟**

ئەگەر بتەوێ جیاوازییەکان نێوان بنەماکانی سیستمی پەروەردەیی پێش و پاش ڕاپەڕین دەشنیشان بکەی، ئەوە هیچی ئەوتۆت دەست ناکەوێ کە گفتوگۆی لەسەر بکەی. ڕەنگە ئەم قسەیە لە لایەن دەسەڵاتەوە بەناهەقی لەقەڵەم بدرێ، بەڵام با بەیەکەوە گوزەرێک بەناو هەندێک لە بنەماکانی پەروەردەی پێش و پاش ڕاپەڕیندا بکەین.

تاوەکو ئێستاش بەڕێوەبەرەکان لەسەر بنەمای لێهاتوویی و دانایی دانامەزرێن، بەڵکو تاکە مەرج ئەوەیە کە تا چەند بۆ یەکێتی و پارتی چەند دڵسۆزن و ڕێنماییەکانی ئەو دوو حیزبە جێبەجێ دەکەن، یا لە باشترین حاڵەتدا ڕەخنە لە وان ناگرن و دژایەتییان ناکەن. هۆکاری ئەمەش هەمان هۆکارە کە سیستمی بەعسی وا لێ کرد بەڕێوەبەرەکان لەسەر بنەمای حیزبی بوون دابمەزرێن. دواتر ئێمە هەمان ئەو مەنهەجانەی جارانی بەعس بەکار دێنینەوە. لەم ماوەیەدا کتێبێکی عەرەبیم بینی کە هەمان ئەو مەنهەجەی جاران بوو. ئەو کتێبە باسی ناسیونالیستی عەرەب و بیرۆکە و ئامانج و مەنهەجەکانی حیزبی بەعسی دەکرد. من هەندێک جار خەریکە لەوە دوودڵ دەبم ئایا ئێمە وەزارەتێکمان هەیە بەناوی وەزارتی پەروەردە؟ دواتر سیستمی پەروەردەیی ئێمە بەئەندازەی جاران هەموو قورساییەکی خۆی خستووەتە سەر مەنهەجەکان. ئەم ڕەوتە لەدەیەی حەفتاکاندا لە ئەوروپا و ئەمریکادا کۆتاییی پێ هات. سیستمی دوای ڕاپەڕین بەئەندازەی پێش ڕاپەڕین ڕێز لە بنەماکانی مافی مرۆڤ ناگرێ و هەراسانکردنێکی جیدیی منداڵان پیادە دەکا کە زۆر جار مۆرکی تاوانی پێوەیە.

قوتابخانەکان بەئەندازەی جاران و بەپێچەوانەی هەموو جیهانی پێشکەوتووەوە لەبری ئەوەی خوێندکاران لەسەنتەری پرۆسەکەدا دابنێن، مەنهەجەکانیان لەو جێگەیەدا داناوە. هەمان شێوازی وانەوتنەوەکانی جاران بەکار دێن کە تاکپەرستی و دەمار گرژی دروست دەکا و دیموکراسی و ڕێزگرتنی بیروبۆچوونە جیاوازەکان لەبار دەبا و بەهیچ شێوەیەک بواری گفتوگۆ نادا. بۆیە وەکو جاران





ئەندامەکانی کۆمەڵگا کەڕوڵان. جاران نەوەیەک پەروەردە دەکران کەستایشی یەک حیزب بکەن، بەڵام ئێستا ئەو نەوەیە ستایشی دوو حیزب دەکەن. ئەگەر لەگوتارەگانی جاران و ئێستا ورد بیتەوە دەبینی هەمان شتن، هەر لەکاری ناپەروەردەییەوە تا دەگات چەپڵە لێدان، هەراسانکردن، بێ ئەرزشکردنی مرۆڤ... هتد. لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا مرۆڤ دەتوانێ سەدەها لاپەڕە بنووسێ، چونکە بواری پەروەردە هیچ جیاوازییەکی جیدیی لەگەڵ پێش ڕاپەڕیندا نییەو سەرجەمی گوناهەکانیش لەئەستۆی دەسەڵاتە. بەڵام ئەگەر باس لە بنەماکان نەکەین، ئەوە چەند وردە خاڵێک هەیە باسی بکەین.

**لە کوردستاندا زۆر جار باس لە قوتابخانەی نموونەیی دەکرێ ئایا بەکارهێنانی ئەم دەستەواژە تەندروستە؟ ئایا بوونی بینایەکی تازە بەسە بۆ ئەوەی بڵێین قوتابخانەی نموونەییمان هەیە؟**

بەکارهێنانی دەستەواژەکە شتێکی ئاساییە، بەڵام پیادەکردنی ئەم جۆرە قوتابخانانە ئاسایی نییە. دواتر ئەم جۆرە قوتابخانانە زیاتر لەناو کولتووری وڵاتە دواکەوتووەکان و بلۆکی کۆمونیستەکانی جاراندا بەربڵاون. بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە لەو کۆمەڵە وڵاتەدا وەکو دیاردەیەکی پۆزەتیڤ و گەشەکردنێکی زانستی تەماشا دەکرێ، بەڵام لە ڕوانگەی پەروەردەییەوە تەندروست نییە. من بەش بەحاڵی خۆم بەو قوتابخانانە دڵخۆش نیم، چونکە لە لایەک کاریگەری نێگەتیڤانەی بەسەر خوێندکارەکانی ترەوە هەیە، لە لایەکی دیکەشەوە بودجەی ئەو قوتابخانانە بەبەراورد لەگەڵ ئەوانی تردا بەراورد ناکرێ.

هەروەها ئەو خزمەتگوزاری و ئامرازانەی بۆ ئەوان دابین دەکرێ بۆ ئەوانی تر دابین ناکرێ. دواتر ئەوان مامۆستاو خوێندکارە باشەکانیان لە قوتابخانەکانی تردا ڕاکێشاوەوە و لەو قوتابخانانەدا کۆیان کردوونەتەوە.

بەشێوەیەکی دی من پێم وایە خۆشگوزەرانی و باری زانستی و پەروەردەیی قوتابخانە نموونەییەکان لەسەر حیسابی قوتابخانەکانی ترە. بوونی چەندین خوێندکاری زرینگ لە هەموو قوتابخانەیەکدا کاریگەریان بەسەر خوێندکارە ئاساییەکانی ترەوە زۆرە. بۆیە کۆکردنەوەی خوێندکارە زرینگەگان لە قوتابخانەیەکدا و ئەوانی تریش لە قوتابخانەیەکی تردا زیانێکی زۆری بۆ گرووپی دووەم هەیە. ئەمە بەرەو سیستمی یابانیمان دەبا و ماوەیەکی تر دەبێ باس لەدوو گرووپی جیاواز بکەین، واتە باشەکان و خراپەکان. من هەندێک جار گوێم لەبۆچوونی بەرپرسە پەروەردەییەکان بووە لەم بوارەدا، بەڵام قەناعەتم پێیان نییە.

بۆ ئەوەی کاریگەری و داهاتووی قوتابخانە نموونەییەکان پیشان بدەم، پێویستە دوو نموونە بخەمەروو. سیستمی ئەڵمانی سیستمێکی زۆر توندوتیژەو ڕێگا بۆ خوێندکارە زیرەکەکان خۆش دەکات کە بگەنە ئامانجەکانیان، بەڵام بەشێوەیەکی سیستماتیک فشاری دەروونیی سەخت دەخاتە سەر ئەوانی تر. بەپێی ئەم سیستمە هەر خوێندکارێک دوای قۆناغی سەرەتایی (پۆلی چوارەم) بۆی هەیە بەئارەزووی خۆی جۆرێک لە قوتابخانە ئامادەییەکان هەڵبژێرێ. بۆ نموونە ئەگەر خوێندکارێک جۆرە قوتابخانەیەک یا بەشێکی ئاست بەرزی هەڵبژارد وەکو لقی زانستیی لای خۆمان و دواتر نەیتوانی نمرەی بەرزو





پێویست بهێنێتەوە ئەوە دەردەکرێ بۆ ئامادەییەکی ئاست نزمتر. ئەم گەڕانەوەیە خوێندکار تووشی شکستی دەروونی دەکا و دەیخاتە خانەیەکەوە کە کاریگەریی گەورە بەسەریەوە بەجێ دێڵێ.

نموونەی دووەم، سیستمی وڵاتە ئەسکەندەنافییەکانەوە کە لەسەر بنەمای بنبڕکردنی ئەو شکستە دامەزراوە. ئەوان بەپێچەوانەی ئەڵمانیاوە، لە ڕوانگەی خوێندکارە ئاست نزمەکانەوە تەماشای پرۆسەی فێرکاری و پەروەردەیی دەکەن و هەموو هەلێکیان بۆ دەرەخسێنن بۆ ئەوەی ئاستی خۆیان بەرز بکەنەوە. بەڵام ئەوان بەر لەپیادەکردنی ئەو دوو سیستمە، حکوومەت وەڵامی ئەو پرسیارەی داوەتەوە کە لەداهاتوودا دەیانەوێ چ جۆرە وڵاتێک و سیستمێکی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییان هەبێ. سەرئەنجامەکانیش دیارن لە ئەڵمانیا گرووپێکی زۆر بەهێز و گرووپێکی لاواز یا ئاسایی دروست بوون. بەڵام لە وڵاتە ئەسکەندەنافییەکاندا ئەو دوو گرووپە دروست نەبوون بەڵکو سەرجەمی ئەو خەڵکە لەیەک ئاستدان. بۆیە دەبێ حکوومەتی کوردستانیش ئەوە دیاری بکات چ جۆرە سیستمێکی لە داهاتوودا دەوێ؟

من بەهەموو شێوەیەک نیگەرانم بەرامبەر ئەو جۆرە قوتابخانانە. دواتر وەزارەتی پەروەردە نموونەیی ئەو قوتابخانانەی لەنمرەی بەرزدا کورت کردووەتەوە، بەڵام من وەکو پەروەردەناسێک لەهەموو ڕووەکانەوە تێی دەڕوانم. لەساڵی ٢٠٠٥ دا لە قوتابخانەی نموونەیی باڵا لەهەولێر لەمنداڵێکی یەکجار بچووک درابوو. کە لێم پرسی بۆ؟ پێی وتم لەبەرئەوەی لە کاتی دانیشتندا دەستەکانم نەخستووەتە سەر یەک.

## ئایا پەروەردەی ئێمە پەروەردەیەکی دابڕاو نییە لە پێشکەوتنەکانی ژیان و میتۆدە زانستییەکان؟

هەندێجار وابیر دەکەمەوە لەوانەیە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی سیستمی پەروەردەیی ئێمە ئەوەبێ کە نابێ بەهیچ شێوەیەک توخنی شتی زانستی نوێ بکەوێ. سیستمی ئێمە بەشێوەکی زۆر سەیر لەپێشکەوتنەوە دوورەو حەساسیەتێکی گەورەشی بەرامبەر بەمێتۆدێک و دیداکتیک و لێکۆڵینەوەی زانستی هەیە. با ئەم ڕایەی سەرەوەم هەندێک وردتر بکەمەوە. هەر لایەنێکی ژیان پشت بەلێکۆڵینەوەی زانستی نەبەستێ بەمردوو دەژمێردرێ. ئەمڕۆش سیستمی پەروەردەیی ئێمە بەهیچ شێوەیەک کار لەو بوارەدا ناکات. هەرچی ناواخنی ئەو سیستمە هەیە نیشانەی ئەوەیە کە نەک کار بەو لێکۆڵینەوانە ناکا بەڵکو ئاگاشی لێیان نییە. ئەمڕۆ لەهەر بوارێکدا دەڵێی سەدەها و هەزارەها لێکۆڵینەوەی زانستیی زۆر باش هەیە کە بەشێکیان خراونەتە بواری کارکردنەوە. بۆ نموونە لە بواری پەیوەندییەکانی مامۆستا و خوێندکار، بواری کارگێڕی، زانستەکان، دیداکتیک و مێتۆدیک، گەشەسەندنی چەمکەکان، تەکنیک... هتد. لە لایەکی تریشەوە هەموو قوتابخانە فیکرییەکان بەشدارییەکی باشیان لەگەشەسەندنی سیستمی پەروەردەییدا کردووە، هەر لەتاقیگەراییەوە تا دەگاتە بونیادگەرایی و پۆست مۆدێرنیزم و... هتد. باشە چ بەرهەمێکی ئەمانە لەناو سیستمی ئێمەدا دەبینیتەوە؟

لە لایەک ترەوە تۆ گەشتێک بەناو یەکێک لەسیستمە پێشکەوتووەکانی دنیادا بکەو بزانە یەکێک لەو شتانەی ئەوان بەکاری





دێنن، ئێمە پیادەی دەکەین؟ سیستمی ئێمە تاوەکو ئێستا لەبەرهەمە هەرە کۆنەکانی ژیان دانەبڕاوەو بەلایەنی کەمەوە ٤٠ ساڵ لەدوای پێشکەوتنەکانەوەیە. لەناو گۆنگرەی پەروەردەییدا کەسانێک هەبوون کە بەپسپۆڕ ناودەبران دەیانوت ئێمە دەبێ لەوڵاتەکانی دراوسێ سوود ببینین، سیستمی ئەڵمانیاو سوید لەگەڵ کولتووری ئێمەدا ناگونجێن بەبێ ئەوەی شارەزاییەکی باشیان لەو سیستمانەدا هەبێ.

## چۆن دەڕوانیتە کۆنگرەی پەروەردەیی؟

کارەکانی کۆنگرەی پەروەردەیی تاڕادەیەکی مامناوەندی باش بەڕێوە چوون و ڕاسپاردەی باشیش پێشکەش کران، بەڵام ئەمە بەهیچ شێوەیەک ئەوە ناگەیەنێ ئەم کۆنگرەیە دەتوانێ سیستمی پەروەردە بگۆڕێ. ئەم کارە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە کێ سەرپەرستی کارەکانی دوای کۆنگرە دەکات و چ شارەزایەک و لێزانێک لەپشت دانانی میکانیزمە تازەکانەوەیە. لەهەموو سەفەرێکمدا بۆ کوردستان ئەوەم زیاتر بۆ ڕوون دەبێتەوە کە نەشارەزاییەکی یەکجار گەورە لە بواری پەروەردەییدا هەیە و زۆربەی هەرە زۆری بەڕێوەبەرە گشتییە گەورەکان ئاگایان لەگۆڕانکارییەکان نییە. من دەزانم کۆمەڵێک هۆکار هەیە کە وام لێ دەکا بڵێم ئەم نەشارەزاییە تاڕادەیەک خەتای خودی ئەو بەڕێوەبەرانەی تێدا نییە، بەڵام ئەمە هیچ لەو گرفتە گەورەیە ناگۆڕێ کە کاری گۆڕانکاری دەبێ لەدەست ئەوانە دەربهێنرێ و بدرێتە دەستی شارەزاکان. من ئەمەم بەچەند وەزیرێک وتووە، بەڵام سەرجەمیان پێیان وابوو ئەو کادیرە شارەزایانەیان نییەو بەهیچ شێوەیەک ناکرێ پشت بەو کادیرانە ببەسترێ کە لەناو کوردستاندا

هەیە. گرفتێکی گەورەی تر ئەوەیە زۆر بەدەگمەن ستروکتوری کارکردنێکی باش و شارەزاییەکی باش لەسەرجەمی وەزارەتەکاندا هەیە. هەموو وەزارەتەکانی پەروەردەی پاش ڕاپەرینیش ئەم گرفتەی تێدا هەبووە. لە لایەکی تر کۆمەڵێک شتی زۆر گرینگ لەکۆنگرەدا پشتگوێ خران کە من پێم وایە کۆنگرە لەو ئاستەدا نەبوو کە مامەڵەیان لەگەڵدا بکا. لە لایەکی ترەوە هیچ کۆنگرەیەک ناتوانێ هەموو بوارەکان بەجارێک بپێکێ. شتێکی زۆر باشی کۆنگرە ئەوەبوو هەمووومان بەیەکەوە توانیمان گفتوگۆ لەسەر زۆر شتی ناکۆک بکەین، بۆیە من پێم باشە هەموو ساڵێک کۆنگرەیەکی بچکۆلانە بۆ پسپۆڕەکان ساز بکرێ بۆ پێداچوونەوەی هەنگاوەکان، ئەگەرنا کارەکان بەڕێوە ناچن. لەگەڵ ئەوەشدا من دڵنیام لەوەی کەسیستمی فێرکاری و پەروەردەیی ڕێگایەکی ڕاستی هەڵنەبژاردووە و ڕەنگە چەندین ساڵی تریش بوێ بۆ ئەوەی ئەو بیر لەو سیستمە بکاتەوە کە وڵاتە پێشکەوتووەکان بەر لە ٣٠ ساڵ پیادەیان کرد، بەڵام دەبێ پۆزەتیڤانە بروانمە کۆنگرەو مۆڵەتی ساڵێکیشی بدەمێ بۆ ئەوەی بزانین چەند توانای گۆڕانکاری هەیە. دەبێ ئەوەش یاداشت بکەم کە لەدوای کۆنگرەوە چەند بڕیارێکی باش دەرچووە.

.................................................

سەرچاوە: ئەم دیدارە لە لایەن عەتا حسێنەوە سازکراوەو بەشێکی زۆر کە می لەژمارە ٨٣ ی هەفتەنامەی ئاوێنەی ساڵی ٢٠٠٧ دا بڵاوکراوەتەوە



## ٧

**بۆ دەیەیەک دەچێ، سیستەمی پەروەردە لە سەرەتاییەوە تا زانکۆ دوچاریی ڕەخنەگەلێکی زۆر بووەتەوە، سەرەنجام بڕیارە لەژێر ڕاسپاردەکانی ئەو کۆنگرە پەروەردەیەی مانگی ئایاری ئەمساڵ لە هەولێر بەستراوو بەڕێزیشتان یەکێک لە بەشداربووە کاراکانی بوون، گۆڕانکاری لە سیستەمی خوێندن بکرێ. بەر لەوەی گۆڕانکارییە بڕیار لێدراوەکە بکرێت و زەنگی کردنەوەی خوێندنگاکان لێ بدرێ، لە چەنابت دەپرسم: تا چەند لەو گۆڕانکارییە ڕازیی؟**

وەزارەتی پەروەردە بڕیاری داوە، ئەمسال ڕۆژێک بۆ بەخێرهاتنەوەی خوێندکاران لەڕێگەی لافیتە هەڵواسین و چەند شێوازێکی ترەوە تەرخان بکا. ئەم شێوازە بەتەنیا نیشانەی بیرکردنەوەیەکی تاڕادەیەک جودایە لەگەڵ جاراندا. ئەوانەی شارەزاییان لەدەروونناسی و پەروەردەناسی منداڵاندا هەیە دەرک بەوە دەکەن کاتێک منداڵەکانمان ئەمسال دێنە قوتابخانەو ناوی خۆیان لەسەر لافیتەکانی بەخێرهاتن دەبینن چەند دڵشاد دەبن. ئەم دڵخۆشییەی منداڵ بەلای منەوە سەرمایەیەکی گەورەیە کە دواتر ئەگەر بۆی بگەڕێیت لەچەندین بواردا دیانبینیتەوە. من پێم خۆشە قوتابخانەکان زیاتر لەڕۆژێک بۆ ئەم کارە تەرخان بکەن. لەهەمان کاتیشدا حەزم دەکرد قوتابخانەکان

سیستمە تازەکەیان بۆ خوێندکاران ڕوون بکردایەوە، چونکە لە لایەک گرینگە منداڵان شارەزای ئەو گۆڕانکارییانەبن کە بەسەریاندا پیادە دەکرێن و لە لایەکی تریشەوە ئەم کارە ئەگەر بکرایە پەیامێکی پەمەیی بەمنداڵان دەدا کە قوتابخانە ئێوە بەگرینگ دەزانێ و بەتەنگتانەوە دێ.

من بەش بەحاڵی خۆم بەو گۆڕانکارییە تازانەی بڕیاریان لەسەر دراوە گەشبینم، بەبێ ئەوەی ئەمە مانای ئەوە بێ کە بەڵێ دەنگ بۆ هەموو وردەکارییەکانی ناو پرۆژەکەی وەزارەتی پەروەردە دەدەم و ئەو پرۆژەیە کەموکورتیی تێدا نییە یا بەسەرکەوتوویی پیادە دەکرێ. لێرەدا پێویستم بەوە هەیە هەندێک خاڵ یاداشت بکەم. من پرۆژەکە وەکو پاکەتێک تەماشا دەکەم کە بۆ یەکەمین جارە لەکوردستاندا پیادە دەکرێ. دووەم ئەگەر بتوانرێت پرۆژەکە پیادە بکرێ بەڕای من ئەوە مانای وایە وەزارەتی پەروەردە توانیویەتی قۆناغی یەکەمی گۆڕانکارییەکان دەست پێ بکا. سێیەم من گەشبینم بەو گۆڕانکارییانە بەلام بۆ ئەوەی بەتەواوی ڕازی بم، ئەوە چەندین قۆناغی تر ماوە دەبێ پیادە بکرێ، چونکە تاوەکو ئێستاش قوتابخانەکانی ئێمە ڕوویان لەقیبلە نییە. چوارەم ئەگەر لەو گۆڕانکارییانە وردبیتەوە هەندێک خاڵی زۆر جوانی تێدایە کە هاوبەشە لەگەڵ سیستمە پێشکەوتووەکانی جیهاندا. پێنجەم هەمیشە کۆششی من بۆ ئەوە بووە سیستمێکی وا دابرێژین کە خوێندکاران لەسایەیدا هەست بەحەسانەوە بکەن، یا هیچ نەبێ باری شانیان کەمێک سووکتر بێتەوەو بەهۆیانەوە قوتابخانەیان خۆشتر بوێ. ئەم پرۆژەیەش هەنگاوی یەکەمە بەو ئاڕاستەیەدا ئەگەرچی کەموکورتیشی تێدایە. شەشەم، سەرجەمی خاڵەکانی ناو پرۆژەکە لەبەرژەوەندی





خوێندکاراندایە، ئەم خاڵەش بێگومان هەندێک لەمامۆستاو بەڕێوەبەرەکان نیگەران دەکا. بەڵام لەگەڵ ئەو گەشبینییەدا ڕەخنەو سەرنجی خۆم هەیە و لەپیادەکردنیشی نیگەرانم. بەڵام من پێم وایە دەبێ ئێمە هەلێک بۆ ئەم پرۆژەیە بڕەخسێنین و دەرەفەتی ئەوەی بدەینێ و بزانین دوای ساڵێک لەپیادەکردن چی شتێکی گۆڕیوە. من پێم باش نییە ئێمە دژی پرۆژەیەکی لەم بابەتە بوەستینەوە. هەروەها ناشبێت چاوەڕوانی ئەوە بین لە کاتی پیادەکردندا تووشی گرفت نابین.

**ئەوەی تا ئێستا من بینیوومە تەنیا شێوازی گۆڕانە لە شێوەدا، ئەی وەکو ئاگاداربی گۆڕانی خودی پرۆگرامەکە چۆنە بەڕاست کاریگەریی بیری بەعس لە مەنهەجی خوێندنی تازە لابراوە؟ یان لادەبرێ؟**

لەبەر نەشارەزاییی وەزیرو کادیرە پەروەردەیییە باڵاکان، تاوەکو ئێستا هەموو گۆڕانکارییەکان تەنیا لەشێوەدا بوونە، بەبێ ئەوەی دەستکاریی ناوەڕۆکەکان بکرێ. ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی هەموو ئەو گۆڕانکارییانە دەگرێتەوە کە تا بەر لەماوەیەکی کەم کراون. بەڵام لەئێستادا هەندێک گۆڕانکاریی تر کراون.

لەدوای کۆنگرەی پەروەردەیی لەگەڵ لیژنەی پەروەردەییی پەرلەماندا دانیشتبووم، سۆزان خان چەند لاپەڕەیەکی پیشانم دا کە بریتی بوو لەیەکێک لەو سروودانەی بەشان و باڵی بەعسی هەڵدەداو فیکری بەعسی زۆر بەڕوونی دەخستەڕوو. ئەم سروودە لەیەکێک لەو کتێبانەوە دەرهێنرابوو کە تاوەکو ئێستاش لە قوتابخانەکانی ئێمەدا

دەخوێندرێن. کاریگەریی بیری بەعس دوو جۆرە: یەکەمیان بریتییە لەو بابەتانەی لەناو کتێبەکاندا دەخوێندرێن کە لابردنیان کارێکی سەخت نەبووەو نییە. دووەمیان پەیوەندیی بەشێوازی کارکردنی ئێمەوە هەیە لەهەموو بوارەکاندا. بنبرکردنی جۆری دووەمیان کارێکی سەختە. بۆ لابردنی ئەم جۆرە کاریگەرییە پێویستمان بەکەسانێکی زۆر ژیر هەیە کە بەشێوەیەکی تەواو جودا لەبەعس بیر بکەنەوە.

بەنیسبەت مەنهەجەکانەوە، من خۆم هیچ یەکێک لەو مەنهەجە تازانەم نەبینیوە، بەڵام لەوە ئاگادارم کە ئەرکی هەندێک لەمەنهەجەکان بەچەند کۆمپانیایەکی بیانیی ناودار سپێردراوە. بۆ نموونە نووسینی مەنهەجی ئینگلیزی لەدەستی ماکمیلان دایە کە بەشێوازێکی جوان کار دەکا. بۆ نموونە مەنهەجی ئینگلیزی هەر پۆلێک بریتییە لەچوار کتێب: خودی مەنهەجەکە، کتێبێکی تر بۆ ئەو خوێندکارانەی زۆر زیرەکن و پێویستیان بەکتێبێکی قورستر هەیە، کتێبێکی تر بۆ ئەو خوێندکارانەی پێویستیان بەکتێبێکی ئاسانتر هەیە، هەروەها کتێبێکیش بۆ ڕاهێنانی زیاتر. زۆربەی هەرە زۆری کتێبەکانی ڕۆژئاوا بەم شێوەیە دەنووسرێن و دواتر ماکمیلانیش لەبازاڕی ڕۆژئاوادا پشکی خۆی هەیە. ئەگەر بێ و ئەو کتێبانەی کوردستانیش بەم شێوە بن ئەوە تەنیا یەک کار دەمێنێتەوە ئەویش ڕاهێنانی مامۆستاکانە بەو شێوە کتێبانە، چونکە ئەمە کارێکی زۆر ئاسان نییە. بەڵام بەر لەبینینی کتێبەکان و گۆڕانکارییەکان من ناتوانم لەسەر ناوەڕۆکی ئەو کتێبانە هیچ قسەیەک بکەم.

**گەر بۆ بونیاتنانی کەسێکی تەندروست پێویستمان بە خۆناسین و بۆ خۆناسینیش پێویستمان بە سیستەمێکی**





**پەروەردەی لیبراڵ بێ. دەکرێ ئەو مەنهەجەی تازەیەی خوێندن، هەڵگری ڕێسایەکی لەم چەشنە بێ؟**

یەکەم بۆ بونیاتنانی کەسێکی تەندروست پێویستمان بەزۆر شت هەیە کە یەکێکیان خۆناسینە. دووەم بۆ خۆناسین ئێمە پێویستمان بەپەروەردەو نیوێکی لیبراڵ هەیە. دواتر من واهەست دەکەم ئەم پرسیارەی تۆ زۆر زوو لەدایک بوو، چونکە هێشتا زۆر زووە بۆ ئەوەی کاریگەریی ئەم گۆڕانکارییە تازانەمان بۆ ڕوون بێتەوە. بەلایەنی کە مەوە پێویستمان بەساڵێک هەیە، بۆ ئەوەی بزانین کاریگەریی ئەم گۆڕانکارییانە چۆنە. تا ساڵی داهاتوو چەند لێکۆڵینەوەیەکی زانستی نەنووسرێنەوە کە پشتیان بەراوبۆچوونی خوێندکاران و مامۆستایان بەستبێ، ئێمە ناتوانین هیچ جۆرە ڕایەکی یەکلاکەرەوەمان لەبارەی ئەم گۆڕانکارییە تازانە هەبێ. ئەوەی تاوەکو ئێستا خەڵک دەینووسێ بریتییە لەڕای تایبەتی ئەو خەڵکانە بەرامبەر بەبیرۆکەی گۆررانکارییەکان نەک کاریگەریی ئەو گۆڕانکارییانە. دواتر ئەوەی کە هاتووەتە ئاراوە، سیستم نییە بەڵکو کۆمەلێک گۆڕانکاریی زۆر باشن کە پەیوەندییان بەخوێندکارانەوە هەیە. بۆ وەڵامی پرسیارەکەت دەڵێم نەخێر، ئەوەی هاتووەتە ئاراوە بەهیچ شێویەک ناتوانین ناوی پەروەردەیەکی لبیراڵی لێ بنێین و ئەو مەرجانەی تۆ وباسیان دەکەی نایەنێتە دی. من حەز ناکەم ئێمە بەهەڵە لەو گۆڕانکارییانە تێ بگەین و قەبارەیەکی لەخۆی زیاتری بدەینێ، چونکە ئەگەر ئەو کارە بکەین دواتر چاوەڕوانییەکانمان گەورە دەبن و دوای کەمتر لەساڵێک بێ ئومێد دەبین و هێرش دەکەینە سەر وزارەتی پەروەردە. بۆ دروستکردنی مرۆڤی کورد هێشتا زۆر هەنگاوی گەورەمان ماوە کە

بینێین. ئێمە تاوەکو ئێستا لەو هەنگاوانەوە دوورین و بەدەگمەنیش نەبێ دەسەڵات کەسانێکی زۆر شارەزای لەو بوارەدا نییە. هەرکات پەروەردەیەکی لیبراڵمان پیادە کرد، ئەودەمە دەتوانین باس لەدروستکردنی تاکێکی تەندروستیش بکەین.

**لەوڵاتانی پێشکەوتوودا بەردەوام سیستەمەکانی خوێندن دەگۆڕێن و پشکی شێری داهاتی ساڵانەی وڵاتیان بۆ خوێندن و گۆڕانکارییەکانی سیستەمەکانیانە. لەگەڵ دەرک کردن بەم حاڵەتەدا بۆچی لە کوردستان کار بەم ڕێسایانە نەکراوە؟ پەیوەست نەبوونی حکوومەت و وەزارەت بەو ڕێسایانە، تایبەتمەندە بە بەبێ توانایی توانستییەوە عەقڵییەکان؟ یان نەبوونی کەرەسەو کولفەی تێچوو مادییەکان؟**

من لە بودجەی زۆر وڵاتی ئەورووپاییدا سەرنجی ئەوەم داوە کە بواری پەروەردەو خوێندن لەگەڵ نەخۆشخانەو گەورە ساڵاندا گەورەترین بودجەیان بۆ تەرخان دەکرێ. ئەم کارە لەکوردستاندا بەو شێوەیە نییە، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بواری پەروەردەو خوێندن ئەو بایەخەی لە لای سەرۆکی کابینە جیاوازەکان نەبووە. ئەو هۆکارەی بەڕێزت دەسنیشانت کردووە دروستە بەڵام هۆکاری یەکەم کە بووەتە ڕێگر لەکوردستاندا بریتی نییە لە کەمی پارە و بودجە، بەڵکو بریتییە لە نەبوونی توانا و شارەزایی لەو کەسانەدا کە لە بواری پەروەردەو خوێندندا کار دەکەن. بەڕای حکوومەت بودجە کەمە و بەش ناکا، بەڵام من پێم وایە پارەکە ئەگەر زۆریش نەبێ ئەوە کەم نییە بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە بەشێک لەپارەی بودجە ناچێتە ناو بودجەکەوە بەڵکو





دەچێتە گیرفانی کەسانی ترەوە. ئێمە ئامادەین بروا بەحکوومەت بکەین کە پاریان نییە قوتابخانە دروست بکەن، بەمەرجێک بەشێوەیەکی ڕوون تەواوی بودجەکەمان پیشان بدەن کە چەندەو چەند لەچ بوارێکدا خەرج کراوە. با هەموو دەرگاو دەفتەرەکان بەرووی ڕۆژنامەکاندا بکەنەوە، ئەودەم کەس گلەیی لەحکوومەت ناکا. گەندەڵی هۆکارێکی زۆر گەورەیە بەناو لەشی حیزبدا گوزەر دەکا و زۆر بواری پەک خستووە. زۆر جار گرفتەکە کەمیی پارە نییە بەڵکو جۆری بەکارهێنانیەتی. ئەو بودجەیەی کە حکوومەت هەیەتی بەشی هەموومان دەکا ئەگەر لێی نەدزرێ و بەباشی بەکار بهێنرێ.

دواتر بەدرێژاییی تەمەنی حکوومەتەکانی کوردستان تاوەکو ئێستا یەک وەزیری پەروەردە دانەمەزراوە کە لە بوارەکەی خۆیدا پسپۆڕ بووبێ. نەشارەزاییەکی زۆر گەورەو بێتواناییەکی سەیر لە لای کادیرە باڵاکانی پەروەردەو فێرکردن هەبووە. هەندێک وەزیری پەروەردە هەبوونە کاریگەریی زۆر خراپیان بەسەر بواری پەروەردەوە بەجێ هێشتووە. من دەزانم پۆستی وەزیر پۆستێکی سیاسییە بەڵام پێویستە هەموو سیاسییەک تیمێکی زۆر شارەزا لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە. من بوونی ئەو تیمەم لەگەڵ زۆر وەزیردا تاوتوێ کردووە، بەڵام هەرهەموویان یەک وەڵامیان هەبووە کە من هاوڕام لەگەڵیاندا ئەویش ئەوەیە کە ئەوان ئەو تیمە شارەزایەیان لەکوردستان دەست ناکەوێ، کە پشتی پێ ببەستن.

دواتر هەموو وەزارەتێک و بوارێک دەبێ خاوەنی پلانێکی کارکردن بێ کە بۆ پیادەکردنی پێویستی بەستروکتوری کارکردن هەیە. ئەمڕۆ بەدەگمەن نەبێ، هیچ وەزارەتێک نابینیتەوە ستروکتورێکی مۆدێرنی

کارکردنی هەبێ. هەر هەموویان بەو ستروکتورە باوە کار دەکەن کە چەندین ساڵە کاری پێ دەکرێ.

**بەڵام ئایا تواناکانی حکوومەت و وەزارەت و پسپۆڕ و ئەکادیمییەکان، تواناسازی و ئامادەگییەکەی شایانیان تێدایە، تا خوڵقێنەری جێگیربوونی سیستەمێکی خوێندنی لەبار بن و بەردەوام گۆڕانکاریی تێدا بکەن؟**

بۆ وەڵامی ئەمە پرسیارە سێ خاڵ یاداشت دەکەم، یەکەم ئێمە ناکرێ تەنیا ئەکادیمیستەکان گوناهبار بکەین، چونکە هەموو دەمێک و لەهەموو وڵاتێکدا حکوومەت یەکەم و دوا بەرپرسە لەپلاندارِشتن و بەڕێوەبردنی هەر وڵاتێکدا. بۆیە هەر شکستێکیش ڕووبەڕووی هاووڵاتییان بێتەوە، حکوومەت بەرپرسە لێی. دووەم زۆر بەداخەوە لەناو خودی ئەکادیمیستەکانی کوردستاندا جۆرە جەنگێگ بەرامبەر بەزانستی نوێ بەرپا کراوە کە هۆکاری سەرەکیی بریتییە لەو جیاوازییە گەورەیەی لە نێوان زانستەکانی کوردستان و جیهانی دەرەوەدا هەیە. بۆ نموونە بەشێوەیەکی خراپ مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەکەن کە لەدەرەوە دەگەڕێنەوەو لەناو زانکۆکانی کوردستاندا کار دەکەن، بۆیە بەشێکیان دووبارە دەگەڕێنەوە بۆ دەرەوەی کوردستان. لەکاتێکدا ئەو جەنگە لەبەرامبەر ئەو کەسانەدا بەرپا ناکرێ کە لەبلۆکی سۆشیالیستی خوێندنیان تەواو کردووەو بەبێ گرفت لەکارکردندا بەردەوام دەبن. ئەم جەنگە هەر لەسەرەتاوە لە کاتی موعادەلەکردنی بڕوانامەکانەوە دەست پێ دەکات. سێیەم بەداخەوە ئەو زانستەی لەناو کوردستاندا هەیە، زۆر لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیشەوە زۆر کەم وکۆنەو بەهیچ شێوەیەک ناتوانین





بەو زانستانەوە سیستمێکی هاوچەرخ دابین بکەین، چونکە بنەماکانی هەر سیستمێکی نوێ داوای پێوەری زانستیی نوێ و ناوەڕۆکی نوێمان لێ دەکا کە لەو زانستانەی ئێمە دەیخوێنێن نییە. بۆیە گرفتەکە لەوەدا نییە کە توانا و شارەزامان نییە بەڵکو گرفتەکە لەوەدایە کە زۆربەی ئەو کەسانەی هەمانە و بەتایبەت ئەوانەی کاریان بەدەستە خاوەنی زانستێکی زۆر کۆنن کە بەکەڵکی پرۆسەی تازەکردنەوە نایەن.

**وەکو خوویەکی هەمیشەییی بەردەوام کەموکوڕییەکان بۆ حکوومەت و دەسەڵات دەگێڕینەوە، بەڵام پێتان وا نییە لە مەسەلە پەروەردەیەکاندا، ئەکادیمی و پسپۆڕەکانی بواری پەروەردە لە ڕەخنە بەدەر نین، بەتایبەت لە ڕەهەندە زانستی و مەعریفییەکان؟**

نەک لە ڕەخنە بەدەر نین، بەڵکو مروڤ دەتوانێ ڕەخنەیەکی توندیشیان لێ بگرێ. ڕاستە ئەوان ناتوانن ئەرکی حکوومەت بەجێ بگەیەنن و ڕێگری لەحکوومەت بکەن، بەڵام دەتوانن کاری تر بکەن؛ بۆ نموونە کتێب بنووسن، لێکۆڵینەوەی زانستی بنووسن، پرۆژە ئامادە بکەن. لە چەندەها لایەنی نالەباری بواری پەروەردە بکۆڵنەوە. تۆ تەماشای بازاڕی کتێب بکە و بزانە لەگەڵ بوونی ئەو هەموو زانکۆیە و ئەو هەموو ئەکادیمیانەدا چەند کتێب و لێکۆڵینەوە لە بواری پەروەردەدا دەبینیتەوە؟ من جۆرە سستییەکی سەیر لەوانەدا دەبینمەوە، هەندێک پرۆفیسۆر هەن پێنج ساڵ کتێبێک نانووسن. ئەمە بەدەر لەوەی کتێبەکانیان لەسەر بنەمایەکی زانستیی کۆن دەنووسرێن

کە ئەمڕۆ کاریان پێ ناکرێ. هەر ئەمەشە وای کردووە لە وەزیرەکان بڵێن ئێمە تیمێکی شارەزای ئەوتۆ نابینینەوە کە شتی تازە پێ پێت و ئێمە بتوانین پشتیی پێ ببەستین. دوکتۆرێک کە زانستی چلەکان و پەنجاکانی شوورەویی پێ بێ، چۆن دەتوانێ زانکۆیەکی هاوچەرخ بەڕێوە ببا. بەشێوەیەکی گشتی کۆنخوازەکان ڕێژەیەکی گەورە پێک دێن و بەهەموو شێوەیەک شەڕ لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەکەن کە شتێکی تازەیان پێیە.

**بۆ تەوەرەی زانکۆ گەلێک کۆلێژ و بەشی گەورەترین زانکۆی کوردستانم بینی، کاتێک ژوورەکانی مامۆستایانی زانکۆم بەبێ کۆمپیوتەر و پێداویستییە تەکنەلۆژیاکانی تری سەردەم بینی، دووچاری بیرکردنەوەیەکی قووڵ و سەرسوڕمان هاتم! ئەمەش ئەو پرسیارەی لا دروست کردم گەر زانکۆ لە فەراهەم نەبوونی ئەو شتە سادانەی کە لە دوکانی هەر بازرگانێکی شاردا هەن، هێندە دەسکورت بێ؟! ئاخۆ لە دەستەبەری گۆڕانی سیستەمەکانی خوێندن چەند دەستکورت بێ؟**

ئەمە بەشێکی ئەو دواکەوتنەیە کە لە لای زۆربەی ئەکادیمیستەکانی ئێمە هەیە. ڕاستە زۆربوونی کۆمپیوتەر ڕێگا بۆ زۆر شت خۆش دەکا، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە زۆرێکی تریش هەن ناتوانن یا نایانەوێ بەکاری بێنن. ئەمڕۆ هەموو مامۆستایەکی زانکۆ دەتوانێ کۆمپیوتەرێک بکرێ بەڵام بۆ نایکڕن؟ ئەمڕۆ ئینتەرنێتت نەبێ. واتە لە پێشکەوتن دواکەوتوویت. ئەمڕۆ زۆربەی هەرزەکارەکان خەتی ماڵەوەشیان نەبێ، ئەوە دەچنە سەنتەرەکان، ئیدی بۆ مامۆستایەکی





زانکۆ نایەوێ ئینتەرنێت بەکار بهێنێت؟

**گەر لە پەروەردە و فێرکردندا ڕەچاوی مەرجە زانستی و مەعریفییەکانمان نەکرد، دۆخ و سیستەمی پەروەردە بەکوێ دەگات؟**

دەگەینە ئەو بارودۆخەی ئێستا هەموومانی تێدا دەژین. بەشێوەیەکی تر مرۆڤەکان یەکتر دەشکێننەوە و کەس ڕێز لەوی تر ناگرێ، گەورەکان منداڵان هەراسان دەکەن و هیچ جۆرە بایەخێکیان پێ نادەن، پیاوەکان ژنەکانیان سەردەبڕن و دەیانکوژن، یەک کەس حیزبێک بەڕێوە دەبات و ئەو حیزبەش وڵاتێک کۆنترۆڵ دەکا، زانست هیچ بایەخێکی نامێنێ و هەموو دەزگاکان دەبنە پاشکۆی حیزب، گەندەڵی دنیا وێران دەکا بەبێ ئەوەی کەس بوێرێ ناوی ڕاستەقینەی ئەو کەسانە بێنێ کە گەندەڵی ڕاستەقینەن. بەدیوێکی تردا پێوەرە مەعریفییە تازەکان لەقەیراندا دەبن و بەدەگمەن نەبێ لەزانکۆکاندا شتی نوێ ناخوێنرێ، لێکۆڵینەوەی زانستی دەست بۆ گرفتەکانی کۆمەڵگا نابا... هتد.لە قوتابخانەکاندا تەنیا پەروەردەو زانستی نوێ پیادە ناکرێ، منداڵان بەروحیەتێک پەروەردە دەکرێن کە دەبێتە مایەی نیگەرانیی کۆمەڵگا، چەندەها منداڵ حۆیان دەسووتێنن بەبێ ئەوەی کەس ئاوریان لێبداتەوەو کەسێک هەبێ لێکۆڵینەوەیەکیان لەسەر بنووسێ... هتد.

---

سەرچاوە: ئەم دیدارە لە لایەن برایم عەباسەوە سازکراوەو لەماڵپەری کلاوڕۆژنەدا ٢٠٠٧ بڵاوکراوەتەوە

# ٨

## دوای کۆنگرەی پەروەردەیی

ماوەیەکی یەکجار زۆرە چ من و چ ئەوانی تریش ڕەخنەی جیدی ئاراستەی سیستەمی پەروەردەیی دەکەن. بۆیە لەبەرامبەر ئەم پڕۆژە تازەیەی وەزارەتی پەروەردەدا حەز دەکەم، سەرنج و ڕەخنەکانی خۆم لەسەر ناوەڕۆکی زانستی و پەروەردەییانەی پڕۆژەکە بخەمەروو، بەبێ ئەوەی باس لە هەندێ لایەنی دیکەی پڕۆژەکە بکەم؛ وەکو زمانی داڕشتن و ڕێزمان کە دەکرا زۆر باشتر بێ، چونکە لەدەرەوەی بواری منە. ئەمە نەک لەبەرئەوەی من لەسەر زۆربەی هەرە زۆری بابەتەکانم نووسیووەو داوای پیادەکردنی سیستەمێکی لەم بابەتەم کردووە، بەڵکو لەبەرئەوەی تەواوی ئەم پڕۆژەیە پڕۆژەیەکی هاوچەرخەو هەنگاوێک لەسیستەمەکانی جیهان نزیکمان دەکاتەوە. لە لایەکی ترەوە ئەم پڕۆژەیە لەزۆر شوێندا کاریگەریی سیستەمی فێرکاریی هەندێک لەوڵاتە ئەوروپییەکانی پێوە دیارە، کە من لەشوێنی خۆیدا دەستنیشانی دەکەم. بەئەگەری زۆریش ئەم گۆڕانکارییانە گرفتی زۆر دەخەنەوە، ئەمەش لەهەموو جیهاندا کارێکی ئاساییە. بۆ نموونە لە ١٩٨٠ دا کەسیستەمی فێرکاریی سوید گۆڕا بوو بەگەڕەلاوژێیەک ئەوسەری دیار نەبوو. بۆیە دەبێ وەزارەت ئامادەکاریی پاش بکات و قوتابخانەکانیش دان بەخۆیاندا بگرن.





یەکەمین خاڵی پۆزەتیڤ ئەوەیە کە ماوەی ساڵێک بۆ ئەم پڕۆژەیە دانراوەو دوای ئەوە وەزارەتی پەروەردە دەست بەلێکۆڵینەوە دەکا بۆ ئەوەی لە لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکان دەسنیشان بکا. لەوانەشە ئەم هەنگاوە تەندروستە ببێتە هۆی هەندێک گۆڕانکاریی نوێ لەپڕۆژەکەدا. من پێشنیاری ئەوە دەکەم چەند لێکۆڵینەوەیەکی زانستی ساز بدرێن کە پشتیان بەلێدوانەکانی مامۆستایان و خوێندکاران بەستبێ و لەکۆنگرەیەکی بچوکدا ئەنجامی ئەم پڕۆژەیە بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

لەپێشەکیی ئەو پڕۆژەیەدا ئاماژەی بەپرۆسەی دیموکراسی، گلۆبالیزم، ئەندامی پاسیڤ و چالاک، یەکسانی، تایبەتیزەکردنی وانەوتنەوە، ڕێزگرتنی هاوتەریب، لێبووردەیی و... هتد کراوە کە تێرمی زۆر گرینگن و بەشێکیان لەناو پۆلەکاندا و لەڕێگەی شێوازەکانی وانەوتنەوەوە دێنە دی کە لەم پڕۆژەیەدا ئاماژەی جیدییات بۆ نەکراوە. بەڵام ئایا وەزارەتی پەروەردە دەتوانێ، جێگای ئەو تێرمانە لەژیانی ڕۆژانەدا بکاتەوە؟

پێشەکیی ئەم پڕۆژەیە فاکتەری زۆر جیدی لەخۆ گرتووەوە بۆ بەدیهێنانی پێویستمان بەکاری جیدی و بەرنامەی تریش هەیە کە لەم پڕۆژەیەدا باس نەکراون. بەڵام ئەوەش دەزانم ئەم پڕۆژەیە خۆی لەقەرەی بابەتە بنەڕەتییەکان داوەو هەنگاوی یەکەمە لەم بوارەدا. پڕۆژەکە لەهەمان کاتدا ئاماژە بەهەندێ پرسی یەکجار گرینگ کراوە کە لەناو سیستەمە ڕۆئاواییەکاندا کاریان پێ دەکرێ، بۆ نموونە کاری قوتابخانە تەنیا خوێندن نییە، بەڵکو خۆشی و لەزەت وەرگرتنە لەخوێندن و لە قوتابخانە، هەروەها خوێندکار وەکو تاک، هەروەها

خوێندکار کراوەتە ناوەند کە جەوهەری زۆر سیستمی ڕۆژئاوایی پێک دێنێت و وامان لێ دەکا ئاراستەی شێوازی کارکردنمان لەگەڵ منداڵاندا بگۆڕین. بەهەمان شێوە نەهێشتنی هەراسانکردن، گۆڕینی گۆشەنیگای ئێمە بۆ ئەزموونەکان لەوەی کە ئەزموونەکان ئامرازێکن بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی زانستیی خوێندکاران بۆ ئەوەی ئەزموونەکان پێوەری کۆنترۆڵکردن نین، بەڵکو یەکێکن لەپێوەرەکانی هەڵسەنگاندن و بەدواچووندا. ئەم تێروانینە تازەیە وای لەپرۆژەکە کردووە کە میکانیزمی نوێ بۆ تاقیکردنەوەکان دابنێ.

هاوکات لەپێشەکییەکەدا هاتووە کە «خوێندن و پەروەردە بریتییە لەگەیاندنی زانست، کلتوور، زمان و بەها بنەماییەکانە لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر. قوتابخانە لەگەیاندنی بەرپرسیارێتییدا هاوکارو پشتگیری ماڵەوەیە». لەم بڕگەیەدا دوو هەڵەی گەورە بەدی دەکەم کە نەدەبوو لەپرۆژەیەکی وا گرینگدا بێنە ئاراوە. یەکەم بەهیچ شێوەیەک ئەرکی پەروەردە و خوێندن یەک نییەو دەکرا ئەرکەکانیان لەدوو ڕستەی جیاوازدا بنووسرایە. دواتر ئەرکی قوتابخانەو خوێندن ئەوە نییە زانست بگەیەنێ، چونکە بۆ ماوەی ٣٠ ساڵیش دەبێ قوتابخانە پێشکەوتووەکان زانستەکان بەرهەم دێننەوە نەک دەگوازنەوە. لەنیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردووەوە هەندێک نووسراو هاتنە ئاراوەوەو لەحەفتاکانیش بەدواوە بەلێشاو پەروەردەناسەکان نووسینیان لەسەر بەرهەمهێنانەوەی زانست بڵاوکردووەتەوە، گرفتەکە لێرەدا گۆڕینی دوو وشە نییە، گەیاندن یا بەرهەمهێنانەوە، بەڵکو ئەو دوو وشەیە دوو تێرمی گرینگن و مانای دوو تێروانینی جیاواز بۆ سیستمی فێرکاریی جیاواز دەگەیەنن. بەشێوەیەکی تر گوزارش لەدوو قۆناغی جیاواز







دەکەن. ئێمە ئەگەر بڕوامان بەبەرهەمهێنانەوەی زانست نەبوو مانای وایە کار بۆ گۆڕینی لایەنێکی گەورەی سیستمی فێرکاریی خۆمان ناکەین کە پێش هەموو شتێک پەیوەندیی بەدیداکتیکەوە هەیە. لەبەرئەوەی ئەم پرۆژەیەش هاوچەرخەو لەسەرەتای هەزارەی سێیەمدا دێتە ئاراوەو باس لەگۆڕانی بنەڕەتیی سیستمی پەروەردەیی و فێرکاری دەکا بۆیە نەدەبوو ئەو هەڵەیەی تێدا بوایە. هاوپەیوەند بەگەیاندنی زانست لەچەند دێڕێکی پێشتردا، نووسراوە «ئەرکی قوتابخانە گەیاندنی زانستە بەقوتابی».

هەروەها لەشوێنێکی تردا نووسراوە «قوتابخانە دەرگای بیرکردنەوە، داهێنان و دەستپێشخەری بۆ قوتابی ئاوەڵا دەکات و بواری ژیانێکی سەربەخۆی بۆ دەرەخسێنێت». من پێم وایە داهێنان و دەسپێشخەری لە لای خوێندکاران لەگەڵ گەیاندنی زانستدا یەک ناگرنەوە، بۆیە من وای دەبینم بەرهەمهێنانەوەی زانستە نەک گەیاندنی دەبێتە هۆی داهێنانی خوێندکاران. ئەمەش وەڵامێکە بۆ ئەوەی بۆچی تاوەکو ئێستا خوێندکاری کورد داهێنەر نییە.

هاوپەیوەند بەنیوەی دووەمی ئەو پەرەگرافەی سەرەوە ڕاستە لەواقیعی ئەمڕۆدا قوتابخانە هاوکارو پشتیوانی ماڵەوەیە، بەڵام لەهەر پرۆژەیەکی هاوچەرخدا ناکرێ، ئەم ڕۆڵە قبووڵ بکەین. بەڵکو دەبێ ئەو ڕستەیە سەرەوە بەپێچەوانە بێ، واتە قوتابخانە دەبێ ڕۆڵی پێشرەو ببینێت و ڕێگە بۆ خێزانەکان دەسنیشان بکا، یا بەشێوەیەکی دی ماڵەوە دەبێ پشتیوان و هاوکاری قوتابخانە بێ.. من وا لەو نیوە دێرە تێ دەگەم کە قوتابخانە یارمەتیی خێزانەکان دەکا نەک بەپێچەوانەوە.

سەبارەت بەخاڵی یەکەمی پڕۆژەکە بریتییە لەهەڵوەشانەوەی قۆناغی سەرەتایی و دروستکردنی قۆناغی بنەڕەتی کە بریتی دەبێ لە نۆ پۆلی ئیلزامی. تاوەکو ئێستا دەیەها هەزار لاپەڕە لەسەر قۆناغی نۆ پۆلی نووسراوە و بەدەگمەن نەبێ ئیدی هەموویان پێ لەسەر پۆزەتیڤبوونی ئەم سیستمە دادەگرن. بەدەر لەو خاڵانەی لە پڕۆژەکەدا هاتوون ئەم هەنگاوە دەبێتە هۆی لابردنی دیوارێکی گەورەی دەروونی لە بەردەم ئەو خوێندکارە منداڵانەدا کە هێشتا ١٢ ساڵیان پڕ نەکردووەتەوە. تێپەڕاندنی قۆناغی سەرەتایی و چوونە ناو قۆناغی ناوەندییەوە بۆ هەموو منداڵەکان بازدانێکە بەسەر دیوارێکی بەرز و قۆناغێکە پڕ لە مەترسیی شاراوە کە تەنیا خودی ئەو منداڵانە و ئەو کەسانە هەستی پێ دەکەن کە لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو منداڵانەدا دەکەن. ئەم مەترسییە لە دڵی زۆربەی هەرە زۆری خوێندکارە ڕۆژئاواییەکانیشدا هەیە کاتێک لە پۆلی نۆیەمەوە دەچنە قۆناغی ئامادەیی. بەڵام جورئەتی بازدان و ڕووبەرووبوونەوەی مەترسییەکان لەمنداڵێکی ١٢ ساڵییەوە بۆ ١٥ ساڵی جیاوازیان هەیە. کاریگەریی ئەم خاڵە لەماوەی داهاتوودا ئەوەیە کە ترسێک لە لای منداڵان دەرەوێنێتەوەو لەبری ئەوە سەقامیگری و ئاسایش کە ئەرکی سەرەکیی قوتابخانەو خۆزگەی خێزانەکانە، لە لای منداڵان جێگیر دەکات. هاوکات لەماوەی ئەو نۆ ساڵەدا ئێمە دەتوانین چەندین ڕیفۆرمی تر پیادە بکەین کە هەموویان لەبەرژەوەندیی مامۆستاو خوێندکاراندا دەشکێنەوە. سەرباری هەموو شتێکیش ئەم هەنگاوە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن لە لای ئەو کەسانەی جاران لەدوای قۆناغی سەرەتاییەوە وازیان لەخوێندن دەهێنا، چونکە خوێندن تا پۆلی شەشەم بەزۆر بوو. خودی





پڕۆژەکە ئاماژەی بەچەند فاکتەرێکی پۆزەتیڤی تر کردووە کە من نامەوێ لێرەدا دووبارەیان بکەمەوە.

هاوکات لەم خاڵەدا جۆرە گۆڕانکارییەک لەسیستمی قوتابخانەکاندا پێشنیار کراوە کە مەرج نییە لەئێستا بەدواوە هەموو قوتابخانە بنەڕەتییەکان نۆ پۆل لەخۆ بگرن. بەشێوەیەکی دی دەشێ هەندێک قوتابخانە ٤ پۆل و هەندێکی دیکە ٦ یا ٩ پۆل لەخۆ بگرن. ئەم گۆڕانکارییە هەندێک سێ خاڵی پۆزەتیڤ لەخۆ دەگرێ: یەکەم تێروانینمان بۆ جۆری قوتابخانەکان دەگۆڕێ. دووەم زیادبوونی ئەلتەرناتیڤەکانی قوتابخانە دەبێتە هۆی جۆرێک لەگۆڕانی بیرکردنەوەکانمان، چونکە ئەم قوتابخانانە ناچار دەبن چەندین جۆری جیاوازی شێوازی کارکردن و ئیدارەکردن پیادە بکەن، چونکە تەمەنە جیاوازەکان پێویستیان بەبیرکردنەوەی جیاواز هەیە. واتە قوتابخانەیەک کە تا پۆلی سێیەمی تێدا بێ بەشێوەیەکی زۆر جودا کار دەکا لەو قوتابخانەیەی پۆلی شەش تا نۆی تێدایە. سێیەم ئەم هەنگاوە دەبێتە هۆی چەسپاندنی نامەرکەزیەت لە بواری پەروەردەدا. ڕەنگە کاریگەریی ئەم قوتابخانە جیاوازانە بۆ هەندێک کەس هێشتا تەمومژاوی بن بەلام بەنیسبەت منەوە کە لەچەندین وڵاتدا دیومن و کارم تێدا کردوون، ڕۆشنە، بۆیە دەتوانم بەپۆزەتیڤ لەقەڵەمی بدەم.

هەر لەناو خاڵی یەکەمدا باس لەوە دەکرێ لەبری ئەوەی هەر مامۆستایەک وانەیەکی تایبەت لە پۆلێکدا بڵێتەوە، دەکرێ یەک مامۆستا چەندین وانە لەهەمان پۆلدا بڵێتەوە. بۆ نموونە دەکرێ مامۆستای کوردی وانەی ئینگلیزی و مێژوش بڵێتەوە. یا دەکرێ مامۆستای بیرکاری وانەکانی وەک فیزیاو کیمیاو... هتد بڵێتەوە.

لەئەنجامدا منداڵ یا خوێندکار لەبری ئەوەی لەهەفتەیەکدا ١٠ مامۆستا ببینێ و کاریان لەگەڵدا بکا، دەتوانێ تەنیا کار لەگەڵ ٣ مامۆستادا بکا. بۆیە ئەم پێشنیارە چوار لایەنی پۆزەتیڤ لەخۆ دەگرێ: یەکەم نزیکبوونەوەیەکی زۆر لە نێوان مامۆستاو خوێندکاردا دروست دەکا و چەنەبازی زۆر کەم دەکاتەوە. دووەم دەبێتە هۆی ئەوەی خوێندکار هەست بەئارامی بکا، چونکە کەمتربوونەوەی مامۆستاکان ژینگەیەک بۆ پەیوەندییەکی بەهێزتر دروست دەکا. سێیەم دەبێتە هۆی پتەوبوونی پەیوەندیی نپوان مامۆستاو خوێندکار لە لایەک و مامۆستاو خێزانەکان لە لایەکی تر. چوارەم خوێندکار چیدی هەوڵی بزێوی و نارەحەتی نادا، چونکە هەموو لایەنەکان بەیەک ئاراستەدا کار دەکەن. لەسایەی ئەم سیستمەی ئێستادا ئەو مامۆستایانەی یەک وانەیان هەیە ئەرکێکی قورس دەکەوێتە سەرشانیان بۆ نموونە مامۆستاکانی وەرزش یا هونەر.... هتد، چونکە ئەوان هەموو پۆلەکانیان هەیە. بەشێوەیەکی دی تا پۆلێک هێمن دەکەنەوە ماندوو دەبن، بەڵام بۆ وانەی دووەم دەبێ سەر لەنوێ لەگەڵ پۆلێکی تازەدا دەست پێ بکەنەوە.

خاڵێکی تر کە لەم پرۆژەیەدا هاتووەو ڕۆڵێکی جەوهەری لەم مەسەلەیەدا دەگێرێ بریتییە لەدیداری گەشە کە من لە بەشی داهاتوودا تیشکی دەخەمە سەر. خاڵی دووەمی پرۆژەکە باس لەیەکێک لە بنەما هەرەسەرەکییەکانی قوتابخانەی هاوچەرخ دەکا کە بەداخەوە تاوەکو دوێنێ سیستمی فێرکاریی ئێمە هیچ جۆرە تێگەیشتنێکی بۆ نەبوو. منداڵ بۆیە دێتە قوتابخانە بۆ ئەوەی لەهەمان کاتدا فێر بێ و دڵی خۆش بێ و درێژە بەیارییەکانیشی بدا. ئەوەی پێچەوانەی ئەم بۆ





چوونەی هەیە دژی پیاژێ، برانەر، مید، ڤیگۆچیسکی و دەیانی تر قسە دەکا. بەئەگەری زۆر بەشێک لەوانەی ئەمڕۆ بێ تواناو تاوانبارو چەقۆ کێشن هەمان ئەو منداڵە وردیلانەن کە لەقۆناغی سەرەتاییدا قوتابخانە بەتوندوتیژی مامەڵەی لەگەڵیاندا کردووە. دەرنەچواندنی منداڵان لەساڵەکانی یەکەمی قوتابخانەدا بەشێکە لەتوندوتیژییەکی سیستماتیک کە ڕێگە لەفێربوون و بیرکرنەوەو دڵخۆشیی منداڵان دەگرێ کە من لێرەدا بواری شرۆڤەکردنیم نییە. بڕیاری دەرچواندنی منداڵ لە پۆلەکانی یەکەم تا سێیەمی سەرەتایی بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەنگاوێکی گرینگە لەپێناوی تەندروستیی قوتابخانەدا. ڕەنگە هەندێک مامۆستا پێیان وابێ، بەم هەنگاوە ئاستی خوێندن دادەبەزێ، بەلام من پێم وایە لەسەر ئاستی دوور بەپێچەوانەوە دەبێ، چونکە مامۆستاکان وەکو جاران کاری خۆیان دڵسۆزانە دەکەن بەبێ ئەوەی فشاری نمرە بخەنە سەر منداڵان. دروست نەکردنی لەمپەرو بەربەست لەبەر ئەواندا لەڕێگەی لابردنی تاقیکردنەوەو خستنی منداڵانەوە مانای وایە ئەو منداڵانە توشی شکست نایەن و بنەمایەکی پتەوتر لەگەڵ قوتابخانەدا دادەنێن.

لەخاڵی دووەمی پرۆژەکەی وەزارەتی پەروەردەدا باس لەدیداری گەشە کراوە کە لەهەموو وڵاتە ڕۆژئاواییەکان پیادە کراوەو ئەمڕۆ هیچ یەکێک نییە لە ئاست پوختی ئەم دیدارە دوو دڵ بێ. ئەم دیدارە بریتییە لەوەی سەرپەرشتیاری هەر پۆلێک ساڵی دوو جار دایبابی هەموو خوێندکارێک لەگەڵ خودی خوێندکارەکە دەبینێ. لەو دیدارەدا دایبابەکان هەموو زانیارییەکیان لەسەر منداڵەکەیان پێ دەدرێت، هەر لە ئاستی زانستییەوە تا بزێوی و ژیری و شەڕو ئاژاوەکانیش. ئەم

کارە لەسەرەتادا هەندێک گرفت و نارەحەتی بۆ مامۆستاکان دروست دەکا، چونکە شتێکی نوێیەو لەوانەیە ئامادەکاریشی بۆ نەکرابێ چ وەکو کات و چ وەکو پەیداکردنی شوێن بۆ ئەو هەموو دیدارانەی مامۆستاکان دەیکەن. دیداری گەشە لەسەر ئاستی دووریش ئەو گرفتە دروست دەکات کە بەشێکی لەوانەیە زۆربەی دایبابەکان نەیەن بۆ ئەو دیدارانە. هەروەها من وای بۆ دەچم ئەم کارە مامۆستاکان کە مێک نارەحەت بکا، چونکە ئەرکێکی زیادە دەبێ بەسەر شانی مامۆستاکانەوەو لەوانەیە بڵێن ئێمە کارە زیادە بۆ بکەین؟ بەشێوەیەکی گشتی ئەم گۆڕانکارییە تازانە ئەرکی مامۆستایان قورستر دەکاتەوە، بۆیە من پێشنیاری ئەوە بۆ وەزارەتی پەروەردە دەکەم کە کەمێک دەست بەگیرفانی خۆییدا بکات، چونکە بەبێ تەرخانکردنی بودجەیەکی زیاتر بۆ قوتابخانەکان و مامۆستاکان زۆر ئەستەمە پرۆژەیەکی وا گەورە سەرکەوتن بەدەست بێنێ. لەبەرامبەر ئەمەشدا مامۆستاکان دەبێ هەست بەوە بکەن ئەم کارەی ئەوانە دەیکەن گۆڕینی سیستمی فێرکارییە کە لەماوەی داهاتوودا نەوەیەکی نوێمان بۆ دێنێتە بەرهەم. بەدڵنیاییەوە دەڵێم ئەم دیدارانە زۆر لەبەرژەوەندی خودی مامۆستاکانیش دایە.

هەرچۆنێک بێ ئەو دیدارانە هەندێک چوار خاڵی پۆزەتیڤ لەخۆ دەگرن: یەکەم خێزانەکان وەکو ئێستا لەمنالەکانیان بێ ئاگا نابن و دەزانن لە قوتابخانەدا چی دەخوێنن و چی دەکەن و ڕەوشتیان لەچ ئاستێکدایە. دووەم پەیوەندیی نێوان خێزانەکان و مامۆستاکان و قوتابخانەکان بەهێز دەبن. سێیەم خێزانەکان بەشێوەیەکی زۆر ئاسانتر ئەو کەناڵەیان بۆ دەکرێتەوە کە بتوانن لەڕێگەیەوە گلەیی یا





ستایشەکانی خۆیان بەقوتابخانە بگەیەنن. چوارەم مامۆستاکان دەتوانن لەنزیکەوە گلەییەکانی خۆیان بگەیەننە دایبابەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بەشێک لەو شەڕو ئاژاوانەی هەندێک منداڵ لە قوتابخانەدا دەیکەن بەخودی دایبابەکان چارەسەر بکرێن. من وا چاوەڕوان دەکەم ئەم دیدارانە ڕادەی بزێوی و ئاژاوەگێریی هەندێک خوێندکار کەم بکەنەوە. من دیداری گەشە بەیەکێک لە بنەما جوانەکانی کاری پەروەردەیی دادەنێم کە زۆر گرفت لەکۆڵ مامۆستاکان دەکاتەوە و هەموو لایەنەکان فێری ئەوەش دەبن بەدیالۆگ گرفتی منداڵەکان چارەسەر بکەن. گوێگرتنی مامۆستاکان لە دایبابەکان دەبێتە هۆی ئارامیی ئەوان، چونکە کاتێک مرۆڤ گوێی لێ دەگیرێ هەستێکی ترەی لە لا پەیدا دەبێ. ئێمە هەموومان لەدەسەڵاتی کوردی تووڕەین، چونکە گوێ لەکەسمان ناگرێ، بۆیە من بەدڵنیاییەوە دەڵێم دیداری گەشە هەنگاوێکە بۆ ئەوەی لەداهاتوودا منداڵەکانمان دەسەڵات ناچار بکەن کە گوێیان لێ بگرن.

ئەگەر بەراوردێکی ئەم حاڵەتە لەگەڵ ڕابردوودا بکەین، دەبینین منداڵەکانمان بەدرێژاییی ساڵ دێن و دەچن بەبێ ئەوەی دایبابەکان هیچ جۆرە ئاگادارییەکان لەبارەیانەوە هەبێ. هەندێک قوتابخانە لە کاتی نارەحەتی و بزێوییەکی زۆردا یا کاتێک منداڵێک پەنجەرەکانی قوتابخانە دەشکێنێ... هتد پەیوەندیی بەخێزانەکانەوە دەکا. زۆر دایباب گلەییی ئەوە دەکەن کە تا منداڵەکانیان کارت وەرنەگرن ئەوان ئاگایان لە ئاستی زانستیی منداڵەکانیان نییە. بۆیە قوتابخانە وێنەیەکی نێگەتیڤی لە لای زۆربەی منداڵان هەیە و ئەرکی قوتابخانەیە ئەو وێنەیە بگۆڕێ. یەکێک لەو چارەسەرانە ئەوەیە کە قوتابخانە

دەستخۆشی لە دایبابەکان و منداڵە باشەکانیش بکا، نەک تەنیا گلەییان لێ بکا.

پرسێکی زۆر جیدیی کە لەخاڵی دووەمی پڕۆژەکەی وەزارەتی پەروەردەدا هاتووە بریتییە لەیارمەتیدانی منداڵە ئاست نزمەکان. واتە ئەگەر منداڵێک لەوانەیەکی دیاریکراودا پێویستی بەیارمەتییەکی زیاد یا تایبەت هەبوو، ئەوە وەزارەتی پەروەردە گفتی ئەوە دەدا ئەو یارمەتییەی بدا. ئەم خاڵە دوو لایەنی هەیە: لە ڕوانگەی تیۆرییەوە یەکێک لەئامانجە هەرە گەورەکانی قوتابخانەی هاوچەرخ دەپێکێت. بەڵام لە ڕوانگەی پراکتیکەوە بەلایەنی کەمەوە دوو گرفتی هەیە ئەویش پەیداکردنی مامۆستاو ژوور. دواتر من نازانم وەزارەتی پەروەردە چەند ئامادەکاریی بۆ کردووە یا بۆی دەکا؟ ئایا ئەم یارمەتیدانە لەم سالەوە دەست پێ دەکات یا دواتر. قوتابخانەکانی ئێمە ئەمڕۆ گرفتی کەم مامۆستایی و بینایان هەیە، ئایا وەزارەتی پەروەردە چۆن ئەمانە چارەسەر دەکات؟ یەکێک لەو چارەسەرە خێرایانەی ئەم ساتە بەمێشکمدا دێ، ئەوەیە چەندین مامۆستای نوێ یا کەسانێکی تر کە دەرچوی پەیمانگەو قوتابخانە ئامادەییەکانن، بۆ ئەو قوتابخانانە دابین بکا، کە پێویستیان بەیارمەتیی هەیە. وەکو جێگاش دەکرێ ئەو مامۆستا زیادانە لەناو هەمان پۆلدا یارمەتیی ئەو خوێندکارانە بدەن، بەڵام لەهەندێ حاڵەتدا ئەمە ناکرێت بەڵکو دەبێ ژووری سەربەخۆیان بۆ دابین بکرێ. دواتر ئەم گرووپانە مەرج نییە هەتا هەتایە پێویستیان بەو یارمەتییە هەبێ. زۆر خوێندکار هەن دوای ماوەیەکی کەم یا مامناوەندی ئیدی ئاستیان ئاسایی دەبێتەوە و دەتوانن لە پۆلە ئاساییەکانی خۆیاندا درێژە بەخوێندن بدەن. هەر لەم بوارەشدا من





بڕیاری ناردنە ژوورەوەی دوو مامۆستا بۆ یەک پۆل بەئەرێنی هەڵدەسەنگێنم و پێم وایە ئەم کارە دەبێتە هۆی بارسوکیی مامۆستایان بەمەرجێک میکانیزمی کارکردنەکانیان بۆ روون بکرێتەوە. بەکارهێنانی مامۆستای دووەم یا یاریدەدەر لەو پۆلانەدا کە کاری گرووپ دەکەن، بایەخێکی گەورەی هەیە. لە لایەکی ترەوە زۆر جار خوێندکاری بزێو مامۆستاکان ماندوو دەکەن و ناچاریان دەکەن واز لەوانەوتنەوە بێنن و خەریکی ئەوان بن، بۆیە لەم حاڵەتەشدا دەکرێ مامۆستای یاریدەدەر ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆی خۆی.

لەهەر وڵاتێکدا تاقیکردنەوەی زۆر هەبوو ئەوە مانای ئەوەیە سیستمی فێرکاری و پەروەردەیی توانای گەشەسەندنی نییە، چونکە نازانێت چۆن لەوە دڵنیا بێ کە خوێندکارەکانی برە زانستی پێویستیان وەرگرتووە یا نا. هەمووشتان ئەوە دەزانن تاقیکردنەوەکانی وڵاتی ئێمە کۆنترین شێوازی کارکردنەو ئەمڕۆ چەندین شێوازی بەکەڵکتر لە ئارادا هەن. تاقیکردنەوەکان شەش جۆرە زیان بەرهەم دێننەوە: یەکەم وەکو جەستەو دەروون ماندوویان دەکا. دووەم پارەیەکی زۆر لەبودجەی وەزارەتی پەروەردەو قوتابخانەکان دەبا. سێیەم خوێندکار تەنیا بۆ تاقیکردنەوە دەخوێنێ و مامۆستاش شێوازی وانەوتنەوەکانی بۆ ئەو مەبەستە دادەرێژێ. چوارەم سیستمی فێرکردن خوێندکار سست و تەمەڵ دەکا و پرۆسەی بیرکردنەوەیان پەک دەخا. پێنجەم خوێندکار لەسەر ئەنجامی تاقیکردنەوەکان پاداشت و سزا دەدرێن. شەشەم خوێندکاران لەگەڵ خۆشیاندا یەک خێزان هەراسان دەکەن. من بۆ زۆر لایەن ئەوەم ڕوون کردووەتەوە کە بێ ماناترین شت تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵ و

کۆتاییی ساڵە. قوتابخانە بەدرێژاییی وەرزی یەکەم قوتابییەکانی تاقی دەکاتەوە و دواتر لەنیوەی ساڵیش جارێکی تر دێ و خوێندکاران لەهەمان ئەو مادانەدا تاقیدەکاتەوە. ئەمە کارێکی زۆر خراپ و بێ مانایە. لێتان ناشارمەوە بەلابردنی تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵ وەک لەخاڵی سێیەمی پڕۆژەکەدا هاتووە، گەلێک خۆشحاڵ بووم. من پێشنیاری ئەوە دەکەم لە کاتی هەڵسەنگاندنی ئەم پڕۆژەیەدا تاقیکردنەوەکانی کۆتاییی ساڵیش بەدەر لە پۆلی نۆیەم و دوازدەهەم لاببرێن. لەبری ئەو دوو تاقیکردنەوەیە من پێم باشە هەر مامۆستایەک خوێندکارەکانی خۆی بەدرێژاییی نۆ مانگی خوێندن لە پۆلەکانی خۆیاندا تاقی بکاتەوە. کۆکردنەوەی سەرجەمی قوتابخانەکە لەهۆڵێکی گەرمدا بۆ ئەوەی بەیەکەوە تاقیکردنەوە ئەنجام بدەن، هیچ دەلالەتێکی زانستیی نییە، مەگەر ئەوە نەبێ کە بڵێین مەرگیش لەگەڵ هاومالان جەژنە.

لە لایەکی ترەوە پێشنیاری ئەوە کراوە کە تاقیکردنەوەی میللی سەرتاسەری (خاڵی پێنجەم) بەشێوەیەک جێگای تاقیکردنەوەی بەکەلۆری سەرەتایی بگرێتەوە. دەبێ ئەوەش یاداشت بکەم، ئەم تاقیکردنەوەیە هێشتا بۆ زۆر کەس ڕوون نیە چونکە شتێکی تازەیە لەسیستمی ئێمەدا. ئەم تاقیکردنەوەیە زیاتر بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی خوێندکارانەو پرسیارەکانیشی دەبێ زۆر لەپرسیارەکانی بەکەلۆری جیاوازبێ. هەروەها نابێ ئەم تاقیکردنەوەیە بەهیچ شێوەیەک ببێتە پێوەر بۆ دەرچوواندن یا خستنی هیچ خوێندکارێک، ئەگەرنا دەلالەتی خۆی لەدەست دەدا.

دواتر لابردنی تاقیکردنەوەکانی بەکەلۆری شەشەمی سەرەتایی





(خاڵی چوارەم) لەبەر زۆر هۆ بەبڕیارێکی زۆر پەسەند دەزانم. لەوەش گرینگتر شکاندنی هەیبەتی تاقیکردنەوەکانی بەکەلۆریی ناوەندی و ئامادەییە (خالی شەشەم) کە من بەگەورەترین دەستکەوتی دەزانم بۆ خوێندکاران. بەلام میکانیزمی دابەشکردنی نمرەکان لە نێوان هەر سێ پۆلەکەدا بەباش نازانم. بەر لەکۆنگرە لەپڕۆژەیەکدا بۆ وەزارەتی پەروەردە ئەوەم پێشنیار کردبوو کە نمرەکانی سێیەمی ناوەندی واتە پۆلی ٩ بەیەکسانی لە نێوان پۆلەکانی ٧، ٨، ٩ دابەش بکرێن. بەهەمان شێوەش نمرەکانی کۆتاییی پۆلی شەشەمی ئامادەیی یا پۆلی ١٢ بەیەکسانی لە نێوان پۆلەکانی ١٠،١١، ١٢ دابەش بکرێن. واتە پۆلی ١٢ تەنیا ٣٣،٥٪ ی لەسەر بێ. بەڵام بەپێی پڕۆژەکەی وەزارەتی پەروەردە ٧٥٪ ی نمرەی خوێندکار لە پۆلی ١٢ وە وەردەگیرێ (٧٠٪ لە پۆلی ٩). ئەم کارە جێگەی نیگەرانییەکی یەکجار زۆرە بۆ من، چونکە ئازارەکانی خوێندکاران لەجێی خۆیاندا دەمێننەوەو لەبایەخی پڕۆژەکەش کەم دەکاتەوە. بۆ نموونە لە پۆلی ١٠ وە تەنیا ١٠٪ نمرەکە وەردەگیرێ و لە پۆلی ١١ شەوە تەنیا ١٥٪. ئەم ڕێژانە بەهیچ شێوەیەک هاندەر نین بۆ خوێندکار. لە لایەکی دیکەوە من دڵنیام لەوەی هەموو خوێندکاران لە کاتی تاقیکردنەوەکانی بەکەلۆریدا وەکو جاران خۆیان و خێزانەکانیان هەمان ئازار دەچێژن و مامۆستاکانیش وەکو جاران لە کاتی ڕاستکردنەوە دەفتەرەکانی بەکەلۆریدا لەگڕەی هاوینە بێ کارەباکاندا ناتوانن زیاتر لەیەک خولەک بدەنە هەر دەفتەرێک. ئەمەش مانای وایە ئێمە هەمان نادادپەروەری دووبارە دەکەینەوەو لەهەمان ئالۆزیدا دەژین. وەکو چارەسەر من سێ ئەلتەرناتیڤ دەخەمە پێش وەزارەتی پەروەردەو کە دواتر بەنووسراویش بۆیان دەنێرم.

یەکەم پشنیارە کۆنەکەمە کە هەر پۆلەو ٪٥،٣٣ ی لەسەر بێت. باشیی ئەم حاڵەتە ئەوەیە خوێندکار بەهەمان ئەندازە بایەخ بەهەر سێ ساڵی خوێندنەکە دەدا. هەروەها لەم حاڵەتەدا ئێمە پێویستمان بەوە نییە ٦ هەفتە پشوو بدەینە خوێندکاران بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ بەکەلۆری، بەڵکو دەتوانین ئەو تاقیکردنەوانە لەناو مانگی پێنجدا ئەنجام بدەین. بەم هەنگاوەش نەخوێندکارو نەخێزانەکانیش هەراسان دەبن. چونکە تاقیکردنەوەکان تەنها ٥،٣٣٪ یان لەسەرە.

دووەم پۆلەکانی ٩ و ١٢ ڕێژەی ٪٤٠ یان لەسەر بێ و ئەو ٪٦٠ ی تریش بەسەر دوو پۆلەکەی تردا دابەش بکرێن. سێیەم ئەلتەرناتیڤم ئەوەیە پۆلی ٩ و ١٢ تەنها ٪٥٠ لەسەر بێت و ئەو ٪٥٠ کە ی دیکەشی بەسەر ئەو دوو پۆلەی دیکەدا دابەش بکرێن. خۆم ئەڵتەرناتیڤی سێیەمم زۆر لە لا پەسەند نییە، بەڵام وەکو سازشێک بەهەنگاوێکی باشتری دەزانم لەو چارەسەرەی لە ناو پرۆژەکەی وەزارەتدا پەروەردەدا هاتووە. هاوکات هیوادارم وەزارەتی پەروەردە ئەم چارەسەرە هەڵنەبژێرێ.

لە لایەکی ترەوە بەپێ پرۆژەکە ئەم سیستمە ئەو خوێندکارانە ناگرێتەوە کە ئەمساڵ واتە ٢٠٠٧ /٢٠٠٨ لە پۆلی ٨ یا ١١ دەست بەخوێندن دەکەن. واتە ئەوانیش بەپێ سیستمە کۆنەکە بەشداری تاقیکردنەوەکانی بەکەلۆری دەن من پێم وایە ئێمە دەتوانین ئەم دوو پۆلەش بخزێنینە ناو ئەم سیستمە تازەیەوە. بۆ چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیەش دەتوانین ئەو ١٠٠ نمرەیە لە نێوان هەردوو پۆلی ٨ و ٩ یا ١١ و ١٢دا دابەش بکەین. واتە ئەو خوێندکارانەی ساڵی خوێندنی داهاتوو یا هاوینی ٢٠٠٩ تاقیکردنەوە لە پۆلەکانی ٩ و ١٢ دەدەنەوە





لەبەر ڕۆشنایی دوو ساڵدا نمرەکانیان بۆ حیساب بکرێ.

لەکۆتاییدا پێم خۆشە هەندێ سەرنجی تر لەسەر بەشی کۆتایی پرۆژەکەی وەزارەتی پەروەردە بخەمەڕوو. بەبێ ئەوەی بچمە سەر هەموو وردەکارییەکان. سەرەتا شێوازی داڕشتنی پرۆژەکەو دانانی بەشەکان و نووسینی ژمارە وپیت بۆ هەندێک خاڵی گرینگ زۆر بەباشی ئەنجام نەدراوە. ئەمەش وای کردووە پرۆژەوە لەڕووی شێوازو تەکنیکەوە لاوازیی پێوە دیار بێ. لە لایەکی ترەوە زۆر شتی تر هەبوون کە من بەنیاز بووم لەم پرۆژەیەدا جێگەی بکرێتەوە بەلام یا باس نەکراون یا بەسەرپێی بەسەریدا تێپەڕبوون. نموونەیەکی گرینگ لێرەدا توندوتیژییە کە لەپێشەکیەکەدا تەنیا بەڕستەیەک کۆتایی پێ هاتووە «سەرکوتکردن و بێزارکردنی قوتابی و خوێندکار ڕێگەی پێ نادرێت... هتد» بەڵام هیچ جۆرە میکانیزمێک بۆ ئەو کارە گرینگە دانەنراوە. زۆر خاڵی ترین لەپێشەکییەکەدا هەن کە پێویستیان بەمیکانیزمی کارکردن هەیە.

من ئەگەر چی نازانم کێ ئەم پرۆژەیەی نووسیوەتەوە بەلام من هەست بەوە دەکەم کە ئەم بەرێزانە شارەزاییەکی سنورداریان لەهەندێ سیستمی فێرکاری یا پەروەردەیی هەیە و لەهەمان کاتیشدا من هەست بەشارەزاییی ئەوان لەفیکری پەروەردەیی ناکەم. سەرجەمی پرۆژەکە کاریگەریی سیستمی ئەسکەندەنافی و بەتایبەت سویدی پێوە دیارە؛ هەر لەهەندێ ڕستەوە لێرەو لەوێ تا دەگاتە قۆناغی نۆ ساڵی، دیداری گەشە، لابردنی هەندێ تاقیکردنەوەو دووبارە داڕشتنەوەی هەندێکی تر، سیستمی مێنتور، تاقیکردنەوە میللییەکان... هتد. بەڵام سەرباری هەموو ئەم خاڵانەش سیستمی

سـویدی سیـسـتـمـێکی زۆر نازدارەو زۆر بـەباشی دەتوانین کـاری پێ بکەین بەمەرجێ بینایەی تەواومان هـەبێ.

سـەرجـەمی ئەو خاڵانـەی سەرەوە لە پلانی فێرکـاریی ١٩٩٤ و پلانی وانەکـانی سـویدا بەدوورودرێژی بـاس کـراون. دەبێ ئەوەش بڵـێم من قسەم لەسـەر زۆرێک لەو خاڵانە نییـە کە خاڵی زۆر باشـن و هـەندێکیان تاوەکو ئێستـا دەیەها هـەزار لاپەڕەیان لـەسەر نووسـراوە. ئەگـەر بێ و وەزارەتی پەروەردە لەپیادەکردنیاندا سەرکەوتوو بێت ئەوە کارێکی زۆر باشی کـردووە. تاوەکـو ئەمـڕۆش سـەرجـەمی سیـستـمە پەروەردەییەکانی جیـهان، زۆر پڕۆژە دەقاودەق لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە وەردەگرن. دوا پڕۆژە کە من کارم تێدا کردووە بریتییـە لە پڕۆژەی Science and Technology for Children STC کە لە بنەڕەتدا لە سـاڵی ١٩٩٦دا لە ئەمـریکاوە دەسـتی پێ کرد و ئێـستـا لەزۆرێک لەوڵاتە ئەوروپییـەکان بەکۆپیکراوی و بەسـەرکەوتنێکی زۆرەوە پیادە دەکـرێ. بەڵام سـەرکـەوتنی ئەم پڕۆژە کـوردییـە بەندە بەئامـادەکارییـەکانی وەزارەتی پەروەردەوە کـە من وا هـەست دەکـەم کـاری باشی بۆ نەکراوە. بەهـەر حاڵ من وای بۆ دەچم قوتابخـانەکان تووشی گـرفـتی هـەمـەجـۆر ببن. بەڵام بەرامـبـەر بەو گـرفـتـانـەی دێنە پێـشـەوە من بـەهیـچ شـێـوەیەک نیگـەران نیم، چونکە دڵنیـام لە سـەرهـەڵدانی ئەو گرفـتـانە. لە لایەکی ترەوە من هیچ هۆکارێک نابینم بۆ ئەوەی ئێـمـە دژی ئەم پڕۆژەیە بووەسـتینەوە، بەڵکو دەبێ بەهەمـوو شێوەیەک پشتگیریی بکەین بەمەرجێک چاو لە هەڵەکان نەپۆشین.

لە بـەشی کـۆتاییی پڕۆژەکـەدا باسـی «تاقـیکردنـەوەی مـیللی» لە وانەکـانی کـوردی، ئینگلیـزی و بیـرکـاری کـراوە کـە چ وانەکـان و چ





ناوەکەشی لە سیـستـمی سویدییـەوە وەرگیراوە. هـەروەهـا بۆ داڕشتنی ئەو ئامـانجـانەی کـە دەبێ خـوێنـدکـار لەو سێ وانەیەدا پێـیـان بگا سـوودێکی زۆر لەپلانی وانـەکانی سـویدی وەرگـیـراوە کە لە بنەڕەتدا لەسـەر بنەمای دوا پلانی فێرکاری داڕێژراوە.. لێرەدا ئەرکی من نییە بەو وردەکارییانەدا بچمەوە، بەڵام پێم باشە تەنیا چەند نموونەیەک لەو بەشە بهێنمەوە کە تایبەتە بە وانەی بیرکاری، چونکە من پێم وایە ئەو ئامانجـە کوردییانە نەک کاریگەرییی سـویدییەکەی بەسـەرەوەیە، بەڵکو لە زۆر شـوێندا وەکو ئەوە وایە وەریان گێڕابێتە سـەر زمانی کوردی و هەندێ جـاریش وەرگـێـڕانێکی زۆر خـراپ کـە کـاری لە ناوەڕۆکی ماتماتیکانەی ڕستەکان کردووە. لێرەدا یادارشت کردنی هەشت خاڵ بەپێویست دەزانم:

یەکەم: لەهەردوو پلانەکەدا ٩ ئامـانج بۆ خوێندکارانی پۆلی پێنجـەمی بنەڕەتی دانراون بۆ ئەوەی خوێندکاران بیانپێکن.

دووەم: هەندێک ئامانج دەستکاری کراون، بۆ نموونە ئامانجی دووەمی پلانە سـویدییـەکـە کـراوە بەئامـانجی ٢ و ٣ ی کـوردییـەکـە. هـەروەهـا ئامانجی چوارەمی سویدییەکە بۆتە ئامانجی ١ و ٥ ی کـوردییـەکـە. بەهـەمـان شـێـوەش ئامـانجی شـەشـەمی پلانە سویدییەکە بووەتە ئامانجی ٦ و ٨ی کوردییەکە.

سێیەم: ئامـانجی یەکـەمی کوردیەکە کە بەم شێوەیەیە «قـوتابی دەبێ بتـوانێ لەمێشکیدا بژمـێرێت و بەنووسینیش شێوازی ژماردن بتوانێت»، دەقاودەق لە سوودییەکەوە کراوەتە کوردیەکی خراپ. ئایا دەتوانن پێم بڵـێن «لە مـێـشکیدا بژمـێرە» یانی چی؟ من دەزانم ئەمـە شـێوە ژماردنێکی تایبـەتە کە بەبیـرکردنەوە نەک

بەنووسین ئەنجام دەدرێ، بەڵام ئەمە کوردی نییە و هیوادارم لە کتێبی بیرکاریدا بەمە شێوەیە نەنووسرابێ.

چوارەم: ئامانجی دووەم و سێیەم کە پەیوەندییان بەکەرت و کەرتی دەیی ئاسانەوە هەیە بەکوردییەکی خراپ دەقاودەق لە ئامانجی دووەمی سویدییەکەوە وەرگیراوە.

پێنجەم: ئامانجی شەشەم و هەشتەم کە پەیوەندییان بەکێش، قەبارە، ڕووبەر، گۆشەو درێژییەوە هەیە لەئامانجی شەشەمی سویدییەکەوە دەقاودەق وەرگیراوە.

شەشەم: ئامانجی حەوتەم کە پەیوەندیی بەتێگەیشتنی خوێندکارەوە هەیە لەو ئەندازەیەی لە کاتی نەخشەکێشاندا بەکاردەهێنرێ، بەم شێوەیە دارێژراوە «قوتابی توانای بەکارهێنانی نەخشەو وێنەی لە کاتی شیکارکردنی پرسی ماتماتیکی هەبێت» ئەم خاڵە بەشێوەیەکی خراپ لەئامانجی حەوتەمی پلانە سوودیەکەوە کراوەتە کوردی. خراپیی وەرگێڕانەکە ناوەڕۆکەکەی تێک داوە: چونکە ئامانجە سویدیەکە مەبەستی ئەوەیە خوێندکار لەو ئەندازەیە تێ بگات کە نەخشەی پێ گەورەو بچووک دەکرێتەوە. بۆ نموونە کاتێک وێنەی بورجی ئیڤل لەسەر کاغەز دەکێشین بە چ ئەندازەیەک بیکێشین یا بچووکی بکەینەوە. بەپێچەوانەشەوە کاتێک منداڵ وێنەی ئەو بورجە دەبینێ دەبێ بزانێ لەڕاستیدا چەند بەرزە.

حەوتەم: بەپێی ئامانجی پێنجەم (بەهەمان شێوەی پلانە سویدییەکە) دەبێ خوێندکار توانای بەکارهێنانی ئامێری بژمێرەی هەبێ، بەڵام تاوەکو ئێستا خوێندکاری ئێمە بۆی نییە ئەو ئامێرە





بەکار بهێنێ، ئیدی من نازانم بۆ ئەم ئامانجە دانراوە. خۆ ئەگەر تاوەکو ئێستاش بەکارهێنانی قەدەغە بێ ئەوەدەبێ لە ئەمساڵەوە خوێندکاران بۆیان هەبێ بەکاری بێنن. لەم حاڵەتەشدا من لەوە دڵنیام کە زۆربەی مامۆستاکان ئەگەر هەمووشیان نەبێ بەم کارە ڕازی نابن، چونکە بەکارهێنانی ئەم ئامێرە تاوەکو ئێستاش لە زۆر وڵاتی پێشکەوتوودا جێگەی پرسیارە. لەگەڵ ئەوەشدا من خۆم ئەم بەکارهێنانە بەکارێکی باش دەزانم، چونکە ئەم ئامێرە لەشتە پراکتیکییەکاندا یارمەتیی خوێندکاران دەدا بەڵام بیرکردنەوەیان بۆ دروست ناکان.

هەشتەم: لەکۆی ٩ ئامانجدا ٨ ئامانجی لەپلانە سویدییەکەدا هەیە.

لە لایەکی ترەوە من شوێنی دانانی ئەم ئامانجانەم لەم پرۆژەیەدا پێ باش نییە و دەکرا لەشوێنێکی تررا جێگەیان بکرێتەوە، چونکە بەپێوەری پەروەردەیی جۆرە تێکەڵوپێکەڵییەکی لە پرۆژەکەدا دروست کردووە کە بەلای منەوە وەکو تێکەڵکردنی شەکری وردە و شەکری کلۆ وایە. دواتر ئەو پێوەرانەی لە داڕشتنی ئامانجەکانی بیرکاری و ئینگلیزیدا پیادە کراون جیاوازییان لەگەڵ ئامانجەکانی وانەی کوردیدا هەیە. من دەزانم ئەم وانانە جودان، بەڵام دەبێ شێوازی داڕشتنی ئامانجەکان یەک بێ. ئەگەر ئێمە هەندێک خاڵی زیادە لەوانەی کوردی لاببەین وەکو یەکی لێ دێتەوە. وانەی کوردی کۆمەڵێ شتی زیادەی بۆ دانراوە کە بووەتە هۆی گۆڕینی ڕوخساری ئەم شێوە پلانە. بۆ نموونە دانەرەکان دابەزیونەتە سەر هەندێ وردەکاری وەکو ئەوەی مامۆستا دەبێ لەدواهەمین وانەدا ١٥ خولەک بۆ خوێندنەوە

بەدەنگی بەرز تەرخان بکا. هەروەها ئەوەشی بۆ مامۆستاکان دیاری کردووە کە کەی بچن بۆ کتێبخانەو چی بکەن یا نەیکەن. لەهەمان کاتیشدا ئەرکی دایبابەکانیشیان دەسنیشان کردووە کە چی بکەن یا نەیکەن بەدەقەو سەعات. هەر ئەوەندە ماوە بڵێن مامۆستاکان دەبێ کاتژمێر ئەوەندە ئاو بخۆنەوە. یەکێک کەمترین شارەزاییی لە شێوازی پلانی فێرکاریدا هەبێ باسی ئەم شتانەی نەدەکرد. نزیکەی ٤٠ساڵ بەسەر ئەو قوتابخانانەدا تێ پەڕیوە کە ئەم وردەکارییانەیان بۆ مامۆستاکان دیاری دەکرد. ئەمڕۆ لەهیچ سیستمێکی پێشکەوتوودا ئەمە جێگای قبووڵ نییە؟. تۆ ناتوانیت ناوی پرۆژەکەت بنێی و گۆڕانکاریی هاوچەرخ و کار بەکۆنترین شێوە بکەی. لەسیستمی نوێدا مامۆستا ئازادە لەشێوازی وانەوتنەوەکان. ئەمە بەدەر لەوەی هیچ قوتابخانەیەک ناتوانێ شت بەسەر مامۆستاکاندا بسەپێنێ و ئەرکەکانیان بۆ دیاری بکا. قوتابخانە تەنها دەتوانێ پێشنیار بکا. ئەگەریش ئەمانە تەنیا پێشنیارو ڕێنماین ئەوە نەدەبوو لەم پرۆژەیەدا جێگەیان بۆ تەرخان بکرایە.

.........................................................

سەرچاوە: هەفتەنامەی ئاوێنە ژمارە ٨٦–٨٩ هەروەها ژمارە ٩٢ی ٢٠٠٧

# پێڕست


پێشەکی ........ 5
بەشی یەکەم ........ 9
بەشی دووەم ........ 16
بەشی سێیەم ........ 25
بەشی چوارەم ........ 60
بەشی پێنجەم ........ 78
بەشی شەشەم ........ 139
بەشی حەوتەم ........ 180
بەشی هەشتەم ........ 191